# ئەستێرەکانی گەردوون

خەلیل عەبدوڵڵا

ناوی کتێب:  ئەستێرەکانی گەردوون
ناوی نووسەر: خەلیل عەبدوڵڵا
بابەت: کولتووری جیهانی
هەڵەچنی: لێزان ناکام
رێکخستنی زنجیرەی ئەلف و بێی ناونیشانەکان: کەیوان سەعید
نەخشەسازی ناوەڕۆک: جەلیل حسێن
نەخشەسازی بەرگ: میلاد قادر پەنا
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠٢٤
چاپخانە: رۆژهەڵات
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (٧٧٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

**لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپکراوە**

# پێڕست


پێشەکی.......................................................٥
ئـارام تیگـران..............................................٧
ئیسـماعیل بێشـکچی....................................١١
ئەگنیتـا گلینیـگ.........................................٢٠
ئەلبێرتـۆ مانگۆیـل......................................٢٧
ئومبرتـۆ ئیکـۆ............................................٣٥
ئۆرهان پـامووک.........................................٤٠
بیـرۆ.........................................................٤٨
جەواد سـەلیم.............................................٥٢
جۆرج واشنتۆن...........................................٥٧
چـارلی چـاپلین...........................................٦٤
حەننا بەتـاتۆ...............................................٧١
داڤینشـی....................................................٨٠
دانتـی........................................................٨٧
رەسـوڵ هەمزەتـۆف.....................................٩٩
ڕەفائیـل سـانزیۆ.........................................١٠٢
ڕۆفائیـل بەتـی............................................١٠٨
زەها حەدیـد..............................................١١٤
ساسۆن حەسـقیل........................................١٢١
د.شاکر خەسباک.........................................١٢٧
شکسـپیر..................................................١٣٦
عەزیـز نەسـین...........................................١٤٤
عەلـی وەردی.............................................١٥١
فرانسوا میتران..........................................١٥٨
فەیروز.....................................................١٦١
ڤیکتۆر هۆگۆ............................................١٦٨
گـالیلۆ......................................................١٧٤

گـۆتـه........................................... ١٨٣
گــۆتـەنبەرگ.......................................... ١٩١
لۆ ئۆتێنس........................................... ١٩٧
مایکـل ئەنجیلـۆ......................................... ٢٠٠
مسـتـەر بـین.......................................... ٢٠٧
مـزەفەر نەواب......................................... ٢١٤
مەولانـای ڕۆمـی......................................... ٢١٩
مێجەر سۆن........................................... ٢٢٥
نـــازم حـــیکمەت......................................... ٢٢٩
نەجمەدین بیووک کایـا................................... ٢٣٨
د.نەسـر حـامـد ئەبـو زەیـد.................................. ٢٤٤
یەشـار کەمـال.......................................... ٢٥١
ئینسکلۆپیدیای ئەدیبـانی ڕووس............................. ٢٥٦
ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی........................... ٢٦١
بـورجی ئیڤـڵ.......................................... ٢٦٨
بــورجی پیــزا......................................... ٢٧٣
بیگ بـێن............................................ ٢٧٧
دبلۆماسێتیی کولـتووری................................... ٢٨٣
ستراسبۆرگ، پایتەختی جیهانیی کتێـب........................ ٢٩١
کان، دڵی سینەمای جیهـانی............................... ٢٩٥
کتێبخـــانەی کــۆنگرێس................................... ٣٠١
کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا.............................. ٣٠٥
کولتوور جیهـان ڕزگـار دەکـات؟............................. ٣١٠
گۆڕەپانی سوور......................................... ٣١٥
مۆزەخانەی لـۆڤەر....................................... ٣٢٢
میوزیک وەک چارەسـەر................................... ٣٢٩
هۆلیۆد.............................................. ٣٣٤
یونسکۆ............................................. ٣٤١

# پێشەکی

ئەستێرەکانی گەردوون، کتێبێکی تایبەت بە کولتووریی جیهانییە، ئەم کتێبە ٥٤ ناونیشانی لەخۆگرتووە، لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەمیان: کەسایەتییە کولتوورییەکانەو تێیدا تیشک خراوەتە سەر ژیانو بەرهەمەکانی ٣٨ ئەستێرەی ڕۆشنبیریو هونەریی جیهانی.دووەمیان: سیما کولتوورییەکانە، لەم بەشەدا ڕۆشنایی خراوەتە سەر ١٦ شوێنو سیمای کەلەپووریو شارستانی لە سەرانسەری گۆی زەویدا.
زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبەم، لە چەند سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگرتووە، پاش شەنو کەوکردنی دامڕشتوونەتەوە.
ئەم کتێبەم بەشێوەی ئینسکلۆپیدیاو بەپێی زنجیرەی ئەلفو بێی کوردی ڕێکخستووە، تاوەکوو خوێنەر بە ئاسانی ناونیشانەکان لە پێرست بدۆزێتەوەو زانیاری لێوەربگرێت.
ئامانج لە نووسینی ئەم کتێبە ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە ژیانو بەرهەمی کەسایەتییە ڕۆشنبیریو

هونەرییەکانی جیهان، کە هەریەکەیان لە بواری خۆیدا خزمەتی بە کاروانی کولتووریی جیهانی کردووە.
هەروەهــا ناســاندنی شــوێنو ســیما کەلەپــووریو شارســـتانییە جیهانییەکـــان بە خـــوێنەری کـــوردو هەوادارانی ئەو بوارانە.
هیواردارم خـوێنەران سوود لە زانیارییەکـانی دووتـوێی ئەم کتێــبە وەربگــرنو کەلێنێکــی بچــووکی کتێبخـــانەی کوردی پڕ بکاتەوە.
بە پێویستی ئەزانم، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەم، کە هەریەکەیــان بە شــێوەیەک هاوکارییــان کــردم، بــۆ ئەوەی ئەم کتێبە بەرهەم بێتو ڕوونـاکی ببینـیو چـاپو بڵاو بکرێتەوە.
ســوپاسو پێزانینــی تــایبەتم بــۆ ئەو بەڕێــزانەی کە هاوکارییــان کــردم لە پێــدانی زانیــاریو وێــنەو کــاری هەڵەچنــیو نەخشەســازیی بەرگو نــاوەوەی کتێــبەکەو ڕێکخستنی زنجیرەی ئەلفو بێی کوردی ناونیشانەکان.

**نووسەر**



# ئارام تیگران

ئارام تیگران، هونەرمەندێکی ناوداری ئەرمەنیـــیە، ئەم هونەرمەندە هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەری کوردی تەرخانکرد و خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی هونەری گۆرانیی کوردییە، ناوی بە شانازییەوە لە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کورد و کوردستاندا تۆمار دەکرێت.

ئارام تیگران، لە ڕۆژی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٤ لەشاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە.

ئەو بەڕەچەڵەک لە نەتەوەی ئەرمەنە و خانەوادەکەیان خەڵکی شاری ئامەدی باکووری کوردستانن، لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا بنەماڵەکەیان بەر شاڵاوی دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەون و زۆربەیان لە ناودەبرێن، بە هاوکاری ئاغایەکی کورد باوکی ئارام ڕزگار دەکرێ و داڵدە دەدرێ و دواتر هەر بە هەوڵی ئەو ئاغا کوردە ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکرێ و لە مەرگ ڕزگار دەکرێ.

باوکی ئارام لەشاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان دەگیرسێتەوە و لەوێ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێ و دەبێتە خاوەنی چوار کوڕ و دوو کچ، ئارام یەکێکیان بووە.

باوکی ئارام ئەو چاکەیەی کوردی لەبەرچاو دەبێ و وەسێت بۆ منداڵەکانی دەکات کە ئەو چاکەیان لەبیر نەچێ و بەوەفا بن بۆ گەلی کورد.

ئارام تیگران ئەو وەسێتەی باوکی دەگرێتە گوێ و هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی گۆرانی و هونەری کوردی تەرخان دەکات.

ئارام، لە تەمەنی مێردمنداڵیدا کاریگەری مامی لەسەر بووە، کە ژەنیارێکی باش بووە، مامی ئامێرێکی عودی پێشکەش دەکا و ئەو دیارییە بەنرخە بۆ ناو جیهانی هونەر کێشی دەکات، دواتر ئامێری جومبوش هەڵدەبژێرێت.

ساڵی ١٩٥٣ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە یەکەم ئاهەنگی گۆرانی سازکرد.

ساڵی ١٩٥٧ ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (سیروارت مەلیکیان) پێکدەهێنێ و دەبنە خاوەنی دوو کوڕ و کچێک.

ساڵی ١٩٦٦ ئارام تیگران و خانەوادەکەی گەڕانەوە وڵاتی ئەرمەنستانی زێدی خۆیان و لەشاری یەریڤان گیرسانەوە،
ئارام چووە ڕادیۆی یەریڤان و لەڕێی ئەو ڕادیۆوە بۆ ماوەی ١٨ ساڵ خزمەتی هونەری کوردی و ئەرمەنی کرد.
ئارام تێگران، خاوەنی نزیکەی ٥٠٠ گۆرانییە، کە ٢٥٠یان گۆرانی کوردی و ١٥٠یان گۆرانی ئەرمەنین، ئەوانی تری گۆرانی سریانی وعەرەبی و یۆنانین.
ئارام تیگران، یەکەم گۆرانی بەناوی (شەو چوو) تۆمار کرد، کە شیعری شاعیری پایەبەرز (جگەر خوێن) بوو، ئەم گۆرانییە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.
ئیدی بەرهەمەکانی دیکەی بەزمانی کوردی وو زمانەکانی دیکە بڵاوکردەوە، خاوەنی ١٥ ئەلبوومی گۆرانییە کە لەئەورووپا تۆماری کردوون و ناوی هەموو ئەلبوومەکانی بەزمانی کوردییە.
پێشتریش سێ ئەلبوومی خۆی لە وڵاتی ئەرمەنستان هەر بەناوی کوردی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە.
ساڵی ١٩٩٠ ئارام تیگران و خێزانەکەی ڕوو لە ئەوروپا دەکەن و لە وڵاتی بەلجیکا وەک پەنابەر دەگیرسێنەوە، لەوێش لەسەر کاری هونەری و خزمەتکردن بە هونەری کوردی و ئەمەنی بەردەوام دەبێت.

مانگی ئابی ٢٠٠٩ سەردانی شاری ئەسینای پایتەختی یۆنان دەکا و ڕۆژی ٨ی ئابی ئابی هەمان ساڵ لەو شارە بە جەڵتەی مێشک کۆچی دوایی دەکات.هەرچەند وەسێتی کردبوو لەشاری ئامەدی زێدی خۆی بەخاک بسپێردرێت، بەڵام دەوڵەتی تورکیا ڕێگە بە کەسوکاری نادەن تەرمەکەی بۆ شاری ئامەد ببەنەوە، بۆیە بەناچاری تەرمەکەی دەبەنەوە بۆ وڵاتی بەلجیکا و لە گۆڕستانی شارۆچکەی (ژیتە)ی نزیک شاری برۆکسل بەخاکی دەسپێرن.

ئارام تیگران، ئەو هونەرمەندە ئەرمەنییەی هەموو ژیانی خۆی بۆ خزمەتی هونەری کوردی تەرخانکرد و وەک هێمای ئەمەکداری و پێکەوەژیان چووە دیرۆکەوە.



## د.ئیسماعیل بێشکچی

د.ئیسماعیل بێشکچی، زانا و بیرمەندێکی کۆمەڵناسی تورکە، بەهۆی هەڵوێست و بەرهەمەکانییەوە، لەسەرانسەری جیهاندا وەک سیمبۆلی ئازایەتی و ئازادیخوازی و داکۆکیکاری سەرسەختی مافەکانی گەلی کوردستان ناسراوە.

بێشکچی زیاترلە١٧ساڵی تەمەنی لەکونجی زیندانەکانی تورکیادا بەسەر بردووە، لەزیندان ئازاری قورسی جەستەیی و دەروونی دراوە، چەندین سزای دیکەی دارایی دراوە، بەڵام هەموو ئەوانە کۆڵیان پێنەداوە، خۆی گوتەنی لەپێناوی پرسی ڕەوای گەلی کوردستاندا زیاتر سوور بووە لەسەر بیروبۆچوونەکانی، ئەو بەتەنها لەڕێی هزرو قەڵەمەکەیەوە، چۆکی بەو دەوڵەتە گەورەیە داداوە، ناچاری کردووە تاڕادەیەک واز لەسیاسەتی نکۆڵیکردن و سڕینەوەی گەلی کوردا بهێنێ، بەناچاری ددان بەوەدا نێ کەلەتورکیا بێ لەگەلی تورک، گەلێکی دیکە بەناوی کورد هەیە.

کتێبی (بیرەوەرییەکان) کە لە نووسینی (د.ئیسماعیل بێشکچی)یە، لەنێوان ساڵانی (٢٠١٩–٢٠٢٠) ئامادە کراوە و ساڵی ٢٠٢١ بەزمانی تورکی بڵاو کرایەوە، ڕۆژنامەنووسی بەئەزموون ( محەمەد عیزەدین) بەکوردییەکی شیرین و پاراو وەریگێڕاوە و کۆتایی مانگی ئایاری ٢٠٢٢ بڵاو کرایەوە و کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.

ئەم کتێبە ٦٥٤ لاپەڕەیە، تەنها بیرەوەرییەکانی ناو زیندان دەگێڕێتەوە، هەروەک بێشکچی خۆی لەپێشەکی کتێبەکەدا باسی دەکات، لەم کتێبەدا باسی بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و گەنجی نەکردووە، بەڵێنی داوە ئەو قۆناغانەی تەمەنی، لە دووتوێی کتێبێکی دیکەدا بخانە ڕوو.

بێشکچی، ئەم کتێبەی پێشکەش بە خاتوو (لەمان بێشکچی) هاوسەری کۆچکردووی کردووە،کە لە١٢ی نیسانی ٢٠٢١ ماڵئاوایی لەژیان کردووە.

وەک دەڵێن لەپشت هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە، بێگومان لەمان بێشکچی قەڵایەک بووە لەپشت د.ئیسماعیل بێشکچییەوە، لەبارەی هاوسەرەکەیەوە، بێشکچی دەڵێ: ( هێزی من لە هەموو ئەو ڕووداو و زوڵم و زۆرەی بەهۆی نووسین و کتێبەکانمەوە بەسەرم

هاتوون، هەر لەئامادەکردنیان و بڵاوکردنەوەیانەوە و کاردانەوەکانیدا، لەسایەی لەمان بێشکچیی هاوژینم بووە، ئەو گوڕ و تینی پێبەخشیم بەسەر زوڵم و ناهەقییەکاندا سەربکەوم، ئەو بەرگەی زۆر ڕووداوی گرت، وایکرد ئەو ڕووداوانە تێپەڕن، بۆیە کتێبەکەم پێشکەش بە هاوسەرە خۆشەویستەکەم دەکەم).

بێشکچی، لەوڵاتێکدا دەژیا، کە ئایدۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت، باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشابوو، ڕای ڕەسمی دەوڵەت ئەوەبوو، کە لەتورکیا یەک گەل و نەتەوە هەیە، هیچ گەل و نەتەوەیەکی دیکە نییە، ئەم ئایدۆلۆژیا ڕەسمییە، باڵی بەسەر هەموو وڵات و تەنانەت زانکۆ و ناوەندەکانی دیکەی ڕۆشنبیری و توێژینەوەدا کێشابوو، هیچ ڕا و دەنگ و نووزەیەکی پێچەوانە نەبوو، هەموو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای فەرمی بوون و جەختیان لەسەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەت دەکردەوە.

بێشکچی، دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، بۆ خزمەتی سەربازی چووە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، ئەو کە بەچرای زانستی کۆمەڵناسی مێشکی ڕۆشن بوو، لەو ناوچەیە، شتێکی دیکەی جیاوازی لەڕای ڕەسمیی دەوڵەت بینی، ئەو لە نزیکەوە خەڵکێکی

دیکەی بینی کە زمان و کولتوور و جلوبەرگیان جیاوازە لە خەڵکی تورک، ئەوان گەلێکی دیکەن، تەنانەت لە زمانی تورکەکانیش تێناگەن و پێویستیان بە وەرگێڕە.
ئەو بابەتە سەرنجی بێشکچی ڕاکێشا و بووە مەراق و خولیای، کەخزمەتی سەربازی تەواو کرد، چووەوە زانکۆ، ئەو پرسەی کردە بابەتی توێژینەوەی زانستی، ئیدی پرسی کورد بووە خەون و خولیای و خۆی بۆ تەرخانکرد، لەبەر ڕۆشنایی چرای زانستدا، بەهێمنی ئەو ڕاستییەی سەلماند، کە گەلێکی دیکەی جیاواز هەیە و نابێ نکۆڵی لێبکرێ و هەوڵی توانەوەی بدرێت.
ئەو بۆچوونانەی کە بە وتارو کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەشی کرد، وەک بۆمبای سەردەم دەنگی دایەوە، وەک خۆی باسی دەکات، بۆچوونەکانی ئەو بە بۆمبڕێژکردنی پایەکانی دەوڵەت لەقەڵەم درا.
ئیدی لەسزای ئەوەدا وەک هەنگاوی یەکەم لە زانکۆ دەرکرا و بە یەکجاری دوور خرایەوە.
ماوەی شەست ساڵ، دادگەکانی ئاسایش و سەربازی وڵات بە دوایەوە بوون، زیاتر لە ١٧ ساڵی تەمەنی لەو دیوی شیشی زیندانەکانەوە بەسەر برد، لەسەر وتارێک، کتێبێک زیندانی دەکرا و حوکم دەدرا، ئازاد دەکرا، لەسەر نامەیەک، وتارێک، کتێبێکی دی،

لێدوانێک، کۆڕێک، دەستگیر دەکرا و حوکمی دیکەی بەسەردا ئەدرا، ئەو زیاتر لە نیو سەدە لەزیندان و بەڕێی زیندان و دادگاوە بوو، ئیدی زۆربەی بەڕێوەبەرانی زیندان، دادوەرەکان، زیندانییەکان دەیناسی، هیچ زەبر و زەنگ و سزا و ئازاردانێکی جەستەیی و دەروونی، کۆڵیان پێینەدا و لەسەر بیروباوەڕی خۆی سوور بوو، ئەو بەهێمنی و لێکدانەوەی زانستیی بەڵگەدار، کۆڵی بەواندا و ئەو دەوڵەتە گەورەیە هاتە سەر ڕوانینەکانی ئەو و ددانی بەوەدانا گەلێکی دیکە هەیە.

لەلاپەڕە ٣٨٢ی بیرەوەرییەکانی، ناونیشانێک سەرنجی ڕاکێشام، (ئیسماعیل بێشکچی ئازاد بکەن)، بێشکچی لەو بارەیەوە ئەڵێ: مانگی شوباتی ١٩٨٧ لەگەڵ هاشم کتلو و گەنجێکی دی لەزیندانی عەنتابی تایبەت بووین، لەزیندان هەواڵێکی کورتی ڕۆژنامەی (حوڕیەت)م بینی،کە باسی ئەوەی دەکرد لەدەوروبەری شاری سلێمانی، چوار ئەندازیاری تورک لەلایەن پێشمەرگەکانی جەلال تاڵەبانییەوە دەستگیر کراون، بەرامبەر ئازادکردنیان، چەند داواکارییەک ئاراستەی حکوومەتی تورکیا کرابوو، یەکێک لەداخوازییەکان بریتی بوو لە ئازاد کردنی ئیسماعیل بێشکچی، بەو

هەواڵە حەپەسام و تووشی دڵەڕاوکێ بووم، بیرم لەوە ئەکـــــردەوە لەســــەر ئەو هەواڵە بانگهێشـــــتی بەڕێوەبەرایەتی زیندانم بکەن،چی بڵێم؟

مــن لە چاوەڕوانیــدا بــووم، بەڵام هــیچ کەس منــی بانگهێشتی بەڕێوەبەرایەتی زیندان نەکرد، ڕووداوەکە لەبیر کرا و منیش لەماوەی دیاریکراوی خۆم ئازاد کرام.

بێشکچی لەدرێژەی بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: کاتی خۆی زۆرم حەز ئەکرد ئەو پرسە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی باس بکەم، بەڵام دەرفەت نەبوو ئەو مژارە پێکەوە شەن و کەو بکەین، بەڵام ئەوانەی لە ئۆفیسی جەلال تاڵەبانی لە سلێمانی کاریان دەکرد، ئاگاداری مژارەکە بوون.

ڕۆژی ٢٤ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥، د.ئیسماعیل بێشکچی سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی کرد، دەرفەتم بۆ ڕەخسا گفتوگۆیەکی کورتی لەگەڵ بکەم، پێمگوت، ساڵی ١٩٨٧ کە پێشـمەرگەی یەکێتیــی نیشـتمانیی کوردسـتان بووم لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە بەرگەڵو، بۆ یەکەمجـار نـاوی ئیسـماعیل بێشکچیم بیست، ئەویش بەهــۆی ئەوەی لەو کــاتەدا ژمــارەیەک ئەنــدازیار و شارەزای بیانی گیرابوون، ئەندازیارێکیان تورک بوو، مام جەلال بڕیاری ئازادکردنی ئەو ئەندازیارەی دا، بەو مەرجەی تورکیـاش ئیسـماعیل بێشکچی و ٢٠٠ زینـدانی

دیکەی کورد و تورک ئازاد بکەن، ئەو پەیامە لە مانگی شوباتی ١٩٨٧ لە ڕۆژنامەکانی ڕێبازی نوێ و ئەلشەرارە لە شاخ بڵاو کرایەوە.

بێشکچی لە وەڵامی قسەکانی مندا وتی: بەدڵنیاییەوە من لەو کاتەدا لەزیندان بووم، ئەو کارە دەنگدانەوەیەکی گەورەی میدیایی لەناوخۆی تورکیا و دەرەوە هەبوو، یەکێک لە هاوڕێکانم لەزیندان پێی وتم بێشکچی قوڕت بەسەر ، ئێستا بەڕێوەبەری زیندان بانگت ئەکا و ئەڵێ : جەلال تاڵەبانی چۆن ئەناسی؟ بەڵام خۆشبەختانە بانگیان نەکردم و دوایی ئازاد کرام.

بێشکچی لەو یادەوەرییەکانیدا، سەبارەت بەو گفتوگۆیەی نێوانمان نووسیویەتی:( ئەو بەسەرهاتەی ئەو پێشمەرگەیە، کە ئێستا وەک بەرپرس لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کار ئەکات، لەمیدیاکانی تورکیادا وەک هەواڵێکی کورت، شوێنی پێدرا، ئەو ڕووداوەی ماوەیەکی زۆر بوو هۆشی منی بەخۆیەوە مژوول کردبوو، بەو شێوەیە، بەتەواوی ڕاستی و درووستییەکەیم بۆ دەرکەوت).

بێشکچی، خولیای خوێندنەوە و نووسین بوو، تەنانەت لە ناو زیندانە تاریکەکانیش، وێڵی دوای کتێب و گۆڤار

و ڕۆژنـــامە بـــوو، لەم زینـــدان بـــۆ ئەو زینـــدان دەیگواستنەوە، هەندێ جار بۆماڵەوەی دەناردنەوە.

لەدەرەوەی زینـدان، بـواری زیـاتری بـۆ خوێـندنەوە و نووسین هەبوو، خولیـا و ئاشقی ئەو بـوارە بـوو، لەم کتێبەدا شتێکی خـۆش بـاس دەکـات، دەڵـێ: ئێـوارەیەک پـارەی کڕینـی ڕۆژنـامەیەک و پـارەی پاسـەکەم پێبـوو، ڕۆژنـــامەیەکم کـــڕی، دواتـــر ناوونیشـــانی وتـــارێکی ڕۆژنامەیەکی دی، سـەرنجی ڕاکێشـام، ئەویشـم کـڕی و پارەی پاسەکەم پێنەما، بڕیـارم دا بەپـاس بـڕۆمەوە بـۆ ماڵەوە، بەڵام لە شانسی من، کردی بەباران و تۆفانێک نەمتوانی بەپاس بڕۆمەوە، چـوومە عیـادەی دۆکتـۆرێکی هاوڕێم پارەم لێوەرگرت بۆ گەڕانەوە.

بێشـکچی، لەزینـدان دەیـان کەسـایەتیی سیاســی و ڕووناکبیری ناسی، زیندان بـۆ ئەو بـوو بەقوتـابخـانە و ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوانتر کرد و وەک ئازادیخوازێک بووە جێی ڕێزی ڕێکخراوەکان و ئازادیخوازانی جیهان.

ئەو دەرگای وڵاتانی ئەمریکـا و بەریتانیـا و فەڕەنسـا و چەندین وڵاتی دیکەی بۆ واڵا بوو، بەڕێزەوە پێشـوازیان لێـدەکرد و بەتاسـەوە گوێیـان لە بیـرو بۆچوونەکـانی دەگرت، لەسێ زانکۆ دۆکتۆرای فەخری پێدرا.

**ئەو بـــوو بەبـــاڵوێزی ناســـاندنی پرســـی كـــورد لەسەرانسەری جیهاندا، ئەوەی ئەو بیرمەندە توركە بـۆ كـورد كردوویەتـی شـتێكی نـاوازەیە، شـێركۆ بـێكەس وتەنـی: نمـوونەی وەك بێشـكچی، كە هەمـوو ژیـانی پێشـــكەش بەگەلـــی كـــورد كـــردووە، لەنـــاو نەتەوە سەردەستەكاندا دەگمەنە، بێشكچی وەك پیاوی داستانە گەورەكان، هەتا هەتایە بەپیـرۆزی لەنـاو دڵ و دەروون و ویژدانی گەلی كوردستاندا دەمێنێتەوە.**



## ئەگنێتا گلینگ

ئەگنێتا کلینگ، ژنێکی خەباتگێڕ و ڕووناکبیری سویدی بوو، خزمەتێکی زۆری بە کاروانی خەباتی ڕزگاریی نیشتمانیی کوردستان کردووە و وەک پێشمەرگە لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا خەباتی کردووە، بەیەکەم ژنی سویدی دادەنرێت کە وەک پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان تێکۆشاوە و مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ خۆی تۆمار کردووە.

ئەگنێتا لە ڕۆژی ١٦ی شوباتی١٩٤٣لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لەدایک بووە.لە ئامێزی خێزانێکی ئۆرۆستۆکراتی پەروەردە بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری ستۆکهۆڵم تەواو کردووە، بڕوانامەی لە بواری کارگێڕی ئۆفیس و دواتر دبلۆمی لە بواری بازرگانی و ئابووری بەدەستهێناوە.لەبەشی تۆماری زانکۆی ستۆکهۆڵم وەک فەرمانبەر خزمەتی کردووە.

لە ڕۆژی ۳۱ی ئابی ١٩٦٨ لەڕێی کچێکی کوردی باکووری هاوڕێی، مامۆستا (عومەر شێخمووس) سەرکردەی ناوداری کوردستانی ناسیوە، ئیدی بوونەتە هاوڕێ و پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانیادا دروست بووە و ئەو پەیوەندییە خۆشەویستییە بە هاوسەرگیری کۆتایی هاتووە و لەڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٧٤ زەماوەندییان کردووە و نازناوی هاوسەرەکەی هەڵگرتووە و بووە بە ئەگنێتا شێخمووس.

ئەوان لەبەر ئەوەی دوو کەسایەتیی ڕووناکبیر و عەلمانی بوون بۆ هاوسەرگیری نەچوونەتە کەنیسە و چوونەتە دادگە و دواتر بۆ شارەوانیی ستۆکهۆڵم و ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریی مەدەنییان کردووە.

ئەو هاوسەرگیرییە لەنێوان دوو کەسی خاوەن دوو کولتوور و دوو بیروباوەڕی جیاوازدا بووە، ئەگنێتا کچی خانەوادەیەکی ئۆرۆستۆکراتیی زەنگین بووە و باوکی کۆمپانیای بازرگانی هەبووە، مامۆستا عومەر شێخمووس کوڕی خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و ناوداری شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستانە، بەڵام خاوەن بیروباوەڕی چەپ بووە، ئەگنێتاش خاوەنی بیروباوەڕی ڕاست بووە و لە هەڵبژاردنەکانی سویددا دەنگی بەحزبە ڕاسترەوەکان داوە.ماوەیەکی زۆر لەسەر دوو هێڵی

تەریبــی حزبــی بــوون، بەڵام دواجــار هێڵەکــان خــوار بوونەتەوە و بەیەک گەیشتوون و هەردووکیان لە دەوری بیروباوەڕی سۆشیال دیموکرات کۆبوونەتەوە.
لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتیــی نیشتمانیی کوردستاندا لە شــام، مامۆســتا عــومەر شــێخمووس دەبێــتە ئەنــدامی دەستەی دامەزرێنەری ئەو حزبە و هەموو ژیانی خۆی بۆ خەبات و تێکۆشــان تەرخــان دەکــات، ئەگنێتــا هــاوڕێ و هاوکاری هاوسەرەکەی بووە لە کــار و چــالاکی حزبــی و ڕۆژنامەگەری، پشتیوانێکی بەهێزی شێخمووس بووە لە دەرکردنی ڕۆژنــامەی (زە سپارک) کە ئۆرگــانی یەکێتیــی نیشتمانیی کوردستان بووە و لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ تــا ١٩٨٣ لە ئەورووپــا وئەمریکــا ٣١ ژمــارەی بە زمــانی ئینگلیزی لێدەرچووە، ئەگنێتا کــاری تــایپ و هەڵەچنــی ئەو ڕۆژنــامەیەی کــردووە و دابەشیشــی کــردووە بەســەر شوێنەکاندا.
ســاڵی ١٩٨٠ مامۆســتا عــومەر شــێخمووس پەیوەنــدی بە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتانەوە کــردووە، دواتــر ئەگنێتــاش چــۆتە شــاخ و بــووە بە پێشمەرگە و مــاوەی حەوت مانگ لە ناوچەکانی ناوزەنگ و زەڵێ و تووژەڵە ماوەتەوە و ژیــانێکی ســەخت و دژوار و مەترسیداری لە ژێــر بۆردوومــانی فڕۆکەکــانی ڕژێمــی بەعســدا بەو پەڕی

ئــازایەتییەوە بەڕێکــردووە.ســاڵی ١٩٨١ جــارێکی تــر چــۆتەوە شــاخ و مــاوەی شــەش مانــگ لە بارەگاکــانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماوەتەوە.
ئەگنێتا لە شاخ بە (تـارا) ناسرابوو، ئەو مـاوەیەی لە شــاخ بــوو، وەک هەر پێشــمەرگەیەک ئەرکــی خــۆی بەجێهێنــاوە، ســەرەتا خــۆی فێــری بەکارهێنــانی چەکەکانی کلاشنکۆف و دەمـانچە کـردووە، نەوشیروان مستەفا هاوکاری بووە لە ڕاهێنان لەسـەر ئەو چەکـانە، ئیـدی ئەگنێتـا لە خەستەخانە و چاپخانەکـانی شۆڕش خزمەتی کردووە.
ئەگنێتــا لەگەڵ ژنــانی شــاخی وەک (هێــرۆ ئیبــراهیم ئەحمەد، نەرمین عوسمان، نازەنین عوسمان، ڕوونـاک شێخ جەناب، پاکیزە و دڵگیر) بووە بەهـاوڕێ و هەوڵـی داوە هەندێک لەو ژنـانە فێـری زمـانی ئینگلیـزی بکـات، وەک خۆی باسی دەکات ئەو بەڵێنی خۆی بردۆتە سـەر، بەڵام ئەوان ئەویان فێری زمانی کوردی نەکردبـوو وەک بەڵێنیـان پێـدابوو، بەڵکـو شـێخمووس لە سـوید ئەوی فێری کوردیی کرمانجی کردووە.
ئەوەی لەو شـاخە بەلای ئەگنێتـاوە سـەیر بـووە، ئەوە بووە کە هەندێ لە پیاوەکـان لە پێشـمەرگە و عەشـایەر

تەوقەیـان لەگەڵ ژنـان نەکـردووە، ئەوەی بەسـیفەتێکی دواکەووتوانە لە قەڵەم داوە.
ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشـاوە و پێیـان سەرسـام بـووە مام جەلال و نەوشیروان مستەفا بـووە، بەشـتێکی کـاک نەوشیروان زۆرسەرسام بـووە، کە لە شـاخەکان چەپـکە گـــوڵی سروشـــتیی جـــوانی بـــۆ هێنـــاوە، ئەوەی بە ڕەفتارێکی شارستانی و ڕاقی لە قەڵەم داوە.
ئەگنێتـا زۆر بـڕوای بەڕەوایەتـی پرسـی کـورد هەبـووە، سـەرباری سـەختییەکانی تێکۆشـان، هەرگیـز پەشـیمان نەبـۆتەوە لەو خەبـات و تیکۆشـانەی لە شـاخەکانی کوردستان و وڵاتـانی ئەورووپا و خۆرئاوا کردوویەتی.
ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرباری ئەو هەموو خزمەتەی ئەو ژنە خەباتگێڕە بە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان و گەلی کوردستانی کردووە، تـا ئێسـتا نە پەیکەرێکـی بـۆ دروستکراوە و نە قوتـابخـانە و نەشـەقام و نە شـوێنێکی گشتی بە ناوەوە نراوە، کاتێکیش لە ژیاندا بووە دکتـۆر کەمال فوئاد باسی ئەو بـابەتەی لەگەڵـدا کـردووە، ئەو پێی باش بووە قوتـابخـانەیەکی کچانی بەناوەوە بکرێت، بەڵام تا ئێستا نەکراوە.
ئەگنێتـا و شـێخمووس نیـو سـەدە پـێکەوە ژیـاون و ئەو هەمـوو سـاڵەیان بەڕێـز و خۆشەویسـتی بەڕێکـردووە و

تەنـــــانەت یەک حســـــابی بانکیـــــان هەبـــــووە، لە چاوپێکەوتنێکـــــدا لە ئەگنێتـــــا دەپرســـــن گەر تەمەن بگەڕێـــتەوە، هەرعـــومەر شـــێخمووس پەســـەند دەکەی؟ ئەویش وتبووی بەڵێ هەر شێخمووس هەڵدەبژێرمەوە.

لە چاوپێکەوتنێکـدا لە مامۆسـتا عـومەر شـێخمووس دەپرسن، وەسێتت کـردووە لە کوێ بتنێـژن؟ لە وەڵامـدا دەڵێت: (هاوڕێکانم پێیان خۆشـە لە سلێمانی بنێـژرێم، کەسـوکار و خزمەکـانم حەز دەکەن لە زێـدی خـۆم لە شاری عامودای ڕۆژئاوای کوردستان بنێژرێم، بەڵام خۆم پـێم خۆشـە لە سـویدی نیشـتمانی دووەمـم بنێـژرێم، وەسـێتم کـردووە لە تەنیشت گۆڕی ئەگنێتا بنێـژرێم و تەنـانەت لە تەنیشـت گـۆڕی ئەوەوە شـوێنی گـۆڕێکم کڕیوە).

بڕیـار بـووە هەردووکیـان بیـرەوەری تـایبەتی خۆیـان بنووســـنەوە، ئەگنێتـــا ٦٠ لاپەڕەی نووســـیوە و مەرگ بـــواری نەدا هەمـــووی بنووســـێتەوە، مامۆســـتا شیخمووسـیش بیـرەوەری خـۆی نووسـیوە و تەواوی نەکـــردووە، هیـــواردارم تەواوی بکـــات، چـــونکە شـاهیدحاڵێکی ئاگـاداری مێـژووی یەکێتـی و شۆڕشـی نوێیە و زانیاری وبەڵگەنامەی بە نرخی لە لایە.

هیوای تەندرووستی باش وتەمەن درێژی بۆ مامۆستا عومەر شێخمووس سەرکردەی ناوداری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەخوازم.
مامۆستا شێخمووس باسی ئەوە دەکات کە ئەگینێتا هەرگیز حەزی لە خۆدەرخستن و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی نەکردووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی شێخمووس بووە، سێ مانگ پێش کۆچی دوایی، ئەگنێتا دوو چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەنووسی ئەنجام داوە، وەک ئەوەی دڵی خەبەری دابێت کە دەمرێت !
پاش خەبات و تێکۆشانێکی زۆری ڕێکخراوەیی و پێشمەرگانە و کولتووری، کاتژمێر پێنج و پەنجا خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩ بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد و لەشاری ستۆکهۆڵم بە خاک سپێردرا.
دروودی ڕێز و وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی ئەگنێتا، ئەو ژنەی زۆربەی تەمەنی بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئازادیی کوردستاندا تەرخانکرد و مێژووییەکی پڕ شانازی بۆ خۆی تۆمار کرد وهەمیشە لە ویژدانی گەلی کوردستاندا بە نەمری دەمێنێتەوە.



## ئەلبێرتۆ مانگۆیل

ئەلبێرتـــــــۆ مانگۆیـــــــل، کەســــــایەتییەکی کولتــــووریی جیهـــــانییە، وەک نووســــەر و وەرگێــڕ و ڕۆمـــاننووس، خزمەتــی زۆری بەکــاروانی ڕۆشنبیری لە سەرانسەری گۆی زەویدا کردووە.

مانگۆیـل، سـالّی ١٩٤٨ لە بـۆینس ئایرسـی پـایتەختی ئەرجەنتین لە دایک بووە، ڕەگەزنامەی کەنەدی هەیە.

خاوەنی چەندین ڕۆمان و وتار و وەرگێڕانە، زیـاتر بەو کتێبـانەی سـەبارەت بە بـایەخی خوێنـدنەوەی کتێب لە مـاوەی نیـو سـەدەدا نووسـیونی ناسـراوە، لەو بـوارەدا چەنــــد کتێبێکـــــی بەنرخــــی هەیە، لەوانە (مێـــژووی خوێندنەوە، هونەری خوێندنەوە، میمۆری خوێنـدنەوە، ڕۆژانەی خوێنــدنەوە، شــاری وشــەکان، کتێبخــانە لە شەودا).

زۆربەی کتێبەکـــانی بـــۆ زمـــانە زینـــدووەکانی جیهـــان وەرگێـــڕدراون، خــــانەی ســــاقیی لە بەیــروت، زۆربەی بەرهەمەکانی ئەوی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە.

(مێژووی خوێندنەوە) بەناوبانگترین کتێبی ئەوە، کە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە و بۆ زیاتر لە ٣٥ زمان وەرگێڕدراوە و لە لیستی پڕ فرۆشترین کتێبەکانی جیهاندایە.

ئەگەر خەڵکی بۆ خۆشی و چێژ و وەرگرتنی زانیاری و نووسینی توێژینەوەی زانستی بخوێننەوە، لای مانگۆیل خوێندنەوە خولیا و عەشق و هۆگریی ڕۆژانەیە.ئەو دەستەواژەی ڕۆمانسی و ویژدانی بۆ پەیوەندی خۆی و کتێب و کتێبخانەکان بەکار دەهێنێت.بۆ ئەوەش ئیلهامی لە مامۆستای یەکەمی ( لویس بۆرخیس) شاعیر و نووسەری ناوداری ئەرجەنتیی وەرگرتووە، کە ڕای وابووە فیردەوس لە شێوەی کتێبخانەیەکی گەردوونیدایە.

مانگۆیل جیهانی وا وێنا کردووە کە سنوورەکەی دیواری کتێبخانەیە، لە بەرهەمەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە وشەی ناو کتێبەکان و دڵۆپی مەرەکەبەکان، ئارامی پێدەبەخشن.

هۆگربوونی مانگۆیل بە کتێب بۆ قۆناغی ژیانی هەرزەکاری دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو کاتەی کە بۆرخیسی شاعیر و ئەدیب لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا، ڕووناکی چاوەکانی لە دەستدابوو، داوای لە کەسانی تر دەکرد کە

بەدەنگی بەرز کتێبی بۆ بخوێننەوە، مانگۆیل یەکێک لەو گەنــجە خۆبەخشــانە بــوو، کتێبــی بــۆ بــۆرخیس خوێندۆتەوە.
ئەو ئەزمــوونەی خــۆی لەگەڵ بــۆرخیس کــردووە بە کتێبێک بە ناونیشانی (لەگەڵ بۆرخیس)، لەو کتێبەدا باسی کاریگەریی ئەو نووسەرە گەورەیە دەکات لەسەر کەسایەتی و ڕێڕەوی ژیانی.
(ژیانی وێناکراو) نوێترین کتێبی مانگۆیلە، کە (مالک سەلمان) بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە و ساڵی ٢٠٢٣ خانەی ساقیی لە بەیروت چاپ و بڵاویکردۆتەوە.
ئەو کتێبە گفتوگۆیەی دوور و درێژە کە خاتوو (سیگلندا گایزل) ڕۆژنامەنووسی سویسری لەگەڵیدا کردووە.
چاپی عەرەبی کتێبەکە (٢٠٧) لاپەڕەیە، تێیدا تیشک خراوەتە سەر ژیانی ئاسایی و پیشەیی مانگۆیل و دایک و باوکی و براکانی، ئیلینی پەروەردەکاری و ئەزموونی لە بەڕێوەبردنی کتێبخانەی نیشتمانی لە ئەرجەنتین.
هەروەها باسی تێڕوانینی فیکری مانگۆیل و کتێبخانە تایبەتەکەی لە شارۆچکەیەکی فەڕەنسا دەکات، کە ٤٠ هەزار کتێبی بەنرخی تێدا بووە.
مانگۆیل ویستوویەتی ئەو کتێبخانەیە هەڵوەشێنێتەوە و کتێبەکانی بخاتە گەنجینەوە، بەڵام بەرپرسانی وڵاتی

پورتوگال داوایان لێکردووە ئەو کتێبانە بدات بەوان بۆ ئەوەی لە کتێبخانەیەکی گشتی لە شاری لشبۆنەی پایتەخت دابنێن، ئەویش بە داواکەیان ڕازی بووە بۆ ئەوەی خوێنەری ئەو وڵاتە سوودی لێوەربگرن.
مانگۆیل لە نووسینەکانیدا باسی بایەخی زمان دەکات و ڕای وایە زمان کاریگەری لەسەر خەیاڵ و ئەندێشە هەیە، ئەوەش دەبێتە لە دایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی.
مانگۆیل لەو کتێبەدا تیشک دەخاتە سەر ژیانی منداڵی، کە بە تەنها و بێ هاوڕێ و دوور لە براکانی ژیاوە، منداڵێک نەبووە یاری لە گەڵدا بکات.
ئەو قۆناغەی ژیانی بە سەخت و بێوێنە وەسف دەکات، کە بەبێ چاودێریی باوک و ناز و سۆزی دایکی، لە لای خاتوو ئیلینی پەروەردەکاری تا تەمەنی ٨ ساڵی بەڕێی کردووە.
مانگۆیل بەو پەڕی بوێرییەوە باسی ئەوە دەکات، کە دایکی خۆپەرست بووە، تەنها بایەخی بە ژیانی تایبەتی خۆی داوە و منداڵەکانی فەرامۆش کردووە.باوکیشی لەو باشتر نەبووە، ژیانێکی دوو سەرەی هەبووە، لە نێوان دوو خێزاندا ژیاوە، چونکە بێجگە لە دایکی، هاوسەرگیری لە گەڵ ژنێکی تردا کردبوو، منداڵەکانی فەرامۆشکردووە.

بەپێچەوانەی باوک و دایکییەوە، ئیلینی پەروەردەکاری زۆر میهرەبان بووە و بایەخی پێداوە، بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی قسەی لە گەڵدا کردووە، هانیداوە بۆ خوێندنەوە و پێکەوە کتێبیان خوێندۆتەوە، بەهۆی ئەوەوە شیعرەکانی گۆتە و هانیەی لەبەر کردووە.
مانگۆیل باسی ئەوە دەکات بەهەوڵی ئیلین لەتەمەنی ٤ ساڵیدا فێری خوێندنەوە بووە و پیتەکانی ناسیوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: (هەستم دەکرد سیحربازم، کە توانیم پەڵەی مەرەکەب بۆ پیت و وشە بگۆڕم).
شتێکی سەیری ئیلین باس دەکات، کە لە کاتی سەیرکردنی فیلمەکانی ( چارلی چاپڵن و لۆریل و هاردی) پێنەکەنیوە، بەڵکوو گفتوگۆی سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەو فیلمە کۆمیدیانە لەگەڵیدا کردووە!
گایزل لەو چاوپێکەوتنەدا پرسیاری ئەوە لە مانگۆیل دەکات چی دەخوێنیتەوە، نموونەی ئەوەش دەهێنێتەوە کە خاوەنی ڕۆمانی (هەواڵەکان لە وڵاتانی بیانییەوە)، دەڵێ من هەموو شتێک دەخوێنمەوە و ئاماژە بە قسەیەکی سارڤانتسی نووسەری ڕۆمانی (دۆنکیشیۆت) دەکات، کە دەڵێت: وەرەقە دڕاو فڕێدراوەکانی سەر شەقامەکانیش دەخوێنمەوە!

مانگۆیل لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت: (من بە بەردەوامی کتێب دەخوێنمەوە لە ناو جێگا، لە ناو فڕۆکە، لە ناو شەمەندەفەر، لە گەرماو، تەنانەت لە کاتی نان خواردن).هەروەها ئەو نووسینانەش دەخوێنمەوە کە لەسەر پاکەت و شووشەی دەرمان نووسراون!

مانگۆیل باسی ئەوە دەکات کتێبێکی دیاریکراو بە درێژایی کات جێگەی بایەخی نەبووە، بەڵکوو کتێبی جیا جیا لە کاتی جیا جیادا، جێگەی بایەخی بوون.بۆ نموونە جارێک ڕۆمانی (دۆنکیشۆت)ی سارڤانتس، جارێکی تر ڕۆمانی (شاخی سیحری)ی تۆماس مان و ڕۆمانی (ئەلیس لە وڵاتانی سەرسوڕهێنەر)ی لویس کارۆل، جێگەی بایەخی بوون.

مانگۆیل دەڵێت: ساڵانی پێشوو زۆر هەوڵم دا بەرهەمەکانی دانتی شاعیری ناوداری ئیتاڵی بخوێنمەوە، بەڵام نەمتوانی بیانخوێنمەوە و شکستم هێنا، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، جارێکی تر گەڕامەوە سەر خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دانتی و کەوتمە داوی خۆشەوستی بەرهەمەکانی بە گشتی و ( کۆمیدیای یەزدانی) بە تایبەتی، چێژی زۆرم لێوەرگرت.

مانگۆیل لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چ کتێبێک ناخوێنێتەوە؟ دەڵێت: هەرگیز تیۆرە ئەدەبییەکانم دیراسە نەکردووە، هیچ تویژینەوەیەکی ئەکادیمیم نەخوێندۆتەوە، بەرهەمەکانی (دریدا، ولیڤیناس،بۆردیۆ) ناخوێنمەوە، چونکە کاتێک ویستم بیانخوێنمەوە، سەرنجیان ڕانەکێشام.
ئەو لەگەڵ ئەو نووسەرانە نییە، کە زاراوە و دەستەواژەی قورس و ئاڵۆز بەکار دەهێنن، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەدایە بەزمانی سادە و ڕەوان بنووسن.
گایزل پرسیاری ئەوە لە مانگۆیل دەکات، لەو ٤٠ هەزار کتێبەی لە کتێبخانەکەیدا هەبوون، چەند کتێبی خوێندۆتەوە؟
لە وەڵامدا دەڵێت: هەموو ئەو کتێبانەم سەیر کردووە، کتێب هەیە دوو سەد جارم خوێندۆتەوە، وەک کتێبی (ئەلیس لە وڵاتانی سەرسوڕهێنەردا)، کتێبیش هەیە وشەیەک یا زیاترم لێ نەخوێندۆتەوە.
پەیوەندیم لەگەڵ کتێبدا وەک پەیوەندیم لەگەڵ جیهاندایە، پەیوەندیم لەگەڵ جیهاندا نوسخەیەکە لە پەیوەندیم لەگەڵ کتێبدا.من سەیری هەموو درەخت و هەموو هەورێک ناکەم، لە تەک هەموو کەسێکدا قسە

ناکەم.بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە هەموویان پێویستن، بۆ تەواوکردنی تابلۆی ئەم جیهانەی تێیدا دەژین.

مانگۆیل حەزی لە کتێبی ئەلکترۆنی نییە، پێیوایە ئەو جۆرە کتێبانە لەسەر شاشەیەکی ڕووناک وەک کەڕ و لاڵ دەبینرێن.لەو بارەیەوە دەڵێت: حەزدەکەم کتێب لە ناو دەستەکانمدا بێت، قەبارەی بزانم، بۆنی لاپەڕەکانی بکەم و هەڵیان بدەمەوە.

مانگۆیل بە قسەیەکی شاعیری ناوداری فەرەنسی مالارمێ سەرسام بووە، کە وتویەتی (جیهان لە ناو لاپەڕەکانی کتێبدا جوانترە).

لە کۆتایی گفتوگۆکەدا، لە وەڵامی پرسیاری مانگۆیل کێیە؟ دەڵێت: من خوێنەرم.



# ئومبرتۆ ئیکۆ

ئومبرتۆ ئیکۆ، ئەدیب و بیرمەندێکی ناوداری ئیتاڵییە، بایەخی بە لێکۆڵینەوە لە مێژوو و ئەدەبی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەووروپا داوە، بەهۆی بەرهەمە ئەدەبی و توێژینەوە فیکرییەکانییەوە لە سەر ئاستی ئیتاڵیا و جیهان ناسراوە و بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە.

ئیکۆ، لە ڕۆژی ٥ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ لەشاری ئەلیساندریای هەرێمی بیرمۆنتی باکووری ئیتاڵیا لە دایک بووە، لە ئامێزی خێزانێکی مام ناوەندی پەروەردە بووە، پیشەی باوکی ژمێریار بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری ئەلیساندریا تەواو کردووە.بۆ خوێندنی زانکۆ چۆتە شاری تۆرینۆ، لەزانکۆی ئەو شارە بڕوانامەی یاسای بەدەستهێناوە، بەڵام یاسا بواری دڵخوازی ئەو نەبووە، بۆیە دواتر بایەخی بە توێژینەوەی مێژوویی و ئەدەبیی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا داوە و تێیاندا قووڵ و

قاڵبۆتەوە.ساڵی ١٩٥٤ بڕوانامەی دکتۆرای لەسەر پرسی جـــوانی لای تۆمـــاس ئەکـــوینی بەدەســـتهێنا، کە توێژینەوەیەکی زانستی گرنگ و بەهـادار بـوو.هەروەهـا بایەخی بەزانستی سیمائی داوە و بە پێشەنگی ئەو بوارە دادەنرێت.

ساڵی ١٩٧١ بوو بە مامۆستای زانستی سیمائیی زانکـۆی بۆلۆنیـــای ئیتالیـــا، کە بە دێرینتـــرین و نـــاودارترین زانکۆی ئەو وڵاتە دادەنرێت.

وەک مامۆســـتای مێـــژووی ســـەدەکانی ناوەڕاســـتی ئەورووپـــــا، لەزۆربەی زانکۆکـــــانی ئیتاڵیـــــا وانەی وتۆتەوە.

ســاڵی ٢٠٠٧ وازی لە وانەوتــنەوە هێنــا و خــۆی بــۆ نووسین و توێژینەوەی زانستی تەرخانکرد.

ئیکۆ بایەخی بەنووسینی ڕۆمان داوە و خاوەنی چەندین ڕۆمـانی نـاوازەیە، سـاڵی ١٩٨٠ ڕۆمـانی (نـاوی گـوڵ)ی نووسـی کە ڕۆمـانێکی مێژوویـی بـوو، تیشکی خستۆتە سەر ڕووداوەکانی سـەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا.ئەم ڕۆمانە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسـەر ئاستی ئیتاڵیـا و جیهـــان هەبـــوو، بە ملیۆنـــان دانەی لێفرۆشـــرا و بـــۆ زۆربەی زمـانە زینـدووەکانی جیهـان وەرگێـڕدرا.سـاڵی ١٩٨٦ ئەم ڕۆمانە کرا بە فیلمی سینەمایی و هونەرمەندی

نــاوداری فەڕەنســی (جــان جــاک ئــانۆ) دەرهێــنەری ئەو فیلمە بوو.
ساڵی ٢٠١٠ ڕۆمـانی ( گۆڕسـتانی پـراگ)ی نووسـی، ئەم ڕۆمانە بە یەکێک لە ڕۆمانە بە ناوبانگەکـانی دادەنرێـت و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنـا و بـووە مـایەی نیگەرانی و ڕەخنەی توندی ڤاتیکـان و هەنـدێ ناوەنـدی جوو لە جیهاندا.
سـاڵی ٢٠١٥ ڕۆمـانی ( ژمـارە سـفر)ی نووسـی، کە دوا ڕۆمانی بوو، لەو ڕۆمانەدا ڕەخنە لە تیـۆری پیلانگێـڕان دەگرێت.
ئیکۆ چەند ڕۆمانێکی دیکەی هەیە لەوانە (بەندۆڵ فۆکۆ، دوورگەی دوێنێ، باودۆلینۆ) و چەندانی تر.
ئومبرتـۆ ئیکـۆ، بە یەکێـک لە بیرمەنـدە مەزنەکـانی ئیتاڵیـا دادەنرێـت، خـاوەنی دوو کتێبخـانەی تـایبەتی بـــووە لە شـــارەکانی میلانـــۆ و ڕیمینـــی، ئەو دوو کتێبخـانەیە نـزیکەی ٥٠ هەزار کتێبـی بەنرخیـان تێـدا بـووە، کە ١٢٠٠ لەو کتێبـانە کتێبـی نـاوازە و دەگـمەن بوون.
ئەگەرچی ئیکۆ بەهۆی نووسینەکانییەوە لەسـەر ئاسـتی جیهـان ناسـرابوو، بەڵام ئەو بەوپەڕی خـاکەڕاییەوە لە کتێبـی (دانپێـدانانی ڕۆماننووسـێکی لاو)دا، کە باسـی

شێوازی نووسینی خۆی دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە نووسین کار و بایەخی لاوەکی ئەو بووە.
ساڵی ٢٠٠٩ لەسەر داوای مۆزەخانەی لۆڤەر، کتێبی (ناکۆتایی لیستەکان، لە هۆمیرۆسەوە تا جیمس جۆیس)ی نووسی، ئەم کتێبە کتێبێکی گرنگ و مێژووییە، بە وردی باسی ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا تا سەدەی نوێ هاوچەرخ و دواتر دەکات.
بێ لە ڕۆمان، ئیکۆ بایەخی بە بوارەکانی دیکەی وەک فەلسەفە و زمان و زانستی هێماکان داوە.
بایەخی بە بواری میدیاش داوە، ستوونووسێکی بەهێزی ئەو بوارە بووە و لە ڕۆژنامە ناودارەکانی ئیتاڵیادا ستوونی تایبەتی لە بارەی بایەخی میدیاوە نووسیوە.
لەپای خزمەتە زانستی و ئەدەبییەکانی چەندین جار لە سەر ئاستی وڵات و جیهان، خەڵات کراوە و ٣٠ دکتۆرای شانازی پێبەخشراوە.بەڵام ئەو جێگەی سەرنجە سەر باری ئەوەی وەک ئەدیب و بیرمەندێکی جیهانی ناسراو بوو، کەچی خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرتووە، کە زۆر لەوانە بەتواناتر و بەبەرهەمتر بووە کە ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە!

پـاش خزمەتێکـی زۆری زانسـتی و ئەدەبـی، ڕۆژی ١٩ی شوباتی ٢٠١٦، ئومبرتۆ ئیکۆ ئەدیب و زانـا و بیرمەنـدی نـاوداری ئیتـاڵی و جیهـانی لە تەمەنـی ٨٤ سـاڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

هەواڵی مەرگی ئیکـۆ بـووە مانشـێتی خەمنـاکی ڕۆژنـامە گەورەکانی ئیتاڵیا، ڕۆژنامەی بەناوبانگی لاریبوبلیکـای ڕۆژانەی ئیتاڵی کە لەشاری ڕۆمای پایتەخت دەردەچێـت نووسیبووی (جیهان یەکێک لە ڕووخسـارە کولتـوورییە هاوچەرخەکانی لەدەستدا).

ڕۆژنـامەی (کـوریری دیـلا سـیرا)ی ڕۆژانە کە لەشـاری میلانـۆ دەردەچێـت بە مانشـێتی گەورە نووسـیبووی ( بەناوبانگترین ڕۆشنبیری ئیتاڵیا ماڵئاوایی کرد).

ئومبرتـۆ ئیکـۆی ئەدیـب و بیرمەنـدی گەورەی جیهـانی بەجەســـتە ڕۆی و لەچـــاوان ون بـــوو، بەڵام بەرهەمە ئەدەبـــی و تـــوێژینەوە زانســـتییەکانی بە زینـــدوویی دەمێننەوە.



## ئۆرهان پامووک

ئۆرهان پامووک، نووسەر و ڕۆماننووسێکی ناوداری تورکە و خاوەنی چەندین ڕۆمانی ناوازەیە، کە بۆ زیاتر لە ٦٠ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، ڕۆمانەکانی هێندە جوان و قووڵ و پڕمانان، لە سەر ئاستی زۆربەی گەلانی جیهان و ڕێکخراوە کولتوورییە نێودەوڵەتییەکان ناسراون، هەر بۆیەش ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا، بەوەش بووە یەکەم ئەدیبی تورک لە مێژووی وڵاتەکەیدا ئەو خەڵاتە نێودەوڵەتییە بەدەست بهێنێ.

پامووک لە ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ١٩٥٢ لەشاری ئیستەنبووڵ لەدایک بووە، لە ئامێزی خێزانکی زەنگین و ڕووناکبیردا پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری ئیستەنبووڵ تەواو کردووە، لە سەرەتای ژیانی گەنجیدا خولیای ئەوەی هەبووە ببێت بە ئەندازیاری تەلارسازی و نیگارکێش، هەر بۆیەش لە دوا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی

کۆششێکی زۆری کرد و نمرەی بەرزی بەدەستهێنا و لە بەشی ئەندازەی تەلارسازیی زانکۆی ئیستەنبووڵ وەرگیرا و سێ ساڵ لەو بەشە خوێندی بە ئومێدی ئەوەی خەونی نیگارکێشی و تەلارسازی بێتە دی، بەڵام وانە و نەخشە ئەندازەییە وشکەکان حەز و خولیای ئەویان تێر و پاراو نەکرد، هەربۆیەش لە قۆناغی سێیەمی خوێندنی ئەندازەی تەلارسازیدا وازیهێنا و کورسی خوێندنی بەجێهێشت.

ساڵی ١٩٧٦ چووە بەشی ڕۆژنامەگەری هەمان زانکۆ و تەواوی کرد.بەشی ڕۆژنامەنووسی فێری نووسینی وتار و پەخشان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان کرد، چەندین وتار و پەخشانی جوانی نووسی و بڵاویکردەوە، بەڵام ئەمانەش خولیاکانی نیگارکێشی و تەلارسازیی لە مێشکی پامووک دەرنەکرد.

ئیدی ئۆرهان پامووک ڕوویکردە دنیای ڕۆمان و زۆربەی ژیانی خۆی بۆ ئەو ڕشتە گرنگەی ئەدەب تەرخانکرد، تا ئێستا ٢٥ ڕۆمانی بە زمانی تورکی نووسیوە، ڕۆمانەکانی بۆ زیاتر لە ٦٠ زمانی جیهان وەرگێڕدراون و لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا بە تیراژی ١٣ ملیۆن دانە چاپ وبڵاوکراونەتەوە.

ئۆرهـان پـامووک لەو ڕۆمانـانەدا خەون و خولیاکـانی نیگارکێشـــی و نەخشـــەی تەلارســـازی بە وشـــە لە ڕۆمانەکانیدا چنیوە، ئیدی نیگار و نەخشەی تەلارسازی ئیستەنبووڵ و شوێنەکانی تر بوون بە بەشێکی زیندووی ناو ڕۆمانەکانی، ئەوەش قەرەبووی ئەوەی بۆ کردۆتەوە کە خوێنـدنی ئەنـدازەی تەلارسـازیی تەواو نەکـردووە و وازی لێهێنـــاوە.نیگـــار و نەخشـــەی تەلارســـازی بە وشــەچنراوی نــاو ڕۆمانەکـانی بـوونە هـۆی ئەوەی لە جیاتی بڕوانـامەی بەکالۆریۆسـی ئەنـدازەی تەلاسـازیی زانکـۆی ئیسـتەنبووڵ، بڕوانــامەی دکتـۆرای شـانازیی چەندین زانکۆی سەنگینی نێودەوڵەتی پێبەخشرێت.

ئیـدی بە ڕۆمـانە جـوان و پـڕ ماناکـانی، سـنووری ناوخۆی وڵاتی بەزانـد و بەرهەمەکـانی بـۆ زیـاتر لە ٦٠ زمانی جیهانی وەرگێڕدراون و بوونە بـابەتی جیهـانی و هەر بـــۆیەش ســـاڵی ٢٠٠٦ خەڵاتـــی نـــۆبڵی ئەدەبـــی پێبەخشرا.

ئۆرهـان پـامووک، ئەدیبێکـی ئـازا و بە هەڵویسـتە، لە نووسـین و ڕۆمانەکانیـدا دەسـتی بـۆ بـابەتی بـڤە و قەدەغەکراو بردووە، ئەو لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی دەوڵەتـی عوسـمانی هەڵـداتەوە و باسـی تاوانەکـانی کۆمەڵکوژیی ئەرمەن و کوردی کردووە، کە لە سـەردەمی

جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەسەر دەستی سوپای عوسمانی ئەنجام دراون.
هەروەها ڕەخنەی لە کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا گرتووە، مامەڵەی حکوومەتی تورکیای لە گەڵ کوردەکانی باکوور سەرکۆنە کردووە.
بەهۆی ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەوە، بە تۆمەتی سووکایەتی کردن بە ناسنامە و هێماکانی تورکیا، داوای لەسەر تۆمار کرا و ڕووبەڕووی دادگا کرایەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا، داوا تۆمارکراوەکانی دادگا کێشرانەوە و بەخشرا و سزا نەدرا.
ئۆرهان پاමووک، خاوەنی چەندین ڕۆمانە لەوانە: (جەودەت بەگ و کوڕەکانی، ماڵی بێدەنگ، قەڵای سپی، کتێبی ڕەش، ژیانێکی نوێ، گوڵێ لە دیمەشق، من ناوم سوورە، بەفر، مۆزەخانەی پاکیزەیی، تاعوون).
بابەتی ڕۆمانەکانی ئۆرهان پاමووک هەمە چەشنن، هەندێکیان بە شێوەیەکی جوان و بەزمانی پەخشان و شیعر مێژووی دەوڵەتی عوسمانی بە تاڵی و شیرینییەکانییەوە دەگێڕنەوە، هەندێکی دیکەیان باسی کێشە و ناکۆکییەکانی هەناوی وڵاتی تورکیا دەکەن،

هەنـــدێکی تریـــان باســـی پەیوەنـــدی خۆشەویســـتی و ئینسانی دەکەن.
شەوانی تاعوون دوا ڕۆمانی ئۆرهان پامووکە و مامۆستا سـامان کەریـم بـۆ زمـانی کـوردی وەرگێـڕاوە، پـاموک پێـنج سـاڵ خەریکـی نووسینی ئەم ڕۆمـانە بـووە، ئەم ڕۆمانە باسـی ڕووداوی مێژوویـی بڵاوبـوونەوەی پەتـای تـاعوون لـە دورگەی مـینگەری ژێـر دەسـەڵاتی عوسمانی دەکات.پـامووک لـەم ڕۆمـانەدا پانۆرامـای ئەو پەتـایە و ژیانی شێخی تەکییەکان و نەتەوە پەرستە یۆنانییەکـان و حـاجییـــانی نـــاو کەشـــتییەکان و یـــاخیبوانی دژی کەرەنتیـــــنە دەخـــــاتەڕوو، بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی پرسیارەکانی تایبەت لە بـارەی ژیـان و عەشـق و مـردن دەوروژێنێ.
ئەوەی جێگەی سەرنج و تێڕامانە پامووک ئەم ڕۆمـانەی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتـای کۆڕۆنا بڵاوکردەوە، وەک ئەوەی پێمان بڵێ ئەوە یەکەمجار نییە پەتاکان تەنگ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی هەڵدەچنن.
بەشی زۆری ڕۆمانەکانی ئۆرهان پامووک بۆ سەر زمـانی کـوردی وەرگێـڕدراون، بەوەش خـوێنەری کـورد ئاشـنای بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم ڕۆماننووسە مەزنەیە.

مامۆستا بەکر شوانی بەرهەم و ڕۆمانەکانی (قەڵای سپی، بەفر، من ناوم سوورە، مۆزەخانەی پاکیزەیی، ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە)ی ئۆرهان پامووکی لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.
مامۆستا سامان کەریم ئەم ڕۆمانانەی پامووکی لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، ( جەودەت بەگ و کوڕەکانی، ماڵی بێدەنگ، شەوانی تاعوون، سەمەرەیەک لە سەرمدا، کتێبی ڕەش، ژیانی نوێ، ژنە قژسوورەکە، من درەختێکم، ئیستەنبووڵ، باوڵەکەی باوکم، ڕەنگەکانی تر).
مامۆستا ئیبراهیم شێخ شەرەفی، چەند ڕۆمانێکی ئۆرهان پامووکی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە لەوانە (جانتاکەی باوکم، ژیانی نوێ).
ڕۆمانەکانی ئۆرهان پامووک، بوونەتە بابەتی توێژینەوەی توێژەران، چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییان لە سەر ئەنجام دراوە.
ئۆرهان پامووک بێ لە ڕۆمان، وتاری ئەدەبی و هونەری نووسیوە، ساڵی ١٩٩١ وتارە کولتورییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (ڕەنگەکانی تر) بە زمانی تورکی چاپکردووە، ئەم کتێبە لەلایەن مامۆستا هیوا

قادر و مامۆستا سامان کەریم بەجیا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.
پاموک لە کتێبی (ڕەنگەکانی تر)دا، وتار و پەخشان و چاوپێکەوتنەکانی، کە لە ماوەی ٢٥ ساڵدا نووسیونی بڵاوکردۆتەوە، لەم کتێبەدا تیشک دەخاتە سەر یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و ساتە خۆش و ناخۆشەکانی و ژیانی ڕۆژانەی، چۆنێتی نووسینی ڕۆمانەکانی، چێژی سینەما و چەندان بابەتی دیکەی کولتووری.
لە پای بەرهەمە ئەدەبییە ناوازەکانی، چەندین زانکۆی جیهانی دکتۆرای شانازییان بە ئۆرهان پاموک بەخشیوە، لەوانە (زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت-٢٠٠٣، زانکۆی بەرلینی ئازاد- بەشی فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکان-٢٠٠٧، زانکۆی بوسفۆری شاری ئیستەنبووڵ/ بەشی توێژینەوەی خۆرئاوایی-٢٠٠٧،زانکۆی مەدرید-٢٠٠٨).
بێجگەلە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب، ئۆرهان پاموک چەندین خەڵاتی دیکەی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، لەوانە: (خەڵاتی ئاشتیی خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەڵمانیا-٢٠٠٥، خەڵاتی سوننگی کولتووری ئەورووپیی زانکۆی کۆبنهاگنی دانیمارک ٢٠١٢، خەڵاتی ئیمپاکی

ئەدەبی نێودەوڵەتی زانکۆی دبلنی ئێرلەندا –٢٠٠٣) و چەندان خەڵاتی تر.
ئۆرهان پاموک کەسایەتییەکی ناسراوی جیهانییە، ساڵی ٢٠٠٧ بە ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانیی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کان هەڵبژێردرا.
لەساڵی ١٩٨٥، پاموک و خێزانەکەی سەردانی ئەمریکایان کرد و لە نیویۆرک گیرسانەوە و تا ساڵی ١٩٨٨ لەزانکۆی کۆلۆمبیا وەک مامۆستای میوان وانەی وتەوە، ئێستاش بۆ زۆر زانکۆی جیهان بانگهێشت دەکرێ بۆ ئەوەی وانەی تایبەتی کولتووری بە خوێندکاران بڵێتەوە.
ئۆرهان پاموک بەردەوامە لە ڕۆمان نووسین و بەخشش و بەرهەمە کولتوررییەکانی وەکو ئەستێرەیەکی کولتووریی جیهانیی لە گەشانەوەدایە.



## بیرۆ:
## داهێنەری قەڵەم جاف!

بیرۆ رۆژنامەنووس‌و نیگارکێش‌و پەیکەرسازو داهێنەری قەڵەم جافە، لەڕێی ئەو داهێنانەوە زیاتر لەسەر ئاستی جیهان ناسراوەو لە دەروازەیەکی زێڕینەوە چۆتە ناو دیرۆکی مرۆڤایەتییەوە.

لادیسلاو جۆزیف بیرۆ، لە رۆژی ٢٩ی ئەیلوولی ١٨٩٩ لەشاری بودابستی پایتەختی هەنگاریا لە دایک بووە، لە ئامێزی خێزانێکی جولەکە پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لەبودابست تەواو کردووە، خوێندکاری کۆلیجی پزیشکی بووە،

بەڵام بەهۆی شۆڕشی گەلی هەنگاریا بۆ سەربەخۆیی‌و نائارامیی وڵاتەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بداتو وازی هێناوە.

لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە بە کاری ڕۆژنامەنووسی‌و نیگارکێشان‌و پەیکەرسازییەوە خەریک بووە.

بەهـــۆی کـــاری ڕۆژنامەنووســـییەوە، ســـەردانی چاپخانەکانی کردووە، لەویَ ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاوە ئەوە بـووە کە لە کــاتی چــاپکردنی کتێــبو گۆڤــارو ڕۆژنامەکانـدا مەرەکەبـی چـاپەکە زوو وشـک بـۆتەوە، لەوەوە ئیلهــامی وەرگرتــووە، ســوود لەو مەرەکەبە وەربگریَو لەقەڵەمدا بەکاری بهێنیَو پێی بنووسیت، لە هەنگـاوی یەکەمـدا سـەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، بەهـۆی ئەوەی ئەو جـۆرە مەرەکەبە خەســتو جێــڕ بــوو، لە نووکی قەڵەمەکەوە نەدەهاتە دەرەوە، دواتر بەهاوکـاری جۆرجی بـرای کە شـارەزای بـواری کیمیـا بـوو، تـۆپێکی لەسەر نووکی قەڵەمەکە دانا، بەهۆی جوڵانی تـۆپەکەوە مەرەکەبەکە لە نــووکی قەڵەمەکەوە دەهــاتە خــوارەوەو دەڕژایە سەر وەرەقەکە.

سەرەتا بەهـۆی گەورەیـی تـۆپەکەوە قەڵەمێکـی گەورەی دروســتکرد، کە بــۆ دانــانی نیشــانە لەســەر ســندوقی کەلوپەل بەکار دەهات.

دواتر قەڵەمو تۆپەکەی بچووک کردەوەو کردی بەقەڵەمی ئاساییو بۆ نووسین لەسەر وەرەقە بەکاری هێنا.

ئیــدی ئەو قەڵەمە جیــا لە پانــدانی مەرەکەب بە قەڵەم جاف ناسرا.

بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٣١ قەڵەم جافی لە پێشانگای بودابستی نێودەوڵەتی بەکار نمایش کرد.
بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانی جولەکەکان، لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا، بیرۆو جۆرجی برای وڵاتی خۆیان بەجێهێشت، سەرەتا چوونە پاریس، دواتر چوونە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتینو لەوێ جێگربوونو خێزانەکانیشیان بردو ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەیان وەرگرت.
بیرۆ لە وڵاتی ئەرجەنتین زیاتر بایەخی بەداهێنانەکەی (قەڵەم جاف) داو داهێنانەکەی هەموو بازاڕەکانی جیهانی تەنییەوە.
ساڵی ١٩٤٥ کۆمپانیای ( مارسیل بیگ)ی فەرەنسی مافی ئەو داهێنانەی لە بیرۆ کڕییەوەو ساڵی ١٩٥٠ ئەو جۆرە قەڵەم جافە کە بە (بیگ) ناسرابوو، کەوتە بازاڕەوە، بەهۆی ئەوەی هەرزانو عەمەلی بوو بە ملیۆنان دانەی لیفرۆشرا.
لە ساڵی ١٩٥٠ەوە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دانە لەو جۆرە قەڵەم جافە فرۆشراوەو تا ئێستا کڕیارێکی زۆری هەیە.
قەڵەم جافی بیگ بۆتە براندو هێمایەکی بازرگانی جیهانیو لە مۆزەخانەی هونەری نوێ لە نیویۆرکو سەنتەری بۆمبیدۆ لە پاریس نمایش کراوە.

بیرۆ خـاوەنی چەنـد داهێنـانێکی تـره، وەک (شووشـەی عەتر، سپرای لابردنی بۆنی عەرەق، غەسالە).
پـاش خزمەتێکـی زۆر بە کایەکـانی هـونەرو داهێنـان، لادیسـلاو جۆزیـف بیـرۆ، رۆژی ٢٤ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٨٥، لە تەمەنـی ٨٦ سـاڵیدا کـۆچی دوایـی کـردو لە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین بەخاک سپێردرا.
مـــردنەکەی بـــووە جـــێگەی ســـەرنجو مانشـــێتی میـــدیاکان،زۆربەیان ئاماژەیـــان بەوە کردبـــوو، ئەو داهێنەره مرد، بەڵام یادگـاریی خـۆی لە گیرفـانی قـاتو کـراسو سـەرمێزو جانتـای ملیۆنـان کەس لەسـەر گـۆی زەوی بەجێهێشت!



# جەواد سەلیم

جەواد سـەلیم، هونەرمەنـدێکی نیگارکێشـــــــــی مەزنە، بە ســــــەرقافڵەی هـــــــونەری نیگارکێشـــان و پەیکەرســـازی هـــاوچەرخی عێـــراق دادەنرێت، لەو بوارەدا شوێن پەنجەی ڕەنگینـی دیـارە و خزمەتێکی فرەی بە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسـازی کردووە.

جەواد محەمەد سەلیم نـاوی تەواوی ئەو هونـەرمەنـدەیە و بە جەواد سەلیم ناسراوە.

ساڵی ١٩٢٠ لەشـاری ئەنـقەرەی تورکیـا لەدایـک بـووە، بەهۆی ئەوەی باوکی ئەفسەری سوپای عوسمانی بووە.

لە ئامێزی خێزانێکـی هونەریـدا بـووە، بـاوکی خولیـای نیگارکێشـــانی هەبـــووە، ئەوەش بەهـــۆی ئەوەی لە کۆلێجی سەربازی وانەی ڕەسمی خوێنـدووە، ئیـدی ئەو هـونەرەی لا شـیرین بـووە و بـایەخی پێـداوە.دایکیشـی حەزی لە وێـنە هەبـووە، بەقـوڕ بـوو کە قـوڕینەی بـۆ مناڵەکانی دروستکردووە.

بەهۆی ئەوەوە جەواد و خوشک و براکانی خولیای هونەری نیگارکێشان بوون.

جەواد هەر لە منداڵییەوە، لاسایی دایکی کردۆتەوە، بە قوڕ شتی درووستکردووە و دواتر بایەخی بە هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی داوە.

هێشتا تەمەنی ١١ ساڵ بووە، کە بەشداریی یەکەم پێشانگەی نیگارکێشانی لە ساڵی ١٩٣١ لە شاری بەغداد کردووە و خەڵات کراوە، ئەو خەڵاتکردنە زیاترهانیداوە بۆ ئەوەی بایەخی زیاتر بە هونەری شێوەکاری بدات.

جەواد قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری بەغداد تەواو کردووە.

خولیا و ئاواتی ئەوە بووە بەشێوازی زانستی هونەر بخوێنێ، بۆ ئەو مەبەستە چۆتە دەرەوەی وڵات، لە وڵاتانی فەرەنسا و ئیتاڵیا و بەریتانیا لە بواری هونەری نیگارکێشان و پەیکەرسازی خوێندوویەتی و چەند بڕوانامەیەکی هونەری بەپلەی بەرز بەدەستهێناوە.

دواتر گەڕاوەتەوە بەغداد، سەرەتا لە مۆزەخانەی نیشتمانی عێراق وەک فەرمانبەر خزمەتی کردووە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی

بەغداد و بەشی پەیکەرسازی لەو پەیمانگەیە کردۆتەوە و تا کۆچی دوایی سەرۆکی ئەو بەشە بووە.
جەواد بێجگە لە هونەر، حەزی بە میوزیک و شیعر کردووە، ئامێرەکانی میوزیکی هەبووە و ئەو ئامێرانە لە تابلۆکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.
حەزیشی بە شیعر کردووە، ژمارەیەک لە شاعیران هاوڕێی نزیکی بوون، تەنانەت بە دەستوپەنجە ڕەنگینەکەی بەرگی دیوانە شیعرییەکانی بۆ نەخشاندوون، لەوانە: (بلّند حەیدەری و حسێن مەردان).بەرگی دیوانی ( گۆرانییەکانی شارێکی مردوو)ی بۆ بلّند حەیدەری و دیوانی ( قەسیدە ڕووتەکان) ی بۆ حسێن مەردان نەخشاندووە.بڵاوبوونەوەی ئەو دیوانەی حسێن مەردان هەرای ناوەتەوە، بەهۆی ئەوەوە زیندانی کراوە.
دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٦٨، عەبدولکەریم قاسم داوای لە شارەوانی بەغداد کردووە، لە گۆڕەپانی تەحریر دیواربەندییەک دروست بکەن، کە تەعبیر لە سەرکەوتنی شۆڕش بکات، شارەوانیش ئەندازیاری تەلارسازی (ڕەفعەت چادرچی) ڕاسپاردووە ئەو کارە بکات، چادرچی نەخشەی پڕۆژەکەی بە درێژی ٥٠ مەتر و بەرزی ٨ مەتر ئامادە دەکات و داوا لە

هونەرمەنـد جەواد سـەلیم دەکـات کە ئەو دیواربەنـدییە دروسـت بکـات، ئەویـش ڕەزامەنــدی نیشــان دەدات و نیگاری دیوار بەنـدییەکە دروست دەکـات کە لە ١٤ بەش پێکهــاتبوو، وەک ئامــاژەیەک بە شۆڕشــی چــواردەی تەممووز، دواتر بۆ دروستکردنی ئەو ١٤ بەشە بە قـاڵبی برۆنز، ڕووو دەکـاتە شـاری فلۆرەنسـای ئیتاڵیـا و لەوێ سـاڵ و نیوێـک دەمێنێـتەوە تـا قاڵبەکـان دروسـت دەکـات.دواتـر قاڵبەکـان دێنێـتەوە و کـار لە پـڕۆژەکەدا دەکـات، لۆرنـای خێزانــی و محـمەد غەنـی حیکمەتـی خوێنـدکاری هاوکـاری هـونەری دەبـن بـۆ جێبەجێکردنـی پــڕۆژەکە، ئەنــدازیار و بەڵێنــدەری نــاوداری کــورد (حەسـیب سـاڵح) بەڵێنـدەری جێبەجێکـاری پـڕۆژەکە دەبێت.

هونەرمەنــد جەواد ســەلیم زۆر مانــدوو دەبێــت بە دروستکردنی دیواربەندی ئازادی لە گۆڕەپـانی تەحریـر، پێش تەواوکردنی پڕۆژەکە بە چەند مانگێک بە جەڵـتەی دڵ کۆچی دوایی دەکات.

لۆرنــای خێزانــی و مــحەمەد غەنــی حــیکمەت پــڕۆژە هونەرییەکە تەواو دەکەن.

ڕۆژی ١٦ی تەممـــووزی ١٩٦١، پەردە لە ســـەر پـــڕۆژەکە لادرا و دیمەنێکـــی جـــوانی مێژوویـــی و کولتـــووری بە گۆڕەپانی تەحریر بەخشی.

دیواربەنـــدی ئـــازادی لە نـــاو دڵـــی شـــاری بەغـــدادی پایتەختـــدا، وەک یەکێـــک لە ڕووخســـارە هـــونەرییە بەرزەکـــان، بـــۆتە سیمای شارستـانی و کوولتـوری ئەو شارە، سەرباری کودەتا و گۆڕانکـاریی حکوومەتەکـان و هەوڵـدان بـۆ تێکـدانی، بەڵام لەبەرئەوەی لەنـاو دڵ و دەروون و ویژدانـــی خەڵکیـدا وەک بەشـێک لە مێـژوو و کولتـووری ڕەسـەنی عێـراق چەسپیوە، لەسـەر ئاسـتی میللی بەرگری لێکراوە و تا ئێستا بە بڵندی و سەرکەشی ماوەتەوە.

دوای خزمەتێکـــی زۆر بەهـــونەری هـــاوچەرخی عێـــراق، جەواد سەلیم هونەرمەندی گەورەی عێراق و مرۆڤـایەتی لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ کۆچی دوایی کرد و لە شاری بەغداد نێژرا.

شارەزایان و مامۆستایانی هونەر، دەیـان تـوێژینەوە و کتێبیان لە ژیان و بەرهەمەکانی جەواد سەلیم نووسیوە و چەنـــدین گۆشـــەی تـــاریکی ژیـــانی ئەویـــان ڕۆشـــن کـــردۆتەوە و خوێنـــدنەوەی جیاوازیـــان بـــۆ تـــابلۆ و پەیکەرەکانی کردووە.



# جۆرج واشنتۆن

جۆرج واشنتۆن، کەسایەتییەکی مەزنی مێژووییە، ڕۆڵی دیاری لە شۆڕشی ڕزگاریی نیشتمانی و سەربەخۆیی و نووسینەوەی دەستوور و دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبووە و بە باوکی دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتە دادەنرێت، واشنتۆنی پایتەخت و ویلایەتێک بە ناوی ئەوەوە ناونراون.
جۆرج واشنتۆن، لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ١٧٣٢ لە هەرێمی وستمۆلاندی ویلایەتی ڤێرجینیا لەدایک بووە.
بە بنەچە خەڵکی وڵاتی بەریتانیان، باپیری جۆرج واشنتۆن لە ساڵی ١٦٥٧ لەبەریتانیاوە کۆچی کردووە بۆ ئەمریکا و لە ویلایەتی ڤێرجینیا گیرساوەتەوە.
ناسناوی ئەو خانەوادەیە لەزێدی خۆیانەوە هاتووە لە بەریتانیا، ئەویش ناوچەی (واشنتۆن)ی نزیک شاری نیوکاسڵی بەریتانیایە.
ئەو خانەوادەیە لە ویلایەتی ڤێرجینیا پێگەیەکی بەهێز و دیاری کۆمەلایەتی و ئابووریيان هەبووە، خاوەنی

ڕووبەرێکی فراوان و بەرینی زەوی کشتوکاڵی بوون و بەکاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و بازرگانی و کنەوپشکنینی کانزاکان خەریک بوون.

جۆرج واشنتۆن خرایە بەر خوێندن و توانی قۆناغی سەرەتایی تەواو بکات و لە تەمەنی ۱۱ ساڵی وازی لە خوێندن هێنا و خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کاری کێڵگەی کشتوکاڵی و خولیای ئەسپسواری تەرخانکرد.

لە تەمەنی ۱٦ ساڵیشەوە بایەخی بە پیشەی ڕووپێویی زەوییە کشتوکاڵییەکان داوەو شارەزایی لەو پیشەیەدا پەیدا کرد و تێیدا قاڵبۆوە، لەڕێی ئەو پیشەیەوە کە خواستێکی زۆری خاوەن زەوییەکانی لە سەر بوو، سامانێکی گەورەی پێکەوەنا.

ساڵی ۱۷٥٤ پەیوەندی بە سوپای شۆڕشی ڕزگاری کیشوەریی وڵاتەوە کرد و هێندە بە دڵسۆزی لەو سوپایەدا خزمەتی کرد، پلە بە پلە لە سوپادا بەرز کرایەوە تا ساڵی ۱۷۷٥ بە سەرکردەی ئەو سوپایە دەستنیشان کرا و بەوپەڕی جوامێرییەوە سەرکردایەتیی ئەو سوپایەی کرد و پاش شەڕێکی درێژخایەنی سەخت و دژواری شەش ساڵی سەرکەوتنی بەدەستهێنا و سەرزەمین و خاکی ئەمریکای لە قەڵەمڕەوی لەشکری بەریتانیا ڕزگار کرد.

پاش ڕزگارکردنی وڵات، جۆرج واشتۆن ڕۆڵی دیاری هەبوو لە نووسینەوەی دەستوور و پەسەندکردنی سیستمی فیدراڵی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جێبەجێکردنی دەستوور و یاسا و یەکخستنی هەموو ناوچە و دەڤەر و هەرێمەکان لە ژێر سایەی ئاڵای ئەمریکادا.

لەسەر داوای جۆرج واشنتۆن، ساڵی ١٧٨٩ کۆنگرەی دەستووری لە فیلادیفیا بۆ نووسینەوەی دەستووری وڵات بەسترا، پاش گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆر، دەستووری ئەمریکا پەسەند کرا، ئەو دەستوورە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی بەرجەستە کرد.

لە دوای پەسەندکردنی دەستووری وڵات، دەستەی هەڵبژاردنی باڵا بە کۆی دەنگ جۆرج واشنتۆنی بەسەرۆکی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژارد و ڕۆژی ٣٠ی نیسانی ١٧٨٩ وەک یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا لە مێژوودا، لە تەلاری ئەنجوومەنی پیران سوێندی یاسایی خوارد و وەک یەکەم سەرۆکی وڵات دەستەبەکار بوو.

جۆرج واشنتۆن بۆ دوو خول سەرۆکایەتیی ئەمریکای کرد لە ساڵانی (١٧٨٩–١٧٩٧)، لەماوەی حوکمڕانیدا توانی بنەماکانی دەوڵەتداری بچەسپێنێت و خزمەتێکی گەورەی پێشکەش بە وڵاتەکەی کرد و لە دەروازەیەکی زێڕینەوە وەک سەرۆکێکی مەزنی مێژوویی چووە دیرۆکەوە.

جۆرج واشنتۆن دوو خولی سەرۆکایەتی ئەمریکای تەواو کرد، سەرۆکێکی خۆشەویست و خاوەن پێگەیەکی جەماوەری بەرین بوو، داوای لێکرا بۆ خولی سێیەمی سەرۆکایەتی خۆی کاندید بکاتەوە و هەرچەند هیچ ڕێگرییەکی دەستووری و یاسایی لە دژی خۆکاندید کردنەوەی نەبوو، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو خۆی کاندید بکاتەوە و خۆی خانەنشین کرد و گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی لە گردی (ماونت ڤێرنون) لە ڤێرجینیا، قسەیەکی مێژوویی کرد و وتی خۆم کاندید ناکەمەوە بۆ ئەوەی هیچ سەرۆکێک نەتوانێ لە دوو خول زیاتر سەرۆکایەتیی وڵات بکات و ئەو دوو خولە وەک عورف بچەسپێت، بێگومان دوای ئەو عورفە لە دەستوور چەسپا وهیچ سەرۆکێک نەیتوانی لە دوو خول زیاتر سەرۆکایەتیی وڵات بکات.

جۆرج واشنتۆن، دوای خانەنشینبوونی چەند ساڵێکی کەم ژیا و لە ١٤ی کانوونی یەکەمی ١٧٩٩ کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسێتی خۆی، لە گردی (ماونت ڤێرنون) لە هەرێمی ڤێرجینیای زێدی خۆی بەخاک سپێردرا، ئێستا مەزارەکەی بۆتە ڕووخسارێکی نیشتمانی و مێژوویی وڵات، ساڵانە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆی وڵات و هەموو کونج و قوژبنێکی گۆی زەوییەوە سەردانی دەکەن و وێنەی یادگاری لێدەگرن.

جۆرج واشنتۆن، هێندە سەرۆکێکی مەزن و خۆشەویست بووە، دەیان زانکۆ و قوتابخانە و شار و شەقام و شوێنی گشتی بەناوی ئەوەوە ناو نراون، یەکێک لە پەنجا ویلایەتەکەی ئەمریکا و پایتەختی وڵاتیش بە ناوی ئەوەوەیە، تەنانەت وێنەی لە سەر دراوی دۆلار و پوولی پۆستە دانراوە.ژیان و کارەکانی بۆتە ئیلهامبەخشی بەرهەمی نووسەران و هونەرمەندان و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

سەتان کتێب و لێکۆڵینەوە بە زمانە زیندووەکانی جیهان لە سەر ژیان و دەستکەوتەکانی نووسراوە، دەیان فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە مەزنە بەرهەم هاتووە و ژیانی لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا بە وانە دەخوێنرا.

لەمێژووی ئەمریکادا، هیچ سەرۆکێک هاوشێوەی ئەو نەبووە و کەس شانی لە شانی نەداوە و نەگەیشتۆتە ئاستی مەزنی ئەو و ئەو ناسناوە بەکەس نەبەخشراوە.
بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە لەو بارەیەوە ئەوەیە، کە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ سەرۆک مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی ئەمریکای کرد و لەگەڵ سەرۆک جۆرج بوش لە کۆشکی سپی کۆبۆوە، سەرۆک بوش لەو کۆبوونەوەیەدا ستایشی ڕۆڵی سەرکردایەتیی دیاری سەرۆک تاڵەبانی لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراتی عیراق کرد و بە جۆرج واشنتۆنی عێراق وەسفی کرد!
وەسفکردنی سەرۆک تاڵەبانی بە جۆرج واشنتۆنی عێراق لەسەر زاری سەرۆک بوش لەو کاتەدا مانا و مەغزا و دەلالەتی مێژوویی هەبوو، مانای ئەوە بوو چۆن جۆرج واشنتۆن لە قۆناغێکی سەخت و دژواردا ڕابەرایەتیی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیی کرد و وڵاتەکەی ڕزگار کرد و ڕۆڵی دیاری لە نووسینەوەی دەستوور و بەرجەستەکردنی سیستمی فیدراڵی هەبوو، بەهەمان شێوە سەرۆک مام جەلالیش لە چیاکانی کوردستانەوە ڕابەرایەتیی شۆڕشی نوێی کوردستانی کرد لە دژی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام کرد و کۆڵی نەدا تا شۆڕش

گەیشتە دوا مەنزڵی ڕزگاری و سەرکەوتن و ڕۆڵی دیاری لە نووسینەوەی دەستووری عیراق و چەسپاندنی سیستمی فیدراڵی هەبوو.دواتر سەرۆک تاڵەبانی وەک یەکەم سەرۆک هەڵبژێردرا و لە لایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە چووە کۆشکی کۆماری عێراق و لە قۆناغێکی سەخت و هەستیاردا سەرۆکایەتی عێراقی نوێی کرد و جێگەی ڕەزامەندی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەکان بوو، سەردەمی حوکمی سەرۆک تاڵەبانی بە باشترین قۆناغی حوکمڕانی عێراقی نوێ لە قەڵەم دەدرێ.



# چارلی چاپلین

چارلی چاپلین، هونەرمەندێکی کۆمیدیی جیهانییە، لەڕێی فیلمە کۆمیدییە بێدەنگەکانییەوە خزمەتێکی گەورەی بە بواری سینەما کردووە و خەندەی خستۆتە سەر لێوی بەشێکی زۆری هاووڵاتیانی سەر گۆی زەمین.

چارلی چاپلین، تەنها ئەکتەر نەبوو، بەڵکوو وەک دەرهێنەر و ئاوازدانەریش خزمەتی کردووە و شوێن پەنجەی ڕەنگینی هونەری لەو دوو بوارەشدا دیار و درەوشاوەیە.

ڕۆژی ١٦ی نیسانی ١٨٨٩ لە کەناری شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لە دایک بووە، لە ئامێزی خێزانێکی جووی هونەرمەند و هونەرپەروەردا پەروەردە بوو.

دایک و باوکی هەردووکیان هونەرمەندی گۆرانبێژ و ئەکتەری میللی بوون.

هەر بۆیەش چارلی لە منداڵییەوە خولیای هونەر بوو.

بەڵام لە سەرەتای ژیـانییەوە، هەژاری و چەرمەسـەریی ژیـان یەخەی گـرت، هێشـتا تەمەنـی یەک سـاڵ بـوو، دایکی و باوکی لە یەکتری جیابوونەوە.
دایکی ئەرکی بەخێوکردنی چارلی و سیدنیی بـرا گەورەی گرتە ئەستۆ.
لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کرد، دایکیشی تووشـی نەخۆشـییەکی درێژخـایەن بـوو و، بەهـۆی ئەو نەخۆشییەوە ساڵی ١٩٢٨ کۆچی دوایی کرد.
چارلی لەتەمەنی شەش ساڵیدا بە ناچاری بۆ یەکەمجار چووە سەر تەختەی شانۆ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی دایکی نەخـۆش کەوت و نەیتـوانی ڕۆڵەکەی ببینـێ، چـارلی منـداڵێکی وریـا و زیـتەڵە بـوو، داوای لێکـرا ڕۆڵەکەی دایکـی لە شـانۆگەرییەکی میوزیکیـدا ببینـێ، چـارلی ڕۆڵەکەی زۆر بەجـوانی بینـی و بـووە جێـی سـەرنجی بیـنەران، چـارلی لەو بـارەیەوە دەڵـێ: ئەوە یەکەم دەرکەوتنی من و لەبەرچاو ونبوونی دایکم بـوو لەسـەر تەختەی شانۆ.
چـارلی لە تەمەنـی ١٧ سـاڵیدا ، جـارێکی دی بە گـوڕ و تینێکی گەنجانەوە چووە سەر تەختەی شانۆ و بەشداری شـانۆگەری ( شـارلۆک و هـۆلمز)ی کـرد و لە شانۆگەرییەکەدا ڕۆڵی کوڕی ڕۆژنامەنووسێکی بە جوانی

گێڕا و بووە جێی سەرنج و ڕەزامەندیی بینەرانی شانۆگەرییەکە.ئەوەش هانی چارلی دا بەردەوام بێت لە کاری هونەری.
چارلی چاپلین ، لەکۆتایی سالآنی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەستی بە بەرهەمهێنانی فیلمی کۆمیدیی بێدەنگ کرد، هەرچەند فیلمەکانی بێدەنگ بوون، بەلآم بێدەنگییەکەی دەنگ و مانای هەبوو، هەموو بینەرێک لە مانا و مەغزای فیلمەکانی دەگەیشت و بە ڕۆڵە کۆمیدییەکانی سەرسام و دڵخۆش دەبوو.
چارلی چەند جارێک هاوسەرگیری کردووە، جاری یەکەمیان لە گەڵ خاتوو لیتای ئەکتەری بەناوبانگی هۆڵیوود، دوو منداڵیان بووە و دواتر لە یەکتری جیابوونەتەوە.
دواجار لەگەڵ خاتوو ئۆنا ئۆنیک ئەکتەر و گۆرانیبێژی ناوداری هۆڵیوود هاوسەرگیری کرد و تا کۆتایی ژیانی لەگەڵ ئەو ژنەدا مایەوە و ٨ منداڵییان بووە.
چارلی ساڵی ١٩١٠ لە گەڵ فرێد کارنۆی هاوڕێی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کرد و لەوێ دەستی بەکاری هونەری کرد، سەرەتا بەکاری هونەریی سادە و ساکار دەستی پێکرد، دواتر دەستی بە بەرهەمهێنانی فیلمە کۆمیدییە بێدەنگەکان کرد، ١٢

فیلمی کۆمیدی بێدەنگی بەرهەم هێنا، فیلمەکانی هێندە سەرنجڕاکێش و بزەبەخش بوون، لەسەرانسەری جیهاندا دەنگیان دایەوە و بینەرێکی زۆریان بۆ پەیدا بوو.
چارلی چاپلین هونەرمەندێکی جوامێر و بەهەڵوێست بوو، ساڵی ١٩٤٠ کە هێشتا هیتلەر لە لووتکەی سەرکەوتندا بوو، بە بێ ئەوەی سڵ لەو دیکتاتۆرە گەورەیە بکاتەوە، فیلمێکی بەناوی (دیکتاتۆری گەورە) بەرهەم هێنا و ئەوەندە گاڵتەی بە هیتلەر کرد پەڕ و باڵی پێوە نەهێشت.ئەوەش لووتکەی هەڵوێستی چاپلین بووە بەرامبەر دیکتاتۆرییەتدا.
لە کۆتایی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەزگەی هەواڵگری ئەمریکا، چارلی چاپلینی بە لایەنگری یەکێتیی سۆڤیەت و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی تۆمەتبار کرد، لە بەڵگەنامەیەکی دەزگەی هەواڵگری ئەمریکاد، چارلی بە لایەنگری کۆمۆنیستەکان تۆمەتبار کراوە، ئەوەش لەو دەربڕینەی چارلییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە گوتبووی سەرکەوتن لە جەنگی دووەمی جیهاندا، پەیوەستە بە هاوکاری یەکێتیی سۆڤیەت وەستاندنی جەنگ لە دژی کۆمۆنیستەکان.بەرهەمهێنانی فیلمی ( مسیۆ فیردۆ) لەساڵی ١٩٤٧ لە لایەن چارلییەوە، کە

نێوەرۆکەکەی تەعبیری لە پشتیوانی لە هەژاران و بیر و باوەڕی کۆمۆنیستی دەکرد، تۆمەتی پشتیوانی بیری کۆمۆنیستی زیاتر لە سەر چارلی چاپلین تۆخ کردەوە، ساڵی ١٩٤٨ نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ چارلی کرد.ئیدی چارلی ناچار بوو ئەو وڵاتە بەجێبهێڵێ و ڕووی کردە ئەوروپا و لە وڵاتی سویسرا گیرسایەوە و تا کۆتایی تەمەنی لەو وڵاتە مایەوە.

بەهۆی بەرهەمە ناوازەکانییەوە لە بواری سینەما و میوزیک چەندین جار خەڵاتی جیهانی وەرگرتووە و ڕێزی لێنراوە، لەوانە: ( ساڵی ١٩٥٣خەڵاتی شریتی شین، ساڵی ١٩٧٢ لە پای دانانی میوزیکی فیلمی (ڕۆشنایی شانۆ) خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرتووە.ساڵی ١٩٧٥ شاژنی بەریتانیا ناسناوی (سێر)ی پێبەخشی، کە ئەوە ڕێزلێنانێکی مەزنە و تایبەتە بە ناوداران و گەورە داهێنەران).

پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی سینەما و میوزیک، کە زیاتر لە ٨٠ فیلم و دەیان پارچە میوزیکی بەرهەمهێناوە، ڕۆژی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٧، چارلی چاپلینی هونەرمەندی مەزنی جیهانی، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا لە شاری فیفی وڵاتی سویسرا کۆچی

دوایی کرد و لە ڕێوڕەسمێکی گەورەی میللی و فەرمیدا کە هەزاران کەس و سەرۆکی زیاتر لە ٢٠ وڵاتی جیهان ئامادەی بوون، لە گۆڕستانی (کرۆسیر سور)ی ئەو شارە بەخاک سپێردرا، دوای دوو مانگ لە ناشتنی، تەرمەکەی لەگۆڕەکەی دەرهێنرا و دزرا، دزەکان داوای ٤٠٠ ملیۆن دۆلارییان دەکرد بۆ دانەوەی تەرمەکە، بەڵام پۆلیسی سویسرا توانیان دزەکان بگرن و جارێکی دی تەرمەکە بەخاک سپێردرایەوە.ئیستا مەزارەکەی چارلی بۆتە ڕووخسارێکی کولتووری و گەشتیاریی ئەو وڵاتە و ساڵانە بە هەزاران کەس لە هەموو گۆشەیەکی جیهانەوە سەردانی دەکەن و داهاتێکی باش بۆ گەنجینەی وڵاتی سویسرا پەیدا دەکات.

هەروەها لەماڵەکەشی لە شاری فیفی سویسرا کراوە بە مۆزەخانە و ساڵانە بە هەزاران گەشتیار سەردانی دەکەن و سەیری یادگارییە بە جێماوەکانی چارلی دەکەن و وێنەی یادگاری لێدەگرن.

وەک ڕێزلێنانێک لەم هونەرمەندە جیهانییە، لە لایەن چەند زانکۆیەکەوە بڕوانامەی دکتۆرای شانازی پێبەخشراوە و چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرای لەسەر هاتووە، دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی بەزمانە جیا جیاکان لەسەر نووسراوە، چەندین فیلمی ئاسایی و

دۆکیۆمێنتـاری لە سـەر بەرهەمهـاتووە، هەروەهـا لە چەنـد وڵاتێـک پەیـکەری بـۆ دروسـتکراوە و بـاخچە و شـەقام و قوتابخـانە و سـەنتەری هـونەری و شـوێنی گشتی بە ناوی ئەوەوە نراوە.
دوای ١٥ ساڵ لەکۆچی دوایـی چـارلی چـاپلین، فیلمێک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بەرهەم هات،( ژۆرالـدین)ی کچی، ڕۆڵی دایکـی چـارلی واتە نەنکـی بینـی، فـیلمەکە هێنـدە جـوان و سـەرنجڕاکێش بـوو، خەڵاتـی ئۆسکاری پێبەخشرا.
ئەگەرچـی ٤٦ سـاڵە ئەو هونەرمەنـدە مەزنە جیهـانییە کـۆچی دوایـی کـردووە و لە بەرچـاوان ون بـووە، بەڵام بەهـۆی بەرهەمـی میـوزیکی و فیلمەکـانییەوە بەنەمـری ماوەتەوە، ئێستاش فـیلمە کۆمیـدییە بێـدەنگ و ڕەش و سـپییەکانی، لەسەرانسـەری دنیـادا بیـنەری تـایبەتی خۆیـان هەیە و ئەو فیلمـانە بـزە دەخەنە سـەر لێـوان و ئارامی بە دڵ و دەروونی بینەران دەبەخشن.
تـا ئێسـتا چـاپلین، وەک ئەسـتێرەیەکی درەوشـاوەی سینەمای کۆمیـدی بێـدەنگ بە بـێ ڕکـابەر ماوەتەوە.



# حەننا بەتاتۆ

حەننا بەتاتۆ، بیرمەند و کۆمەڵناس و مێژوونووسێکی ناوداری فەڵەستینییە، خاوەنی چەند کتێبکی زانستییە سەبارەت بە مێژووی هاوچەرخی عیراق و سوریا، ئەو کتێبانەی لە ڕوانگەی چینایەتیی مارکسیزم و دیدی کۆمەڵناسیی ماکس ڤەیبەرەوە نووسیووە، ئەو کتێبانە بەشێوەیەکی زانستی نووسراون و زانیاریی ورد و بەنرخیان تێدایە و کەلێنێکی مێژووی هاوچەرخی عێراق و سوریایان پڕکردۆتەوە و بوونەتە سەرچاوەی بەهاداری زانستی بۆ توێژەران وسیاسەتمەداران.

حەننا بەتاتۆ، ساڵی ١٩٢٦ لە شاری قودسی فەلەستین لە دایک بووە و هەر لەو شارە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٤٨ فەڵەستینی بەجێهێشتووە و ڕووی کردۆتە ئەمریکا و لەوێ درێژەی بەخوێندن داوە و لە ساڵانی (١٩٥١-١٩٥٣) لە قوتابخانەی ئیدمۆند ویڵش بۆ

کاروبـاری دەرەوە لە زانکـۆی جـۆرج تـاون بڕوانـامەی لیسانسی بەدەستهێناوە.
ساڵی ١٩٦٠ لە زانکـۆی هارڤـارد بڕوانـامەی دکتـۆرای وەرگرتـووە، تێـزی دۆکتـۆراکەی لەسـەرعێراق بـووە بە ناونیشانی (سەرۆک هـۆز و جووتیـار لە عیـراق ١٩١٧-١٩٥٨).
ساڵانی (١٩٦٢-١٩٨٢) لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت و لە سـاڵانی (١٩٨٢-١٩٩٤) لە زانکـۆی جـۆرج تـاونی ئەمریکی وانەی وتۆتەوە.
ئەگەرچی حەننا بەتاتۆ خەڵکی فەڵەستین بووە، کەچـی بایەخی زۆری بە لێکۆڵینەوە لە سەر عێـراق داوە و لە سـاڵانی کۆتـایی پەنجاکـانەوە بـایەخی بەجـوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان لە عێراق داوە،کتێبێکی سێ بەرگی بە زمـانی ئینگلیـزی لەسـەر عیـراق نووسـیوە، بەرگـی یەکەمیـان بەنـاوی ( عێـراق، چیـنە کۆمەڵایەتییەکـان و جـووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان لەسـەردەمی عوسمانی تـا دامەزرانـدنی کۆمـار)، بەرگـی دووەمیـان بە ناونیشـانی (عێـراق، حزبـی شـیوعی)، بەرگـی سـێهەمیان بە ناونیشـانی (عێـراق، شـیوعییەکان و بەعسـییەکان و ئەفســەرانی ئــازادیخواز).هەر ســێ بەرگەکە لەلایەن

(عەفیف ئەلڕەزاز)ەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون.
حەننا بەتاتۆ لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا (عێراق، چینە کۆمەڵایەتییەکان و جووڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان لەسەردەمی عوسمانی تا دامەزراندنی کۆمار)، تیشک دەخاتە سەر موڵکدار و بازرگان و سەرمایەدار و دەسەڵات و جووڵانەوە شۆڕگێڕییەکان و شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی و سەرچاوەی داهاتیان لەعێراقدا.
حەننا بەتاتۆ لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (عێراق، حزبی شیوعی)، بەشێوەیەکی ورد و فرەوان باسی مێژووی حزبی شیوعیی عێراق و سەرەتا و بیروباوەڕ و ژیانی ڕێکخراوەیی ئەو حزبە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات حزبی شیوعی لەو کاتەدا پێگەیەکی جەماوەری فراوانی هەبووە و کاریگەری لە سەر خەڵک بە گشتی و ڕووناکبیران بەتایبەتی هەبووە.
حەننا بەتاتۆ بۆ نووسینی ئەم بەرگەی کتێبەکەی لەسەر حزبی شیوعیی عیراق، سوودی زۆری لە تۆماری زانیارییە نهێنییەکانی پۆلیس و ئاسایش و ڕاپۆرتی هەواڵگریی بەریتانیا و ئەدەبیاتی حزبی شیوعی وەرگرتووە.

هەروەها چەند جارێک سەردانی عێراقی کردووە و بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەندین سەرکردە و کادری پێشکەوتوو و زیندانیانی سیاسیی حزبی شیوعیی عیراق کردووە و بۆ لیکۆڵینەوە و دەوڵەمەندکردنی بەرگی دووەمی کتێبەکەی سوودی لێوەرگرتوون.

باسی ئەوەش دەکرێ کە عەبدولکەریم قاسمی بینیوە و لەرێی ئەوەوە دۆسیەی نهێنی دەزگە ئەمنییەکانی سەردەمی پاشایەتی دەستکەوتووە.

حەننا بەتاتۆ لە بەرگی سێهەمی کتێبەکەیدا (عێراق، شیوعییەکان و بەعسییەکان و ئەفسەرانی ئازادیخواز)دا، باسی جوڵانەوەی ئەو سێ لایەنە دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە جووڵانەوەکانیان تەعبیری لەچینی ناوەڕاست کردووە، هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕەگ و ڕیشەی فیکری و ڕێکخراوەیی و ژیانی ناوخۆیی شیوعییەکان و بەعسییەکان و ئەفسەرە ئازادیخوازەکان و بەخوێنەریان دەناسێنێ.

حەننا بەتاتۆ، کتێبێکی تری هەیە بەناونیشانی (سەرۆک هۆز و جووتیار لە عێراق ١٩١٧–١٩٥٨)، ئەم کتێبە نامەی دۆکتۆراکەیەتی کە بەزمانی ئینگلیزی نووسیویەتی و ساڵی ١٩٦٠ پێشکەشی زانکۆی هارڤاردی

ئەمریکای کردووە، ئەم نـامەی دۆکتـۆرایە تـا ئێسـتا بە
زمانی ئینگلیزی چاپنەکراوە.
د.سادق عەبد عەلی ترخێم لە ئەرشیفی زانکۆی هارڤاردا
ئەو نـــامەی دۆکتـــۆرایەی بینیـــوە و بە نێـــوەرۆکەکەی
سەرســام بــووە، داوای لە خـــاتوو (ڤێرجینیــا هونــت)
بەرپرســی بەشــی ئەرشــیفی ئەو زانکــۆیە کــردووە کە
کۆپییەکی لەو نامەیە بـداتێ بـۆ ئەوەی بـۆ سـەر زمـانی
عەرەبـی وەریبگێڕێـت، ئەویـش ڕازی بـووە و کـۆپیەکی
داوەتێ و ئەویش بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریـدەگێڕێ و
ساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.مامۆستا سدیق ساڵح
لەزمانی عەرەبییەوە ئەو کتێبەی بۆ سەر زمـانی کـوردی
وەرگێڕاوە و ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاویکردۆتەوە.
ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی وردە لەسـەر پێگەی سـەرۆک
هۆز و جووتیار لە نێوان ساڵانی (١٩١٧–١٩٥٨)، حەننـا
بەتـاتۆ بـۆ نووسـینی ئەم تـوێژینەوەیە ، سـوودی لە
دەیــان ســەرچاوە وەرگرتــووە، هەروەهــا ســوودی لە
دۆسـییە نهێنییەکـانی پـۆلیس و ئاسایشـی سـەردەمی
پاشایەتی و ڕاپۆرتە نهێنییەکـانی هەواڵگری بەریتانیـا
وەرگرتووە.

حەننا بەتاتۆ، بەوردی تیشک دەخاتە سەر پێگە و نفوزی سەرۆک هۆزەکان لە هەموو قۆناغەکاندا و هۆکاری بەهێزی و لاوازییان دەخاتەڕوو.
حەننا بەتاتۆ، ڕای وایە هەرکاتێک پێگەی شارەکان بەهێز بووبێ پێگەی سەرۆک هۆزەکان لاواز بووە، بەپێچەوانەشەوە
هەرکاتێکیش پێگەی شارەکان لاواز بووبێ، پێگەی سەرۆک هۆزەکان بەهێز بووە.
بەتاتۆ، ئاماژە بەوە دەکات لەسەرەتای ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، حکوومەتی پاشایەتی بایەخی بە بەهێزکردنی پێگەی شارەکان ودامەزراندنی دەزگای هاوچەرخی نیشتمانی و لاوازکردنی پێگەی سەرۆک هۆزەکان داوە، بەڵام ساڵانی چلەکان و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی پاشایەتی دەستی هاوکاری بۆ سەرۆک هۆزەکان درێژ کرد و بایەخی پێدان، ئەوەش بەمەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی نوێی دەستەبژێری ڕۆشنبیران و حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، کە مەترسییان بۆ سەر حکوومەتی پاشایەتی دروستکردبوو.
بەتاتۆ ڕای وایە ئینگلیزەکان کە حاکمی باڵادەستی عێراق بوون و ئەو وڵاتە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە،

بەشێوازی جیا جیا پشتیوانیان لە سەرۆک هۆزەکان و بەهێزکردنی پێگەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کردووە.
لەکۆتایی توێژینەوەکەیدا، حەننا بەتاتۆ گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە سەرۆک هۆزەکان تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ حاکمی سنووری دێهاتی خۆیان بوون و بەری ڕەنجی جووتیارانیان خواردووە و لەدوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەوە پێگەی شار بەهێز و هی ئەوان لاواز بووە!
حەننا بەتاتۆ، لە سرووشتیی کۆمەڵگەی سوریشی کۆڵیوەتەوە و کتیبێکی بەناونیشانی (جووتیارانی سوریا، کوڕانی پیاوماقووڵانی لادێ و سیاسەتیان) بە زمانی ئینگلیزی هەیە، ئەو کتێبە لە لایەن عەبدوڵلا فازڵ و ڕائید نەقشەبەندییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە
بەتاتۆ لەو کتێبەدا سرووشتیی دەسەڵاتی سیاسیی سوریا شیدەکاتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە و تیشک دەخاتە سەر بیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبییان.
ئەو کتێبە ٢٥ فەسڵە و بەسەر چوار بەشدا دابەشکراوە.

بەشی یەکەمی کتێبەکە چوار فەسڵە، باسی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری جووتیارانی سوریا دەکات و هەروەها ئاماژە بەو جیاکارییانە دەکات کە لە ڕووی ئاینی و موڵکداری و پێشینەی مێژوویی و پەیوەستبوون بە زەوی و ئامادەییان بۆ جەنگ لە جووتیاران کراوە.
بەشی دووەمی کتێبەکە لە شەش فەسڵ پێکهاتووە، باسی شێوازەکانی ڕێکخستن و هۆشیاری و ڕەفتاری سیاسیی جووتیاران لە پێش هاتنە سەر حوکمی بەعسییەکانی سوریا لە ساڵی ١٩٦٣ دەکات.
حەننا بەتاتۆ باسی ڕێکخستنی پیشەیی و بیروباوەڕی سۆفیگەری و مەزهەبیی جووتیاران و شۆڕشەکانیان لە دژی حوکمی عوسمانی و ئینتیدابی فەڕەنسی دەکات.
هەروەها باسی ئەزموونی حزبی ئیشتراکی عەرەبی بە سەرۆکایەتیی ئەکرەم ئەلحۆرانی دەکات، کە یەکەم حزبی جووتیاری نوێ و ڕێکخراو بووە.
بەتاتۆ لە بەشی سێهەمی کتێبەکەیدا کە لە سێ فەسڵ پێکهاتووە، باسی ڕیشەی لادێیی و جووتیاریی لە بیروباوەڕ و سیاسەتی حزبی بەعسی سوریادا دەکات.
هەروەها باسی بنەچەی لادێیی ئەو کەسانە دەکات کە پەیوەندییان بە حزبی بەعسەوە کردووە و دواتر بوون بە سەرکردە لەو حیزبەدا.

بەشی چوارەمی کتێبەکە کە لە ١٢ فەسڵ پێکهاتووە و زۆرینەی کتێبەکە پێک دەهێنێت.
حەننا بەتاتۆ لەم بەشەدا، باسی سەردەمی حوکمڕانی حافز ئەسەد دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە حافزئەسەد یەکەم سەرۆکی وڵاتە لە سوریا کە لەخێزانێکی لادێییەوە هاتووە و دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.
هەروەها باسی نیزامی حافز ئەسەد و قۆناغەکانی و قەیرانەکانی و سیاسەتی نێوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی دەکات و بونیادی تائیفی و هۆزگەرایی و ناوچەگەری ئەو دەسەڵاتە بە وردی شیدەکاتەوە.
حەننا بەتاتۆ، پرۆژەی نووسینی کتێبێکی لە سەر فەڵەستین هەبوو، هاوشێوەی کتێبەکانی کە لەسەر عێراق و سوریا نووسیبوونی، زانیاری و بەڵگەنامەی زۆری بۆ نووسینی ئەو کتێبە کۆکردبۆوە، بەڵام مەرگ بواری نەدا ئەو کتێبە بنووسیت.
دوای خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی فیکری و مێژوویی، حەننا بەتاتۆ ڕۆژی ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٠ لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا لە شاری وینستدی ولایەتی کۆنیتیکتی ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.



## داڤینشی

لیۆنـــاردۆ داڤینشـــی، ئەسـتێرەیەکی پڕشـنگداری ئاسـمانی ئیتاڵیـا و هەمـوو جیهانە، ئەگەرچی زیاتر لەپێنج سەدەیە کۆچی دوایـی کـردووە، بەڵام بەهـۆی خـزمەت و بەرهەمە هـونەری و زانسـتییە نایابەکـانییەوە، بە نەمـری مـاوەتەوە و لە درەوشانەوە نەکەوتووە.

داڤینشـی مرۆڤێکـی مەزن و بلیمەتـی خـاوەن چەنـدین بەهـــرە بـــووە و وەک (نیگارکێش،پەیکەرســـاز، میوزیســـیان، ئەدیـــب، بیرمەنـــد، ماتمـــاتیکزان، گەردوونـاس، جیۆلـۆجی، توێکـاری مـرۆڤ و ئـاژەڵ، ئەنـدازیاری تەلارسـازی و ڕووەکنـاس)، لە هەمـوو ئەو بـوارانەدا خزمەتـی کـردووە و شـوێن پەنـجەی ڕەنگینـی دیارە.

لیۆناردۆ داڤینشـی، ڕۆژی ١٥ی نیسـانی ١٤٥٢ لەگونـدی (ڤینشی)ی سەر بە هەرێمی تووسکانی شاری فلۆرەنسا لەدایک بووە.

پێنج ساڵی سەرەتای تەمەنی لە گوندی ئانچانۆ ژیاوە، دواتر لەگەڵ خانەوادەکەی چۆتە شاری (وێنیز).
داڤینشی هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەری نیگارکێشانی بووە، لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا دەچێتە لای هونەرمەند (ئاندرا دی کیۆن) لە فلۆرەنسا، لەسەر دەستی ئەو هونەرمەندەدا زیاتر بە هونەرەکانی نیگارکێشان و پەیکەرسازی ئاشنا بوو.
داڤینشی وێڵی بەدەستهێنانی زانیاری و ئەزموونی زیاتر بوو لەسەر هونەر، هەر بۆیەش ڕووی کردە شاری میلان و ساڵانی (١٤٨٢–١٤٩٩) بەکاری هونەری و تەلارسازی لەو شارە سەرقاڵ بووە.
ساڵی ١٥٠٠ بۆ فلۆرەنسا گەڕایەوە و پاش شەش ساڵ جارێکی تر سەفەر کرد بۆ شاری میلان و ساڵێک لەوێ ماوەتەوە و دواتر بۆ شاری فلۆرەنسا گەڕاوەتەوە.
ساڵانی (١٥١٣–١٥١٦) لە ڤاتیکان گیرساوەتەوە، لە هەموو ئەو شار و ناوچانەی سەفەری بۆ کردووە، کاری هونەری و ئەندازەیی و زانستی ئەنجام داوە.
ساڵی ١٥١٦ لەسەر بانگهێشتی فرانسیسی یەکەمی پاشای فەرەنسا، چۆتە فەرەنسا و تا دوا ڕۆژەکانی ژیانی لەو وڵاتە ماوەتەوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە و لەوێ نێژراوە.

سەرباری ئەوەی داڤینشی لە چەند بوار و ڕشتەیەکی جیاوازدا شارەزایی هەبووە و داهێنەر بووە، بەڵام زیاتر وەک نیگارکێش ناسراوە، نزیکەی ٢٠ تابلۆی لە دوا بەجێماوە و وەک یادگاری ئەو ماونەتەوە، لەوانە تابلۆکانی (مۆنالیزا، دوا خوانی ئێوارە، بەردە بێگەردەکان، لە ئاوهەڵکێشانی مەسیح،سەری لیدا، عەشقی مەجووس، قەشە یۆحەننا،پیاوی ڤیترۆڤی، مادۆنا لیتا و پۆترێتی داڤینشی خۆی).

تابلۆی مۆنالیزا و دیواربەندی دوا خوانی ئێوارە) لە بەناوبانگترین و بەنرخترین بەرهەمەکانی داڤینشین.

تابلۆی مۆنالیزا بە باشترین و بەناوبانگترین تابلۆی داڤینشی هونەرمەندی نیگارکێش دادەنرێت، داڤینشی ماوەی چوار ساڵ خەریکی دروستکردنی ئەم تابلۆیە بووە، ساڵی ١٥٠٣ دەستی پێکردووە و ساڵی ١٥٠٧ تەواوی کردووە.داڤینشی ئەم تابلۆیەی زۆر خۆشویستووە، هەر بۆیەش سەفەری بۆ هەر شوێنێک کردبێت، ئەو تابلۆیەی لەگەڵ خۆیدا بردووە و دڵی نەهاتووە لە هیچ شوێنێک بەجێی بهێڵێت، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا کە سەفەری بۆ فەڕەنسا کرد، ئەو تابلۆیەی لەگەڵ خۆیدا برد و هەر لەوێش مرد و نێژرا، تابلۆکەش وەک یادگاری ئەو لە مۆزەخانەی

لۆڤەر لە پاریس دانرا و تا ئێستا لەو مۆزەخانەیە و جێگەی سەرنج و تێڕامانی هەر گەشتیارێکە کە سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەر دەکات.

تابلۆی دوا خوانی ئێوارە تابلۆیەکی دیکەی نازدار و بەناوبانگی داڤینشییە، داڤینشی ئەم تابلۆیەی لەساڵی ١٤٩٨ بۆ کەنیسەی سانتا ماریا دروستکردووە.

داڤینشی ئەدیبیش بووە، سەرجەم بەرهەمە ئەدەبییەکانی لەتوێی کتێبێدا بەناوی (کارە ئەدەبییەکان) بەزمانی ئیتاڵی چاپکراوە، ئەمارجی شاعیر و وەرگێڕی سووری، ئەو کتێبەی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و ساڵی ٢٠١٣ خانەی بڵاوکردنەوەی تەکوین چاپی کردووە.

ئەم کتێبە ٢٥٠ لاپەڕەیە و لە ١٩ فەسڵدا بابەتەکانی خراونەتەڕوو، لە کۆتایی کتێبەکەدا ژمارەیەک تابلۆ و دەستنووس و بەڵگەنامە و وێنەی داهێنانەکانی داڤینشی دانراوە.

داڤینشی لە بابەتەکانی ئەم کتێبەدا زمانی شیعر و فیکری ئاوێزان کردووە، بەوەش بەهایەکی بەرزی بە دەربڕینەکانی داوە و خوێنەر کێش دەکات بۆ ئەوەی بەتاسەوە بابەتەکان بخوێنێتەوە.

جگە لە ئەدەب و هونەرە جوانەکان، لیۆناردۆ داڤینشی بایەخی بەچەند بوارێکی دیکەی زانستی داوە، لەوانە (تەلارسازی، گەردووناسی، ڕووەکناسی، توێکاری مرۆڤ و ئاژەڵ، جیۆلۆجی، جوگرافیا و ماتماتیک).

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەموو زانستانەدا داهێنانی گەورەی کردووە، یەکەم کەس بووە کە نەخشەی فڕۆکەی کێشاوە، ٥٠٠ ساڵ پێش ئەوەی فڕۆکە دروست بکرێ، ئەو نەخشەی کێشاوە.

هەروەها داڤینشی یەکەم کەس نەخشەی پاسکیلی کێشاوە.

چەند سەدەیەک پێش شۆڕشی پیشەسازی، داڤینشی نەخشەی مەکینە و گالیسکە و هێزی ئاو و شلەمەنی کێشاوە.

هەروەها نەخشەی تانک و تۆپ و پەرەشووت و غەواسە و بەنداو و کەناڵی ئاودێری کێشاوە.

داڤینشی بایەخیشی بە توێکاری جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵ داوە و زانیاریی نەبیستراوی سەبارەت بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ خستۆتە ڕوو.

لە دروستکردنی نەخشەی تەلار و شارەکان و شوێنە سەربازییەکان دەستڕەنگین بووە، چەندین نەخشەی کێشاوە و خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لیۆناردۆ داڤینشی، کەسایەتییەکی مەزنی فرە بەهرە بووە، مەحاڵە کەسێکی دیکەی هاوشێوەی ئەو لەسەردەمەدا بدۆزیتەوە کە هێندەی ئەو زانا و بلیمەت و هەمە کارە بووبێت.

نرخی تابلۆ و دەستنووسەکانی، نرخی خەیاڵین، بۆ نموونە ساڵی ٢٠١٧ خانەی کریستیز لە نیویۆرک، لە زیادکردنێکی ئاشکرادا، تابلۆی ( مەسیحی دڵسۆز-سلڤاتۆر موندی)ی لیۆناردۆ داڤینشی بە ٤٥٠ ملیۆن دۆلار فرۆشت.

ساڵی ١٩٩٤ بیل گیتس خاوەنی کۆمپانیای (مایکرۆسۆفت)، دەفتەرێکی دەستنووسی تێبینیەکانی (لیۆناردۆ داڤینشی)، لە زیادکردنێکی ئاشکرای خانەی (کریستی)، بە ٣٨ ملیۆن و ٨٠٠هەزار دۆلار کڕی.

ئەو دەفتەرە لەساڵی ١٧١٩ەوە تا ساڵی ١٩٨٠ لە ئەرشیفی بنەماڵەی (ئیرل لیستر)دا بووە،ساڵی ١٩٨٠ نەوەی ئەو بنەماڵەیە دەستنووسەکەیان بە (ئەرماند هامەر)ی ملیاردێردی بواری بازرگانی نەوت فرۆشتووە، ئەویش دوای ١٤ ساڵ دەستنووسەکەی بە خانەی کریستی فرۆشتبوو.

ئەو دەفتەرە ٧٢ لاپەڕەیە، وێنە و هێڵکاری و بیرۆکەی داڤینشیی تایبەت بە گەردوون و تایبەتمەندی ڕەگەزە

سرووشتییەکانی ئاوو هەوا و بەرد و ڕووناکیی ئاسمانی لەخۆگرتووە.
ئەو دەفتەرە ٣٦٠ وێنە و هێڵکاری ڕوونکردنەوە و توێژینەوەیەکی بەنرخی سەبارەت بە سامانی ئاو تێدایە.
دوای خزمەتێکی زۆری هونەری و ئەدەبی و زانستی، ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٥١٩، لیۆناردۆ داڤینشی هونەرمەندی مەزن و زانای فرە بەهرە، لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا بەنەخۆشی جەڵتەی مێشک کۆچی دوایی کرد و لە کەنیسەی قەڵای ئەمبوازی پاشایەتی لە پاریس بەخاک سپێردرا.
ئەگەرچی لیۆناردۆ داڤینشی، بەجەستە ڕۆیشت و ژیانئاوایی کرد، ئەو کۆچەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، بەڵام بەهۆی بەرهەمە هونەری و ئەدەبی و زانستییەکانیەوە، هەر بەنەمری ماوەتەوە و لە ئیتاڵیا و لە سەر ئاستی جیهان یادی دەکرێتەوە و گفتوگۆ سەبارەت بە بەرهەمە هونەری و زانستییەکانی دەکرێت.



## دانتی

دانتــی ئەلیگییێـری، شــاعیر و نووســـــەر و زمـــــانزان و بیرمەنــدێکی مەزنــی ئیتــاڵی و جیهـــــانە، لەڕێـــــــی بەرهەمەکــانییەوە خزمەتێکــی گەورەی بە گەلی ئیتاڵیا و مرۆڤایەتی کردووە.
دانتــی خــاوەنی چەنــدین بەرهەمــی ئەدەبــی و فیکــرییە، بەڵام شاکاری کۆمیدیا، یــاخود کۆمیــدیای یەزدانــی، کە لە سێ بەرگ ( دۆزەخ، بەرزەخ، بەهەشت) پێکهــاتووە، شــاکار و داســتانێکی شــیعریی بەنــرخە و لە هەمــوو بەرهەمەکــانی دیکەی گرنگتــرە و دیــارترە، ئەم شــاکارە نەک تەنها لەسەر ئاستی ئەدەبی ئیتاڵی، بەڵکو لەسەر ئاســتی ئەدەبــی جیهــانی ناســراوەو جــێگەی بــایەخ و ئیلهامبەخشی نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندان بووە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.
ئەم شــاکار و داســتانە شــیعرییە مەزنە، گەشــتێکی خەیــاڵییە بۆ ئــاخیرەت، بەشێوەی ڕێوڕەسمی ئــایینی

مەسیحی خراوەتەڕوو، بەجۆرێکی دی لە گۆشەنیگای فەلسەفی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لێی ڕوانیوە.
د.عەزیز گەردی نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد، هەر سێ بەرگەکەی (کۆمیدیا)ی دانتی بە کوردییەکی شیرین و پاراو لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لەگەڵ چەند چاپێکی فەرەنسی و عەرەبی و فارسی بەراوردی کردووە و پەراوێزی بۆ نووسیوە، هێندە بە جوانی ئەو داستانە شیعرییەی وەرگێڕاوە، هەر دەڵێی لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نووسراوە.ئەم بەرهەمە ناوازەیە ساڵی ٢٠١٥ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپکراوە.
کۆمیدیای دانتی سێ بەرگە و هەمووی بەسەریەکەوە نزیکەی ١٥٠٠ لاپەڕەیە، هەر سێ بەرگەکە ١٠٠ سروودی لەخۆگرتووە، دۆزەخ ٣٤ سروود و بەرزەخ و بەهەشت هەریەکەیان٣٣ سروودن.هەموو سروودەکان ١٤٢٣٣ بەیتن.
ئەم گەشتە خەیاڵییەی دانتی هەفتەیەکی خایاندووە، دوو ڕۆژ لە دۆزەخ، چوار ڕۆژ لە بەرزەخ، یەک ڕۆژ لە بەهەشت.

ئەوەی جێی سەرنجە کەمترین کاتی بۆ بەهەشت و زۆرترین کاتی بۆ بەرزەخ داناوە، کە بەزرەخ بەپێی ئایینی مەسیحی بە مانای پاکژبوونەوە دێت.
دانتی لە پێشەکی دۆزەخ و لەسروودی یەکەمدا پێشەکییەکی نووسیوە و بەپێشەکی گشتیی داناوە و نووسیویەتی ( دانتی لە نیوەی ڕێگەی ژیانیدا بەخەبەر هات، خۆی لە جەنگەڵێکی چڕ و تاریکدا بینی، وێڵ بووبوو، شەوێکی ناخۆشی تێدا بەسەر برد.چیایەکی بینی ڕۆژ لەترۆپکەکەی دەدا.بەرەو چیاکە ڕۆیشت و ویستی بەسەری کەوێ.سێ جانەوەر ڕێیان لێگرت، ڕەمزی سێ گوناە بوون کە مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاست لادەدەن.دانتی زۆر ترسا، خەریک بوو بکشێتەوە، لە ساتی هەرە سەختی نائومێدیدا، تارمایی ڤیرجیلیۆی شاعیری لاتینی لێدەرکەوت.دانتی کە خۆی بەرامبەر ئەم ڕۆحە گەورە و مەزنە بینی، شەرمی لەخۆی کردەوە.ڤێرجیلیۆ دانتی لاوەندەوە و ترسی ڕەواندەوە.
پێی گوت ئەستەمە بەو ڕێگەیەدا بتوانێ سەرکەوێ، چونکە ئەو جانەوەرانە خۆیان لێ مەڵاس داوە، هێشتا ئەو هێزەش، (تاژی)یەش نەهاتووە کە لەناویان دەبا و ئیتاڵیا ڕزگار دەکا.پێی وت هەر دەبێ ڕێگەیەکی تر بگرێتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ بچێتە دۆزەخ و ڕۆحی

گوناهبـاران ببینـێ.پێشـی گـوت دوای بڕینـی دۆزەخ و بەشـێکی زۆری بەرزەخ ڕادەسـتی یەکێکـی تـری لـە خـۆی شیاوتر و باڵاتری دەکا بۆئەوەی بیبا بۆ بەهەشت، ئیتر ڤیرجیلیۆ پێشکەوت و دانتی کەوتە شوێنییەوە.

شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی پیرۆز: ٨/٧ی نیسانی ساڵی ١٣٠٠

دانتـی لـە سرووودی یەکەمـی بەرزەخیشـدا پێشـەکییەکی نووسیوە و دەڵێت: (دانتی و ڤیرجیلیۆ گەیشتنە قونتاری چیای بەرزەک.دانتی لە خێوبـانووانی شـیعر پـاڕایەوە، بۆ ئەوەی یارمەتی بدەن بـۆ باسکردنی شینی و سـافیی ئاســـمان، کە دوای دەرچـــوونی لە دۆزەخ چـــاوی زاخاودایەوە و ڕوونی کردەوە.زوهرەی بینـی ڕۆژهەڵاتـی بەتیشکی پڕشنگداری ڕووناک کردبووەوە.

دانتی چوار ئەستێرەی بینی لە ئاسماندا دەردەوشانەوە، ڕەمزی چوار چاکە بوون، ئینجا دانتی کاتۆنی پاسەوانی بەرزەخی بینی، ڕیشی درێـژ و قـژی سپی بـوو، کـاتۆن بەدیتنـی شـاعیرەکان واقـی وڕمـا.لێـی پرسـین بـۆچی هاتوونەتە ئێرە؟

ڤیرجیلیـــۆ بەدانتـــی وت چـــۆک دابـــداو ســـەر دابنەوێنـێ.لەهەمـان کاتـدا بـۆ کـاتۆنی باسـکرد کە خـاتوونێ لە ئاسـمانەوە (بیـانتریچی) داوای لێکـردووە

فریای دانتی بکەوێ و یارمەتی بدا.بۆ ئەوە دانتی هێناوە تا
ڕۆحەکانی پیشان بدا.ڤیرجیلیۆ گوتی دانتی بەدوای ئازادیدا دەگەڕێ و ژیانی بەبێ ئازادی ناوێ، هەروەها پێی گوت کە دانتی مرۆڤێکی زیندووەو و خۆشی سەر بەئەلقەی لیمبۆیە.داوای لە کاتۆن کرد بەشقی مارتسیای خێزانی داواکەی ڕەتنەکاتەوە.کاتۆن وەڵامی دایەوە ئێستا مارتسیا بەپێی یاسای بەرزەخ هیچ کاریگەری بەسەر ئەوەوە نییە.ئینجا کاتۆن داوای لە ڤیرجیلیۆ کرد ناردینێکی ناسک لە پشتی دانتی ببەستێ کە ڕەمزی خاکێتی و ملکەچییە.
سپێدەدەم دانتی گریا و فرمێسکی سەر ڕوومەتی ڕەنگی پێشووی بۆ گێڕایەوە کە لە ناو دۆزەخ لە دەستی دابوو. ڤیرجیلیۆ ناردینێکی لە پشتی دانتی بەست.ئەو ناردینە ڕەوشتی وابوو کە دەیانبڕێ و دووبارە دەڕوایەوە.
ئەمەش پێشەکیی بەرگی سێهەمی کۆمیدیا (بەهەشت)ەو تێیدا هاتووە:
دانتی لەم بەشەی کۆمیدیادا دەست بە قۆناغی سەرەکی و کۆتایی گەشتەکەی دەکا بۆ ئەم دنیایە.ئەمجارە ڕێگەی ناکەوێتە ناو چیاو دۆڵ و نیهال.ئەو چیاو دۆڵە بە هەموو بەرزی و نزمی خۆیەوە لەچاو قۆناغی سێیەم

کە لێرەوە دەست پێدەکا، زۆر بێنرخ و ئاسانە، چـونکە دانتی بەرزەفڕ ڕێگەی ئاسمانەکان دەگرێتە بەر، کە گۆی زەوی لە چاو ئەو ئاسمانانە گەردیلەیەکە.

شـێوەی گەشـتکردنی دانتـی لەم قۆنـاغەدا بە تەواوی لە دوو قۆناغی پێشوو جیایە.لە دۆزەخ و بەرزەخدا ڕێگەی بەنـاو چـۆڵ و چیـا و دۆڵ و نیهـالی وەک سـەر زەویـدا بـوو.هەنگـاو بە هەنگـاو جەنـگەڵ و لێـڕەواری دەدایە دواوە.

بەرەو ڕووی ساردیء گەرمی دەبووەوە، گەشتی دانتی لە دۆزەخ و بەرزەخـدا، وەکـو گەشـتی ڕێبـوارێ وابـوو بـۆ شوێنێکی ئاشنا.دیمەنەکـان زۆر جـار ناوچەکـانی سـەر زەوییـــان بەبیــر دەهێنـــایەوە، بەڵام گەشـــتەکەی بـــۆ بەهەشت، واتە بۆ ئاسمان شێوەیەکی ترە.

لێرەدا کات و شوێن بە تەواوی نامێنێ، چـونکە لە کـات و شوێن و پێوانە دەردەچێ و دەگاتە ئەبەدیـیەت.نە ڕۆژ دەمێنـێ و نە شـەو.لێـرە هەر تیشـک و ڕوونـاکییە و تاریکی لە ئارادا نییە.

دونیـــایەکی وا دەبینــێ نـــاتوانێ وەسـفی بکـا، کەچـی بیاتریچی چاو دەبڕێتە خـۆر کە ڕەمـزی خـودایە، یـانی بیـــاتریچی تەماشـــای جەلالەتـــی خـــوا دەکـــا و دانتـــی تەماشای چاوی بیاتریچی دەکا کە جەلالەتی خوای تێدا

دەدرەوشێتەوە، چونکە خۆی ناتوانێ ڕاستەوخۆ سەیری جەلالەتی خوا بکا.
دانتی کە لە دۆزەخ نۆ بازنە و لەبەرزەخ حەفت بـازنەی بڕیـوە، لێـرە حەفـت ئاسـمانی ئەسـتێرەی گەڕۆک و ئاسمانی ئاسمانان وبارەگەی یەزدانی دەبڕێ.
هەریەک لەم قۆنـاغ و ئاسمانانە چەمکی ڕەمزی خـۆی هەیە، لە شوێنی خۆیاندا باسی دەکەین.
دانتی بە درێژایی گەشتەکەی لە ئاسمان چـاوی بڕیـوەتە بیاتریچی ، چونکە ئەو ڕاستییەی لەم گەشتەدا بەدوایدا دەگەڕێ لەچاوی بیاتریچی دەردەکەوێ.
دانتـی بەسـەیرکردنی چاوەکـانی بیـاتریچی، سـەیری ڕاسـتەقینەی ئەزەلـی و سـەرمەدی دەکـا.نیشـانەی چوونەپێشـەوەی لەم گەشـتەدا لە چـاوی بیاتریچیـدا دەبینی.
دانتی لە بەهەشتی زەمینیدا ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی بۆ ئاسـمان هەڵبکشـێ.شـتی وا دەبینـێ زەحـمەتە بتـوانێ باسیان بکـا.ئیتـر هانـا وەبەر ئەپۆلـۆ دەبـا بـۆ ئەوەی توانای قسەکردنی پێببەخشێ.بەلایەوە دوور نیـیە دوای ئەو یەکێ بێ لەو باشتر باسی ئاسمان بکا.
دانتـــی کـــاتەکەی دیـــاری دەکـــا بە نیـــوەڕۆی پـــێش دەستپێکردنی بەهار چوارشەممە ١٣ی نیسانی ١٣٠٠.

دانتی دیتی بیاتریچی بە جۆرێ چاوی بڕیبووە خۆر، هیچ هەڵۆیەک نەیتوانیوە وا تەماشای خۆر بکا.دانتی نەیتوانی تەماشای خۆر بکا.لە پڕ هەستی کرد ڕووناکی گەشتر بوو.دەتگوت خۆرێکی دی لە ئاسمان دەرکەوت.
دانتی ماوەیەک تەماشای چاوی بیاتریچی کردو وەک گلاوکوس لەپایەی مرۆڤینییەوە گۆڕا بۆ پایەی یەزدانی.نەیتوانی ئەو گۆڕانە بەزمان دەرببڕێ.کە بەرز بووەوە بۆ ئاسمان، هەندێ ئاوازی ئاسمانی بیست وهەندێ پرتەوی یەزدانی بینی.ئارەزووی زانینی ئەو شتانە لەدڵیدا گڕی سەند.بیاتریچی پێی گوت کە ئیتر لە سەر زەوی نەماوە، لە بروسکە خێراتر هەڵکشاوە بۆ ئاسمان.مرۆڤ هەر بەسروشت حەز دەکا بگاتە بارەگای خودا.هەروەها گوتی ئارەزووی مرۆڤ بۆ بەرزبوونەوە بۆ لای خوا بەگوێرەی چاکە و خراپەی کەم و زۆر دەبێ.کەرەمی خوا خەڵک بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەگەر خەڵکەکە بە گوناهکردن لە ڕێگە دەرنەچن.
بیاتریچی گوتی دانتی چەند سەری لەشۆڕبوونەوەی ڕووبارێک لە چیا سوڕ دەمێنێ، دەبێ هەر هێندەش سەری لەسەرکەوتنی خۆی سوڕ بمێنێ، بەپێچەوانەوە دەبێ سەری لەوە سوڕ بمێنێ، ئەگەر لە گوناهان پاک

بێتەوە و لەسەر زەوی بمێنێ.بیاتریچی دووبارە چاوی بڕییە ئاسمان.
ئەوە هەر سێ پێشەکی هەر سێ بەرگەکەی کۆمیدیا دانتییە، دواتر بەخوێندنەوەی هەر ١٠٠ سرووودەکەی داستانی شیعریی دانتی موحەیر دەمێنی لە وشە و دەربڕین و ماناکانی ئەو تێکستە بەرزانە.
دانتی لە کۆمیدیادا ناوی زۆر زانا و نووسەر و فەیلەسوفی هێناوە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ناوی سەلاحەدینی ئەیبویشی هێناوە و لە سرووودی چوارەمی دۆزەخدا بەم شێوەیە باسی دەکات :
لەولاتریش (سەلادینۆ)م دی بەتەنیا بوو
نەختآ زیاتر چاوم هەڵبڕی
مامۆستای زانایانم بینی
لە ناو کۆمی فەیلەسوفان دانیشتبوو
هەموو بەڕێزەوە چاویان تێ بڕیبوو
یەکەمجار (سۆکرات) و (پلاتۆن)م بینی
لەپێش ئەوانی تر بوون و زۆر لەوەوە نزیک بوون
سەلادینۆ مەبەستی سەلاحەدینی ئەیوبییە، دانتی هێندە سەلاحەدینی ئەیوبی لا گەورە بووە، لەڕیزی زانا و فەیلسوف و پاڵەوان و گەورە پیاوانی مێژوودا دایناوە.

یەکێکی تر لەو خزمەتانەی کە دانتی پێشکەش بە گەلی ئیتاڵیای کردووە ئەوەیە بە شێوەزاری میللی ناوچەی توسکان بەرهەمەکانی نووسیوە، نەک بە زمانی لاتینی کە زمانی فەرمیی ئەو سەردەمە بووە.ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو شێوەزارە ببێتە زمانی ستانداری ئیتاڵی و هەموو ناوچەکانی ئەو وڵاتە یەکبخات.هەر بۆیەش بە باوکی زمانی ئیتاڵی دادەنرێت.

مامۆستا حەمەسەعید حەسەن لەو بارەیەوە دەڵێت: (ئەو زمانەی دانتی پێی نووسیوە، دواتر بۆتە زمانی ستانداردی ئیتاڵیایی و ئیتاڵیای لەتوپەتی یەکخستووە، تێکەڵەیەک بووە لە زمانی میللی و زمانی بژاردە.دانتی باشی بۆ چووە، کە پێی وابووە، بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، زمانی ئازادی میللی لە زمانی مل بەکۆتی لاتینی گونجاوترە).

پرۆفایلی دانتی

دانتی لە دوا ڕۆژەکانی مانگی مایسی ١٢٦٥ لەشاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا لەدایک بووە و لە ئامێزی خانەوادەیەکی خانەداندا پەروەردە بووە.

لەساڵی ١٢٨٧ دەستی بەخوێندن لە ڕشتەکانی (یاسا و فەلسەفە وپزیشکی) کردووە.

لەنێوان ساڵانی (١٢٩٠-١٢٩١) فەلسەفەی خواناسیی لە قوتابخـــانەی ئـــایینی فرانچیســکای ســنتا کرۆچـــیء دۆمینیکانی سنتا ماریا نۆڤیللا خوێند.
ساڵی ١٢٩٢ کتێبی (ژیانی نوێ)ی نووسی.
لە ڕۆژی ١ی تشـــرینی دووەم تـــا ٣٠ی نیســـانی ١٢٩٦ ئەندامی ئەنجوومەنی گەل بوو.
لە ڕۆژی ١٥ی حـــــوزەیرانی ١٣٠٠ بـــــووە ســــــەرۆکی سەندیکاکان.
لەساڵی ١٣٠٢ کە دانتی بە وەفدێک لە شاری ڕۆما بـوو، ڕەشەکان لە فلۆرەنسا دەسەڵاتیان گرتەدەست و دانتیـان ســزادا بە غەرامەی پێــنج هەزار فلــۆرین و دوو ســاڵ دوورخستنەوەی لەشار و بێبەشکردنی لە کاری میری.
دانتی ملی بۆ ئەو بڕیارانە نەدا، ئیدی ڕەشەکان بڕیاری دوورخســـتنەوەی هەتـــا هەتاییـــان دا و ئەوەشـــیان خستەڕوو ئەگەر بۆ فلۆرەنسا بگەڕێـتەوە، بەزیـندوویی دەیسووتێنن!
ئیدی دانتی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری هەڵبژارد.
دانتـــی لە ســـاڵانی ١٣٠٣و ١٣٠٤ لە شـــارەکانی ئـــاریتۆء فۆرلی و بۆلۆنیا و ڤیرۆنا ژیاوە.لەو ماوەیەدا بەزمـانی میللی ناوچەیی دەینووسی.

لە سـاڵانی (١٣٠٤تـا ١٣٠٧)ی کتێبـی (بانگهێشـت)ی نووسی.
کۆمیدیا بەگەورەترین شاکاری ئەدەبی وفەلسەفی دانتـی نەک لەسـەر ئاسـتی ئیتالیـا، بەڵکـو لەسـەر ئاسـتی جیهان دادەنرێت.
ئەم شاکارە لـە سێ بەرگ پێکهـاتووە (دۆزەخ، بەرزەخ، بەهەشت).
ساڵی ١٣١٤ دۆزەخ و ساڵی ١٣١٥ بەرزەکی بڵاوکـردەوە، بەرگـی سـێهەم (بەهەشـت) چـوار سـاڵ دوا کەوت و لـە ساڵانی (١٣١٩–١٣٢٠) ئەو بەرگەشی نووسی.
دانتـی لە ناوەڕاستی مـانگی ئەیلـوولی ١٣٢١ لە شـاری ڕاڤیناء لە ماڵی ( گیدۆ نۆڤیللۆ پۆلینتـا) لە تەمەنـی ٥٦ ساڵیدا کـۆچی دوایـی کـرد وبەجەسـتە ڕۆی، بەڵام دوای زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ بەهۆی بەرهەم و شـاکارەکانییەوە بە نەمری ماوەتەوە.
سەرچاوە:
دانتـی ئەلیگییـری، کۆمیـدیا (سـێ بەرگ)، وەرگێڕانـی عەزیز گەردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، /٢٠١٥.



## رەسوڵ هەمزەتۆف

ئەگەرچی رەسوڵ هەمزەتۆڤ لەگوندێکی بچووکی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەفقاسی سەر بەکۆماری داغستان لە دایک بووە و بەرهەمەکانی بەزمانی ناوچەیی ئاڤاری نووسیوە، کە لەو کاتەدا تەنها ١٧٠٠٠٠ کەس قسەیان پێکردووە.کەچی شیعر و بەرهەمەکانی هێندە جوان و سەرنجڕاکێش بوون، بۆ زمانی ڕووسی و زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.

خوێنەری کورد، لەڕێی کتێبی ( داغستانی من) ەوە، رەسوڵ هەمزەتۆڤی ناسی، ئەو کتێبە مامۆستا عەزیز گەردی لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی لە دووتوێی دووبەرگی ٦٦٨ لاپەڕەییدا وەریگێڕا، هێندە بەجوانی دایڕشتووە، ئەڵێی لەبنەڕەتدا بەکوردی نووسراوە.

ڕەسووڵ هەمزەتوف، ساڵی ١٩٢٣ لەگوندی (تساد)ی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەفقاسی سەر لێواری دەریای قەزوینی کۆماری داغستان لەدایک بووە.

لەداغستان و مۆسکۆ خوێندوویەتی، ساڵی ١٩٥٠ پەیمانگای گۆرکی تەواو کردووە.
بەهۆی ئەوەی باوکی شاعیر بووە، هەر زوو خولیای شیعر بووە، باوکی دەستی گرتووە و فێری هونەری شیعر نووسینی کردووە، لەتەمەنی ١١ ساڵیدا یەکەم پارچە شیعری بڵاوکردۆتەوە.
ساڵی ١٩٤٣ یەکەم دیوانی شیعری بەناوی (خۆشەویستی گەرم و ڕقی سوتێنەر) بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٩٤ دوا دیوانی خۆی چاپء بڵاوکردۆتەوە.خاوەنی زیاتر لە ٣٠ دیوانی شیعرو پەخشانە.بەشێکی شیعرەکانی کراون بەگۆرانی.ئەگەرچی هەمزەتۆڤ، زۆربەی ڕۆژانی ژیانی لە گوندەکەی و داغستان بەسەر بردووە و بەزمانی ناوچەیی شیعر و بەرهەمەکانی نووسیوە، لەبەرجوانی و بەپێزی بەرهەمەکانی سنووری گوند و شار و وڵاتەکەی بەزاندووە و لەسەرانسەری گۆی زەویدا بڵاو بوونەتەوە.
هەمزەتوڤ دەڵێ: سەرەتا شیعرم بۆ خێزان و گوندەکەم دەنووسی، دواتر بۆ داغستان و ڕووسیا، لەکۆتاییدا شیعرەکانم ئەو سنورانەیان بەزاند و بوون بە بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتی.

مامۆستا عەزیز گەردی لە کتێبی (داغستانی من)دا بەشیلەی میهرەبانیی مرۆڤایەتی وەسفی دەکات.بەهۆی شیعرە بەرزەکانییەوە، چەندین جار لەسەر ئاستی وڵات و جیهان خەڵات کراوە و ڕێزی لێنراوە.

ساڵی ٢٠١٣ لەناوەڕاستی شاری مۆسکۆدا، پەیکەرێکی شایستەی بۆ دروستکرا.

هەمزەتۆڤ، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت و سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی داغستان بووە.وەک شاعیرو نووسەر رەخنەی لە سیاسەتی ڕەسمی یەکێتیی سۆڤیەت هەبووە و دژی سیستمی چاودێری بەرهەمی نووسەران بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا بەروخانی یەکێتیی سۆڤیەت نیگەران بووە، هەمیشە لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتی شاخان ( کۆماری داغستان) بووە و وتویەتی: داغستان وەک ئەسپی ڕەسەنە، لەژێر سایەی کەسێکی تردا هەڵناکات!

ئەم نووسەرە ناودارەی داغستان و هەموو جیهان، لە ڕۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ بۆ دواجار چاوە پڕ لەهیواکانی لێکنا و چووە ڕیزی نەمرانی جیهانەوە.



## ڕەفائیل سانزیۆ

ڕەفائیل سانزیۆ ، ناوێکی دیاری هونەری نیگارکێشانی وڵاتی ئیتاڵیایە، وەک هونەرمەندی شێوەکاری و ئەندازیاری تەلاسازیی سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی خزمەتی کردووە و شوێن پەنجەی ڕەنگینی بە هونەری نیگارکێشان و نەخشەسازیی تەلارسازیی ئەو وڵاتە دێرینەوە دیارە.ڕەفائیل لە ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٤٨٣ لە شاری ئۆربینۆی خنجیلانە و کولتوورپەروەر لەدایک بووە، لە ئامێزی خێزانێکی نیگارکێشدا پەروەردە بووە، باوکی نیگارکێش بوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەر لەمنداڵییەوە بەتابلۆ و بۆیە و فڵچە ئاشنا بێت و خولیای هونەری نیگارکێشان بێت.
هێشتا منداڵ بوو، دایک و باوکی کۆچی دواییان کرد، لە تەمەنی ٨ ساڵی دایکی و لە تەمەنی ١١ ساڵی باوکی، بەدوای یەکدا ماڵئاوایی یەکجارییان لێکرد، مامی ئەرکی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی گرتە ئەستۆ.

کۆچی دوایی دایک و باوکی لەو تەمەنی منداڵییەدا، بۆ ڕەفائیل کارەسات و خەمێکی قووڵی بە ئازار بوو.
بەڵام خۆڕاگر و ورەبەرز بوو، مامی و هونەری نیگارکێشان ئیرادەی ڕەفائیلییان بەهێز کرد، هەر بۆیەش نەیهێشت مەرسەمەکەی باوکی دابخرێ و شوێنەواری کوێر بێتەوە.ئەرکی بەڕێوەبردنی مەرسەمەکەی گرتە ئەستۆ و نیگارەکانی لەوێدا دەکێشا و بە ئاوەدانی هێشتییەوە.
ساڵی ١٥٠٠ ڕەفائیل چووە لای (پرۆجینۆ)ی هونەرمەندی نیگارکێشی ناودار لە ناوچەی ئومبریای ناوەڕاستی ئیتاليا.
لە مەرسەمەکەی پرۆجینۆ، دەستی بەنیگارکێشان کرد، بەرکوڵی تابلۆکانی هێندە جوان و سەرنجڕاکێش بوون، پرۆجینۆ بە توانا و بەهرەی زۆر سەرسام بوو و وتی: (ڕەفائیل بەم زوانە دەبێتە مامۆستام، نەک خوێندکار).
ئەو قسەیەی مامۆستاکەی زۆر کاری تێکرد و هونەری نیگارکێشانی لە لای شیرینتر کرد و زیاتر بایەخی پێدا و تێیدا قاڵبۆوە.
ساڵی ١٥٠٤ ڕەفائیل چووە شاری سیینا و دواتر چووە شاری فلۆرەنسا و چوار ساڵ لەو شارە مایەوە ، ئەو شارەی لانکەی شارستانی و کەلەپوور و تەلارسازی و

هونەری و ڕۆشنبیری و فیکری بوو، هەر بۆیەش بە (ئەسینای سەدەکانی ناوەڕاست) ناودەبرا، ئەو شارە کولتوورییە بەهادارە، ڕەفائیلی سەرسام کرد و کاریگەری هونەریی زۆر لەسەر بەجێهێشت، هەربۆیەش دواتر لە ڤاتیکان تابلۆی ( قوتابخانەی ئەسینا)ی کێشا، کە بە یەکێک لە تابلۆ جوان و ناوازەکانی دادەنرێت و ئەو هونەرمەندەی زیاتر ناساند و ناوبانگی دەرکرد.

ڕەفائیل سوودی زۆری لە ئەزموون و کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی دی هاوسەردەمی خۆی وەرگرت، لە مایکل ئەنجلیۆی هونەرمەندی مەزنەوە، زانیاری تەواوی لەسەر جەستەی مرۆڤ وەرگرت، بەهۆی ئەو توێژینەوە زانستی و توێکارییانەی کە مایکل ئەنجیلۆ لەسەر جەستەی مرۆڤ کردبوونی، زۆر سوودی لەو زانیارییە بەنرخانە بۆ کێشانی تابلۆکانی وەرگرت.هەروەها بە تابلۆکانی لیۆناردۆ داڤینشی بەگشتی و تابلۆی مۆنالیزا بەتایبەتی زۆر سەرسام بووە، هەربۆیەش ئیلهامی لە تابلۆی مۆنالیزا وەرگرتووە و تابلۆیەکی بەناوی (ژنێکی گەنج) کێشاوە، کە کاریگەری ئەو تابلۆیەی داڤینشی لەسەر بووە.

مایکل ئەنجلیۆ و لیۆناردۆ داڤینشی و ڕەفائیل سانزیۆ، سێ هونەرمەندی ناوداری سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی بوون، هەرچەند ڕەفائیل بەتەمەن لەوان گچکەتر بووە، بەڵام بەهۆی توانا و سەلیقەی بەزری هونەری و بەرهەمە ناوازەکانییەوە، هاوشانی ئەوان ناوی هاتووە و بە سێکوچکەی پیرۆزی هونەریی سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی ناودێر کراون.

ساڵی ١٥٠٩، ڕەفائیل چووە شاری ڕۆماء دەرگای ڤاتیکانی بۆ کرایەوە، هەردوو پاپا یۆلیۆسی دووەمء لیوی دەیەم، کە بایەخیان بە هونەر زیاتر لە ئایین دەدا، زۆر گرنگییان بە ڕەفائیل دا و ڕێزیان لێگرت و هەموو پێویستییەکانی ژیان و کاری هونەرییان بۆ دابینکرد، لە ساڵانی (١٥٠٤– ١٥٠٧) لە کەنیسەی ڤاتیکان، لە ژوورێکدا کە بەژووری ڕەفائیل ناسرابوو، ڕەفائیل خۆی و خوێندکارەکانی چەندین تابلۆی جوان و ڕەنگینیان دروستکرد و دیوارەکانی کەنیسەی ڤاتیکانیان ڕازاندەوە. ڕەفائیل لە ژێر کاریگەریی ئاینی مەسیحیدا، تابلۆکانی (موعجیزەی بۆلیسنا و ئازادکردنی قەشە پەتریۆس) ی کێشا.

هەروەها چەند تابلۆیەکی تری کێشا، لەوانە (مادۆنا و منداڵەکە، عەزرای کورسی، عەزرای سیستین،

قوتابخانەی ئەسینا، خەونی سوارچاک، شووکردنی خانمی عەزرا، گالاتی، دەرکەوتنی مەسیح، میکائیلی پیرۆز،جۆرجی پیرۆز) و چەندان تابلۆی دیکە.
ڕەفائیل، ئەندازیاری تەلارسازیش بوو، لەو بوارەشدا زۆر شارەزا و دەستڕەنگین بوو، چەندین نەخشەی بۆ دروستکردنی کۆشک و کەنیسە و شوێنی خواپەرستی لە ڕۆما کێشا و تەلارەکان بەپێی نەخشەکانی ڕەفائیل دروستکران و بوونە جێگەی سەرسامی و ستایش و توانا و سەلیقەی ئەندازەیی ئەویان نیشان دا، هەر بۆیەش ڕەفائیل بەسەرۆکی ئەندازیاران لە ڕۆما دانرا.
ئەگەرچی ڕەفائیلی هونەرمەند و ئەندازیار، ماوەیەکی کەم ژیا و بەگەنجی سەری نایەوە، بەڵام لەو تەمەنە کورتەدا زۆرترین خزمەتی هونەری و تەلارسازی پێشکەش بە وڵاتی ئیتالیا کرد و وەک یادگاری و شاکاری ئەو ماونەتەوە و مایەی شانازی ئەو و ئیتاڵیا و مرۆڤایەتین.
ڕەفائیل خاوەنی ٢٨٧ تابلۆی جوان و ڕەنگین و دەیان نەخشەی کەنیسە و کۆشکی بڵند و سەرکەشی سەرنجڕاکێشە، کە وەک یادگاری و سامانێکی هونەری و کولتووری و کەلەپووری و تەلارسازی و مێژوویی ماونەتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، ڕۆژی ٦ی نیسان ڕۆژی لە دایکبوونی ڕەفائیل بوو، دەبوو لەو ڕۆژەدا ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونی بگێڕایە، کەچی ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٥٢٠، کە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی بوو، بەکتوپڕی و لە تەمەنی گەنجی و جوانیی ٣٧ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی و میللی کە پاپا و کاربەدەستانی وڵات و خەڵکێکی زۆر ئامادەی بوون، وەک ڕۆڵەی دامەزراوەی ڤاتیکان ڕێزیان لێگرت و لە گۆڕستانی ناوداران لە شاری ڕۆما بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

ئەم هونەرمەندە گەنجە هێندە خۆشەویست بوو، خوێندکاران و هاوڕێیانی بە (مامۆستا گەنجەکە) ناویان دەبرد و کە کۆچی دواییشی کرد بە ( خاوەن فڵچەی ئاڵتوونی و میری نیگارکێشانی ئیتاڵیا) ناودێر کرا.

ڕەفائیلی هونەرمەند و ئەندازیار، ٥٠٣ ساڵ لەمەوبەر ماڵئاوایی لە ژیان کردووە، بەجەستە ڕۆیشتووە و لە بەر چاوان دیار نەماوە، بەڵام ئەو تابلۆ جوان و ئەو تەلارە سەرکەشانەی ئەو نەخشاندوونی، بەنەمری و زیندوویی هێشتوویانەتەوە.

ئەوەش بایەخی هونەر و بەهرەی ناوداران نیشان دەدات.



# ڕۆفائیل بەتی

ڕۆفائیل بەتی، ناوێکی دیار و پڕشنگداری ناو کایەکانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی عیراقە، بەپێشەنگ و سەرقافڵەی کاروانی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی عێراق دادەنرێت و لە دەروازەیەکی زێڕینەوە چۆتە نێو مێژووی کولتووریی عێراقەوە.

ڕۆفائیل کوڕی بوترس کوڕی عیسا کوڕی بەتی، ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە کولتوورییە مەزنەیە، بە ڕۆفائیل بەتی ناسراوە.

ساڵی ١٩٠١ لە شاری موسڵ لەدایک بووە، لە ئامێزی خێزانیکی سریانی ئۆرسۆدۆکس پەروەردە بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە شارەکانی موسڵ و بەغدا تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٢١ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە شاری بەغدا تەواو کردووە.ماوەیەک وەک مامۆستای سەرەتایی خزمەتی کردووە.

خولیای خوێندنی زیاتری هەبووە و چۆتە کۆلێجی مافی بەغداد و ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بواری یاسا و مافدا بە دەستهێناوە، سەرباری بە دەستهێنانی ئەو بڕوانامەیە کاری پارێزەری نەکردووە، خۆی بۆ کاروباری نووسین و ڕۆژنامەگەری و پەرلەمانی و حکوومی تەرخانکردووە.

شاری بەغداد وەک ناوەندێکی گرنگی ڕووناکبیری، کاریگەری بەسەر ڕۆفائیلەوە هەبووە، لە سەرەتای ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەو شارە ڕوویکردە کاری ڕۆژنامەنووسی، سەرەتا لە ڕۆژنامەی (العراق)ەوە دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٢١ تا ساڵی ١٩٢٣ لەو ڕۆژنامەیە کاری کرد و شوێن پەنجەی بە پێشخستن و گەشەپێدانی ئەو ڕۆژنامەیەوە دیار بوو.

ساڵی ١٩٢٤ گۆڤاری (الحریە)ی دەرکرد، کە یەکەم گۆڤاری ئەدەبی بوو لەو سەردەمەدا دەربچێت.دواتر ڕۆژنامەی (الربیع)ی دەرکرد.

پاش شارەزایی وقاڵبوونەوەی لە کاری ڕۆژنامەنووسیدا، ساڵی ١٩٢٩ ڕۆژنامەی (البلاد)ی دەرکرد و زیاتر لە چارەکە سەدەیەک سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بوو.

ڕۆژنامەی (البلاد)، ڕۆژنامەیەکی پیشەیی سەنگین بوو، لە ڕووی زمانی ڕۆژنامەگەرییەوە زمانێکی شیرین و ڕەوانی هەبوو، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و پیشەیی بێلایەن، هەواڵ و زانیاری دەگواستەوە، لە ڕووی زمانی سیاسییەوە کاریگەر و قەناعەتپێکەر بوو، لە ڕووی زمانی ئەدەبییەوە زمانێکی پاراوو پڕ خەیاڵ و ئەندێشەی ئەدەبی و جوانی هونەری هەبوو.لە ڕووی زمانی یاساوە، زمانێکی ورد و پابەندی هەبوو.

د.موحسن شەعبانی نووسەر و بیرمەند، ڕۆژنامەی (البلاد)ی بە ڕووخساری درەوشاوەی ڕۆژنامەگەری و قوتابخانەی پیشەیی میدیای عیراقی سەردەمی پاشایەتی وەسفکردووە.

سەرباری وردی و پیشەیی ڕۆفائیل بەتی لە بەڕێوەبردنی ئەو ڕۆژنامەیەدا، بەڵام بەهۆی ناوەرۆکی وتارە سیاسییەکانی لە هەمبەر دەسەڵاتی ئینگلیز لە عێراقدا، چەندین جار ڕۆژنامەکە داخراوە و سزادراوە، بەڵام سەرنووسەرەکەی پشوو درێژ بووە و کۆڵی نەداوە، تا کۆچی دوایی، ڕۆفائیل وەک سەرنووسەرێکی ئازا و بوێر بەردەوام بوو لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (البلاد).

بەهـۆی نووسـین و بەرهەمەکـانییەوە، ڕۆفائیـل لەسـەر ئاستی عێـراق و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست ناسرابوو، هەر بـۆیەش سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی ئەهرامـی میسـری داوەتی کردووە بۆ قاهیرە و بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٩٤٦–١٩٤٨)، ئەرکـی بەرپرسـی بەشـی عەرەبـی ڕۆژنـامەکەی پێسپاردووە و بەشێوەیەکی پیشەیی بەڕێـوەی بـردووە و بـابەت و نووسـینەکان جێـی ڕەزامەنـدیی خـوێنەرانی ڕۆژنامەکە بووە.

ڕۆفائیـل بەتـی، لەسـەر ئاسـتی عێـراق ناسـرابوو، هەر بۆیەش کە خۆی کاندید کرد بۆ ئەنـدامێتی ئەنجـوومەنی نـوێنەرانی عێـراق، تـوانی لە شـەش خـولی ئەو پەرلەمانەدا متمانەی خەڵکی بەسرە بەدەست بهێنێ و وەک ئەندامێکی زرنگ و چالاکی پەرلەمان خزمەت بکات.

بەهـۆی توانـای زۆری لە بـواری کولتووریـدا، لە دوو کابینەی حکوومەتی (فازیڵ ئەلجەمالی)دا، وەک وەزیری دەوڵەت بـۆ کاروبـاری (ڕۆژنـامەگەری و پڕوپاگەنـدە) دانـراوە.مـاوەیەکیش بەڕێـوەبەری گشـتی بـووە لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق.

بەتی، چەند کتێبێکی بەنرخـی نووسیوە و پێشکەش بە نامەخانەی عێراقی کردوون.

لەوانە کتێبی (ڕۆژنامەگەری لە عێراق)، ئەم کتێبە بە گرنگترین کتێبی ڕۆفائیل دادەنرێت، ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لەو موحازەرانەی کە پێشکەش بە خوێندکارانی پەیمانگەی باڵای دیراساتی عەرەبی لە قاهیرە کردبوو، لەو کتێبەدا بەوردی باسی سەرەتای هاتنی چاپخانە بۆ عیراق و دەرکردنی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە لە عێراق تا سەرەتای هەڵگیرساندنی دووهەمین جەنگی جیهان دەکات، بەوەش قۆناغێکی گرنگی مێژووی ڕۆژنامەگەریی عیراقی تۆمار کردووە.

بەتی کتێبێکی تری هەیە بەناوی (ئەدەبی هاوچەرخ لە عێراقی عەرەبی)، ئەم کتێبە لە دوو بەرگ پێکهاتووەء تێیدا تیشک دەخاتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ژمارەیەک شاعیر و ئەدیبی عێراق.

کتێبێکی دیکەی هەیە بەناوی ( سیحری شیعر) لەو کتێبەدا ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەفسوونی شیعر و پەخشان.

بەهۆی کتێب و نووسینە نایابەکانییەوە، (ئەمین ئەلڕەیحانی) نووسەری ناوداری لوبنانی بە (ئیبن خەلەکانی عەرەب) وەسفی کردووە.

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسانی بیانی سوودیان لە کتێبەکانی وەرگرتووە و وەک سەرچاوەی باوەڕپێکراو پشتیان

پێبەستووە، لەوانە (کارل بروکلمان)ی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی، بۆ نووسینی کتێبی (مێژووی ئەدەبی عەرەبی) سوودی زۆری لێوەرگرتووە و وەک سەرچاوە ئاماژەی پێداوە.

پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆژنامەگەری، ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٥٦، ڕۆفائیل بەتی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی پێشەنگ و ناوداری عێراق، لە تەمەنی ٥٥ ساڵیدا، لەشاری بەغداد کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کریستیانەکانی ئەو شارە بەخاک سپێردرا.



## زەها حەدید

زەها حەدید، خانمە دیزاینەرو ئەندازیارێکی تەلارسازیی جیهانییە، شۆڕشێکی نوێی زانستی لە بوارەکانی دیزاین و نەخشەسازیی تەلارسازیدا بەرپا کرد و بەشێکی وڵاتانی سەر گۆی زەوی بە بەرهەمەکانی ڕازاندەوە و وەک یادگاریی پەنجەی ڕەنگینی ئەو ژنە مەزنە ماونەتەوە، بەوەش ئەوەی نیشان دا کە توانا و مێشکی ژنان لە داهێناندا هیچی لە پیاوان کەمتر نییە و هەندێ جاریش پێش ئەوان دەکەون!

زەها محەمەد حسێن حەدید، ناوی تەواو ئەو ئەندازیارە تەلارسازەیە و بە زەها حەدید ناسراوە.

ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٠ لەشاری بەغدا لە دایک بووە.لە ئامێزی خێزانێکی ناودار و ڕووناکبیردا پەروەردە بووە، باوکی کەسایەتییەکی ناسراو بووە، یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی حزبی نیشتمانی دیموکراتی عێراق بووە و لە دوای شۆڕشی چواردەی

گەلاوێژی ١٩٥٨ بووە بە وەزیری دارایی و تا ساڵی ١٩٦٠ لەو پۆستەدا بووە و دواتر دەستی لە کارکێشاوەتەوە.
وەجیهە سابونچی دایکی زەها، هونەرمەندێکی دیاری بواری نیگارکێشان بووە و چەندین تابلۆی ناوازەی هەیە.
زەها حەدید، لە ژێر کاریگەریی باوک و دایکیدا بووە و ئیلهامی لێوەرگرتوون، باوکی هانیداوە بایەخ بە زانست و زانیاری بدات، چونکە زانست بەردی بناغەی پێشکەوتنی کۆمەڵە، دایکیشی هونەری نیگارکێشانی لەدڵیدا شیرین کردووە و لای بووە هونەر خۆراکی ڕۆژانەی گیان و مێشکە و هەوێنی ئارامی و ئاشتی کۆمەڵە.
زەها حەدید، لە شاری بەغداد خراوەتە بەرخوێندن و قۆناغەکانی خوێندنی لەو شارە تەواو کردووە، خوێندکارێکی زیرەک و زرنگ بووە.ساڵی ١٩٧٢ چۆتە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان و لەو زانکۆیە بڕوانامەی لیسانسی لە زانستی بیرکاری بەدەستهێناوە.بەڵام ئەو زانستە حەز و خولیای سەرەکی ئەو نەبووە، هەر بۆیەش بۆ خوێندنی زانستیی دڵخوازی خۆی چووە بۆ شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لەوێ لە کۆلێجی کۆمەڵەی تەلارسازی، بەشی ئەندازەی تەلارسازیی

خوێندووە، ئیدی خواستی خۆی و دایکی و باوکی لەو لقە زانستی و هونەرییەدا ئاوێزان و بەرجەستە بوون، لەسەر ڕاسپاردەی باوکی بایەخی بە بواری زانستی دا، تابلۆ ڕەنگینەکانی دایکیشی کاریگەری لەسەر زانستیی دیزاین و نەخشەی تەلارەکان هەبوو، ئەندازەی تەلارسازی و دیمەنەکانی سروشت و زانستیی زەوی پێکەوە ئاوێزان بوون و لە شاکارەکانیدا ڕەنگیان دایەوە.

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئەندازەی تەلارسازی، لە شاری لەندەن ئۆفیسی دیزاینی نەخشەی تەلارسازی دانا.

زەها حەدید، بەشێوەیەکی جیاواز لە نەخشەسازانی پێش خۆی هاتە مەیدانی دیزاینی تەلارسازییەوە، نەخشەکانی زۆر جیاواز بوو لە نەخشە کلاسیکییەکان، هیچ هێڵێکی ڕاستییان تێدا نەبوو، هەمووی هێڵی چەماوە بوون، سەرەتا پێشوازی لە دیزاین و نەخشەکانی نەکرا و وەک خەیاڵی زانستی سەیریان کرد و پێیان وابوو ئەو دیزاینانە وەک بەرهەمی ئەندازیاریی سەر کاغەز، وەک وێنە دەمێننەوە و ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

یەکێک لە داهێنانە زانستییەکانی تری زەها حەدید ئەوەبوو کە گۆشەی ۸۹ی داهێنا و ڕای وابوو گۆشەی ۹۰ بوونی نییە، ئەوەش لە دیزاینەکانیدا ڕەنگی دایەوە و دیمەنی جوان و سەرنجڕاکێشی بە تەلارەکان بەخشی.

زەها حەدید بە توانای بەرزی زانستیی خۆی توانی نەخشەو دیزاینەکانی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئیدی نەخشەکانی بوونە تەلاری سەرنجڕاکێش و لەسەرانسەری گۆی زەوییەوە پێشوازییان لێکرا و توانی ٩٥٠ نەخشەو دیزان بۆ تەلارەکان بکێشێ و لە ٤٤ دەوڵەتی جیهاندا بچنە بواری جێبەجێکردنەوە و سیمایەکی جوان و بەرزی شارستانی بەو وڵاتانە ببەحشن.زەها بەشی زۆری پڕۆژە دیزاینکراوەکانی بەچاوی خۆی بینی، بەڵام هەندێکیانی نەبینی، لە بەرئەوەی دوای مردنی تەواو کران.

زەها حەدید، ٩٥٠ پڕۆژەی دیزان و تەلارسازیی لە سەرانسەری جیهاندا جێبەجێکراون کە وەک بابەتی سەرسوڕهێنەری نوێ هاوچەرخ سەیریان دەکرێت، ئاماژە بە هەندێک لەو پڕۆژانە دەکەم، لەوانە: ( تەلاری ڕۆزنتاڵی هونەری هاوچەرخ لە ئەمریکا، تەلاری مەڵبەندی لەندەنی وەرزشی دەریایی بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیی ساڵی ٢٠١٢، مۆزەخانەی ئیلی و ئیدسی

هونەریی هاوچەرخ لە زانکۆی میشیگان لە ئەمریکا، مۆزەخانەی هونەری نیشتمانی لە ڕۆما، خانەی کولتووری حەیدەر عەلییۆف لە باکۆ، یاریگەی ئەلوەکرە لە قەتەر بۆ میوانداری جامی جیهانی ساڵی ٢٠٢٢، خانەی ئۆپێرا لەشاری گوانجۆی چین، خانەی ئۆپێرا لەشاری کاردیفی پایتەختی ویڵز، پردی شێخ زاید لە ئەبوزەبی، بارەگەی کۆمپانیای ژینگە لە شارقە، تەلاری کۆمپانیای بی ئێم دەبڵیوی ئۆتۆمبیل لە ئەڵمانیا، کتێبخانەی زانکۆی ڤیەننا، وێستگەی ئاگرکوژێنەوەی شاری ڕاینی ئەڵمانیا، لەبەر جوانی تەلارەکە دواتر کرا بە مۆزەخانە) و چەندانی دیکە.

لەپای بەخشش و داهێنانەکانی لە بواری دیزاین و تەلارسازیدا، زەها حەدید زیاتر لە ١٠٠ خەڵاتی نێودەوڵەتی پێبەخشراوە، لەوانە: (خەڵاتی بریتزکری تەلارسازیی نێودەوڵەتی، کەخەڵاتێکی بەنرخە و لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە لە ئاستی خەڵاتی نۆبڵدایە و بە نۆبلی ئەندازە ناودەبرێت، زەها یەکەم ژن بوو ئەو خەڵاتەی وەرگرت، خەڵاتی تەلاسازیی ئەمریکی، میدالیای پاشایەتیی بەریتانی بۆ ئەندازەی تەلارسازی، ویسامی شەرەفی فەرەنسی لە بوارەکانی هونەر و ئەدەبدا، خەڵاتی ستیرلینگی بەریتانی لە ئەندازەی

تەلارسازیدا، ویسامی ئیمپراپۆریەتی ژاپۆنی) و چەندانی تر.
زەها حەدید وەک مامۆستای زانكۆ لە زانكۆكانی بەریتانیا وانەی دیزاینی تەلارسازی وتۆتەوە و خزمەتی كردووە، وەک مامۆستای میوانیش لە زانكۆكانی (شیكاگۆ، هامبۆرگ، كۆلۆمبیا، نیۆیۆرک، هارڤارد و ئۆهایۆ) وانەی زانستی دیزاینی تەلارسازی وتۆتەوە و خوێندكاران بە ئاستی بەرزی زانستی و دیزاینەكانی سەرسام بوون.
پاش خزمەتێكی زۆر بە بواری دیزان و نەخشەسازیی تەلارسازی لە سەرانسەری جیهاندا، زەها حەدید لە ڕۆژی ٣١ی ئاداری ٢٠١٦ لە نەخۆشخانەیەكی شاری میامی ویلایەتی فلۆریدای ئەمریكا لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ كۆچی دوایی كرد و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەكەی برایەوە بۆ شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا و لەو شارە لە تەنیشت گۆڕی باوكی و براكەی بەخاک سپێردرا.
لەدوای خۆی بڕی ٢٥٠ هەزار دۆلاری ئەمریكی لە دوا بەجێما.ئەوەی جێگەی سەرنجە زەها حەدید لە ژیانیدا هاوسەرگیری نەكردبوو بە تەنها ژیا، ئەو عاشقی پیشەكەی بوو، شووی بە زانستی تەلارسازی كرد و

هەموو ژیانی خۆی بەو زانستە هاوچەرخە بەخشی و خاوەنی دیزاینی ٩٥٠ پڕۆژەیە لە وڵاتانی جیهاندا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کەمترین دیزاینی لە وڵاتانی عەرەبیدا جێبەجێ کراوە، خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت، هەموو جیهان بە پڕۆژەکانم سەرسام بوون، تەنها وڵاتانی عەرەبی نەبێ، کە زۆربەیان دانیان بە توانای مندا نەدەنا لەبەر ئەوەی کە ژن بووم!

زەها حەدید، لەبەغدادەوە بۆ لوبنان و لەوێوە بۆ لەندەن و لە لەندەنیشەوە بۆ هەموو جیهان بە دوای زانستی دیزاینی تەلارسازی نوێدا وێڵ بوو، لەو گەشتە دوور و درێژەی زانستدا، بەشێکی جیهانی بە نەخشە تەلارسازییە نوێیەکانی ئاوەدان و ڕووناک کردەوە، لەدوای مردنیشی وەک سامانێکی تەلارسازیی شارستانیی گەردوونیی ژنێکی بلیمەتی میزۆپۆتامیا دەمێنێتەوە و جیهان شانازیی پێکەوە دەکات.



## ساسۆن حەسقیل

زۆر جار لەهەندێ کتێب و نووسین و بڵاوکراوەدا، ناوی ساسۆن حەسقیلم دەهاتە پێش چاو کە کەسێکی جوو بووە و یەکەم وەزیری دارایی یەکەم حکوومەتی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بووە و باس لەزیرەکی و بەتوانایی لە ڕووی ڕێکخستنی سیستمی دارایی عێراقەوە دەکرا، زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر ئەم کەسایەتییە نەبوو.

لەپێشانگەی کتێبی فێستیڤاڵی گەلاوێژی ساڵی ٢٠١٨ لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، ناوونیشانێک لەسەر ئەم زاتە سەرنجی ڕاکێشام و کڕیم.

کتێبەکە نامەیەکی ماستەری ( نور مەحموود ئەلعەبدەلی)یە بە زمانی عەرەبی بەناوونیشانی(ساسۆن سەحقیل و ڕۆڵی سیاسی و ئابووری لەعێراق).

نامەکە زانیاری بەنرخی تێدایە لەسەر ژیان و کارەکانی ساسۆن.بەپێویستم زانی لەکلاورۆژنەی ئەو کتێبەوە ئەم

کەســـــایەتییە گرنـــگ و کـــاریگەرە و سەرنجڕاکێشـــە بەخوێنەری کورد بناسێنم.
ساسۆن حەسقیل کەسایەتییەکی دیـار و سەرنجڕاکێشـی جووی عێراق بوو، ڕۆڵێکی دیاری سیاسی و ئـابووری و ئیداری و پەرلەمانی لە سێ سەردەمی جیاوازدا هەبـوو، ئەوانیش سـەردەمی عوسـمانی و ئینتـدابی بەریتـانی وو حکومەتی پاشایەتی(١٩٢١-١٩٣٢).
لە ١٧ی ئـازاری ١٨٦٠ لەشـاری بەغـداد لەدایـک بـووە و لەئامێزی خێزانێکی دەوڵەمەندی جووی شاری بەغـداد و لەخـانوویەکی خۆشـی سـەر کەنـاری دیجـلە پەروەردە بـووە.خـانەوادەکەی هەمـوو پێداویسـتییەکانی ژیـانێکی خۆشگوزەران و خوێندنیان بۆ دابین کرد.
هەرئەوەش وای کـــردووە لەڕاقیتـــرین قوتابخـــانە و زانکۆکـانی بەغـداد و ئیسـتەنبووڵ، لەنـدەن و ڤییەننـا بخـوێنێ و خـۆی بەزانسـت و زانیـاری بەنـرخ پـڕ چەک بکات و سەرمایەیەکی مەعریفـی ئەکـادیمی کۆبکـاتەوە و شـارەزای بوارەکـانی ئـابووری و بازرگـانی و یاسـایی بووە.
بێجگە لە لەزمانی دایک(عیبری)، زمانەکانی عەرەبـی و ئینگلیـزی و تـورکی و فارسـی و فەڕەنسـی و یۆنـانی و لاتینی بەباشی زانیوە.

بەحـوکمی ئەوەی لەخێزانێکـی جـووی ڕۆشـنبیر بـووە، بـــایەخێکی زۆری بەخوێنـــدنەوە داوە و خـــاوەنی کتێبخـــانەیەکی گەورە و دەوڵەمەنـــدی ســـەرچاوە زانســـتییەکانی سیاســـی و ئـــابووری و بازرگـــانی و مێژوویی و یاسایی بووە.

ســـەرباری ئەوەی کە کەســـێکی جـــوو بـــووە، بەڵام لەبەرئەوەی کە توانـــایەکی زۆری ئیـــداری و یاســـایی و ئـابووری هەبـووە، لەلایەن دەسـەڵاتەکانی عوسـمانی و ئینگلیـز و پاشـایەتی عێـراق بـایەخی زۆری پێـدراوە و پۆستی باڵای وەرگرتووە.

کە خوێنـــــدنی لەدەرەوەی وڵات تەواو کـــــردووە و گەڕاوەتەوە بەغداد هێشتا تەمەنی ٢٤ ساڵ بووە، بەهۆی ئەوەی چەند زمانێکی زیندووی جیهانی زانیوە، پۆسـتی وەرگێڕی ویلایەتی بەغدای دراوەتێ کە پۆسـتێکی گرنـگ بووە و ئەڵقەی گەیاندنی والی و کونسڵخانە بیانیەکـان بـووە، مـاوەی بیسـت سـاڵ (١٨٨٤-١٩٠٤)لەو پۆسـتەدا بـــووە و لەگەڵ ٧ والیـــدا ئیشـــی کـــردووە و بەڕێـــی کردوون.ئەوەش نیشانەی بەتوانـایی و شـارەزایی بـووە لەو پۆستەدا کە هیچ والییەک نەیتوانیـوە دەستبەرداری بێت.

دواتر ماوەی چوار ساڵ(١٩٠٤-١٩٠٨) بەڕێوەبەری کەشتیرانی حەمیدیە بووە.
ساڵی ١٩١٣ بووە بەڕاوێژکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و بازرگانی عوسمانی لە ئیستەنبووڵ.
وەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عوسمانیش خزمەتی کردووە و لەسالانی ١٩٠٨تا ١٩١٤ سێ جار وەک نوێنەری شاری بەغداد بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراوە.
لەدوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا لەسالانی (١٩٢١-١٩٢٥) لەپێنج کابینەی وەزاریدا، بەهۆی شارەزایی لەبوارەکانی دارایی و ئابووری و بازرگانی، بۆ ڕکابەر وەزیری دارایی بووە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە داڕشتنی سیستەمی دارایی عێراق و داڕشتنی یاساکانی گومرگ و باج و پولی دارایی.
لەسالانی (١٩٢٥-١٩٣٢) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بووە لەسێ خولی پەرلەمانیدا و بە حوکمی ئەزموون و شارەزایی لە بوارەکانی دارایی و یاساییدا، زۆربەی خولەکان سەرۆکی لیژنەی ئەو بوارانە بووە بەتایبەت دارایی و شوێن پەنجەی بەداڕشتنی چەندین یاساوە دیارە.

نەخۆشی دەرفەتی پێنەدا زیاتر خزمەت بکا، هاوینی ١٩٣٢ بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی سەردانی شاری پاریسی کرد، بەڵام بەهۆی سەختی نەخۆشییەکەیەوە لە ڕۆژی ٣١ی ئابی ١٩٣٢ لەتەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و هەر لە پاریس بەخاک سپێردرا.

ئەوەشی جێگەی سەرنجە ساسۆن لەژیانیدا ژنی نەهێناوە و بەڕەبەنی ماوەتەوە و نووسەری کتێبەکەش مەسەلەی ژن نەهێنانەکەی بەمەسەلەیەکی شەخسیی نهێنی و شاراوە لە قەڵەم ئەدات و پەی بەو نهێنییە نەبردووە.

ساسۆن سەحقیل کەسێکی پاک و دڵسۆز بوو، هەر بۆیەش سەرباری ئەوەی کە جوو بوو، خۆشەویستی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بوو.

هەر بۆیەش زۆربەی خەڵکی عێراق بە کۆچی دوایی دڵگران بوون و لە ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٣٢ لەشاری بەغداد پرسەیەکی گەورەی بۆ دانرا و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی سیاسی و دەوڵەتی و پەرلەمانی و بیانی و کۆمەڵایەتی بەشداری پرسەکەیان کرد و هاوخەمیان بۆ دەربڕی.

شـــاعیری گەورەی عێراقـــی (مەعـــرووف رەســـافی) قەسـیدەیەکی مـاتەمی بەنـاوی شـێخی پەرلەمـان لەو بۆنەیەدا خوێندەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ساسۆن خـانوویەکی گەورەی لە کەنـاری ڕووبـاری دیجلـە هەبوو کە تەمەنـی خـانووەکە زیاتر لەسەدەیەک دەبوو، بەپێی ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی (ئەلمەدا)، دەسـتەی بـاڵای شـوێنەوار وەک خـانوویەکی دێرین و کەلەپووری ناساندبووی.کەچی ئەمانەی بەغداد دانی بەکەلەپووربـوونی ئەو خـانووەدا نەنـا و لەسـاڵی ٢٠١٦ بڕیـاری تێکـدانی دا و سـەرباری سکاڵای یاسـایی لەدادگە بڕیارەکە چووە بواری جێبەجێکردن و خانووەکە تەخت کرا.

بەپێـی ئەو ڕاپـۆرتە ئەو خـانووە کە تـا ئەم سـاڵانەی دوایـی مـابۆوە و وەک خـانوویەکی کەلەپـووریی یەکەم وەزیـــری دارایـــی عێـــراق ناســـێنرابوو، تێکـــدانەکەی ڕەهەندێکی سیاسی هەیە.



# د.شاکر خەسباک

د.شاکر خەسباک نووسەرو ئەدیب و زانایەکی ناوداری بواری زانستی جوگرافیا بوو.ئەگەرچی زیاتر وەک ئەکادیمی و زانایەکی بواری زانستی جوگرافیا ناسرابوو، ئە و سیفەتە زانستییە، سیفەتە ئەدەبییەکەی داپۆشی بوو، بەڵام کەلاپەڕەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی هەڵدەیتەوە، دەبینی کە شاسوارێکی شارەزا و پێشەنگی بواری ئەدەب بووە و لەڕشتەکانی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و ڕەخنە، شوێن پەنجەی ڕەنگینی دیارە و خاوەنی ٣٥ کتێبی بەنرخە کە بەحەوت بەرگ لەدوو تویَ ٨٠٠٠ لاپەڕەدا چاپکراون و وەک سامانێکی نیشتمانی بەیادگاری ماونەتەوە.

یەکەم: هەڵوێستی بەرانبەر بەکورد

شاکر خەسباک یەکێکە لەو نوسەروو و ڕووناکبیرە ناودارانەیە لەساڵانی پەنجاکانەوە لەنووسینە سیاسی

و جوگرافییەکانیدا بەڕوونی و ڕاشکاوی بەرگری لەمافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کردووە.
ساڵی ١٩٥٩ لەکتێبی (کورد و مەسەلەی کورد) زۆر بەڕوونی داکۆکی لەمافەکانی گەلی کورد کردووە و ڕای وابووە گەلی کورد گەلێکی جیاوازە لەگەلی عەرەب و خاوەنی ناسنامە و مێژوو و خاکی تایبەت بەخۆیەتی و ئەبێ کێشەی کورد بەئاشتیانە چارەسەر بکرێت و مافی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عێراقدا پێ بدرێ.ئەوەش بۆ ئەوکاتە بەهەڵوێستێکی ئازایانە و بوێرانە دادەنرێت و لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژوودا بەشانازییەوە تۆمار کراوە.
لەکتێبەکانی( الاكراد و العراق الشمالی) و نووسینە جوگرافیەکانی دیکەیدا زۆر بەڕوونی سنووری جوگرافی باشوری کوردستانی دوور لەدەمارگیری نەتەوەیی دیاریکردووە.سەرکردەکانی کوردستان و نووسەران و ڕووناکبیران وەک سەرچاوەیەکی رەسەن و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کەسایەتییەکی ئەکادیمی دیاری عێراق بۆ دیاریکردنی سنووری باشوری کوردستان ئاماژەیان پێداوە.
ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم کەسایەتییە نیشتمانییە گەورەیە، بەهۆی هەڵویستە جوامێرییەکانییەوە تووشی

زینـدانی و ئـازار و ئەشکەنجە و ڕاونـان و دەرکـردن لە وەزیـفە بـۆتەوە و بەناچـاری وڵاتــی بەجێهشـتووە ٢٥ ساڵی تەمەنی لەغەریبی و لەشاری سەنعای پایتەختی یەمەن بەسـەر بـردووە و دوا سـاڵەکانی تەمەنــی بـۆ چارەسەری پزیشکی چۆتە ئەمریکا و هەر لەوێ لەڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ کۆچی دوایـی کـرد.هەرچەنـد وەسێتیشی کرد بوو کە لەشاری سلێمانی بنێـژرێ، بەڵام لەئەمریکـا بەخـاک سـپێردرا و وەسـێتەکەی جێبەجــێ نەکرا.

خەسـباک لەهەمـوو قۆناغەکـانی ژیانیـدا هەڵویسـتی نەگـۆڕ و مرۆڤدۆسـتانەی بەرامـبەر بەگەلـی کوردسـتان هەبووە.

لەخۆشەویستییشـی بـۆ گەلـی کـورد و شـاری سلێمانی سـاڵی ١٩٦٢ کتێبێکــی بەناونیشـانی(کوردەکانی لیـوای سلێمانی) بەزمـانی عەرەبـی نووسـی کە تـوێژینەوەیەکی جوگرافیی کۆمەڵایەتییە.

خەسباک یەکێک لەهاوڕێ و دۆستە نزیکەکـانی سـەرۆک مــام جەلال بــووە.ســەرۆک مــام جەلال لە قۆنـــاغە جیاجیاکاندا پەیوەندی لەگەڵیدا هەبـووە و ئەوکاتەشـی کە سـەرۆک کۆمـار بـووە و خەسباک لە شـاری سـەنعا بـووە، سـەرۆک مـام جەلال بەتەلەفـۆن قسـەی لەگەڵ

کـردووە و هەواڵـی پرسـیوە و ئامـادەیی بـۆ هەمـوو هاوکارییەکی دەربڕیوە.
وەک ڕێزلێنانێـک لەم کەسـایەتییە گەورەیە و دۆسـتی ڕاسـتەقینە و بەردەوامـی گەلـی کوردسـتان، ڕێکخـراوی بـرایم ئەحـمەد فاوندەیشـن خەڵاتـی ڕێزلێنـانی بلـەی پێبەخشـی و هەر لەهـۆڵەکەدا لەلایەن نـوێنەرەکەیەوە لەسـەر ڕاسـپاردەی دکتـۆر خەسـباک، خەڵاتەکەی پێشکەش بەکەسوکاری سەربەزری شـەهیدانی کوردسـتان کرا.
هەڵویست و بۆچوونەکانی د.خەسباک بەرانبەر بەگەلـی کوردسـتان، هاوشـێوەی دیـد و تێڕوانینـی د.ئیسماعیل بێشکچیی نووسەری ناوداری تورکە، کە ئەویش چەندین کتێبـی لەسـەر کـورد هەیە و سەرسـەختانە داکـۆکی لەدابینکردنـی مافەکـانی گەلـی کوردسـتان لە تورکیـا دەکـات و لەو پێنـاوەدا قوربـانی زۆری داوە و تووشـی چەندین سـاڵ زینـدان و سزای جەستەیی و دەروونـی و دوورخسـتنەوە لە وەزیـفە بـۆتەوە، بەڵام هەر کـۆڵی نەداوە
دووەم: خەسباک و ئەدەب
دۆکتۆر خەسباک هەر لەمنداڵییەوە خولیای خوێنـدنەوە بووە، ئەو هێشتا خوێندکاری قۆناغی سەرەتایی بـووە،

کە کتێخانەی گشتیی شاری حللە، بۆتە جێی سەرنجی و کتێب و گۆڤار و رۆژنـامە نازدارەکـانی ئەو کتێبخـانەیە بـۆ لای خۆیـان کێشـیان کـردووە و لەئـاوێنەی ئەو کتێخانەیەوە ئاشنای ئەدەب بووە و کاریگەرییان لەسەر بەجێهێشـتووە.هەربـۆیەش ئەو کتێبخـانەیە بەیەکەم مامۆستای ڕاستەقینەی خۆی وەسف ئەکات.

لەقۆنـاغی دووەمـی ناوەنـدییەوە دەسـتی بەنووسـین کردووە و سەرەتا بەچیرۆک و ڕەخنە دەستی پێکـردووە و دواتر لەقۆناغی ئامادەیی بایەخی بەبوارەکانی دیکەی وەک ڕۆمـان و شـانۆ و یاداشـت داو وەک ئەدیبێکـی ناسـراو لەسـەر ئاسـتی عێـراق و نیشـتمانی عەرەب دەرکەوتووە.ئەو پڕۆژەیەکی فیکری نوێی لەدژی زوڵـم و چەوسـانەوە هەبـوو، ئەو پـڕۆژەیە بـووە هـۆی نـوێکردنەوەی ئەدەبـی عەرەبـی و بەرگێکـی نـوێی پێبەخشی.ئەو سەرباری ئەوەی لەخـانەوادەیەکی هەژار نەبوو، ئەندامی حزبی شیوعی عێراق و هیچ حزبێکی تری چەپ نەبوو، بەڵام ئەو خاوەن بیروبـاوەڕێکی چەپ و پێشکەوتنخواز و مـۆدرێن بـوو، هەمیشە لایەنگـری هەژاران و زەحمەتکێشـان بـوو، خەمە چینـایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لەنووسینەکانی بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا بەتایبەتی ڕەنگی دابۆوە.

بەهـۆی هەڵوێسـت و نووسـینەکانی کە وەک نووسـەر و ئەدیبێکـی چەپ ئەیناسـاند، دوو جـار زینـدانی کـرا و ئازارو ئەشکەنجە دراو لەزانکۆ دەرکرا، بەڵام کۆڵی نەدا و دواتر خەم و ئازارەکانی ناو ژووره تاریکەکانی زیندان بوونە سەرچاوەی ئیلهامی نووسینەکانی و لەچیرۆک و ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی دایەوە.

بەهـۆی نووسـین و هەڵوێسـتەکانی چیتـر نەیتـوانی لەوڵاتەکەی خۆی بژی و مەترسی بۆ سـەر ژیـانی پەیدا بـوو، بـۆیە بەناچـاری وڵاتـی بەجێهێشـت و ٢٥ سـاڵ تەمەنی لەئـاوارەیی و دوور لەنیشـتمان لەوڵاتـی یەمەن بەسـەر بـرد، زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکـانی بەتـایبەت ڕۆمانەکـانی لەشـاری سـەنعای پـایتەختی ئەو وڵاتە نووسی و لەوێ و لوبنان چـاپ و بڵاوکـرانەوە، بەهـۆی جـوانی و کـاریگەری بەرهەمەکـانی، هەنـدێ لە ڕۆمانەکـانی بـۆ سـەر زمـانی عیبـری وەرگێـڕدران و لەئیسرائیل بڵاوکرانەوە.

ئەو هەمیشـە دژی سـتەم و چەوسـانەوە و دیکتـاتۆریەت بوو، هەر بۆیەش لەسـەردەمی ڕژێمـی سـەدام حسـێندا، ناوو بەرهەمەکانی قەدەغە و بڤە بـوو، چـونکە ئەو دژی سـتەمی دیکتـاتۆری بـوو، دوو کتێبیشـی لەوبـارەیەوە نووسـیوە ئەوانـیش بەنـاوی ( پەڕاوەکـانی سـەرۆک و

دیکتـــاتۆر)، خـــۆی گـــوتەنی بەوپەڕی بـــوێرییەوە ڕووبەڕووی گەورەتـــرین دیکتـــاتۆری جیهـــانی عەرەب بۆتەوە کە سەدام حسێن بووە.

خەسباک لەژێر کاریگەری چیخۆفدا ڕۆمانەکانی بەچڕی و پـڕی و پـوختی لەنێـوان (٨٠-١٠٠)لاپەڕە نووسـیوە و حەزی لە درێـژدادڕی نەبـووە و ڕای وابـووە خـوێنەری سەردەمی ئەو کاتی زۆری نییە و ئەبێ بەرهەمـی چڕ و پـوختی بـدرێتێ و وەک خـوێنەری سـەردەمی سـەدەی ١٩ نییە کە کتێبی(١٠٠٠-١٥٠٠) لاپەڕەیی بخوێنێتەوە.

پشکی شێری بەرهەمە ئەدەبییەکانی دکتـۆر خەسـباک خـۆی لەڕۆمانـدا ئەبینێـتەوە و لەکـۆی ٣٥ بەرهەمـی ئەدەبی ١٥یان ڕۆمانە.

ئەو هەر زوو بەئەدیـبە ناودارەکـانی جیهـان سەرسـام بـووە و زۆر لەژێـر کـاریگەریی شـێوازی نووسـین و دەربڕینی چیخۆفدا بووە و لەپەنجاکاندا کتێبێکی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی چیخۆف نووسیوە.

کەچـووە لەنـدەن بـۆ خوێنـدن، بەرهەمـی ئەدیبـانی جیهـــانی بەزمـــانی ئینگلیـــزی خوێنـــدۆتەوە و بەبەرهەمەکـانی تۆڵسـتۆی و دۆیستۆڤسـکی سەرسـام بووە.بەڵام ئەوەی جێی سـەرنجە شیعری نەنووسیوە و بایەخی پێنەداوە، هەر وەک خۆی باسی ئەکـات، ئەڵـێ

هەرچەند (محەمەد مەهدی ئەلبەسیر)ی خاڵم شاعیرێکی ناودار بوو، بەشاعیری شۆڕشی بیست ناسرابوو، بەڵام من لەشیعر تۆرام، ئەوەش بەهۆی ئەوەی جارێک پارچە شیعرێکم نووسی و پیشانی خاڵم دا، ئەویش گوتی چیت داوە لەشیعر خەریکی خوێندنەکەت بە!، ئیدی لەوەوە شیعرم لەبەرچاو کەوت و بەلایدا نەچوومەوە

سێیەم: خەسباک و جوگرافیا

د.خەسباک لەدوا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی نمرەیەکی بەرز دێنێ و ئەچێتە زانکۆی قاهیرە و لەوێ لەبەشی جوگرافیا بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست ئەهێنی و دواتر ئەچێتە لەندەن و بڕوانامەی دۆکتۆرا لەبواری جوگرافیای مرۆیی وەرئەگرێ.

وەک دۆکتۆر و پرۆفیسۆری بواری زانستی جوگرافیا لەزانکۆکانی بەغدا و ریاز و سەنعا خزمەتی کردووە و سەتان خوێندکار لەسەردەستی ئەو بڕوانامەی ماستەرو دۆکتۆرایان وەرگرتووە.

سەرباری خزمەتەکانی لەبوارەکانی پەروەردە و خوێندن، د.شاکر خەسباک بایەخی بەنووسین و توێژینەوەی زانستی لەبواری جوگرافیا دا و خاوەنی چەندین کتێبی بەنرخە لەو بوارەدا، ١٤ کتێبی بەنرخ و

دانسقەشی لەبواری جوگرافیادا بۆسەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە کە بەشاکارەکانی ئەو بوارە دائەنرێن.هەر بۆیەش وەک زانایەکی بواری زانستی جوگرافیا لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە و بەهۆی ئەوەوە چەندین جار خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

د.شاکر خەسباک وەک شاسوار و پێشەنگێکی بواری ئەدەب و زانایەکی قاڵبووی زانستی جوگرافیا، نزیکەی ٧٠ساڵی تەمەنی بەخزمەتکردن بەبوارەکانی خوێندن و پەروەردە و نووسین و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی بەخشی و خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی ناوازەیە کەبەشانازییەوە لەلاپەڕە درەوشاوەکانی مێژوودا تۆمار کراون.

ئەم ئەدیب و زانا ناسراو و دۆستە جوامێرەی گەلی کوردستان، ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری کالیفۆڕنیای ویلایەتی لۆس ئەنجلسی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە غەریبی و دوورە وڵاتی سەری نایەوە.



# شکسپیر

ولیـــــام شکســـــــپیر، کەســــــایەتییەکی گەورەی کولتووریی جیهانییە، وەک شاعیر و شانۆنووس و ئەکتەر، لەسەردەمی ڕێنیسانسی ئینگلیـزی خزمەتێکـی گەورەی بە سـامانی کولتـووریی شارستانیی ئینگلیز و مرۆڤـایەتی کـردووە و خەرمانێـک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری وەک یادگاریی شیرین لەدوا بەجێماوە.بەرهەمەکانی بۆ زیـاتر لە ٨٠ زمـانی جیهـان وەرگێڕدراون.ئێستاش بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکـانی خوێنەر و بینەری تایبەتی خۆیـان لەسەرانسـەری گـۆی زەویدا هەیە.

ولیـام شکسـپیر لە سـاڵی ١٥٦٤ لە شـاری سـتراتفۆردی وڵاتـی بەریتانیـا لەدایـک بـووە، لەئـامێزی خێزانێکـی خانەدانی ئەو شـارەدا پەروەردە بـووە، بـاوکی بازرگـان بووە، دواتر بووە بە سەرۆکی شارەوانی ستراتفۆرد.

شکسـپیر هەر لەو شـارە خوێنـدوویەتی و فێـری زمـانی لاتینی بوو، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بەرهەمی ئەدیبان

و هونەرمەنـدانی جیهـانی بەو زمـانە بخـوێنێتەوە و زانیـاریی بەسـوودی کولتوورییـان لێوەربگرێـت و بـۆ نووسـینی بەرهەمە ئەدەبـی وهونەرییەکـانی سـوودیان لێوەربگرێت.

شکسپیر سالّی ١٥٨٢ لە تەمەنی ١٨ سـالّیدا لەگەڵ کچـی جووتیـارێکی نزیـک شـارەکەی خـۆی بەنـاوی (ئانـا هاسوەی) هاوسەرگیری کرد، کە بە تەمەن هەشت سالّ لەخـۆی گەورەتـر بـوو، جیـاوازیی تەمەن گرفتـی بـۆ دروسـت نەکـردن، بەڵکـوو پـێکەوە گونجـان و بە ئاسـوودەیی و بەخـتەوەری پـێکەوە ژیـان، دوو کـچ و کوڕێکیـان بـوو بەناوەکـانی ( سـۆزانا، جـۆدیس و هافیت)، جۆدیس و هافیت دووانە بوون.

هـافیتی کوڕە تاقـانەکەی لە تەمەنـی ١١ سـالّیدا کـۆچی دوایی کرد، ئەو کۆچە ناوادە پڕ سوێیە، بووە مـایەی خەمێکـی قـووڵی بە ئـازار بـۆ شکسـپیر و کـاری لەدڵ و دەروونـی کـرد و تـا ٤ سـالّ بەو خەمەوە تـلایەوە و لەو چوار سالّەدا هیچی نەنووسی.

سـالّی ١٥٩٢ شکسـپیر زێـدی خـۆی بەجێهێشت و چـووە شـــاری لەنـــدەن، ئەو شـــارە گەورە و پێشـــکەوتووە کـاریگەری لە سـەر بەجێهێشـت و زیـاتر لە نووسـینە ئەدەبی و هونەرییەکانیـدا قـووڵ و قـالّبۆوە، ئیـدی لەو

شارەوە زیاتر ناسرا و بووە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئەدەب و هونەر، نەک تەنها لە شاری لەندەن، بەڵکو لەسەرانسەری جیهاندا شەوقی دایەوە.
شکسپیر لە هەردوو بواری شیعر و شانۆدا خزمەتی کرد. نووسینەکانی بە زمانێکی ئینگلیزیی سەنگین و پاراو دەنووسی، وشە و زاراوەکانی هێندە جوان و نوێ و شیرین بوون، فەرهەنگی زمانی ئینگلیزییان دەوڵەمەند و نوێ کردەوە.
ساڵی ١٥٩٣ یەکەم قەسیدەی درێژی بەناوی ( ڤینۆس و ئەدۆنیس) نووسی، ئەو قەسیدەیە توانا و سەلیقەی بەرزی شیعریی ئەویان دەرخست و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.
دواتر چەندین قەسیدەی تری نووسی کە لوتکەی ئەفراندن و داهێنان بوون.بەهەمووی ١٥٨ قەسیدەی کورت و شیعری گۆرانی و دوو قەسیدەی درێژیشی نووسی.
ساڵی ١٦٠١ هەموو شیعرەکانی لە دوو تویی دیوانێکدا چاپ و بڵاو کرایەوە.
شکسپیر، بێجگە لە شیعر، بایەخی زۆری بە بوارێکی دیکە دەدا، ئەویش بواری شانۆ بوو، ٣٩ شانۆگەری نووسیوە و خۆشی لەگەڵ تیپی نواندندا وەک ئەکتەر

ڕۆڵــی لەو شـانۆگەرییانەدا بینیـوە، شـانۆگەرییەکانی بەزر و سەرنجڕاکێش و ئاوێنەی دەروون و ناخی مرۆڤ بوون، خەم و ئازار و جوانی و خۆشییەکانی سەردەمی خۆیـــان دەخســـتەڕوو، جەمـــاوەرێکی زۆر ســـەردانی نمایشەکانیان دەکرد و

به نـــاوەڕۆکی شـــانۆگەرییەکان و ڕۆڵـــی جـــوانی ئەکتەرەکـــان سەرســـام دەبـــوون، هەربـــۆیەش شـانۆگەرییەکان زیـاتر لە شـیعر، شکسـپیریان لەسـەر ئاستی وڵات و دەرەوە ناساند.

شکسـپیر سـەرەتا بەشـانۆگەریی کۆمیـدی و مێژوویـی وەک: (هێنـری شەشـەم، کۆمیـدیای هەڵەکـان) دەسـتی پێکرد.

ساڵی ١٥٩٦ شانۆگەری (ڕۆمیۆ و جۆلیت)ی نووسی، کە شانۆگەرییەکی تراژیدی و ڕۆمانسی بوو.

دواتـر شـانۆگەرییەکانی ( یۆلیـۆس قەیسـەر، هاملێت، عوتەیـڵ مـاکبیس، بازرگـانی ڤینیسـیا، ئەنتـۆنی و کلیۆپـاترا)ی نووسـی.ئەم شـانۆگەرییانە توانـای بەرزی شکسپیریان نیشان دا و ئەویان بردە لوتکە.

لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا، شکسپیر شێوازی نووسین و داڕشتنی شانۆگەری گۆڕی و زیاتر بایەخی بە نووسینی شـانۆگەری ڕۆمانسـی دەدا، لەوانە (زریـان، چیرۆکـی

زستان و سیمپلین).ئەوەش وەچەرخانێکی گرنگ بوو لە نووسینی شانۆگەرییەکانی و قۆناغی تراژیدیای بەجێهێشت.
هەتا لە ژیاندا بوو هەموو شانۆگەرییەکانی پێکەوە چاپ و بڵاو نەکرانەوە، بەڵکو تەنها ١٨ شانۆگەری چاپ و بڵاوکرانەوە.
دوای حەوت ساڵ لە کۆچی دوایی، لە ساڵی ١٦٢٣دا، ٣٦ شانۆگەری لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ و بڵاوکرانەوە، بەوەش شانۆگەرییەکانی لە فەوتان ڕزگارکران.
دۆکیۆمێنت و دەستنووسەکانی هێندە بەنرخن و بەبەهان، ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، خانەی کریستی لە نیویۆرک، دەستنووسی کتێبی شانۆگەرییەکانی ساڵی ١٦٢٣ی شکسپیری لە زیادکردنێکی ئاشکرادا بە ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی فرۆشت، ئەوەش بەرزترین نرخی تۆمارکراوی دەستنووسێکی ئەدەبییە لە جیهاندا.
توێژەران چەندین لێکۆڵینەوەیان لە سەر شیعر و شانۆگەرییەکانی شکسپیر کردووە، بەرهەمەکانی شکسپیریان لە لوتکەی ئەدەب و هونەر و سامانی کولتووریی شارستانیی ئینگلیزی و جیهانیدا داناوە.

زۆربەی ڕەخنەگرانی ناوداری بواری شانۆ، ئاماژە بە توانا و سەلیقە و بەهرەی هونەریی شکسپیر دەکەن، چەند شانۆگەرییەکی شکسپیر لە لوتکەی هونەری بەرزی ئینگلیزی و جیهانیدا دادەنێن، کە ئەم شانۆگەرییانەن (هاملێت، ڕۆمیۆ و جولێت، ماکبیس و یۆلیۆس قەیسەر).ئەوانی دیکەشیان بایەخ و بەهای خۆیان هەیە.

شکسپیر تا دوا ساڵەکانی تەمەنی لەشاری لەندەن ژیا، ساڵی ١٦١٣ دوا دوو شانۆگەری نووسی و گەڕایەوە بۆ شاری ستراتفۆردی زێدی خۆی، پاش سێ ساڵ مانەوە لەو شارە و بەڕێکردنی دوا ڕۆژەکانی ژیانی، لە ڕۆژی ٢٣ی نیسانی ١٦١٦ لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە شاری ستراتفۆرد بە خاک سپێردرا.

هەرچەند شکسپیر تەمەنێکی زۆر نەژیاوە، بەڵام لەو تەمەنەدا گەورەترین خزمەتی بە ئەدەب و هونەری ئینگلیزی و جیهانی کردووە، خەرمانێک بەرهەمی کولتووریی بەنرخی لە شیعر و شانۆگەری لە دوا بەجێماوە، کە تا ئێستاش خوێنەر و بینەری تایبەتییان لەسەرانسەری جیهاندا هەیە.

وەک ڕێزلێنانێک لەم کەسایەتییە کولتوورییە مەزنە، لە وڵاتی خۆی و وڵاتانی دیکەی جیهان، چەندین

پەیکەری بۆ دروستکراوە و چەندین شوێنی گشتی بە ناوی ئەوەوە ناونراون.
ماڵەکەشی لەشاری ستراتفۆرد کراوە بە مۆزەخانە و ساڵانە هەزاران کەس سەردانی ئەو مۆزەخانەیە دەکەن و یادگارییەکانی دەبینن.
شکسپیر لە سنووری جوگرافیای ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای مەزندا ژیا، ئەو ئیمپراتۆریەتەی بە زەبری هێزی سەربازی باڵی بەسەر بەشێکی زۆری وڵاتانی سەر گۆی زەویدا کێشابوو، بەهۆی فراوانی و بەرینی سنووری جوگرافی و قەڵەمڕەوی ئەو ئیمپراتۆریەتەوە، وا وەسف دەکرا کە خۆری لێ ئاوا نابێ.
شکسپیر بەهێزی نەرم و نیانی قەڵەمەکەی و لە ڕێی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانییەوە، سنووری ئەو ئیمپراتۆریەتە مەزنەی بەزاند و سەرانسەری گۆی زەوی داگیر کرد.
ئیدی هێزی نەرمی کولتوور و بەرهەمی بەپێزی ناوداران وەک ڕەشەبا وایە سنووری دەوڵەتان و گەلان دەبەزێنێ وهیچ بەربەستێک لە بەردەمیدا خۆی ناگرێ.
بینیمان لەسەردەمی جەنگی ساردا جیهان بەسەر بلۆکی کۆمۆنیستی و سەرمایەداریدا دابەش کرابوو، پەیوەندی نێوان گەلانی سنووری ئەو دوو بلۆکە پچڕا بوو، بەڵام

هێزی نەرمی کولتوور ملکەچی ئەو پچڕان و دابەشبوونە نەبوو، هەربۆیەش بەرهەمی نووسەرانی ناوداری بلۆکی ڕۆژهەڵات لە شارەکانی سنووری بلۆکی رۆژئاوا جمەی دەهات و لەندەن و واشنتن و شارەکانی دی باوەشیان بۆ بەرهەمەکانی دۆستۆڤسکی و پۆشکین و چیخۆف ئەوانی دی دەکردەوە، بەهەمان شێوە مۆسکۆ و شارەکانی دی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەهرەمەند دەبوون لە بەرهەمەکانی شکسپیر و ڤیکتۆر هۆگۆ و دانتی و ئەوانی تر.



# عەزیز نەسین

عەزیز نەسین، کەسایەتییەکی گەورەی کولتووریی تورکیایە، لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا خزمەتێکی زۆری کردووە، خاوەن دەیان بەرهەمی کولتوورییە لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و شیعر و شانۆدا، زۆربەی بەرهەمەکانی کۆمیدی و تەنزن، بە یەکێک لە لوتکەکانی ئەدەبی کۆمێدی دادەنرێت.

محەمەد نەسرەت نەسین ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە مەزنەیە، بە عەزیز نەسین ناسراوە.

ڕۆژی ٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩١٥، لە گەرمەی یەکەمین جەنگی گێتیدا، لە دوورگەیەکی دەریای مەڕمەڕەی نزیک لە کەنارەکانی ئیستەنبووڵ لە دایک بووە.لە ئامێزی خێزانێکی هەژاردا پەروەردە بووە.لە بەر هەژاری و نەداریی خانەوادەکەی نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانەی مەدەنی بۆ خوێندن.لەبەر ئەوەی چۆتە قوتابخانەی سەربازی کە خوێندن لەو قوتابخانەیە بەپارە نەبووە و

بێبەرامبەر بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەربازی تەواو کردووە.ساڵی ١٩٣٥ لەکۆلێجی جەنگی وەرگیراوە و ساڵی ١٩٣٧ تەواوی کردووە، هەمان ساڵ چۆتە کۆلێجی سەربازیی تەکنیکی و پاش دووساڵ خوێندن لەو کۆلێجە بڕوانامەی بەدەستهێناوە و بووە بەئەفسەر.لەبەر ئەوەی حەزی بە هونەر بووە، دوو ساڵ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی.

ئیدی وەک ئەفسەر لە بواری سەربازی خزمەتی کردووە، نەسین خولیای خوێندنەوە و نووسین بووە، سەرەتا بە نووسینی شیعر و چیرۆک دەستی پێکردووە، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسای سەربازی نەدەبوو بنووسێت و بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو بکاتەوە، هەر بۆیەش بە ناوی خوازراوی عەزیز نەسین چیرۆکەکانی و بەناوی خوازراوی وەدیعە نەسین شیعرەکانی بڵاودەکردەوە.

نەسین بە بیروباوەڕی مارکسیزم سەرسام بووە، هێشتا ئەفسەر بوو بەنهێنی پەیوەندی بە پارتی کۆمۆنیستی تورکیاوە کرد، بەهۆی ئەوەوە ساڵی ١٩٤٤ لە سوپا دەرکرا.

ئیدی خۆی بۆ نووسینی کۆمیدی و تەنزئامێز تەرخانکرد، نووسینەکانی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، دەسەڵاتی ئەو کاتەی تورکیا پێی هەزم نەدەکرا.

عەزیز نەسین بایەخی بەکاری ڕۆژنامەنووسی داوە، ساڵی ١٩٤٦ لەگەڵ سەباحەدین عەلیی هاوڕێی، ڕۆژنامەی ( ماركۆ پاشا)یان دەرکرد، ڕۆژنامەکە خەڵکێکی زۆر بە تاسەوە دەیانخوێندەوە و ڕۆژانە ٦٠٠٠٠٠ دانەی چاپ دەکرا و زۆربەی ژمارەکانی دەفرۆشران، بەهۆی وتارەکانی نەسین لەو ڕۆژنامەیە، زیندانی کرا و ڕۆژنامەکە داخرا، دواتر بە چەند ناوێکی تر ڕۆژنامەی دەرکرد، لەوانە (مەعلوم پاشا، مەرحوم پاشا، عەلی بابا، مارکۆ پاشای نوێ).

ساڵی ١٩٤٧ بەهۆی ئەوەی لە وتارێکدا ڕەخنەی لە هنری ترومانی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا گرتبوو، لەو کاتەشدا ئەمریکا هاوپەیمانی تورکیا بوو، دادگەی سەربازیی تورکیا دادگایی کرد و سزای ١٠ مانگ زیندانی و دوورخستنەوەی بۆ ویلایەتی بۆرسە بەسەردا سەپاند، سێ مانگ و نیو بە دوورخراوەیی لەو ویلایەتە مایەوە.

ساڵی ١٩٥٠ جارێکی تر زیندانی کرا بەهۆی ئەوەی چەند بەشێکی کتێبی سەرمایەی (کارڵ مارکس)ی بۆ سەر زمانی تورکی وەرگێڕابوو.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ساڵی ١٩٥٥ جارێکی دی سزای زیندانی بەسەردا درا و ماوەی چەند مانگێک لە زیندان مایەوە، بەبێ ئەوەی بزانێت لەسەر چی زیندانی کراوە!
عەزیز نەسین، بێ لە نووسین خولیایەکی تریشی هەبوو، ئەویش کاری فۆتۆگرافی بوو، لە ساڵانی ١٩٥٢–١٩٥٤، کاری فۆتۆگرافی کرد، دواتر کتێبخانەیەکی ئەهلی بۆ فرۆشتنی کتێب و بژێویی ژیانی کردەوە، بەڵام لەبەر بێ بازاڕی زۆر لەسەر ئەو کارە بەردەوام نەبوو.
عەزیز نەسین، زۆر بایەخی بە نووسینی چیرۆکی کۆمیدی داوە و زیاتر لە ٢٠٠٠ چیرۆکی نووسیوە، هەموو چیرۆکەکانی کۆکراونەتەوە و لەچەند بەرگێکدا چاپکراون و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.
عەزیز نەسین، بایەخی بەهونەری شانۆ داوە و ١٧ شانۆنامەی نووسیوە، ئەو شانۆگەرییانە لە ناوخۆی وڵات نمایشکراون، بۆ زمانەکانی دیکەش وەرگێڕدراون و لە وڵاتانی دیکە نمایش کراون.
نەسین، بەهۆی ئەوەی لە خێزانێکی هەژار بووە، بە منداڵی بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خانەی بێسەرپەرشتان بووە، ساڵی ١٩٧٢ خانووەکەی خۆی کردووە بە خانەی هەتیوان، داهاتی فرۆشتنی کتێبەکانی و هاوکاری

هاوڕێیان و خێرخـوازانی بـۆ بەڕێـوەبردنی ئەو خـانەیە تەرخـان کـردووە و چەنـدین منـداڵی بێسەرپەرشت لەو خانەیە سوودمەند بوون.خۆشی هەندێ کاتی لەگەڵ ئەو منـدالانە بـردۆتە سـەر و بە قسـە و گـاڵتە و گەپەکـانی دڵخۆشی کردوون.

عەزیز نەسین، لە نووسینەکانیدا بەرگری لە هەژاران و زەحمەتکێشـــان و گەلە چەوســـاوەکان کـــردووە، لەو چوارچێـوەیەدا بەرگـری لە مافەکـانی گەلـی کـورد لە تورکیا کردووە و داوای کردووە دان بەزمان و کولتـووری ئەو گەلە ڕەسەنەدا بنرێت، بەهـۆی ئەوەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و دادگاییکردن بۆتەوە.

عەزیز نەسین خاوەنی دەیان کتێبی چـاپکراوە، لەوانە( گـێلە پیـاو، قـۆڵبڕ، بیرەوەرییەکـانی دوورخـراوەیەک، بەشـەرتی چەقـۆ، کـوا کورتـانی کەرەکە؟، تـورک لە بولگاستان و کورد لە تورکیا، پاشا زادە، ژنانی وشیار ترسناکترن، فس فس پاڵەوان، حزبی کەرامەت و حزبـی سـەلامەت، کەری تۆپیـو، مەرگـی مووچەخۆرێـک، بێناسنامەکان، منداڵی ئـاخر زەمـان، ئەو بەرخەی بـوو بەگـورگ، گیـانلەبەران بە کەم مەگـرن، کـام حـزب سەرکردەیە؟) و چەندانی دیکە.

زۆربەی بەرهەمەكانی بۆ زمانە زیندووەكانی جیهانی وەرگێڕدراون.

چەندین بەرهەمی ئەو بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕدراوە، مامۆستایان (عەبدوڵڵای حەسەن زادە، عەزیز گەردی، شوكوور مستەفا) لەو وەرگێڕە شارەزا و دەستڕەنگینانەن كە چەندین بەرهەمی ئەویان بەكوردییەكی شیرین و ڕەوان وەرگێڕاوە.

لە پای ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی پێشكەش بەگەلانی جیهان و مرۆڤایەتی كردووە، عەزیز نەسین چەندین جار لە سەر ئاستی ناوخۆ و جیهان خەڵات كراوە، لەوانە (خەڵاتی گەڵای ئاڵتوونیی ئیتاڵیا ، خەڵاتی سمۆرەی ئاڵتوونیی بولگاریا، خەڵاتی تیمساحی یەكەمی یەكێتیی سۆڤیەت، خەڵاتی فێستیڤاڵی ئاسیا و ئەفریقیا، خەڵاتی توركیا بۆ سێ شانۆنامە) و چەندانی تر.

عەزیز نەسین بایەخی بەرێكخراوە پیشەییەكان داوە، نیسانی ١٩٦٧ بە جێگری سەرۆكی ئەدیبانی توركیا و ئایاری هەمان ساڵ بە سەرۆكی سەندیكای نووسەرانی توركیا هەڵبژێردراوە.

ئەحمەدی كوڕی عەزیز نەسین، لەسەر ڕێبازی باوكی ڕۆیشتووە، ساڵانی نەوەتەكان لەسەر بەرگریكردن لە

مافەکـانی گەلـی کـورد دەسـتگیر کـراوە و سـاڵی ٢٠١٥ لەسەر لیستی هەدەپە خـۆی بـۆ ئەنـدامێتیی پەرلەمـانی تورکیا پاڵاوتبوو.

عەزیـز نەسـین دەڵێـت: (زاناکـان نەیـانتوانی بەرد بـۆ گەوهەر بگۆڕن، بەڵام مـن تـوانیم فرمێسک بـۆ پێکەنـین بگۆڕم)!

پـاش خزمەتێکـی زۆر بە کـایەی ئەدەبـی و هـونەری، گـۆڕینی خەم و ئازارەکـانی خەڵـک لەڕێـی تەنـز و کۆمیـدیاوە بـۆ بـزەو پێکەنـین، ڕۆژی ٦ی تەممـووزی ١٩٩٥، عەزیز نەسین نووسەر و ئەدیبی ناوداری تور کیا و جیهان لەشاری ئەزمیـر بە جەڵـتەی دڵ کـۆچی دوایـی کرد و هەموو جیهانی خەمبار کرد.

نەسـین وەسـێتی کردبـوو، ڕێوڕەسـمی ناشـتنی بـۆ نەکرێت، هاوڕێیەکی ڕاسپاردبوو بەنهێنـی لە شـوێنێک کە خـــۆی دیـــاری کردبـــوو، بینێـــژن، وەســـێتەکەی جێبەجێکـــرا و چەنـــد کەســـێک لە خـــانەوادە و ئەو هاوڕێیەی بەنهێنی لەو شوێنە ناشتیان!



## عەلی وەردی

عەلـــــی وەردی بیرمەنـــــد و زانـــــایەکی کۆمەڵناســـــی عێــراقییە، خـــاوەن دیـــد و تێڕوانینـی زانستی بوو، لە بەرتیشکی چرای زانستدا سروشتی کۆمەڵگەی عیراقـی شیکردۆتەوە، تـا ئێستا کتێـب و لێکـۆڵینەوە زانسـتییەکانی وەک سـەرچاوەی گرنگ و بایەخدار لە بواری کۆمەڵناسیدا بەکاردێن، ئەو بەپێشەنگی زانستیی کۆمەڵناسی لەعێراق و نیشتمانی عەرەبدا دادەنرێت و تا ئێستا جێگە و پێگەی لەو بـوارە بە چـۆڵی مـاوەتەوە و کەس نەیتوانیـوە شـوێنی پـڕ بکاتەوە.

عەلـی حسین موحسین عەبدولجەلیل ئەلـوەردی نـاوی تەواوی ئەم زانـــا کۆمەڵناســـەیە و بە عەلـــی وەردی ناسـراوە، نازنـاوی وەردی لەوەوە هـاتووە کە پیشـەی باپیرە گەورەی گوڵاو دروستکردن بووە لەشاری بەغدا، ئیـدی ئەو نازنـاوە بـووە بە نازنـاوی خانەوادەکەیـان و

وەردی بـۆتە پاشـگری نـاوی عەلـی و بەو نازنـاوەوە ناسراوە و کتێب و توێژینەوەکانی بڵاوکردۆتەوە.
وەردی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩١٣ لە ناوچەی کازمییەی شـاری بەغـدا لە دایـک بـووە، لە ئـامێزی خێزانێکـی مامناوەندی پەروەردە بووە.سـەرەتا خـراوەتە خوێنـدنی ئاینی و دواتر خوێندنی میری، ساڵی ١٩٢٤ لە قۆنـاغی خوێنـدنی سـەرەتایی، وازی لە خوێنـدن هێنـاوە، ڕووی کردۆتە بازاڕی کار و کاسپی، لە دوکانێکی عەتاری وەک شـاگرد کـاری کـردووە.وەردی خولیـا و ئاشـقی خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە بـووە، تەنـانەت لە کـاتی کارکردنی لەو دوکـانەدا هەر سـەرقاڵی خوێنـدنەوە بـووە و کڕیارەکـانی فەرامـۆش کـردووە، لەبەرئەوە خـاوەن دوکـانەکە دەریکـردووە، دواتر خـۆی دوکانێـک دادەنێت و سـەربەخۆ کـاری تێـدا دەکات.
سـاڵی ١٩٣١ عەلـی وەردی چـوەوە بەرخوێنـدن و لە قوتابخانەی ئێواران درێژەی بەخوێندن دا و قۆناغەکانی خوێنـدنی بەسـەرکەوتوویی بـڕی و لە دوا قۆنـاغی ئامـادەیی نمرەی بەرزی بەدەستهێنا و سێیەمی عێراق بوو.

لەپاداشتی ئەوەدا حکوومەتی عێراق بۆ خوێندن ناردی بۆ زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت و ساڵی ١٩٤٣ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستێهینا و گەڕایەوە شاری بەغداد و بە مامۆستا دامەزرا لە ئامادەیی مەرکەزی لە بەغداد.

دواتر حکوومەتی عیراق بۆ خوێندن ناردی بۆ زانکۆی تەکساس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ساڵی ١٩٤٨ بڕوانامەی ماستەر و ساڵی ١٩٥٠ بڕوانامەی دکتۆرای لەو زانکۆیە بەدەستهێنا.نامەی ماستەرەکەی لەسەر سۆسۆلۆژیای ئیسلام بوو، نامەی دکتۆراکەشی لەسەر تیۆری زانستی لای ئیبن خەلدوون بوو.

دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرا گەڕایەوە وڵات و بوو بە مامۆستا لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا، ساڵی ١٩٥٣ بەهەوڵی د.عەلی وەردی بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێجی ئاداب کرایەوە، ئەوەش بۆ یەکەمجار لە زانکۆکانی عێراق ئەو بەشە نوێیە بکرێتەوە و خوێندکاران وەربگرێ و ئەو زانستە نوێیە بخوێنن.

سەرباری بایەخدان بە خوێندن لەو کۆلێجە، د.وەردی لەبەر چرای زانستیدا دەستی بە توێژینەوەی زانستی

کرد و چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی زانستی پێشکەش کرد، لێکۆڵینەوەکانی نوێ و زانستی بوون.
ساڵی ١٩٥١ د.عەلی وەردی، کتێبی (کەسایەتیی تاکی عیراقی) نووسی، لەم کتێبەدا بەشێوەیەکی زانستی کەسایەتیی تاکی عیراقی شیکردۆتەوە و گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە تاکی عیراقی کەسایەتییەکی دووفاق و دووڕووە، لەژێر کاریگەری فەرهەنگی لادێ و شاردا بووە و لە فەرهەنگی لادێ ڕزگاری نەبووە و نەشیتوانیوە فەرهەنگی شار بە تەواوی قبووڵ بکات، لەژێر کاریگەری هەردوو فەرهەنگەکەدا بووە، هەر بۆیەش تاکی عیراقی دووفاق و دووڕوو بووە، ڕەفتاری پێچەوانەی گوفتاری بووە، ئەم بۆچوونە نوێیانە چەندین دوژمنی لەمپەڕی ڕاستەوە بۆ ئەوپەڕی چەپ بۆ دروستکردووە، نەتەوەپەرستە عەرەبەکان بە کەسێکی هەرێمیی تۆمەتباریان کرد، چونکە کتێبەکەی تایبەت بوو بە کەسایەتیی تاکی عێراق، نەک هەموو نیشتمانی عەرەب، چونکە ئەوان ڕایان وابوو گەلی عەرەب لەسەرانسەری نیشتمانی عەرەبدا یەک گەلە و دەبێ بە گشتی باسی ئەو گەلە بکرێ و پارچە پارچە نەکرێ و بە تەنها لە کەسایەتیی تاکی هەرێمی عیراق نەکۆڵدرێتەوە

و بەگشتی تـوێژینەوە لە کەسـایەتیی تـاکی عەرەبـی لە سەرانسەری نیشتمانی عەرەبدا بکرێ!

لە لایەکی تـرەوە، د.عەلـی وەردی کەوتە بەر نەشـتەری ڕەخنەی توندی شیوعییەکانەوە، شیوعییەکان ڕەخـنەی ئەوەیـــان لە وەردی گـــرت کە توێژینەوەکـــانی لە بەر ڕۆشـنایی ڕێبـازی مـاددی مێژوویـیـدا نەنووسـیوە و لە دیدی سەرمایەدارییەوە نووسراون.

وەردی هـــیچ گـــوێی بەو ڕەخنـــانە نەدا و ئەو لەبەر ڕۆشنایی چـرای زانسـتی کۆمەڵناسـی، ئەو زانسـتەی لە زانکـۆی تەکساسـی ئەمریکـی فێـری بـوو بـوو، کتێـب و توێژینەوەکانی دەنووسی و بڵاویدەکردەوە.

ئەوەی جـــێگەی ســـەرنجە، د.عەلـــی وەردی هـــیچ تـــوێژینەوەیەکی لەســـەر کەســـایەتیی تـــاکی کـــورد نەکـــردووە، تەنهـــا باســـی کەســـایەتیی تـــاکی عیراقـــی دەکات، وەردی لە کتێبی ( تـوێژینەوەیەک لە سروشـتی کۆمەڵگەی عیراقی) ئاماژە بەوە دەکات کە لە سروشـت و کەســـایەتیی تـــاکی کـــوردی نەکۆڵیـــوەتەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی زمانی کوردی نەزانیوە!

ســـاڵی ١٩٥٤ د.عەلـــی وەردی کتێبـــی ( واعیزەکـــانی سوڵتان)ی بڵاوکردەوە، لەم کتێبەدا تیشکی خسـتە سـەر کێشە و نـاکۆکی نێوان هەردوو مەزهەبی شیعە و سـوننە

و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو کێشەیە کێشەیەکی کۆنی نێوان کەسایەتییەکانی ئەو دوو مەزهەبە بووە، وەردی ڕای وابووە کە سەردەم گۆڕاوە و ئیدی کۆتایی بەو کێشەو ناکۆکییانە بهێنرێ و درێژەی پێنەدرێت.
ئەو بۆچوونانەی وەردی، شیعە و سوننەکانی تووڕە کرد و هەردووکیان لە دژی وەستانەوە.
وەردی گوێی بەڕەخنە و گلەییەکان نەدا و ئەو لەسەر کار و بەرهەمە زانستییەکانی بەردەوام بوو، وەردی خاوەنی ١٨ کتێب و دەیان توێژینەوەی زانستییە، دەیان کتێب و توێژینەوە لە سەر فیکر و بەرهەمەکانی نووسراون، بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون.
تا ساڵی ١٩٧٠وەک مامۆستای زانکۆ خزمەتی کرد، لەو ساڵەدا لەسەر داوای خۆی خانەنشین کرا.
ئیدی گونجی قەناعەتی گرت، چونکە دەسەڵاتدارانی بەعس بە نووسینەکانی مورتاح نەبوون و وەک بابەتی بڤە و قەدەغە سەیریان دەکرد، هەر بۆیە وەردی دوور لە چاوان کاری دەکرد و زیاتر خۆی بۆ خوێندنەوە و نووسین تەرخانکرد.هەندێ کتێب و توێژینەوەی ڕێگەی بڵاوکردنەوەی لەسەردەمی بەعسدا پێنەدرا و هەندێکی

دیکەشــی دابــوو بەخــانەوادەکەی دوای مردنــی بــڵاوی بکەنەوە.
لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بــوو، بەهــۆی گەمــارۆی ســەر عیــراق و خراپــی دۆخــی تەندروســتیی نەخۆشــخانەکانی عێــراق، بــۆ چارەســەر ڕوویکردە عەممانی پایتەختی ئوردن و لـە نەخۆشـخانەی حســێن چارەســەری وەرگــرت، بەڵام بەهــۆی قورســی نەخۆشییەکەیەوە، دکتۆرەکان دەرەقەتی چارەسەرکردنی نەهــاتن و چارەســەر نەکــرا و بە نائومێــدی گەڕایەوە شاری بەغداد.ڕۆژی ١٣ی تەمموزی ١٩٩٥ کـۆچی دوایـی کرد و هەر لەو شارە بەخاک سپێردرا.
وەردی خزمەتێکــــی زۆری بە زانســـتی کۆمەڵناســـی و خوێندنەوەی کـۆمەڵگەی عیراقی کـرد و دەیـان کتێـب و تــوێژینەوەی زانســتی لە دوای خــۆی بەجێهێشــت، هەرچەند بە جەستە ڕۆیشتووە، بەڵام فیکـر و تێـڕوانین و بەرهەمە زانستییەکانی بە نەمری دەمێننەوە.



# فرانسوا میتران

فرانسوا میتران کەسایەتییەکی دیـاری سیاسـی و دەوڵەتـی فەڕەنسا بـوو، ڕۆڵێکـی دیـاری لەمێـژووی ئەو وڵاتە هەبـوو، ئەو وەک سـەرۆکی حـزب و وەزیـرو سـەرۆک کۆمـار ساڵانێکی دورو درێژ خزمەتی کرد و وەک کەسایەتیەکی مەزن لەدەرگایەکی گەورەوە چووە دیرۆکەوە.
مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٧، کتێبێک لەسەر ئەم پیـاوە گەورەیە دەرچـوو، کە پەردەی لەسـەر لایەنێکـی ژیـانی شـاراوە و پەنهـانی هەڵـدایەوە، کە جـێگەی سـەرنج و تێڕامانە.
کتێبەکە بەنـاوی (نامەکـان بـۆ ئـان)ە و تیشک ئەخـاتە سەر چیرۆکی خۆشەویستی نهێنی نێوان میتران و ئان.
کتێبەکە بەزمانی فەڕەنسـی نوسـراوە و ١٢٥٠ لاپەرەیە و ١٢١٧ نامەی خۆشەویستی لە خۆگرتووە کە لەماوەی ٣٣ ساڵدا میتران بۆ ئانی خۆشەویستی نووسیوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە متیران کە خێزاندار بووە و خاوەنی دوو مناڵ و تەمەنی ٤٦ساڵ بووە، لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا ئەکەوێتە داوی خۆشەویستی کیژۆڵەیەکی ١٩ ساڵەوە و وەک هەرزەکارێک کە تازە کەوتبێتە داوی خۆشەویستییەوە ڕەفتار ئەکات و ڕازی دڵی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی لەڕێی نامەوە دەرئەبڕێ و ماوەی ٣٣ ساڵ و تا دوا ڕۆژەکانی تەمەنی لە نامەنوسین بەردەوام ئەبێ.ئەوەی جێگەی سەرنجە، نامەکان بەخەتی خۆی ئەنوسێ و بەشێوازێکی ئەدەبی جوان دایان ئەڕێژێ و هەندێ جاریش بەشیعر موتوربەیان ئەکات.

لەدوو تویێ نامەکاندا ئەوە دیارە کە میتران ڕۆشنبیرییەکی قووڵی هەیە و شارەزایەکی زۆری لە ئەدەب وهونەری وڵاتەکەیدا هەیە.

خۆشەویستەکەی پسپۆڕی بواری پەیکەرتاشی و بەڕێوەبەری مۆزەخانەیەکی پاریس بووە، هەربۆیەش میتران ویستویەتی شارەزایی لەو بوارەشدا بۆ خۆشەویستەکەی نیشان بدات و لە نامەکانیدا باسی ئەو هونەرەشی کردووە.

لەسەرەتای کاروانی عیشق و خۆشەویستیەکەیدا لەنامەیەکدا بۆ ئان ئەنوسێ کە خۆشەویستی ئەو

ئیلهام بەخشی ئەوە بۆ بڕینی ڕێگایەکی سەخت و دژوار و گەیشـــتن بەدەســـەڵات و کۆشـــکی ســـەرۆکایەتی، کە بەئاواتەکەشی ئەگات لەسالی ١٩٨١ و ئەبێ بەسـەرۆک کۆمـــار، هەر لەخۆشەویســـتی بەردەوام ئەبـــێ و ئەو ئەشقە لە دڵیدا بەداگیرساوی ئەمێنێتەوە و بەمـاوەیەکی کەم پێش کۆچی دوایی، میتران دوا نامەی بۆ ئەنوسێ و ئەڵـێ مـن لەژیانمـدا کەسێکی بەختـدار بـووم کە تـۆم ناسی، ئیتر چۆن ئەبێ تۆم زۆر خۆش نەوێ؟

میتـــران لەو پەیوەنـــدییە خۆشەویســـتیە لەگەڵ ئـــان منـداڵێکی بەناشـەرعی بـوو و لەهەنـدێ لەنامەکانیـدا باسی ئەکات و ئەیلاوێنێتەوە.هەروەها وەسێتی ئەوەش ئەکات کە لەدوای مردنی ئـان و کـچەکەی لە ڕێورەسمی ماڵئاواییدا بەشداری بکەن و ئەوە بـوو دانیـال میترانـی هاوســـەری وەســـێتەکەی بە جێگەیانـــد و ئەوانـــیش هاوشانی خۆی لە بەڕێکردنی تەرمەکەیدا ئەڕۆیشتن.

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە ئانی خۆشەویستی میتران لەژیانـدا مـاوە و ئەو کـات ڕێگەی بەبڵاوکـردنەوەی ئەو نامـــانەدا کە میتـــران و دانیـــالی هاوســـەری لەژیانـــدا نەمابوون.

کوڕێکی میتران لەو بارەیەوە ئەڵـێ خۆشـحاڵم کە دایکـم ئەو نامانەی نەبینی.!



# فەیروز

فەیروز، هونەرمەندێکی مەزن و نـــــــــاوداری لوبنانییە، خزمەتێکی زۆری بەکاروانی هونەری لوبنانی و مرۆڤایەتی کردووە، شوێن پەنـجەی بە نـوێکردنەوە و گەشەپێدانی سترانی عەرەبییەوە دیارە.

نوهـــــاد رزق وەدیـــــع حەداد نـــــاوی تەواوی ئەو هونەرمەنـدەیە و بە (فەیـروز) ناسـراوە.٢١ی تشـرینی دووەمـی ١٩٣٥ لەشـاری بەیروتـی پـایتەختی لوبنـان لە دایـک بـووە.لە ئـامێزی خێزانێکـی ئاشـووری پەروەردە بووە، بـاوکی کرێکـاری چاپخـانە و دایکـی کابـانی مـاڵ بووە.

فەیـروز هەر لە منـداڵییەوە خولیـای هـونەری گـۆرانی بـووە، هێشـتا خوێنـدکاری قۆنـاغی سـەرەتایی بـوو، سروودە نیشتمانییەکانی دەوتەوە، بەدەنگە بەسۆزەکەی بـوو بـووە جێـی سـەرنجی مامۆسـتای هـونەر و بە دەنگخۆشی قوتابخانەکەی ناودێری کرد.

ساڵی ١٩٤٦ لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی قوتابخانەیەکدا، سروودێکی پێشکەش کرد، محەمەد فلێفل ژەنیار ئاوازدانەر بەدەنگی فەیروز سەرسام بوو، داوای لێکرد بچێتە پەیمانگای میوزیک و بۆ ئەوەی ئاشنا بێ بە زانستیی هونەری گۆرانی و موزیک، فەیروز بەو داوایە خۆشحاڵ بوو، بەڵام باوکی ڕازی نەبوو کچەکەی بچێتە ئەو پەیمانگەیە و دواتر لەبەردەم خەڵکدا گۆرانی بڵێ، بەڵام محەمەد فلێفل توانی باوکی ڕازی بکات بەوەی کە فەیروز تەنها سروودی نیشتمانی بڵێ و ئیدی باوکی بەو مەرجە ڕازی بوو کە جۆزیفی برای لەکاتی خوێندن لەو پەیمانگەیە لەگەڵیدا بێت، ئیدی فەیروز چووە ئەو پەیمانگەیە و لەوێ هونەرەکانی گۆرانی و میوزیکی خوێند و سوودی لێوەرگرت.

شوباتی ١٩٥٠ پەیوەندی بە تیپی (برایان)ی ڕادیۆی لوبنانەوە کرد، ئەو تیپە سروودی قوتابخانە و سروودی نیشتمانی پێشکەش دەکرد.حەلیم ئەلڕۆمی سەرۆکی بەشی میوزیکی ڕادیۆی لوبنان بەدەنگی نوهاد سەرسام بوو، نازناوی فەیروزی پێبەخشی و ئیدی بەو نازناوەوە ناسرا.

سەرەتای نیسانی ١٩٥٠، ئەلڕۆمی ئاوازی بۆ یەکەم گۆرانی فەیروز بەناوی (ترکت قلبی) دانا، ئیدی ساڵی

١٩٥٢ گۆرانییەکانی لە سەر کاسێت تۆمار دەکرد، دواتر عاسی ئەلڕەحبانی هونەرمەندی میوزیسیانی ناسی و لەگەڵ ئەودا دەستی بەکاری هونەری کرد و کەوتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە و خۆشەویستییەکە بە هاوسەرگیری کۆتایی هات و ساڵی ١٩٥٥ زەماوەندیان کرد.

ئەلڕەحبانی ڕۆڵی دیاری هەبوو لە گەشەپێدانی هونەری و ناساندنی فەیروز بە هەموو جیهان.

فەیروز، بە دەنگە هێمن و نەرمەکەی توانی شۆڕشێک لە گۆرانی عەرەبیدا بەرپا بکات گۆرانی کورت و ماناداری پێشکەش کرد، کە پێشتر گۆرانییەکان درێژ بوون، بەوەش هەوادارێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە.

فەیروز گۆرانی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ لوبنان و فەڵەستین وتوە، گۆرانی بۆ خۆشەویستی و بۆ منداڵان و بۆ مرۆڤایەتی وتووە.

تا ئێستا خاوەنی ٦٢ ئەلبوومی گۆرانییە، کە نزیکەی ٨٠٠ گۆرانی لەخۆگرتووە، ئەلبوومی (لە خەیاڵمە) دوا ئەلبوومی گۆرانی بوو.

لەدوای کۆچی دوایی (عاسی ئەلڕەحبانی) هاوسەری، فەیروز لەگەڵ چەند ئاوازدانەری دی وەک (فیلمون

وەهبە و زەکی یاسین) کاری کردووە و چەندین گۆرانی ناوازەی پێشکەش کردووە.
زیادی کورێشی هونەرمەند و ئاوازدانەرێکی بەتوانا بووە و پشتیوانێکی بەهێزی دایکی بووە و چەندین ئاوازی بۆ گۆرانییەکانی داناوە و بەشێوەی کۆنسێرت لەگەڵ ژەنیارانی ئەرمەنی و سوری و لوبنانی پێشکەش کراون.لە دیارترین ئەو کۆنسێرتانە ئەمانەن (چۆنی تۆ؟، فەیروز لە بەیتەدین٢٠٠٠، بەڵێ هیوا هەیە، لەبیرمە).
فەیروز وەک هونەرمەندێکی جیهانی ناسراوە، هەر بۆیەش لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا ئاهەنگی گۆرانی پێشکەش کردووە و خاوەن هەوادار و جەماوەرێکی زۆر بووە و ئێستاش خاوەنی گوێگر و هەواداری تایبەتی خۆیەتی.
فەیروز گۆرانی بۆ پادشا و سەرۆکەکان نەوتووە، بەڵکوو گۆرانی بۆ خەڵک و نیشتمان و ڕەنگە جیاوازەکانی وتووە، خاوەنی نزیکەی ٨٠٠ گۆرانییە، هەر بۆیەش هونەرمەندێکی خۆشەویستی هەمووان بووە.
فەیروز لوبنانی زۆر خۆشویستووە، بە دڵ گۆرانی بۆ وتووە، سەرەڕای ئەوەی (لەیال)ی کچی لەشەڕی ناوخۆی لوبناندا لەماڵەکەی خۆیدا بە بۆردوومان

گیانی لە دەستدا، ئەو ڕووداوە برینێکی قووڵی لە دڵیدا جێهێشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی نەهات لوبنانی زێدی خۆشەویستی بەجێبهێڵی و لە ژێر ئاگری شەڕی ناوخۆدا ژیانی بردەسەر.
لەماوەی شەڕی ناوخۆدا بە بێدەنگی ماوەیە و هیچ گۆرانی و سروودێکی نەگوت، لەبەرئەوەی نەک بەقازانجی یەکێک لە لایەنە شەڕکەرەکان لێکبدرێتەوە!
هەر بۆیەش بە هونەرمەندی هاوبەش و ناوکۆیی و خۆشەویستی هەمووان و نیشتمان و مرۆڤایەتی مایەوە.
فەیروز لە ساڵانی (١٩٦٢–١٩٧٧) لە ناو شانۆگەرییەکان و لە سەر تەختی شانۆ نزیکەی ١٥ گۆرانی وتووە و گۆرانییەکانی هێندە جوان و کاریگەربوون، بە شاژنی شانۆ وەسفیان کردووە.
فەیروز کەسایەتییەکی فرە بەهرە بووە، بێجگە لە هونەرەکانی سروود و گۆرانی و شانۆ، بایەخیشی بەهونەری سینەما داوە و وەک ئەکتەری سەرەکی لە چەند فیلمێکدا ڕۆڵی دیاری بینیوە و بەشداری ئەم فیلمانەی کردووە: (فرۆشیاری ئەنگوستیلە ١٩٦٥، کۆچی بە کۆمەڵ ١٩٦٧، کچە پاسەوان ١٩٦٧).
فەیروز وەک پێشکەشکاری هونەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی لە تەلەفزیۆنەکانی لوبنان پێشکەش

کــردووە، لەوانە: (بازنــگ ١٩٦٣، دەفتەرەکــانی شــەو ١٩٧٣).

فەیـــــروز وەک هونەرمەنـــــدێکی گەورە و نـــــاوداری نێودەوڵەتی ناسـراوە، هەر بـۆیەش میـدیای جیهـانی بـایەخی زۆری پێداوە و تیشکی خستۆتە سەر ژیـان و بەرهەمەکـانی و چەنـدین چـاوپێکەوتنی ڕۆژنـامەوانی و تەلەفزیۆنیـان لە گەڵـدا ئەنجـام داوە.چەنـدین فیلمـی دۆکیۆمێنتـاری لەســەر ژیــانی تــایبەتی و هــونەری بەرهەمێنراوە، لەوانە (فیلمی ژیانی فەیروز لە کەنـاڵی ٨ی فەرەنســی، فیلمــی دراوســێی مانــگ لە کەنــاڵی ئەلجەزیرە، فیلمی خـاتوو فەیروز لە کەنـاڵی جەدیدی لوبنانی) و چەندانی تر.

بەهـۆی ئەو خـزمەتە زۆرانەی فەیـروزی هونەرمەنـدی نـاودار و ئەفسـانەیی لە بـواری گـۆرانی و میوزیـک و هـونەرە جوانەکـانی دیـکەدا پێشـکەش بە وڵاتەکەی و مرۆڤـایەتی کـردووە، چەنـدین جـار لە سـەر ئاسـتی نـاوخۆیی و جیهـانی خەڵاتـی بەهـاداری پێبەخشـراوە، لەوانە (خەڵاتـی فەیلەقـی شـانازیی فەڕەنسـای دووجـار پێبەخشـراوە، یەکەمیـان لەسـاڵی ١٩٨٨ لەلایەن جـاک شـیراکی سـەرۆکی فەڕەنسـا، دووەمیـان سـاڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئیمانۆیـل مـاکرۆنی سـەرۆکی فەڕەنسـا، ئەوە

مانای بایەخی فەڕەنسا و مایەی شانازییە بۆ فەیروز کە دوو جار ئەو خەڵاتەی پێبەخشراوە، خەڵاتی پێشەوای هونەر و وێژەی فەڕەنسای ساڵی ١٩٨٨ی لەلایەن فرانسۆ میترانی سەرۆکی فەڕەنسا پێدراوە، خەڵاتی کلیلی شاری لاس ڤێگاسی ئەمریکا ساڵی ١٩٩٩) و چەندان خەڵاتی دیکەی نێودەوڵەتیی پێبەخشراوە.
هەروەها خەڵاتی درەختی ئەرزی لوبنانی ساڵی ١٩٦٣ی بە پلەی سوارچاک و خەڵاتی میدالیای ئاڵتوونی ساڵی ١٩٧٥ی شا حسێنی ئوردنی پێدراوە.
ساڵی ٢٠٠٥ زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان نامەی دکتۆرای شانازی پێبەخشیوە.
فەیروز، کە ئێستا تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵە و هەشتا ساڵی ئەو تەمەنە بەپیتەی بە کایەکانی کولتوور بەخشی و لە لوتکەی داهێنان و ئەفراندنی هونەریدا وازی لە هونەری گۆرانی وتن هێنا و وەستا، ئێستا وەک سیمبۆلێکی درەوشاوەی هونەری عەرەبی و مرۆڤایەتی بەسەرکەشی ماوەتەوە و جێگەی شانازیی هەمووانە.



# ڤیکتۆر هۆگۆ

ڤیکتۆر هۆگۆ، کەسایەتییەکی مەزنـــــــی کولتـــــــووری فەڕەنسـییە، وەک شـاعیر و ڕۆمـــــاننووس و نووســــەر خزمەتـی زۆری کـردووە و شـوێن پەنـجەی ڕەنگینـی بە ئەدەبـی ڕۆمانسـیی فەڕەنسـییەوە دیـارە و لـەو بـوارەدا پێشەنگ و سەرمەشقە.

ڤیکتـۆر مـاری هۆگـۆ، لە ڕۆژی ٢٦ی شـوباتی ١٨٠٢ لە شـاری بیزانسـۆنی وڵاتـی فەڕەنسـا لە دایـک بـووە، لە ئامێزی خێزانێکی ناودار پەروەردە بووە، باوکی ژەنەڕاڵ بووە لە سوپای ناپلیۆن.

هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە و گەیشـتۆتە زانکـۆ و بڕوانـامەی یاسـای بەدەسـتهێناوە، بەڵام هـیچ بەڵگەیەک بەردەست نییە کە کاری پارێزەری کردبێت.

ڤیکتۆرهۆگۆ هێشتا منداڵ بوو دایک و باوکی لە یەکتـری جیابوونەوە، ئەو جیـابوونەوەیە کـاری نەرێنـی لەسـەر دەروونـی بەجێهێشـت، هۆگـۆ لەگەڵ دایکیـدا مـایەوە و

پـێکەوە سـەفەریان بـۆ شـارەکانی نـاپۆلیی ئیتاڵیـا و مەدریـدی ئیسـپانیا کـرد و دواتـر گەڕانەوە بـۆ شـاری پاریس.

هۆگۆ لەسـەرەتای ژیـانی گەنجیـیەوە خولیـای شیعر و ئەدەبی کلاسیکی بوو.سـەرەتا بە شیعر دەسـتی پێکـرد، وەک بـاس دەکـرێ هۆگـۆ بەیانیـان زوو دەینووسـی، هەمـوو بەیـانییەک ١٠٠ دێـڕ شـیعر، یـاخود ٢٠ لاپەڕە پەخشانی دەنووسی.

ساڵی ١٨٢٢ لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا یەکەم دیوانە شـیعری بڵاوکردەوە.شیعرەکانی زۆر جوان و بەرز و بڵند بـوون، هەربـۆیەش دەنگـدانەوەیەکی زۆری لەو سـەردەمەدا هەبوو.ساڵی ١٨٢٣ یەکەم ڕۆمانی بە ناوونیشانی (هـان دیسلاند)ی نووسـی، ئەو ڕۆمـانە و توانـا و سـەلیقەی ئەدەبی ئەوی نیشاندا.

دوای ڕۆمان نووسین، هۆگـۆ بـایەخی پەلیکـی درەختـی هونەرە جوانەکان دا، ئەویـش شـانۆگەری بـوو، سـاڵی ١٩٢٧ شـانۆگەریی (کرۆمۆڤێـل)ی نووسـیی، کە شانۆگەرییەکی کلاسیکی بوو باسی یەکگرتنی لایەنگرانی کۆمـاری و پاشـایەتییەکانی لە دژی کرۆمـۆڤێلی لـۆردی بەریتانی دەکات، هۆگۆ لە شانۆنووسینیشـدا قەڵەمێکـی بەبڕشتی هەبوو.

ساڵی ١٨٢٩ ڕۆمانی (دواهەمین ڕۆژی حوکمدراوێکی بەسێدارە)ی نووسی و لە ڕۆمانەکەدا ڕەخنە لە حوکمی لە سێدارەدان لەو سەردەمەدا دەگرێت.
ساڵی ١٨٣١ ڕۆمانی (قەمبوورەکەی نۆتەردام)ی نووسی، ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی مێژوویی و ڕۆمانسییە، باسی خۆشەویستیی نێوان کوڕێکی قەمبووری خزمەتگوزاریی کەنیسەی نۆتەردام و کچە سەماکەرێکی قەرەج دەکات، ڕۆمانەکەدا چیرۆکی خۆشەویستیی پاکی نێوان ئەو دوو عاشقە دەگێڕێتەوە و ئاماژە بەوە دەکات کە کەمئەندامی جەستە جوانی ناشارێتەوە، چونکە جوانی لە ڕۆحدایە نەک لە جەستەدا!
ساڵی ١٨٥١ بەهۆی سەرکەوتنی ئیمپراتۆریەتی دووەمەوە بۆ برۆکسڵ هەڵهات.
ساڵی ١٨٥٦ کتێبی (تەئەمووولاتی دیوان)ی بڵاوکردەوە، ئەو کتێبە کۆمەڵێک شیعری لە خۆگرتبوو، کە هۆگۆ لە ماوەی ٢٠ ساڵدا نووسیبوونی، بەپێی زنجیرەی زەمەنیی خەیاڵی ڕێکیخستبوون.لەو دیوانەدا هۆگۆ ڕای وابووە تەئەموول بوونی مرۆڤە کە لە بێشکەوە دەست پێدەکات و لە گۆڕدا کۆتایی دێت.
ساڵی ١٨٦٢ ڕۆمانی ( بێنەوایان)ی نووسی، ئەو ڕۆمانە بەگرنگترین ڕۆمانی ڤیکتۆر هۆگۆ دادەنرێت و باسی زوڵم

و زۆری، خۆشەویستی و قوربانیدان لە گەڕەکەکانی پاریسی ئەو سەردەمەدا دەکات.ئەو ڕۆمانە ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن محەمەد شڵماشیی وەرگێڕەوە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراو لە چاپخانەی ئەلحەوادسی بەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە، شڵشماشی هێندە بەکوردییەکی پاراو و ڕەوان ئەو ڕۆمانەی وەرگێڕاوە هەر دەڵێی لە بنەڕەتدا بە زمانی کوردی نووسراوە.

هۆگۆ ساڵی ١٨٦٦ ڕۆمانی (کرێکارانی دەریا)ی نووسی، ئەء ڕۆمانە باسی چیرۆکی خۆشەویستی ڕاوچییەک و ژنێکی جوان دەکات و کۆتاییەکی خەمناکی هەیە.(جەوهەر مەحموود داراغا)ی وەرگێڕ ئەو ڕۆمانەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.چەند ڕۆمانێکی دیکەی هۆگۆ و شیعر و شانۆگەرییەکانیشی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

ساڵانی (١٨٧٧–١٨٧٨) هۆگۆ کتێبی (مێژووی تاوان)ی بە دوو بەرگ نووسی، ئەو کتێبە کتێبێکی مێژوویی بوو، بەڵام بە شێوەی ڕۆمان نووسرابوو، هۆگۆ ئەو ڕۆمانەی لە مەنفا نووسی بوو، لەو ڕۆمانەدا باسی وردەکاریی کودەتای لویس ناپلیۆنی بۆ بوون بەئیمپراتۆری فەڕەنسا کردووە.

ساڵی ١٨٧٤ ڤیكتۆر هۆگۆ ڕۆمانی (٩٣)ی نووسی، ئەو ڕۆمانە دوا ڕۆمانی هۆگۆ بوو، ئەو ڕۆمانە لە سێ بەش پێكهاتووە و باسی ڕووداوەكانی دژە شۆڕشی ڤیندی و شوانریی ساڵی ١٧٩٤ دەكات كە دژە شۆڕشیی شۆڕشی فەڕەنسی بوو.

لەو ڕۆمانەدا هۆگۆ لەڕێی سێ پاڵەوانەوە دید و تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە پاڵەوانێتی و شەرەف دەخاتە ڕوو و بە وێنەی كامێرایەكی سینەمایی ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕووداوە مێژووییەكانی پاریس.

ڤیكتۆر هۆگۆ نیگاركێشیش بووە، بە یەكێك لە هونەرمەندە نیگاركێشە ناودارەكانی سەدەی نۆزدە دادەنرێت. ئەگەرچی سەرەتا وەك حەز و خولیایەكی كەسیی، لەسەر دیوارەكان نیگاری دەكێشا، بەڵام دواتر لەو هونەردا قاڵبۆوە، دەیان تابلۆی ناوازەی كێشا، كە توانا و سەلیقەی بڵندی هونەری ئەو نیشان دەدەن و تا ئێستا لە مۆزەخانەكەیدا پارێزراون، ساڵانە هەزاران گەشتیار و هەوادارانی هونەری سەردانی مۆزەخانەكەی دەكەن و یادگارییەكانی دەبینن.

ڤیكتۆر هۆگۆ لە دوا ساڵەكانی كۆتایی تەمەنیدا، چەند كۆستێكی بەسەردا هات و سێ ئەندامی ئازیزی خانەوادەكەی گیانیان لەدەستدا، لە نێوان ساڵانی

(١٨٦٨– ١٨٧٣)، واتە لە مـــــاوەی پێـــــنج ســـــاڵدا هاوســەرەکەی و دوو کــوڕی کــۆچی دواییــان کــرد، ئەو کۆستانە بوونە مایەی خەمێکی قووڵی ئـازار بەخـش بـۆ هۆگۆ و چەند ساڵێک دوای ئەوان بەو خەمـانەوە سـەری نایەوە.

پاش خزمەتێکی زۆر بەکایەکانی (شیعر، شانۆ، ڕۆمان) و پێشکەشـــــکردنی ٧٠ کتێـــــب لەو بـــــوارانەدا بە نامەخانەکانی وڵاتی فەڕەنسا و جیهـان، ڤیکتـۆر هۆگـۆ لە ڕۆژی ٢٢ی ئایاری ١٨٨٥لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کـۆچی دوایی کرد و لەڕێوڕەسمێکی فەرمی و میللیدا، کە سـەدان هەزار کەس ئامادەی بوون، لە گۆڕستانی (نـاوداران) لە شاری پاریس بەخاک سپێردرا.

ڕاستە ڤیکتۆر هۆگۆ بە جەستە ڕۆیی و ماڵئـاوایی کـرد، بەڵام بەهـــۆی بەرهەمە هـــونەری و ئەدەبیەکـــانییەوە هەمیشە بە نەمری و زیندوویی دەمێنێتەوە.

وەک ڕێزلێنـــان لەو کەســـایەتییە کولتـــورییە مەزنە، مـاڵەکەی کـراوە بە مۆزەخـانە و وێـنەی خرابـووە سـەر دراوی فەڕەنسی و چەندین شوێنی گشتی بەناوی ئەوەوە ناونراون و پەیـکەری بـۆ دروسـتکراوە.بەرهەمەکـانی بـۆ زۆربەی زمانەکـــانی جیهـــان وەرگێـــڕدراون و ژیـــان و ڕۆمانەکانی کراون بەفیلمی دۆکیۆمێنتاری و سینەمایی.



## گالیلۆ

گالیلۆ گالیلی، زانا و فەیلەسوفێکی مەزنی ئیتاڵیا بوو، لە بوارەکانی فەلسەفە و گەردووناسی و بیرکاری و فیزیادا، خزمەتی زۆری بە کاروانی زانست کردووە و بە ڕابەری شۆڕشی زانستی نوێ دادەنرێت.

ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٥٦٤ لە شاری پیزای ئیتاڵیا لەدایک بووە، لە ئامێزی خێزانێکی خانەدان و هونەرپەروەردا پەروەردە بووە.

گالیلۆ تا تەمەنی ١٠ ساڵی، لە لای دایک و باوکی خوێندی، دواتر خرایە کەنیسە بۆ ئەوەی وانە ئایینییەکان بخوێنێ.

دوای ئەوەی خانەوادەکەی چووە فلۆرەنسا، گالیلۆ ڕوویکردە زانکۆی پیزا و لە کۆلێجی پزیشکی دەستی بەخوێندن کرد، بەڵام هەر زوو وازی لەو خوێندنە هێنا و بایەخی بەزانستەکانی بیرکاری و فیزیا دا.

دوای ئەوەی لە خوێندنی پزیشکی شکستی هێنا، ساڵی ١٥٨٥ گالیلۆ بۆ شاری فلۆرەنسا گەڕایەوە و لەوێ بوو

بەمامۆستای بیرکاری، شانبەشانی کاری مامۆستایی، بۆ ماوەی دوو دەیە، لە تەنە جوڵاوەکانی کۆڵییەوە و کتێبێکی بە ناونیشانی (هاوسەنگی سادە) لەو بارەیەوە نووسی.
دوای قاڵبوونەوەی لە بوارەکانی بیرکاری و فیزیادا، لەزانکۆی پیزا بە مامۆستا وەرگیرا، لە گەڵ وانەوتنەوەدا، دیراسەی تەنە کەوتووەکانی کرد و گەیشتە چەند ئەنجامێکی زانستیی نوێ، تێزەکانی گالیلۆ پێچەوانەی تێزەکانی ئەرستۆ بوو، کە زانیاریی باو و باوەڕپێکراوی ئەو سەردەمە بوو، بۆ ئەوەی تێزە نوێیەکەی بسەلمێنێ، گالیلۆ تاقیکردنەوەیەکی کرد و چەند تەنێکی کێش جیاوازی لەسەر لوتکەی بورجی لاری شاری پیزاوە خستە خوارەوە، هەموو تەنەکان پێکەوە کەوتنە سەر زەوی، ئەوەش پێچەوانەی تێزەکانی ئەرستۆ بوو.
گالیلۆ دژی ئەو تێزەی ئەرستۆ بوو، کە پێی وابوو زەوی چەقی گەردوونە، ئەو بڕوای وابوو کە خۆر چەقی گەردوونە.
خستەڕووی ئەو بۆچوونانە لە لایەن گالیلۆوە بووە هۆی ئەوەی هاوڕێکانی لێی دوور بکەونەوە و زانکۆی پیزاش گرێبەستەکەی بۆ نوێ نەکاتەوە.

لەدوای ئەوە، زانکۆی پادۆڤا بانگهێشتی کرد و ئامێزی بۆ کردەوە و وەریگرت، بۆ ماوەی ١٨ ساڵ گالیلۆ وانەکانی بیرکاری و ئەندازە و میکانیک و گەردووناسی و تەلارسازیی سەربازی وتەوە.

ساڵی ١٦٠٤ گالیلۆ یاسای جوڵانەوەی خێرای بە شێوەیەکی یەکگرتوو دۆزییەوە.

ساڵی ١٦٠٥ گالیلۆ دەستی بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی ئەستێرەی نۆڤا کرد، بە سەر زارەکی پشتگیریی لە بیردۆزەکەی ئەرستۆ دەکرد، بەڵام بەنهێنی و لە دڵەوە باوەڕی بەبیردۆزی (کۆپەرنیکۆس) بوو، ئەو بیردۆزە جەختی لە ناوەندێتیی خۆر لەگەردوون و سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەکردەوە.

ساڵی ١٦٠٩ گالیلۆ یاسای تەنە کەوتووەکانی دۆزییەوە، ئەوەی سەلماند کە تەنەکان سەرباری جیاوازیی کێشیان لە بەردانەوەدا لە یەک کاتدا پێکەوە دەکەونە سەر زەوی.

هەمان ساڵ، گالیلۆ زانیاری ئەوەی پێگەیشت، کە لە هۆڵەندا ئامێرێک دروستکراوە، شتە دوورەکان دەبینێ و نزیکییان دەکاتەوە، گالیلۆ ئەو ئامێرەی پەیداکرد و گەشەی پێدا و ئامێری تەلسکۆپی داهێنا و توانی تەنەکان ٢٠ جار گەورەتر نیشان بدات.

گـاليلۆ بەهـۆی تەلسـكۆپەوە ئەوەی ئاشـكرا كـرد، كە ڕێگای كاكێشان چەندين ئەستێرەی تێدايە، كە بەچـاوی ئاسايی نەدەبينران.ئەوەشی ئاشكرا كـرد كە شـاخ و دۆڵ لە سەر ڕووی مانگ هەيە.

گاليلۆ ئەوەشـی بـۆ دەركەوت، كە چـوار تەنـی بچـووك بەدەوری ئەستێرەی مشتەريدا دەسوڕێنەوە، وەك چـۆن مانگ بە دەوری زەويدا دەسووڕێتەوە.

گـاليلۆ ديمەنـی سەرنجڕاكێشـی ئەسـتێرەی زوحەل و ئەڵقە درەوشاوەكانی دەوری ئاشكرا كرد.

ئەوەشی ئاشكرا كرد كە ئەستێرەی زوهرە بە هەموو ئەو قۆناغانەدا دەڕوات كە مانگ بەخۆيەوە دەيبنێ.

سـەرباری ئەو دۆزيـنەوە زانسـتييانە، گـاليلۆ ئەوەی نەسەلماند كە زەوی وەك هەسارەيەك بە دەوری خـۆردا دەسـووڕێتەوە، بەڵام هەمـوو تێـزە گەردوونييەكـانی ئەرستۆی هەڵوەشاندەوە.

ئەوەشـی خسـتەڕوو كە پێويسـتە تەنەكـانی دەوری ئەستێرەی مشتەری زياتر لە ناوەنديكيان بـۆ جـوڵانەوە لە گەردووندا هەبێ.

گـاليلۆ گەيشـتە ئەو ئەنجـامە زانستييەی كە هەسـارەی زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.

لە ئەنجامی ئەو توێژینەوە زانستییانەدا، گالیلۆ دڵنیا بوو لەوەی کە خۆر چەقی گەردوونە و زەوی هەسارەیەکە بەدەوری خۆردا دەسووڕێتەوە.ئەوەش خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ و سەرەکی بوو لەشۆڕشی زانستی نوێدا.

ئەو ئەنجامە زانستییە نوێیانەی گالیلۆ، کەنیسەی کاسۆلیکی ئیحراج کرد.چونکە کەنیسە بەفەرمی بیردۆزی ناوەندێتیی زەویی فەیلەسووفی یۆنانی (ئەرستۆ)ی پەیڕەو دەکرد.

ئیدی گالیلۆ بە ئاشکرا پشتیوانی لە بیردۆزی (کۆپەرنیکۆس) دەکرد و جەختی لەسەر ناوەندێتیی سیستمی خۆر لە گەردووندا دەکردەوە.

ئەو بۆچوونانەی گالیلۆ، کەنیسەی کاسۆلیکی نیگەران و تووڕە کرد و گالیلۆیان بە گومڕا و هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دا و ساڵی ١٦١٦ ڕێگەیان لە گالیلۆ گرت بانگەشە بۆ بیردۆزی کۆپەرنیکۆس بکات.

گالیلۆ لە بواری زانستی فیزیاشدا داهێنانی نوێی کرد و یاسای تەنە کەوتووەکانی دۆزییەوە، بەپێی ئەو یاسایە هەموو تەنەکان بەجیاوازی کێشییانەوە، بەخێراییەکی جێگیر دەکەونە خوارەوە.

ئەوەش بە دەسـتپێکی زانسـتیی فیزیـای ئەزمـوونی دادەنرێت و زەمینەی بۆ داهێنانی بیردۆزەکانی (ئیسحاق نیوتن)ی زانـای مەزنـی فیزیـا و بیرکـاری سـەبارەت بە جوڵانەوە و کێشکردن خۆشکرد.

سـاڵی ١٦١٣ گـالیلۆ نـامەیەکی بـۆ یەکێـک لە خوێنـدکارەکانی نووسـی و لە نـامەکەدا ئامـاژەی بەوە کردبوو، کە بیردۆزی کۆپەرنیکۆس دژی (کتێبی پیرۆز) نیـیە، بەڵکـوو ئەو کتێـبە لە ڕوانـگەی زەویـیەوە نووسراوە، بەڵام زانست ڕوانینێکی جیاواز و وردتـری هەیە.پـاش بڵاوبـوونەوەی نـاوەڕۆکی ئەو نـامەیە، ڕاوێژکارانی دادگەکـانی پشکنینی کەنیسە ڕایانگەیاند، نـاوەڕۆکی بیـردۆزی کۆپەرنیکـۆس هەڵـگەڕانەوەیە لە ئـایینی مەسیح و سـاڵی ١٦١٦ داوایـان لە گـالیلۆ کـرد دەسـت لە پشـتیوانی و بانگەشـەکردن بـۆ ئەو بیـردۆزە هەڵبگرێ.

مـاوەی ٧ سـاڵ گـالیلۆ پابەنـدی ئەو داوایە بـوو، بەڵام سـاڵی ١٦٢٣ دۆخـی کەنیسە بەقـازانجی گـالیلۆ گـۆڕا، هاوڕێیەکی گالیلۆ بوو بە پاپـای کەنیسـەی کاسـۆلیکی، پاپای نوێ بەشێوەیەکی نـافەرمی داوای لە گـالیلۆ کـرد کە لەسـەر تـوێژینەوە زانسـتییەکانی لەبـواری گەردووناسـیدا بە شـێوەیەکی بـابەتی و ئەکـادیمی

بەردەوام بێ، بەبێ ئەوەی بەئاشکرا بەرگریی لە تێزەکانی کۆپەرنیکۆس بکات. ئیدی لە ساڵی ١٦٣٢دا ڕێگە بە گالیلۆ درا کتێبی (دیالۆگی هەردوو سیستمی جیهانی سەرەکی) بڵاو بکاتەوە.
گالیلۆ پابەندی مەرجەکانی پاپا نەبوو، دوو هەڵەی گەورەی کرد، یەکەمیان: بەڵگەی لەسەر جوڵانەوەی زەوی پێشکەش کرد، ئەوەش پێچەوانەی ئەو بەڵێنە بوو کە بە پاپای دابوو، پاپا دەیویست گالیلۆ جوڵانەوەی زەوی وەک ئەگەر باس بکات و ئاماژە بە بەڵگە و سەلماندن نەکات، کەچی گالیلۆ باسی جوڵانەوەی زەوی کردبوو، دیاردەی هەڵکشان و داکشان (المد والجزر)ی وەک بەڵگەی جوڵانەوەی زەوی خستبووە ڕوو.
دووەمیان: گالیلۆ بیانووەکەی لە سەر زمانی کەسێکی کارتۆنی بەناوی (سیمپلیشوزم) ڕاگەیاندبوو، کە پاپا ئەوەی پێخۆش بوو.
بەڵام دوژمنەکانی گالیلۆ ئەمەیان قۆستەوە و ئاماژەیان بەوە کرد کە گالیلۆ کەسێکی ناپاکە و پاپای لە ئاستی کەسێکی پووچدا داناوە.
ئەوەش پاپای تووڕە کرد و داوای دادگەییکردنی گالیلۆی کرد و ئاماژەش بەوە کرا کە نابێ ئەو دادگەییکردنە لە جیاوازیی تێڕوانینی (پاپا و گالیلۆ)دا کورت بکرێتەوە،

بەڵکوو دەبێ وەک ڕەنگدانەوەی بابەتیی دۆخی سیاسیی کەنیسەی کاسۆلیکی ئەو کاتە وێنا بکرێ، کە جەنگی ٣٠ ساڵە لە ئارادا بوو و ناوەڕاستی ئەورووپای وێران کردبوو.

کەنیسە بەخێرایی هاتە سەر خەت، گالیلۆی بانگهێشتی ڕۆما کرد و لە ئەیلولی ١٦٣٢ تا تەمموزی ١٦٣٣ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرد، لە ماوەی ١١ مانگی لێکۆڵینەوەدا بەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵە لە گەڵ گالیلۆدا کرا و زیندانی نەکرا.

لە دوا هەوڵیشدا بۆ پەشیمان کردنەوەی گالیلۆ لە هەڵوێست و تێزە نوێیەکانی، بانگهێشتی دادگەکانی پشکنین لە ڕۆما کرا، گالیلۆ لە بەردەم ئەو دادگەیەدا، بەوپەڕی ئازایەتی و بوێرییەوە، بەرگری لە بیر و باوەڕ و تێزە نوێیەکانی کرد و پشتیوانی خۆی بۆ بیردۆزی کۆپەرنیکۆس دەربڕی.

دادگا جارێکی دی گالیلۆی بە گومڕا و هەڵگەڕاوە لە قەڵەم دا و سزای زیندانیی هەمیشەیی بەسەردا سەپاند.

دواتر حوکمەکەی بۆ سووک کرا و کرا بەسزای دەستبەسەری هەمیشەیی لە ماڵەکەی خۆی لەشاری ئەرستیریی هەرێمی فلۆرەنسا.هەروەها فەرمانی پێکرا

پێشوازیی لە کەس نەکات و بەرهەمەکانی لە دەرەوەی ئیتاڵیا چاپ نەکات.
بەڵام گالیلۆ پابەندی ئەو فەرمانانە نەبوو و فەرامۆشی کردن.لەماوەی دەستبەسەریدا، نەخۆشی زۆری بۆ گالیلۆ هێنا و ڕووناکی چاوەکانی لە دەستدا و کوێر بوو، بەڵام داهێنانەکانی هەر لە درەوشانەوەدا بوون.
لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، کەنیسە نەیتوانی نکوڵی لە ڕاستییە زانستییەکانی گالیلۆ بکات.ساڵی ١٧٥٨ کەنیسە دانی بەزۆربەی تێزەکانی گالیلۆ و بیردۆزی کۆپەرنیکۆسدا نا، تا ساڵی ١٨٣٥ کەنیسە دژی سیستمی ناوەندێتیی خۆر بوو لە گەردووندا، دواتر دانی بەو سیستەمەدا نا.
لەسەدەی بیستدا، زۆربەی پاپاکان دانیان بە هەموو تێزە زانستییەکانی گالیلۆدا نا.
گالیلۆ لە هەموو زاناکانی تر، کاریگەریی زیاتری لەسەر سەلماندن و دانانی بەردی بناغەی زانستی نوێ هەبووە. پاش چەندین داهێنان و خزمەتی زۆری بە کاروانی زانستی نوێ، ڕۆژی ٨ی کانوونی دووەمی ١٦٤٢، گالیلۆ گالیلی زانا و فەیلەسوف، لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لەشارۆچکەی ئەرستیریی هەرێمی فلۆرەنسا بەخاک سپێردرا.



# گۆتە

یۆهـان گـۆتە، کەسـایەتییەکی گەورەی کولتووریی گەردوونیـی فـرە بەهـرەیە، لە بوارەکـانی (شــیعر، شــانۆ، ڕۆمـــان، یاداشت، زانست و فەلسەفە)دا خزمەتی زۆری کـردووە و شــوێن پەنــجەی لە هەمــوو ئەو بــوارانەدا دیـــار و درەوشاوەیە.

گـۆتە لە ڕۆژی ٢٨ی ئـابی ١٧٤٩ لەشـاری فرانکفـۆرتی ئەڵمانیا لە دایک بووە.

لە ئامێزی خێزانێکی ناودار و پایەداردا پەروەردە بووە، بـاوکی ڕاوێژکـاری قەیسـەر و دایکـی کچـی بەرپرسـێکی باڵای شاری فرانکفۆرت بووە.

بەهـۆی توانـای دارایـی و پـێگەی بەرزی کـۆمەڵایەتیی خـانەوادەکەیەوە، مامۆسـتای تـایبەتی لە بوارەکـانی زمـان و زانسـتەکان بـۆ گیـراوە و تـا تەمەنـی ١٦ سـاڵی لەســەر خوێنــدنی تــایبەت بەردەوام بــووە.لە وانەی زانستەکان بەهرەمەند بوو، فێری زمانەکـانی (لاتینـی،

ئیتاڵی، یۆنانی، فەڕەنسی، ئیسپانی، ئینگلیزی وعیبری) بووە.

فێربوونی ئەو زمانانە ئاسۆی بیرکردنەوەی گۆتەی فراوان کردووە و سوودی لەسەرچاوە ئەدەبی و هونەری و فیکری و زانستییەکانی ئەو گەلانە بۆ نووسین و لێکۆڵینەوەکانی وەرگرتووە.

دوای خوێندنی تایبەت، ساڵی١٧٧١ بۆ خوێندنی زانکۆ ڕووی کردۆتە شاری ستراسبۆرگ و لەو شارە خوێندوویەتی و بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی ئەو شارە وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی و لەوێ ماوەیەک کاری پارێزەری کردووە.

ساڵی ١٧٧٣ گۆتە یەکەم شانۆگەری بەناوی (گۆتس ڤۆن برلینگن) نووسیووە، ئەو شانۆگەرییە ڕووداوەکانی شەڕی جووتیارانی ساڵانی( ١٥٢٤–١٥٢٥)ی بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان داڕشتبوو.

ساڵی ١٧٧٤ ڕۆمانی (خەمەکانی یۆنگ وێرس)ی نووسی، ئەو ڕۆمانە باسی خۆشەویستییەکی کاریگەریی ناکامی کردووە.

شانۆگەری (فاوست)ی تراژیدی بە یەکێک لە شانۆگەرییە بەناوبانگ و گرنگەکانی گۆتە دادەنرێت، ئەو شانۆگەرییە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی

یەکەمی لە ساڵی ١٨٠٨و بەشی دووەمی لە ساڵی ١٨٣٢ نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.
ئەم شانۆگەرییە بەرهەمێکی جوان و ناوازە بوو، گۆتەی بردە لوتکەی ئەفراندن و داهێنانی ئەدەبیی ئەڵمانی.
گۆتە بایەخیشی بە زانستەکان داوە و لێکۆڵینەوەی وردی لە بارەیانەوە کردووە، سالآنی ( ١٧٦٨-١٧٧٠) کە نەخۆش کەوتووە و لەماڵەوە ماوەتەوە، ئەو ماوەیەی قۆستۆتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زانستەکانی ( کیمیا ، فیزیا ، توێکاری، ڕووەکناسی و کانزاکان)، لەو زانستانەدا قووڵ و قاڵبۆتەوە و چەندین لێکۆڵینەوەی لە بارەیانەوە کردووە و گەیشتۆتە ئەنجامی زانستیی نوێ، کە پێشتر پەی پێنەبرابوو.
بابەتێکی دیکە کە گۆتە تویێژینەوەی لەبارەیەوە کردووە، ڕەنگەکان بووە، لە تیۆری ڕەنگەکانی کۆڵیوەتەوەء ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕەنگ بەرهەمی کارلێکی نێوان ڕووناکیء تاریکییە، ڕەنگ دیاردەیەکی سەرەتایی سرووشتەء لەگەڵ هەستی بینین خۆی دەگونجێنآ، ئەو بیرۆکەیەی گۆتە دژی تێزەکانی زانای بەناوبانگ نیوتنء زاناکانی دیکەی ئەو سەردەمە بووە، هەر بۆیەش کاتی خۆی تیۆریی ڕەنگەکانی گۆتە فەرامۆشکراءەو بایەخی پێنەدراوە.

بەڵام دواتر ڕاستی و دروستی تیۆرەکەی سەلمێنراوە و لەلایەن زانایانەوە دانی پێدانراوە.
فەلسەفە جێگەی بایەخی گۆتە بووە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەو بارەیەوە کردووە و بۆچوونەکانی کاریگەریی لەسەر فەلسەفەی ئەڵمانی و ئەورووپی هەبووە.
گۆتە لەگەڵ فەیلەسووفانی وەک ( هیگڵ، نیتچە و یۆهان گۆتلیب فیشتە) هاوڕێ بووە و کاریگەری لەسەر هەموویان بەگشتی و لەسەر هیگڵ بەتایبەتی هەبووە.
گۆتە لە هونەری میللی کۆڵیوەتەوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی گۆرانییە میللییەکان سەردانی دۆڵی ڕاینی کردووە، بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمانە لە خەڵکی سادەی ئەو ناوچەیەوە وەربگرێ، کە سەرچاوەیەکی پاک و ڕەسەنی ئەو هونەرە خۆماڵییە بوون، توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر گۆرانی میللی ئەو ناوچەیە لە زاری خەڵکی ئەو ناوچەیەوە کۆبکاتەوە و لێیان بکۆڵێتەوە.
گۆتە شیعر و پەخشانیشی نووسیوە، شاعیرێکی مەزنە، شیعرەکانی زۆر جوان و پڕ مانان، لە لوتکەی ئەدەبی ئەڵمانیدا دانراون، گۆتە هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای شیعر بووە و ماوەی ٦٥ ساڵ سەرقاڵی شیعر نووسین بووە و زیاتر لە ٣٠٠٠ قەسیدەی نووسیوە، شیعرەکانی هەمەچەشنن، قەسیدەی کورت و

درێـژ و داسـتانی هەیە، هەنـدێ لە شـیعرەکانی هێنـدە جوان و ناسکن کراون بەگۆرانی و میـوزیکژەنی نـاوداری جیهانی بتهۆڤن ئاوازی بـۆ دانـاون.هەمـوو شیعرەکانی لەچەند بەرگێکدا چەندین جار چاپ و بڵاوکـراونەتەوە و بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.

گـۆتە بە زمـانی عەرەبـی و شـیعری شـاعیرانی عەرەبـی وەک (مـوتەنەبی و ئیمـرو قەیـس) سەرسـام بـووە، لە بارەی زمـانی عەرەبییەوە وتـویەتی: (زمـانی عەرەبـی، زمـانێکە گیـان و وشـە و خەت تێیـدا پـێکەوە گونجـاو و بەرجەستەن).

هەروەهـا بە ئەدەبـی فارسـی بەگشـتی و شـیعرەکانی حافزی شیرازی بە تـایبەتی سەرسـام بـووە و دیراسـەی لەبارەی ئەو شیعرانەوە کردووە.

یەکێکـی تـر لە یادگـارییە شـیرین و جوانەکـانی گـۆتە نامەکانە، ئەو نامانەی کە بـۆ شـاعیران و بیرمەنـدان و هاوڕێیـان و ئـازیزانی نـاردووە، کە ١٢٠٠٠ نـامەیە، ئەو نامانەشـی کە بـۆی هـاتوون ٢٠٠٠٠ نـامەیە.ئەو نامـانە سـامانێکی بەنرخـی مێژوویـی و ئـاوێنەی ڕووداوەکـانی سەردەمی ژیانی ئەون و هەموو نامەکان لە دووتـوێی ٥٠ بەرگـدا چـاپکراون و چەنـدین لێکـۆڵینەوەی زانسـتییان لەسەر کراوە.

گۆتە نیگارکێشیش بووە، لەتابلۆکانیدا قەڵەمی ڕەساس و خەڵــووز و تەباشــیر و مەرەکەبــی ڕەنگــاوڕەنگی بەکارهێناوە.
بەشێکی تابلۆکانی لە گەشتەکانیدا بۆ وڵاتـانی سویسرا و ئیتاڵیا وهۆڵەندا کێشاون.لە نیگارگێشاندا بایەخی بە جــوانی سرووشــت و مــرۆڤ و وێــنەی نمایشــی شــانۆگەرییەکانی داوە.بەگشــتی گــۆتە ٣٠٠٠ تــابلۆی جۆراوجۆری کێشاوە.
گۆتە وەرگێڕێکی باش بووە، دەیـان شـاکاری ئەدەبی و هونەری لە زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیتـاڵی و یۆنــانی و ئیســپانییەوە بــۆ ســەر زمــانی ئەڵمــانی وەرگێــڕاوە، بەوەش خزمەتێکــی زۆری بە ئەدەب و هونەری ئەڵمانی کردووە.
بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکانی گـۆتە بـۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون.
گـۆتە یاداشـتی ڕۆژانەشـی تۆمـار کـردووە، کتێبـی (لە ژیانمــدا، شــیعر و ڕاســتی)، کتێبێکــی گەورەی ١٠٠٠ لاپەڕەییە، گۆتە لەم کتێبەدا باسی ژیانی تایبەتی خۆی لە منــداڵییەوە تــا ســاڵی ١٧٧٥دەکــات، بە وردی و بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان وێستگەکانی ژیانی لە ماوەی ٢٦ ساڵدا دەگێڕێتەوە.

کتێبی (گەشتێکی ئیتاڵی)، کتێبێکی دیکەی گۆتەیە، لەم کتێبەدا یاداشتی ڕۆژانەی خۆی لە دوو گەشتیدا لە ساڵانی (١٧٨٦ و ١٧٨٧) بۆ وڵاتی ئیتاڵیا نووسیوەتەوە، کە ساڵ و نیوێکی پێچووە.گۆتە بەزمانێکی ئەدەبی جوان و پاراو و یاداشتەکانی نووسیوەتەوە و دەچنە خانەی دەقی ئەدەبیی بڵندەوە.

گۆتە خاوەنی خەرمانێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری و زانستی و فەلسەفییە کە هەموویان لە دووتوێی ١٦٠ بەرگدا چەندین جار چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی فیکر و فەلسەفە و زانست و ئەدەب و هونەر، گۆتە لە ڕۆژی ٢٢ی ئاداری ١٨٣٢ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی کرد و لەشاری ڤایماری شاری ئەدەب و هونەر بەخاک سپێردرا.ئەگەرچی ١٩١ ساڵە کۆچی دوایی کردووە، بەڵام بەهۆی بەرهەمە بەپێز و بەنرخەکانییەوە بە نەمری و زیندوویی ماوەتەوە.

وەک ڕێزلێنانێک لەم کەسایەتییە مەزنە، لە شاری فرانکفۆرتی زێدی خۆی و لە شاری ڤایمار پەیکەری بۆ دروستکراوە و وێنەی لەسەر دراوی ئەڵمانی و پوولی پۆستە دانراوە، چەندین شوێنی گشتی لە شەقام و

زانکۆ و قوتابخانە و سەنتەری ڕووناکبیری و فیکری بەناوی ئەوەوە ناونراون.
ماڵەکەشی لە ڤایمار کراوە بە مۆزەخانە و ساڵانە هەزاران کەس لە ناوخۆ و دەرەوە سەردانی دەکەن و سەیری یادگارییە بە جێماوەکانی دەکەن.



# گۆتەنبەرگ

یۆهــان گــۆتەنبەرگ، داهێنەرێکـــــی گەورەی جیهـانییە، بە دروسـتکردنی پیتـی کـانزایی جـوڵاو و ئـامێری چـاپ، شۆڕشـێکی گەورەی لە بـواری چـاپ و بڵاوکردنەوەدا بەرپاکرد و قۆناغی نووسینی دەستی بۆ قۆنـاغی ئـامێری چـاپ گواسـتەوە، بەوەش خزمەتێکـی گەورەی بە بواری چاپەمەنی لەسەر ئاستی جیهان کرد.

ژیـانی گـۆتەنبەرگ بەشـاراوەیی مـاوەتەوە و تـا ئێسـتا زانیـــاری تەواوی لەســـەر نیـــیە.ئەو زانیاریانەیشـــی لەســـەری هەیە لە دۆسـیە و بەڵگەنـامەی دادگەکـان و تۆمـــاری زانکۆکـــانەوە بەدەســـت هـــاتوون، تەنـــات گۆتەنبەرگ وێنەی ڕاستەقینەشی نییە و بەخەیاڵ وێنەی بۆ کێشراوە و چەند پەیکەرێکیشی بۆ دروستکراوە.

ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ١٤٠٠ لە شـاری مـاینزی ئەڵمـانیـا لە دایــک بــووە، لە ئــامێزی خێزانێکـــی خـــانەدانی دەوڵەمەنــددا پەروەردە بووە.بـاوکی کـاری زەڕەنـگەری کردووە، دایکیشی کچی بازرگانێکی بچووک بووە.

ساڵی ١٤١١ سەندیکای پیشەوەران و بازرگانان دژی خێزانە ئۆرستۆکراتەکان خۆپیشاندانیان کردووە، بەهۆی ئەوەوە خانەوادەی گۆتەنبەرگ شاری ماینزی ئەڵمانیایان بەجێهێشتووە و چوونەتە شاری ستراسبۆرگ.

هیچ زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بەخوێندنی مەدەنی یاخود ئایینی گۆتەنبەرگ لە بەردەستدا نییە.

بەڵام لە بەرئەوەی گۆتەنبەرگ لە خێزانێکی خانەدان و دەوڵەمەند بووە، دەبێ خوێندبێتی، ئیدی خوێندنی تایبەت بوو بێ یاخود گشتی، گۆتەنبەرگ زمانی لاتینی زانیوە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردبێ و چووبێتە زانکۆ، چونکە زانینی زمانی لاتینی مەرجی وەرگرتن لە زانکۆ بووە.تۆمار و بەڵگە فەرمییەکان ئەوە نیشان دەدەن یۆهان گۆتەنبەرگ لە ساڵی ١٤١٨ هەردوو زمانی لاتینی و ئەڵمانی خوێندووە و بۆ کارەکانی داهاتووی سوودی لەو دوو زمانە وەرگرتووە.

توێژەران و مێژوونووسان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە گۆتەنبەرگ، وانەی (داڕشتنی ئاڵتوونی) لە زانکۆی ئێرفۆرت خوێندووە.

هــــیچ زانیـــارییەکی ئەوتــــۆ لەســــەر ئەوە نیــیە کە گـۆتـەنبەرگ ژنــی هێنـابێ یـاخود منـداڵی بـووبێ، بەڵام هەنـدێ بەڵگەنــامەی مێژوویــی دادگەکــان ئامــاژە بەوە دەکەن کە گـۆتـەنبەرگ لـە سـاڵانی (١٤٣٦–١٤٣٧) بەڵێنـی بە ژنێـک بەنــاوی ( ئینلـین) داوە کە بیخوازێـت، ئیـدی زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە نییە.

گۆتەنبەرگ لە شاری ستراسبۆرگ کـاری هەڵکـۆڵینی لـە سـەر بەردە بەنرخەکـان کـردووە و پیتـی یەکەمـی نـاوی خوازیــارانی لەســـەر بەردە بەنرخەکــان هەڵکۆڵیــوە، ئەوەش نیشـانەی شـارەزایی و دەسـترەنگینی ئەو بـووە لەو پیشە دەستییە خۆماڵییەدا.

چیرۆکی دروستکردنی پیتە کانزاییە جوڵاوەکان بـۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە رۆژێک گۆتنەبەرگ چـۆتە دارسـتانێک و لەوێ چەند پیتێکی لەسەر لقی دارەکان دروسـتکردووە و خستوویەتییە کـاغەزێکەوە و لـە مـاڵەوە کە کـاغەزەکەی کردۆتەوە بینیوویەتی شێوەی پیتەکان لەسەر کاغەزەکە دەرچووە، لەوەوە ئیلهامی ئەوەی بـۆ هـاتووە کە پیتـی کانزایی جوڵاو و ئامێری چاپ دروست بکات، ئەم کارەی گۆتەنبەرگ شۆڕشێکی گەورە بوو لە بواری چاپەمەنی و بڵاوکــردنەوەدا و کــۆمەڵگەی مرۆڤــایەتی لە قۆنــاغی

نووسینی دەستییەوە بۆ قۆناغی چاپ بە ئامێری نوێ گواستەوە.
گۆتەنبەرگ لە ساڵی ١٤٤٨ ئامێری چاپی دروستکرد و لە ساڵانی ١٤٥٠ تا ١٤٥٥ چەند کتێب و بەڵگەنامەی کەنیسە و کتێبی پیرۆزی چاپکرد، بەوەش کۆتایی بە قۆناغی نووسینەوەی دەستی هێنا و قۆناغی چاپکردن بە ئامێرێکی نوێ دەستی پێکرد، داهێنانەکەی گۆتنبەرگ بەهەموو ئەورووپادا بڵاوبۆوە، ساڵی ١٥٠٠ لە ٢٥٠ شاری ئەورووپادا ئەو ئامێری چاپە نوێیە بڵاو بۆوە و سێ سەدە و نیو کاری لەسەر کراو قۆناغ بە قۆناغ ئامێری چاپ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی.
گۆتەنبەرگ بە ئامێری چاپەکەی نزیکەی ٢٠٠ کتێبی پیرۆزی چاپکردووە، بەڵام لەسەر هیچ کام لەو کتێبانە ناوی خۆی نەنووسیوە، تەنها ٤٨ کتێبی چاپکراوی گۆتەنبەرگ لە شوێنە جیا جیاکانی جیهاندا وەک یادگاری ئەو و بەڵگەنامەی مێژوویی ماونەتەوە و پارێزراون، بۆ نموونە دوو نووسخە لە مۆزەخانەی گۆتەنبەرگ لە ئەڵمانیا و دوو نووسخە لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەریتانیا و نوسخەیەک لە کتێبخانەی نیشتمانیی فەڕەنسا پارێزراوە.

نرخی هەندێ لەو کتێبە پیرۆزانەی چاپی دێرینی گۆتەنبەرگ کە نووسخەی تەواون گەیشتۆتە ٢٠ ملیۆن دۆلار.
ساڵی ١٩٧٠ یەکێک لەو نووسخانەی کتێبی پیرۆزی چاپی گۆتەنبەرگ لە شاری نیویۆرک بە دوو ملیۆن و نیو دۆلار فرۆشرا.
ساڵی ١٩٨٧ نووسخەیەکی دیکەی کتێبی پیرۆزی چاپی گۆتەنبەرگ بە چوار ملیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلار فرۆشرا.
گۆتەنبەرگ تا لەژیاندا بووە هیچ سوودێکی لە ئامێری چاپەکەی و کتێب و بەڵگەنامە چاپکراوەکانی وەرنەگرتووە، تەنانەت بووە بە مایەی کێشە و سەر ئێشە بۆی و دادگە دەستی بە سەر ئامێری چاپەکەیدا گرتووە و نەیداتەوە.
لە دوا مانگەکانی ژیانیدا، گۆتەنبەرگ ڕووناکیی چاوەکانی لەدەستداوە و لە ڕۆژی ٣ی شوباتی ١٤٦٨ لەشاری ماینزی ئەڵمانیا بە هەژاری و نەداری کۆچی دوایی کردووە.بەڵام هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە بەهۆی ئەو خزمەتە زۆرەی لە بواری چاپ و ئامێری چاپەمەنی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە.
لەدوای کۆچی دوایی ئەم داهێنەرە مەزنە زیاتر قەدری زانرا، ساڵی ١٩٠٠ مۆزەخانەی چاپەمەنی جیهانی

بەناوی گۆتەنبەرگ لە شاریماینزی ئەڵمانیا کرایەوە و پارچەکانی چاپخانەکەی تێیدا خرایەوە ڕوو.

ساڵی ١٩١٤ زانای گەردووناسی ئەڵمانی (فرانز کایزر)، ئەستێرەیەکی دۆزییەوە و بەناوی (گۆتەنبەرگ ٧٧٧) ناوی ناو تۆماری کرد.

ساڵی ١٩٤٦ زانکۆی شاری ماینزی ئەڵمانیا بەناوی (گۆتەنبەرگ)ەوە ناونرا.

ساڵی ١٩٥٢ لە یادی ٥٠٠ ساڵەی داهێنانەکەی گۆتەنبەرگدا، ئەمریکا پولێکی پۆستەی بەناوی ئەوەوە دەرکرد.

لەهەردوو شاری ماینز و ستراسبۆرگی ئەڵمانیا، وەک ڕێزلێنانێک لەم داهێنەرە مەزنە، پەیکەری بۆ دروستکراوە.

ساڵی ١٩٧٨ مایکل هارت نووسەری ناوداری ئەمریکی، لە ناو ١٠٠ کەسایەتیی کاریگەری مێژووی مرۆڤایەتیدا، گۆتەنبەرگی لە ڕیزبەندی هەشتەمدا دانا.

ساڵی ١٩٩٧ گۆڤاری تایمزی ئەمریکی داهێنانەکەی گۆتەنبەرگی بەگرنگترین داهێنانی هەزارەی دووەم دانا.

٢٨ی شوباتی ١٩٩٩خوێنەرانی ڕۆژنامەی سەندەی تایمزی بەریتانی لە ڕاپرسییەکدا گۆتەنبەرگیان وەک پیاوی هەزارە هەڵبژارد.



# لۆ ئۆتێنس

لۆ ئۆتێنس، ئەندازیارێکی زیرەکو شارەزای هۆڵەندی بوو، شۆڕشێکی زانستی لە بواری تۆماری دەنگیدا بەرپا کرد، بەوەی شریتی کاسێتی دەنگی دروستکرد،بەوەش خزمەتێکی گەورەی بە بواری تۆمارکردنی گۆرانیو میوزیک کرد، هونەرمەندان لەڕێی ئەو کاسێتەوە بەرهەمەکانیان تۆمار کردو کارئاسانی زۆری بۆ کردن، چونکە پێشتر لەڕێی قەوانو هەندێ ئامێری دیکەوە ئەو کارە هونەرییان دەکرد، کە کارێکی قورس بوو.

لۆ ئۆتێنس، ئەندازیاری شارەزای بواری ئەلکترۆنیی هۆڵەندی ، ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لە ناوچەی دۆزیلی وڵاتی هۆڵەندا لەدایک بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی لە وڵاتی هۆڵەندا تەواو کردووە.لە زانکۆی دلفتی تەکنەلۆژی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە.

هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە، بایەخی بە زانستی ئەلکترۆنی داوە، لە گەرمەی دووەمین جەنگی گێتیدا، کە

وڵاتەکەی لەژێر چەپۆکی حوکمی داگیرکاری نازییەکانـدا بـــوو، تـــوانی جیهـــازێکی ڕادیـــۆی نـــاوخۆیی بـــۆ خانەوادەکەی دروست بکات.
پـاش تەواوکردنـی خوێنـدنی زانکـۆ، لە سـاڵی ١٩٥٢ لە کۆمپانیای فلیپس دامەزرا.
ئەندازیارێکی زیرەکو بەسەلیقە بوو، لەبەرئەوە سـاڵی ١٩٦٠ کرا بە سەرۆکی بەشـی گەشـەپێدانی بەرهەمهێنـانی کۆمپانیـــای فلێـــپس، دواتـــریش کـــرا بە بەڕێـــوەبەری کۆمپانیاکە.
لەئەنجـامی کـارکردنی زیـاتر لە کارەکەیـدا قـاڵ بـۆوە، ساڵی ١٩٦٣ توانی شریتی کاسێتی دەنگی دروست بکـات، کە داهێنـانێکی گەورەی زانسـتی بـوو، هەمـان سـاڵ ئەو داهێنـــانەی لە پێشـــانگای ئـــامێرە ئەلکترۆنییەکـــان لە بەرلینـی پـایتەختی ئەڵمانیـا نمـایش کـرد، بەڕیکلامـی بچووکتر لە پـاکەتی جـگەرە، سـەرنجی هەوادارانـی ئەو بوارەی ڕاکێشاو داهێنانەکەی سەرکەوتنی بەدەستهێنا.
لۆ ئۆتێنس، لەگەڵ کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی گرێبەستی بـۆ دروسـتکردنی ئەو کاسـێتە دەنگیـیە ئیمـزا کـردو لە سـاڵی ١٩٦٩ وەک بەرهەمێکـی نـاوازە کەوتە بـازاڕەوەو پێشـوازییەکی گەرمـی لێکـراو خواسـتێکی زۆری لەسـەر

بوو.بەپێی ئامارە فەرمییەکان ئەو کاسێتە دەنگییە، زیاتر لە ١٢٠ ملیار دانەی لێفرۆشراوە.
ئەم داهێنانەی ئۆتێنس، زەمینەی خۆشکرد بۆ ئەوەی سی دیو دیڤیدی دروستکرد بکرێو جێگەی ئەو کاسێتە بگرنەوە، دواتر میمۆری جێگەی بەوانە لێژ کردو وەک ئامێرێکی دیجیتاڵی پێشکەوتووی سەردەم، بۆ تۆمارکردن بەکار دێت.
پاش خزمەتێکی زۆر بە بواری زانستی، لۆ ئۆتێنسی ئەندازیارو داهێنەر، لە ڕۆژی ٦ی ئاداری ٢٠٢١ لە تەمەنی ٩٤ ساڵی لە گوندەکەی خۆی لە وڵاتی هۆڵەندا بۆ دواجار ماڵئاوایی لە ژیان کرد، بەڵام ناوو ناوبانگی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.



# مایکل ئەنجیلۆ

مایکل ئەنجیلۆ، کەسایەتییەکی مەزنی فرە بەهرەی کولتووریی سەردەمی ڕێنیسانسە، لەچەند بوارێکی هونەری و ئەدەبیدا خزمەتی زۆری بە وڵاتی ئیتاڵیا و مرۆڤایەتی کردووە.

ئەگەرچی مایکل ئەنجیلۆ زیاتر وەک هونەرمەندی پەیکەرساز و نیگارکێش ناسراوە، بەڵام لە بوارەکانی دیکەی ئەدەب و شیعر و ئەندازیاریی تەلارسازی خزمەتی کردووە و شوێن پەنجەی ڕەنگینی بە جوڵانەوەی ڕێنیسانسی کولتووریی وڵاتی ئیتاڵیاوە دیارە و لە دەروازەیەکی مەزنەوە چۆتە ناو دیرۆکی کولتووری ئیتاڵیا و مرۆڤایەتییەوە.

مایکل ئەنجیلۆ، لە ڕۆژی ٦ی ئاداری ١٤٧٥ لە گوندی کاپریسی هەرێمی تووسکانی نزیک شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا لە دایک بووە.ئەو شارەی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا مەڵبەندێکی درەوشاوە و زیندووی هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی و فیکری بووە.

لە تەمەنی ٦ ساڵیدا دایکی مایکل ئەنجیلۆ کۆچی دوایی کردووە، ئەو کۆچە ناوادەیە کاریگەریی بە ئازاری دەروونی لەسەر بەجێهێشتووە.

مایکل ئەنجیلۆ، هەر لە منداڵییەوە خولیای هونەر بوو، لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، باوکی ناردییە لای (دۆمینکۆ جیرلاندایۆ)ی هونەرمەندی پەیکەرسازی ناودار لە شاری فلۆرەنسا، بۆ ئەوەی لە هونەری نیگارکێشان بەهرەمەند بێت، ماوەی دوو ساڵ لە گەڵ ئەو هونەرمەندە کاریکرد و بە هونەرەکانی نیگارکێشان و پەیکەرسازی ئاشنا بوو و تیاندا قاڵبۆوە، هەر بۆیەش (لۆرەنزۆ)ی میری فلۆرەنسا بردییە کۆشکەکەی خۆی و گوزەرانی دابینکرد بۆ ئەوەی کاری هونەری بکات، لەو کۆشکەدا ژمارەیەک لە هونەرمەندان و ئەدیبان و ڕووناکبیرانی ناسی و زیاتر شارەزای هونەرەکانی نیگارکێشان و پەیکەرسازی بوو، ئیدی پتر ناسرا و پاپا و پاشا و میرەکان داوایان لێدەکرد کاری هونەریی نیگارکێشان و پەیکەرسازییان بۆ بکات.

دوای کۆچی دوایی (لۆرەنزۆ)ی میری کولتوورپەروەری فلۆرەنسا، مایکل ئەنجیلۆ چووە شاری (بۆلۆنیا) و لەوێ خوێندی و ساڵی ١٤٩٥ بۆ شاری فلۆرەنسا گەڕایەوە.

ساڵی ١٤٩٨ چووه شاری ڕۆما و پەیکەری بیتا (نزا)ی لەسەر گۆڕی کاردیناڵ دروستکرد و دواتر پەیکەرەکە بۆ کەنیسەی قەشە (پەترۆس) لە ڤاتیکان گواسترایەوە.
مایکل ئەنجلیۆ، خاوەنی دەیان تابلۆ و نیگار و پەیکەری ناوازەیە، کە وەک سامانێکی بەهاداری هونەری و مێژوویی و یادگاری شیرین و جوانی ئەو ماونەتەوە، نیگارەکانی سەر دیوار و بنمیچەکانی کەنیسەی (سیستین) لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا و تابلۆکانی (خێزانی پیرۆز، ناشتنی مەسیح، ڕۆژی قیامەت، دروستکردنی ئادەم و چەندانی دی)، شاکاری مەزنی هونەری ئەون و جێی شانازیی گەلی ئیتاڵیا و سەرجەم مرۆڤایەتین.
پەیکەرەکانی (موسا و بیتا) کە لە ڤاتیکان و پەیکەری (داود) کە لە فلۆرەنسا دانراون، شاهیدی بۆ دەستڕەنگینی و بەهرە و سەلیقە و توانای بەرزی هونەریی ئەو هونەرمەندە مەزنە دەدەن.
مایکل ئەنجلیۆ، لە بواری هونەری ئەندازیاریی تەلارسازیشدا خاوەنی بیرۆکە و توانایەکی گەورە بووە، نەخشە ئەندازەییەکانی کە بۆ کەنیسەی (ئال مەدیشی) لە فلۆرەنسا و کەنیسەی قەشە (پەترۆس) لە

شاری ڕۆما نەخشاندوونی، نیشانە و بەڵگەی شارەزایی و ئاستی بەرزی زانستیی ئەندازەیی ئەون.
مایکل ئەنجیلۆ، شاعیریش بووە، زیاتر لە ٣٠٠ قەسیدەی نووسیوە، شیعرەکانی هێندە بڵندن، شاهیدی بۆ بەهرە و سەلیقە و توانای بەرزی ئەدەبی ئەو دەدەن، لە بەر جوانی و ناسکی شیعرەکانی هەندێکیان کراون بە گۆرانی.
ساڵی ١٥٣٦، مایکل ئەنجیلۆ لەشاری ڕۆما، خاتوو (ڤیتۆریا کۆلۆنا)ی شاعیری ناسی و بوون بە هاوڕێ، ڤیتۆریای شاعیر، زیاتر بەو قەسیدەیە ناسرا بوو، کە بۆ (مارکیز)ی هاوسەری نووسیبوو، کە لە هێرشی سوپای فەڕەنسادا بۆ سەر شاری ناپۆلی کوژرا بوو، ئەو قەسیدەیە لەکاتی خۆی هێندە کاریگەر و ناخبزوێن بوو، کرابوو بە سروودێکی خەمناک و لە سەر زاری خەڵک بوو.
مایکل ئەنجلیۆ بە ناسینی ڤیتۆریای تەمەن چل ساڵ زۆر خۆشحاڵ و سەرسام بوو، هەرچەند بە تەمەن ٢١ ساڵ لە خۆی گچکەتر بوو، بەڵام تەمەن ڕێگر نەبوو، لە بەستنی پەیوەندیی هاوڕێیەتی، زۆر جار لە کەنیسەی دێرینی ڕۆما یەکترییان دەبینی و باسی ئەدەب و شیعر

و هونەرییان دەکرد، یاخود نامەی شیعرییان ئاڵوگۆڕ دەکرد.

مایکل ئەنجلیۆ زیاتر لە ٤٠ قەسیدەی بۆ ڤیتۆریای هاوڕێی خۆشەویستی نووسیوە، لە قەسیدەکاندا سۆز و ئەڤینی خۆی بە ڕوونی بۆ دەربڕیوە.

پاش زیاتر لە ١٠ ساڵ هاوڕێیەتیی بەردەوام، لە ساڵی ١٥٤٧ ڤیتۆریا لە ناکاو کۆچی دوایی کرد، ئەو کۆستە بەئازار و ناوادەیە کاریگەری نەرێنیی زۆری لەسەر دڵ و دەروونی مایکل ئەنجلیۆ بەجێهێشت و بەشیعر خەمی قووڵی خۆی بۆ ئەو کۆستە دەربڕیوە، لەوەش پەشیمان بووە کە هەرگیز ڕوومەتی ئەو ژنە شاعیرەی ماچ نەکردووە، بەڵکوو تەنها دەستەکانی ماچ کردووە!

مایکل ئەنجلیۆ، لە دوای مردنی ڤیتۆریا، بە دڵێکی شکاو و خەمناکەوە سەردانی گۆڕەکەی کردووە و شیعریشی بۆ نووسیوە.

ئەمە شیعرێکی مایکل ئەنجلۆیە کە لە دوای مردنی ڤیتۆریا نووسیویەتی:

خانمەکەم
دەمەوێ چەشنی باڵندەیەک
کە ئێواران دەگەڕێتەوە هێلانەکەی
منیش دوو باڵم هەبوایە

بەسەر گۆڕەکەتا بفڕیمایە
هەر نەبێ، گەر نەشتبینم
لەدوورەوە سۆز و فرمێسکی ناخم
بەسەر گڵکۆکەتا بڕژاندایە
هەموو شەوێ، گوێم بە وتەکانت دەزرنگێتەوە
ئەی خانمە شەنگەکە
دە لێمگەرێ با جارێکی دی
دەستەکانت ماچ بکەم
هەر بەخەیاڵ بێیتەوە لام
هۆنراوەکانت وەک جاران
وەک چەپکێک گوڵ بخەمە ناو ئینجانەی ڕۆحمەوە

پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی هونەر و ئەدەب و تەلارسازی و بەڕێکردنی ژیانێکی سەخت و دژوار و بە ئازاری ڕەبەنی و تەنیایی، مایکل ئەنجیلۆی هونەرمەند و شاعیر و ئەندازیار، لە ڕۆژی ١٨ی شوباتی ١٥٦٤ لەتەمەنی ٨٨ ساڵیدا لەشاری ڕۆما کۆچی دوایی کرد، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی، برازاکەی کە بە (مایکل ئەنجیلۆ)ی بچووک ناسرا بوو، تەرمەکەی بردەوە بۆ شاری فلۆرەنسا و لەوێ لە زێدی خۆی بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

ئەگەرچی مایکل ئەنجلیۆ، ٤٥٩ ساڵ لەمەوبەر بەجەستە ڕۆیشت و لە چاوان ون بوو، بەڵام بەهۆی تابلۆ و شیعر و نیگار و پەیکەرەکانییەوە، هەمیشە بە نەمری و پێشەنگ و ئەفسانەی هونەری ڕەسەنی ئیتاڵی و مرۆڤایەتی ماوەتەوە.یادگارییە ئەدەبی و هونەرییەکانی مایکل ئەنجیلۆ، ئیلهامبەخشی هونەرمەندان و ئەدیبان بووە لەسەرانسەری گۆی زەویدا و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.



# مستەر بین

مستـــــەر بـــــین، نووســـــەر و سـینارۆنووس و هونەرمەنـدێکی نـــاوداری کۆمیـــدیی بێـــدەنگی جیهانییە، لە سەرانسـەری گـۆی زەویـدا ناسـراوە، بە بەرهەمە کۆمیـدیاکانی خەڵکـی هەموو جیهانی هێناوەتە پێکەنین و بۆتە ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی هونەری جیهـانی و لە دەرگـایەکی زێڕینەوە دەچێتە ناو دیرۆکی هونەری کۆمیدیی بێدەنگی دنیاوە.

ڕوان سباســـــتیان ئەتکینســـــۆن، نـــــاوی تەواوی ئەو هونەرمەندەیە و بە (مستەر بین) ناسراوە.

ڕۆژی ٦ی کـــانوونی دووەمـــی ١٩٥٥ لەشـاری کۆنسـێتی هەرێمی دۆرهامی باکووری خۆرئاوای وڵاتی بەریتانیا لە دایـک بـووە.لە ئـامێزی خێزانێکـی جووتیـاردا پەروەردە بووە.

سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی لە وڵاتی بەریتانیا تەواو کردووە، لەقۆنـاغی ئـامـادەیی هـاوڕێی گیـانی بە گیـانی

تــۆنی بلێــر بــوو، بلێــر بــوو بەســەرۆک وەزیرانــی بەریتانیــا، ڕۆوانــیش بە پاشــای هــونەری کۆمیــدی بێدەنگ!

دوای قۆناغی خوێندنی ئامادەیی، ڕۆوان چووە زانکۆ و پاش چوار ساڵ خوێندن، بڕوانـامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی کارەبای کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی نیوکاسڵ وەرگرت.دواتر بڕوانامەی ماستەری لەبواری ئەندازیاری کارەبایی لە زانکۆی ئۆکسفۆردی شاهانە بەدەستهێنا.

ڕۆوان هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە خولیای کاری هونەری نواندن بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی نوتقی باش نەبوو و زمانی دەگرت و کەسێکی شەرمن و گۆشەگیر بــوو و شێوەشــی بــۆ کــاری ئەکتەریــی ئەو ســەردەمە گونجـاو نەبـوو، هـیچ تیـپ و کۆمپانیـایەکی هـونەری ئامادە نەبوو کاری هونەری لەگەڵدا بکات.

ڕۆوان بە هونەرمەندی کۆمیدی جیهانی (چـارلی چـاپلن) سەرسام بوو، چاپلن بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە فیلمە کۆمیدییەکانی بە بێدەنگی تۆمار کرد، بەبێدەنگی پەیامی خـۆی بە هەمـوو جیهـان گەیانـد، بەڵام بەرهەمهێنـانی فــیلمە کۆمیــدییە بێــدەنگەکانی ڕۆوان لەســـەردەمی تەکنەلۆژیــای نــوێی جیهانیــدا، کێشــەی تەکنەلــۆژی نەبـوو، بەڵکـوو کێشـەی نوتـق و زمـانگرتن بـوو، هەر

بۆیەش ئەویش بە بێدەنگی دەنگ و پەیامی خۆی بە هەموو جیهان گەیاند وخەندە و بزەی خستە سەر لێویان.
ڕۆوان، کۆڵی نەدا و ڕووبەڕووی ئەو ئاڵنگارییانە بۆوە و بە هەوڵی شێلگیرانەی خۆی توانی بەربەستەکان تێک بشکێنێ و لەڕێی هونەری کۆمیدی بێدەنگەوە سەرنجی هەموو جیهان بۆ لای خۆی رابکێشێ و بزە بخاتە سەر لێویان و بیانخاتە پێکەنین.
ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمجار بەشداری فیستیڤاڵی (ئیدنبەرە)ی کرد و لەگەڵ تیپی کۆمیدی زانکۆی ئۆکسفۆرد بەرهەمێکی کۆمیدیان پێشکەش کرد، بەوەش شوێن پێیەکی بچووکی لە کایەی هونەردا دانا و بەردەوام بوو.
دواتر ساڵی ١٩٧٩ درێژەی بەکاری هونەری دا و لەڕێی بینینی ڕۆڵی
(مستەر بین)ەوە توانی بێتە ناو کایەی کاری هونەری کۆمیدییەوە و جێی خۆی بە تەواوی قایم بکات.هەموو جیهانی بەکارەکانی سەرسام کرد و خەندەی خستە سەر لێوی زۆربەی هاووڵاتییانی سەر گۆی زەوی.
بەوەش چووە ڕیزبەندی پەنجا هونەرمەندی کۆمیدیی مەزن لە مێژووی وڵاتی بەریتانیادا.

ڕۆوان، لە دوای ڕۆڵبینی مستەر بین، لە دەیان کاری دیکەی هونەریی دراما و فیلم و شانۆگەری بەشداری کرد و خاوەنی خەرمانێک کاری هونەرییە، بەڵام زنجیرەی (مستەر بین) بە سەرتۆپی کارە هونەرییەکانی ماوەتەوە و هەر بەو ناوەشەوە ناسراوە.

سەرباری ئەوەی کە کارەکتەری مستەر بین ئەو ناوبانگە جیهـانییە گەورەیەی پێبەخشـی، کەچـی سـاڵی ٢٠١٢ ڕۆوان ئەتکینسـۆن، بڕیاریـدا واز لە ڕۆڵبینینـی لە زنجیـرەی (مسـتەر بـین) بهێنـێ، چـونکە پێـی وابـوو، تەمەنـی سـەروو پەنجـا سـاڵی و ڕووخسـارە خەمبـار و سەرە مـاش و بـرنجییەکەی بۆ بینینـی ڕۆڵـی کۆمیـدیی مسـتەر بـین گونجـاو نیـیە، تێڕوانینـی هـونەری و بڕیارەکەی گونجاو بوو، هەرچەند نیگەرانی هەوادارانـی لێکەوتەوە.

سـەرباری ئەوەی ڕۆوان هەمـوو ژیـانی خـۆی بـۆ کـاری هـونەری تەرخـانکردووە، بەڵام بایەخیشـی بەکاروبـاری سیاسی داوە.ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەران و هونەرمەنـدانی نـاوداری بەریتانیـادا ئیئتلافێکـی سیاسـییان پێکهێنـا و ڕۆوان خـۆی سـەرکردایەتی ئەو ئیئتلافەی کرد و چوونە پەرلەمـانی بەریتانیـا، داوایـان لە پەرلەمـان کـرد پێـداچوونەوە بە پـڕۆژە یاسـای

تەجریمکردنی هاندانی ڕق و کینە لەسەر بنەمای ئایینی یاخود ڕەگەزی بکات، چونکە پێیان وابوو ئەو پڕۆژە یاسایە دەسەڵات بە گرووپە ئایینی و ڕەگەزییەکان دەدات کە چاودێری کارە هونەرییەکان بکەن و بیانخەنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵیان بکەن.

چیرۆکێکی ڕاستەقینەی ڕۆوان دەگێڕدرێتەوە، کە هەر وەک زنجیرە چیرۆکی مستەر بین دەردەکەوێ، بەڵام ئەمەیان ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە.

ساڵی ٢٠٠١ ڕۆوان و خێزانەکەی سەفەر دەکەن بۆ وڵاتی کینیا، لە کانی نیشتنەوەی فڕۆکەکەدا، فڕۆکەوانەکە لە هۆش خۆی دەچێت، ڕۆوان بەوپەڕی لێهاتوویەوە توانیبووی بۆ چەند خولەکێک کۆنترۆڵی فڕۆکەکە بکات و هاوسەنگی ڕابگرێ تا فڕۆکەوانەکە هۆشی هاتۆتەوە و کۆنترۆڵی تەواوەتی فڕۆکەکەی کردووە.

ڕۆوان ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ سانتێرا ساستری ناسی کە وەک هونەرمەندی ماکیاج لە دەزگای بی بی سی کاری دەکرد، کەوتۆتە داوی خۆشەویستی ئەو هونەرمەندەوە و خۆشەویستییەکەیان ماوەی ١٠ ساڵی خایاندووە و بە هاوسەرگیری کۆتایی هاتووەء ساڵی ١٩٩٠ لە شاری نیویۆرکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیانی

هاوسەرگیرییان پێکهێناوە، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییە دوو کوڕ بووە.
ڕۆوان دوای چیرۆکی خۆشەویستی و هاوسەرگیری لەو ژنە باوک هیندی و دایک بەریتانییە، جارێکی دی لە ساڵی ٢٠١٤ لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا لەگەڵ (لویز فۆرد) هاوسەرگیری کرد و لەو ژنەش کچێکی بووە کە ساڵی ٢٠١٧ چاوی بە ژیان هەڵهێناوە.
بەهۆی کارو خزمەتە هونەرییەکانییەوە، ڕۆوان چەندین جار لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات و دەرەوە خەڵاتی وەرگرتووە، بەنرخترین خەڵات کە پێی بەخشراوە ئەو خەڵاتەیە کە لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا لە ساڵی ٢٠١٣ پێیبەخشراوە، ئەویش خەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانییە، کە خەڵاتێکی مەزن و بەنرخی ئەو وڵاتەیە بە کەسانی ناوداری گەورە دەبەخشرێت.
ڕۆوان خولیایەکی دیکەی ئۆتۆمبیلە، چەندین ئۆتۆمبیلی جۆراوجۆری هەیە، تەنانەت وتاریشی لە سەر جۆرەکانی ئۆتۆمبیل بەگشتی و ئۆتۆمبیلە وەرزشییەکان بە تایبەتی بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەکان نووسیوە.
ئەگەرچی ڕۆوان بڕوانامەی ماستەری لە ئەندازیاری کارەبادا هەیە، بەڵام پێناچێ سوودێکی ئەوتۆی لەو بڕوانامە بڵندەی زانکۆی دێرینی ئۆکسفۆردی شاهانە

وەرگرتبێـــت، بەڵام هــونەر ناوبــانگێکی جیهــانی و خۆشەویســـتییەکی بێســـنوور و ســـامانێکی گەورەی پێبەخشـی، کە سـامانەکەی بە بـڕی ١٥٠ ملیـۆن دۆلار دەخەملێنرێت.

ئێستا ڕۆوان چۆتە تەمەنەوە و تەمەنی ٦٨ سـاڵە، بەڵام لەسەر کـار و بەخششـی هـونەری بەردەوامە، دوا کـاری هونەری زنجیرەیەکی کۆمیدیی بێدەنگە بەناوی (پیاوێک لە رووبەڕووبـوونەوەی هەنگـدا)، پێـدەچێ ئەم زنجیـرە کۆمیـدییە بێـدەنگە جێ بەزنجیـرەی کۆمیـدی بێـدەنگی (مستەر بین) لێژ بکات!



## مزەفەر نەواب

مــــزەفەر نەواب، شـــاعیر و تێکۆشـــەرێکی نـــاودارە، لەبوارەکـــانی ئەدەب و هـــونەردا، خزمەتێکـــی زۆری بەنیشـتمان و ئـازادیخوازانی سـەرگۆی زەوی کـردووە، لەدەروازەیەکـــی زێـــڕینەوە دەچێـــتە نـــاو لاپەڕە پڕشنگدارەکانی دیرۆکەوە.

مزەفەرعەبدولمەجید نـواب، سـاڵی ١٩٣٤ لەنـاوچەی کەرخی شاری بەغدا لەدایک بووە.

لەئـامێزی خێزانێکـی نـاودار و ڕووناکبیریـدا پەروەردە بـووە، بـاپیری شـاعیر بـووە، بەزمانەکـانی عەرەبـی و فارسـی شـیعری نووسـیوە، لەمـاڵی بـاپیری بەکتێـب و شیعر چاوی کراوەتەوە.

قۆناغەکانی خوێنـدنی لەشـاری بەغـداد تەواو کـردووە، لەخۆشەویستی بۆ ئەدەب چۆتە کۆلێجی ئادابی زانکـۆی بەغـــداد و بڕوانـــامەی بەکالۆریۆســـی لە ئەدەبـــدا بەدەستهێناوە.

نەواب، لەژینگەی ئەدەبی ماڵی باپیریدا، لەڕێی شیعرەکانی باپیرییەوە ئاشنای شیعر بوو، هێشتا خوێندکاری ئامادەیی بوو دەستی بەنووسینی شیعر کرد و لەنەشرەی سەر دیواری قوتابخانەکەیدا بڵاوی دەکردەوە.

نەواب لە زانکۆ ئاشنای بیرو باوەڕی چەپ و پێشکەوتنخواز بوو، پەیوەندی بە شانە نهێنییەکانی حزبی شیوعی عیراقەوە کرد و چووە نێو کۆڕی تێکۆشانەوە.

ساڵی ١٩٦٣ ویستی لەڕێی ئێرانەوە بەنهێنی بچێ بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، لەو کارەی سەرکەتوو نەبوو، لەلایەن ئێرانەوە تەسلیم بەعێراق کرایەوە، حکوومەتی ئەو سەردەمەی عێراق لەڕێی دادگەی سەربازییەوە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپاند، دواتر بەهەوڵی خانەوادەکەی حوکمەکەی بۆ کرا بەزیندانی هەمیشەیی.

ماوەیەک لە بەندینخانەی نوگرە سەلمان زیندانی بوو، دواتر گوێزرایەوە بۆ زیندانی حللە، لەو زیندانە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا موعجیزەیان دروستکرد و توانیان لەڕێی هەڵکەندنی نەفەقێک لەژێر زەویی زیندانەکەوە، لەزیندان هەڵبێن، دوای هەڵهاتنی، لەبەغداد خۆی شاردەوە، دواتر چووە هۆڕەکانی بەغداد لەوێ بۆ

ماوەی ساڵێک مایەوە و پاشان لێبوردنی گشتی دەرچوو و گەڕایەوە سەر کاری مامۆستایی.
بەڵام هەر لە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکاندا بووە، بۆیە بڕیاریدا، وڵات بەجێبهێڵێ، زیاتر لە چل ساڵ تەمەنی لە دووری نیشتمان و لە وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپی و خۆرئاوایی بەسەر برد.
نەواب، شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و ئازا بوو، شیعرەکانی دژی ستەم و نادادی بوو، ئەو بەدرێژایی تەمەنی دژی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتە عەرەبییە ستەمکارەکان بوو، شیعری دژی هەموویان نووسیوە، هەرگیز ئامادە نەبووە بچێتە لای هیچ سەرۆکێک.
بەشێک لە شیعرە نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکانی مزەفەر نەواب بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون، ئەو شیعرانە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئیلهامبەخشی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان بوون و گیانی تێکۆشان و بەرخودانیان جۆش ئەدا، بەتایبەتی شیعری (پاکانە) کە شاعیری شەهید (دڵشاد مەریوانی) بەزمانێکی شیرین و پاراو بۆ زمانی کوردی وەرگێڕابوو، هونەرمەند (حەمەجەزا)ش بەمەقام وتبووی.
نەواب، هاوڕێی دێرینی سەرۆک مام جەلال بوو، هەر بۆیەش کە ساڵی ٢٠١١ گەڕایەوە عیراق، بەشانازییەوە

سەردانی سەرۆک مام جەلالی کرد لە کۆشکی سەلام، سەرۆک مام جەلال پێشوازییەکی گەرمی لێکرد و وتی:(دەبێ شانازیت پێوە بکەین، دەبێ میللەت وەک هێمای خەبات و داهێنان ڕێزت لێبگرێت، شیعرەکانت قوتابخانەیەک بوون، کرێکاران و جووتیاران و خوێندکاران و چین و توێژەکانی دیکەی بەگیانی شۆڕشگێڕی گۆشکرد).

زۆربەی شیعرەکانی مزەفەر نەواب شیعری شۆڕشگێڕین، شیعری دیکەی بۆ خۆشەویستی و ئەڤین نووسیوە، شیعرەکانی هێندە جوان و بەرزن، لەلایەن هونەرمەندانی گەورەی عەرەبەوە کراون بەسروود و گۆرانی.

ساڵی ١٩٩٦ هەموو شیعرەکانی نەواب لەلایەن خانەی قەنبەر لە لەندەن لەچەند بەرگێکدا چاپکران.

بێ لە شیعر، مزەفەر خولیای دیکەی هەبووە، نیگارکێش بووە، چەندین تابلۆی ڕەنگینی هەیە، نووسەری شانۆگەری بوو، چەندین شانۆگەری بە پێزی نووسیوە.

خولیایەکی دیکەی نەواب مۆسیقا بووە، بایەخی زۆری بەو چڵەی هونەرە جوانەکان داوە.

پاش بەڕێکردنی بەشێکی زۆری تەمەنی لەغوربەت، دوای تێکۆشانێکی دوور و درێژی سیاسی و ئەدەبی و هونەری، ڕۆژی ٢٠ی مایسی ٢٠٢٢، شاعیری گەورەی عیراق و عەرەب و مرۆڤایەتی ( مزەفەر نەواب) لەمیرنشینی شارقەی ئیماراتی عەرەبی بەنەخۆشییەکی درێژخایەن کۆچی دوایی کرد، ڕۆژی دواتر تەرمەکەی هێنرایەوە و لەشاری نەجەف بەخاک سپێردرا.



# مەولانای ڕۆمی

مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، کەسایەتییەکی گەورەی کولتووری و ئایینی جیهانییە، وەک شاعیر و نووسەر و زانای بواری تەسەوف خزمەتی زۆری کردووە، بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراون و لەسەرانسەری جیهاندا زەویدا خوێنەر و هەواداری زۆری هەیە.

محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حسێن کوڕی بەهادین ئەلبەڵخی، ناوی تەواوی ئەو کەسایەتییە و بە مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی ناسراوە.

لە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٢٠٧ ی زایینی لەشاری بەڵخی خۆراسان (کە وڵاتی ئەفغانستانی ئێستایە) لە دایک بووە.شاری بەڵخ بەشاری زانست و زانیاری و شاری زانایان ناسرا بوو، سەنتەرێکی گرنگی تەسەوفی ئیسلامی بووە، چەندین زانا و کەسایەتیی گەورەی تێدا هەڵکەتووە.

مەولانا لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایینی ڕووناکبیر پەروەردە بووە، باوکی زانایەکی گەورەی ئایینی بووە، لای باوکی و زانای ئایینی بورهانەدین ئەلترمزی دەرسی خوێندووە و شەمسی تەبریزی و ئیمامی غەزالی نموونەی باڵای بوون و زۆر پێیان سەرسام بووە.
دوای چوونی مەغۆل بۆ شارەکەیان، خانەوادەی مەولانا ئەو شارەیان بە جێهێشتووە و بۆ شاری نیساپوور هەڵهاتوون، مەولانا لەوێ فەریدەدین عەتاری شاعیری ناسیووە، عەتار دیوانەکەی خۆی (ئەسرارنامە)ی پێشکەش کردووە.
شیعرەکانی ناو دووتوێی ئەو دیوانە زۆر کاری تێکردووە و بۆ ناو دنیای شیعری سۆفی و ڕوحانی کێشیکردووە.
لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا لەگەڵ باوکی سەفەری کردووە بۆ شاری بەغداد و لە قوتابخانەی موستەنسرییە خوێندوویەتی و دواتر لەگەڵ باوکی چەند وڵات و شاری تر گەڕاوە و لە کۆتایی گەشتەکەیاندا لە ساڵی ١٢٢٩لە شاری کۆنیای تورکیا جێگیر و نیشتەجێ بوون.
مەولانا لە شاری کۆنیا بە جەلالەدینی ڕۆمی ناسراوە، دوای دووساڵ مانەوە لەو شارە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئیدی مەولانا لە فەتوا و وانەوتنەوە و فیقهدا

جـێگەی بـاوكی گرتـۆتەوە و درێـژەی بەكارەكـانی ئەو داوە.
دواتر مەولانا سەفەری كردووە بۆ وڵاتی شـام و نـزیكەی نـۆ سـاڵ لە شـارەكانی حەلەب و دیمەشـق مـاوەتەوە و لەو مـاوەیەدا بەهرەمەنـد بـوو لە زانسـتەكانی زانـای ناوداری ئایینی (بورهانەدین ئەلترمزی).
دواتر گەڕاوەتەوە شاری كۆنیـا و وەک زانـایەكی نـاودار پێشوازیی گەرمی لێكراوە.ئیدی دەستی بە وانەوتـنەوە و ڕێنمـایی ئـایینی كـردووە، لە چـوار قوتـابخـانە دەرسـە ئایینییەكانی گوتۆتەوە.
بەو شـێوەیە لە سـەر كارەكـانی بەردەوام بـووە، تـا زانای ناودار شەمسی تەبرێـزی هـاتۆتە شـاری كۆنیـا، مەولانای ڕۆمی، شەمسی تەبرێـزی ناسیوە، بە دیـد و تێڕوانینەكانی سەرسام بوو، كاریگەری زۆری تێكـردووە و هەموو بۆچوونەكانی گۆڕیوە و وەرچەرخـانێكی گرنـگ لە بیركردنەوەیدا ڕوویداوە و ئیدی مەولانا تەركی دین و دنیای كردووە و وازی لە هەموو شتێک هێنا و تەنـانەت پشتی كردۆتە ماڵ و منداڵ و خزم و كەسووكاری، چـۆتە ناو دنیای قووڵی تەسـەوف و ئیـدی ژیـانی گۆشـەگیریی بۆ شیعر نووسین و گوێگرتن لە میوزیک و خوێندنەوەی كتێب و وەرزش تەرخـانكردووە.

شەمسی تەبریزی بێ پرس و بە دزییەوە شاری کۆنیای بەجێهێشتووە و کەس نەیزانیوە بۆ کوێ چووە.
مەولانا بە ڕۆیشتنی شەمسی تەبریزی مامۆستای زۆر نیگەران بووە، سوڵتان وەلەدی کوڕی ناردووە بە شوێنیدا بگەڕێ و بیدۆزێتەوە. ڕۆیشتنی شەمسی تەبریزی هێندە کاری تێکردووە کە خەم و ئازارەکانی بە شیعر دابڕێژێ و تەعبیری لێبکات، بەوەش جوانترین قەسیدەی شیعری بۆ تەبریزی نووسیوە و هەموو ئەو شیعرانەی بۆ ئەوی نووسیوون لە دووتوێی دیوانێکدا بە ناوی (شەمسی تەبریزی) چاپکراوە.
پاش هەوڵ و سۆراخێکی زۆر، مەولانا توانی شەمسی تەبریزی مامۆستای بدۆزێتەوە و بە دیداری شاد بێتەوە، بەڵام ئەو شادییە زۆری نەخایاند، شەمسی تەبریزی بە یەکجاریماڵئاوایی لە ژیان کرد و ئەوەش بووە خەم و ئازارێکی قووڵ بۆ مەولانا و بەشیعرەکانی تەعبیری لەو خەم و ئازارە بەسوێیە کردووە.
مەولانا لە بارەی شەمسی تەبریزییەوە وتویەتی: (شەمسی تەبریزی ڕێگای ڕاستیی ژیانی نیشاندام، لە رووی ئایینەوە خۆم بە قەرزداری ئەو دەزانم).
ساڵی ٢٠١٠ نووسەر و ڕۆماننووسی تورک ( ئەلیف شەفەق)، ڕۆمانێکی بەناوونیشانی (چل ڕێساکەی

عەشق) لە سەر جەلالەدینی ڕۆمی نووسی، ئەلیف لەو ڕۆمانەدا تیشکی خستۆتە سەر ژیانی مەولانا و پەیوەندی نێوان ئەو و شەمسی تەبریزی، ڕۆمانەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، زیاتر لە ٦٠٠ هەزار دانەی لێفرۆشرا و بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدرا، وەرگێڕی ناسراو (جەلیل کاکەوەیس)، ئەو ڕۆمانەی بە کوردییەکی شیرین و پاراو بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوەو لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هێندە خواست لەسەر ئەو ڕۆمانە هەبوو، تا ئێستا چوار جار چاپکراوە.

مەولانا بەزمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی شیعری نووسیوە و خەرمانێک بەرهەمی لە دوا بەجێماوە، لەوانە (چوارینەکانی، دیوانی شەمسی تەبریزی، دیوانی شیعری غەزەل، مەسنەوی- ٦ بەرگ، غەزەلیاتی سۆفی) و چەندانی تر، بەرهەمەکانی مەولانا بە مەزنترین شاکاری ئەدەبی و ئاینی دادەنرێن و سەدان لێکۆڵینەوەی زانستییان لەسەر کراوە.

مەولانا زۆر حەزی لە میوزیک بووە، ڕای وابووە کە میوزیک گەشتێکی ڕووحییە مرۆڤ لە ڕێی نەفس و خۆشەویستییەوە بە کەماڵ دەگەێنێت، مرۆڤ بە

گوێگرتن لە میوزیک دەگاتە بەرزترین پلەی ڕوحانی و لە خودا نزیک دەبێتەوە، لەو ڕوانگەیەوە سەمای مەولانا هاتە گۆڕێ.
شاعیری ئەڵمانی (هانز ماینکی)، لە بارەی شیعرەکانی مەولاناوە دەڵێت: ( ئەو شیعرانە لە کاتە تاریک و ناخۆشەکاندا، هیوا و ئومێد دەبەخشن و دڵ و دەروون ئارام دەکەنەوە).
مەولانای ڕۆمی بە بیرو بۆچوونە نەرم و نیان و میانڕەوەکەی، کە لە شیعر و پەخشان و نووسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، پەیامی لێبوردەیی و یەکترقبووڵکردن و خۆشەویستی بۆ هەموو گەلانی سەر گۆی زەوی ناردووە، هەر بۆیەش ئایینەکەی ئەو ئایینی خۆشەویستی بووە، بەوەش هەواداریێکی زۆری لە دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان لە سەرانسەری جیهاندا هەیە.
پاش خزمەتێکی زۆر لە بوارەکانی ئایین و ئەدەبدا، ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٢٧٣، مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، لە تەمەنی ٦٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە شاری کۆنیای تورکیا بەخاک سپێردرا، مەزارەکەی بۆتە ڕووخساریێکی گەشتیاری و ساڵانە بە هەزاران کەس لە وڵاتانی جیهانەوە سەردانی دەکەن.



## مێجەر سۆن

ئەگەر چـــی مێجەرســۆن بە نـــاوی غـولام حسـێن شـیرازی، لە ولاتــی ئێمە وەک جاسووس وێنـا کراوە و باسـی کـراوە، بەلام ئەو یەکـێکە لەو ڕۆژهەلاتنــاس و گەڕیـدانەی کە خزمەتـی گەورەی بە بوارەکـانی ئەدەب و خوێندن و کولتووری کوردی کردووە.ئیلی بانستەر سۆن کە بە مێجەرسۆن ناسراوە.لە ڕۆژی ١٦ی ئـابی ١٨٨١ لە ئـامێزی خێزانێکـی دیـار و دێرینـی شـاری کینگسـتۆنی بەریتانیا چاوی بە ژیان هەلهێناوە.

سـالی ١٨٩٨ بەپـلەی شـەرەف زانکـۆی کـامبریجی تەواو کـردووە.سـۆن هەر لە سـەرەتای ژیــانی گەنجیــیەوە خولیای فێربوونی زمـانە ڕۆژهەلاتییەکـانی بـووە و هەر بۆیە سالی ١٩٠٢ سەفەری ئێران دەکات و لە تـاران وەک ژمێریار لە بانکی شاهنشاهی دادەمەزرێ و دواتر ئەچێتە شـاری شـیراز و لەوێ خـۆی فێـری فارسـی ئەکـات و چوارینەکــانی خەیــام لە فارســییەوە بــۆ ئینگلیــزی وەرئەگێڕێـت.سـالی ١٩٠٥ ئەچێـتە بوشـەهر و لەوێ لە

سەر مەزهەبی جەعفەریی بووە بە ئیسلام.ساڵی ١٩٠٦ وەک بەڕێوەبەری بانک لە کرماشان خزمەتی کردووە و لەوێ زۆر بە باشی خۆی فێری زمانی کوردی کردووە و زانیاری لەسەر کورد کۆکردۆتەوە.
ساڵی ١٩٠٧ گەڕاوەتەوە بەریتانیا دوای ئەوە گەشتە بە ناوبانگەکەی لە ئیستەنبووڵەوە بە ناوی (غوڵام حسێن شیرازی) دەست پێدەکات و هەموو پارچەکانی کوردستان بەسەر ئەکاتەوە و زانیاری ورد لەسەر مێژوو و جوگرافیا و دابونەریتی گەلی کورد کۆ ئەکاتەوە و هەموو ئەوانە لە دووتوێی کتێبە بەناوبانگەکەی (گەشتێکی شاراوە بۆ وڵاتی میزۆپۆتامیا و کوردستان) لە ساڵی ١٩١٢ بڵاوکردۆتەوە.
مێجەرسۆن ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا ئەچێتە شاری بەسرە و لەوێ ڕۆژنامەی بەسرە تایمز بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی دەر ئەکات.ساڵی ١٩١٨ لە شاری بەغداد رۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بەهاوکاری شوکری فەزلی دەرکردووە و ڕۆژنامەکە ٦٧ ژمارەی لێدەرچووە.
ساڵی ١٩٢٠ مێجەرسۆن کە حاکمی سیاسی ئینگلیز بووە لە سلێمانی چاپخانەیەکی لەو شارە داناوە و بە سەرپەرشتی خۆیان و بە هاوکاری هەندێ ڕۆشنبیری

شاری سلێمانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) یان دەرکردووە.ڕۆژنامەکە بایەخی بە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و مێژوویی داوە و بەگشتی ١١٨ ژمارەی لێدەرچووە.
سەرباری ئەوەی ئەم ڕۆژنامەیە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دەرکراوە، بەڵام بایەخێکی زۆریشی بۆ گەلی کورد هەبووە، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکەی تۆمار کردووە و گرنگی بە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد داوە و بۆتە بەردی بناغەی چەسپاندنی ڕۆژنامەگەری لەناوچەی سلێمانی.هەموو ڕۆژنامەکانی دیکە، کە دوای پێشکەوتن دەرچوون سوودیان لە ئەزموون و شێواز و ناوەرۆکی ئەو ڕۆژنامەیە وەرگرتووە.بێجگە لە لە ڕاژەکانی لە بواری ڕۆژنامەگەری، مێجەر سۆن بایەخیشی بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و ڕێزمانی کوردی داوە و ١٥ کتێبی بەنرخی لەو بوارانەدا پێشکەش بە نامەخانەی کوردی کردووە.
ڕاستە مێجەرسۆن وەک کەسایەتییەکی سیاسی و موخابەراتی بەریتانی خزمەتی بە سیاسەت و ستراتیجی وڵاتەکەی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوەش نادیدە بگیرێ کە ئەو پیاوە خزمەتی زۆری بە ڕەوتی چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبی و خوێندەواری و

ڕۆشنبیریی کوردی کردووە.مێجەر سۆن لە رۆژی ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ لەدوای گەڕانەوەی لە چارەسەری پزیشکی لە تونسەوە بۆ وڵاتەکەی لەناو دەریا و لەسەر پشتی پاپۆڕ کۆچی دوایی کرد.



# نازم حیکمەت

نـــــازم حـــــیکمەت، ئەدیبێکـــــی نـــــاوداری تــورکە، وەک شــاعیر و ڕۆمــاننووس و شــانۆنووس، خزمەتێکـی زۆری بە کولتـووریی تـورکی و مرۆڤـایەتی کردووە.

نــازم حـیکمەت ڕۆڵـی دیـاری لـە نـوێکردنەوەی ئەدەب و هونەری تورکیدا هەبووە و بە سەرمەشق و سـەرقافڵەی ئەو بوارە دادەنرێت.

ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٠٢ لە شاری (سالۆنیک)ی یۆنــان لەدایـک بــووە، کە ئەو کــاتە یۆنــان لە ژێــر قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بووە.

نازم حـیکمەت لە ئـامێزی خێزانێکـی زەنگین و نـاواردا پەروەردە بوو.قۆناغەکـانی خوێنـدنی لە ئیستەنبووڵ و مۆسـکۆ تەواو کـردووە، بڕوانــامەی بــاڵای لە بــواری ئابووری و زانستە کۆمەڵایەتییەکـان لە زانکۆی مۆسکۆ بەدەستهێناوە.

لەمۆسکۆ زیاتر بەبیری مارکسیزم ئاشنا بووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەو فیکرەوە، هەر بۆیەش بیری مارکسیزم لە بەرهەمە ئەدەبی وهونەرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و بەرگری لە مافەکانی هەژاران و جووتیاران و کرێکاران کردووە.ئەوەش کێشە و سەرئێشەی زۆری بۆ دروستکردووە و ڕووبەڕووی زیندان و ئازاردانی جەستەیی و دەروونی کردۆتەوە، بەڵام ئەو ئازارانە بوونەتە کەرەستەی خاوو لە بەرهەمە کولتورییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.

ساڵی ١٩٣٨ وەک نووسەرێکی چەپ بە تۆمەتی دژایەتیکردنی نازی و فرانکفۆنی زیندانی کراوە و سزای ٢٨ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنراوە، ماوەی ١٢ ساڵی تەمەنی لە کونجی زیندان بەسەر بردووە، بەهۆی ڕەوشی خراپی زیندانەوە مانی لەخواردن گرتووە، بەهۆی دۆخی خراپی لە زیندان، ژمارەیەکی زۆری ئەدیب و ئازادیخوازی جیهان داوای ئازادکردنیان کردووە، لە ژێر ئەو فشارەدا لە ڕۆژی ١٥ی تەمموزی ١٩٥٠ لە زیندان ئازاد کراوە.

دەیزانی لە سایەی ئەو دەوڵەتەدا ناتوانێ بەئازادی بژی و بەرهەمەکانی بڵاو بکاتەوە.ئیدی دوای ئازادکردنی بەنهێنی تورکیای بەجێهێشت و ڕووی لە شاری

مۆسکۆی پایتەختی یەکێتیی سۆڤیەت کرد و لەو شارە گیرسایەوە.
بەهۆی ئەو هەڵوێستەیەوە، حکوومەتی تورکیا ڕەگەزنامەی تورکی لێسەندەوە و بەرهەمەکانی قەدەغەکرد، ئەویش بە ناچاری و بۆ هاوزمان و هەوادارانی بە ناوی خوازراوەوە بەرهەمەکانی بڵاودەکرەوە.
ئەو شاعیر و ئەدیبە ناسراوە، کە بەرهەمەکانی بۆ گەلەکەی و مرۆڤایەتی دەنووسی، لە ڕەگەزنامەی وڵاتی خۆی بێبەش بوو، وڵاتی پۆلۆنیا کە وڵاتێکی کۆمۆنیستیی هاوپەیمانی بلۆکی وارشۆی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت بوو، ڕەگەزنامە و پاسپۆرتی بە نازم حیکمەت بەخشی.
ئیدی بە هۆی ئەو پاسپۆرتەوە دەرگای وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بۆ واڵا بوو.سەردانی وڵاتانی کۆمۆنیستیی وەک ( چین، کوبا، چیکۆسلۆفاکیا و پۆلۆنیا)ی کرد و بەشداری کۆنفرانس و فێستیڤاڵ و چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی لەو وڵاتانەدا کرد و بەرهەمەکانی لەو بۆنانەدا پێشکەش دەکرد.
سەرباری ئەوەی کە نازم حیکمەت، ئەدیب و نووسەرێکی کۆمۆنیست بوو، بەڵام بەهۆی ئاستی بەرزی بەرهەمە

ئەدەبی و هونەرییەکانییەوە، دەرگای وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاواشی بۆ والا بوو، سەردانی وڵاتانی وەک ( فەڕەنسا و ئیتاڵیا)ی کرد و لە چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەو وڵاتانەدا بەشداری کرد و بەرهەمەکانی پێشکەش کرد.

نازم حیکمەت، لەسەرەتای ژیانی گەنجییەوە، خولیای شیعر بووە، هێشتا هەرزەکار بووە، دەستی بەهۆنینەوەی شیعر کردووە، تەمەنی ١٦ ساڵ بووە، یەکەم پارچە شیعری بە ناونیشانی (هاواری نیشتمان) نووسیوە و بڵاویکردۆتەوە.

نازم حیکمەت خاوەنی چەندین دیوانی شیعرە، بەشێک لە نامە و دیوانەکانی لەلایەن دلاوەر قەرەداخی شاعیرەوە کراون بەکوردی و بڵاوکراونەتەوە، لەوانە (شیعر و نامە، بەعەزرتەوە چاوەکانت ماچ دەکەم، شەوێک کە بەفر تا ئەژنۆ باریبوو، ئاسمان دەڵێی دەستەکانی تۆیە).

دیوانێکی تری بە ناوی (دوا هۆنراوەکان) لەلایەن هەژینەوە لە زمانی فارسییەوە کراوە بە کوردی.

هەروەها دیوانی (شیعرەکانی کاتژمێر نۆ بۆ دە) لەلایەن ئیبراهیم شێخ شەرەفی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە.

نازم حیکمەت، ڕۆماننووسیش بووە، خاوەنی چەندین شاکاری ڕۆمانە، بەشێک لە ڕۆمانەکانی لەلایەن ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلەوە لە زمانی تورکییەوە کراون بە کوردی، لەوانە (خوێن نادوێت، ژیان خۆشە هاوڕێ، سێوە سەوزەکان).

نازم حیکمەت، شانۆنووسیش بووە، یەکێک لە شانۆگەرییە بە ناوبانگەکانی شانۆگەری ( کەللە سەر)ە، ئەم شانۆگەرییە لەلایەن مامۆستا (عوسمان شەیدا)ەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و ساڵی ١٩٨٢ ئەو شانۆگەرییە لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی نمایشکرا و دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو و جەماوەرێکی زۆر ئامادەی نمایشەکە بوون کە چەند ڕۆژێکی خایاند.

چەند شانۆگەری دیکەشی هەیە، لەوانە ( پیاوی لە بیرکراو، فەرهاد و شیرین)، زانیاریم نییە ئەو دوو شانۆگەرییەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرابن.

ئەوەی جێگەی سەرنجی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد بوو، ئەوە بوو کە (نازم حیکمەت) وەک ئەدیب و نووسەرێکی چەپ و کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونال ، هیچی لەسەر کورد نەنووسیووە، ئەو بابەتە لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بووە جێگەی مشتومڕی

نێوان ( د.کەمال مەزهەر ئەحمەد و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم)، د.کەمال لە ڕۆژنامەی هاوکاریی ئەو سەردەمە، زنجیرە وتارێکی نووسی و ڕەخنەی لە هەڵوێستی نازم حیکمەت گرت کە وەک نووسەر و ئەدیبێکی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونال هیچ شتێکی لەسەر چەوسانەوەی کوردەکانی تورکیا نەنووسیوە و بێدەنگ بووە.مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمش وەک هاوبیری نازم حیکمەت، بەزنجیرە و تارێک لە هەمان ڕۆژنامە وەڵامی د.کەمال مەزهەری دایەوە و بەرگری لە نازم حیکمەت کرد، بەڵام بەرگرییەکەی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم نەیتوانی جێگە بە بۆچوونەکانی د.کەمال مەزهەر لێژ بکات و قەناعەت بەخوێنەر بکات.

سەرەتای ساڵی ١٩٩٠، مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ئەو زنجیرە وتارەی خۆی لە دوو تویێ کتێبێکدا بە ناونیشانی (بە تەمای دەمەتەقێیەکی دۆستانە و دیموکراتی بووم، بووم بە کاکە حەمەی کورد)!

قەناتی کوردۆی نووسەری ناودار، باسی ئەوە دەکات، ساڵی ١٩٥٧ لە مۆسکۆ کتێبێکی خۆی بەناونیشانی (ڕێزمانی کوردی) پێشکەش بە (نازم حیکمەت) کردووە و داوای لێکردووە شتێک لە سەر کوردەکانی تورکیا بنووسێت، بەڵام بەداخەوە نەینووسیوە.

لە ساڵانی دواتردا، هەندێ بەڵگەنامە بڵاوکرایەوە، کە نازم حیکمەت و کامەران بەدرخان، سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە پاریس یەکتریان بینیوە، کامەران بەدرخان لەو دیدارەدا باسی مێژوو و کولتوور و زمانی کوردی بۆ نازم حیکمەت کردووە، ئەو بابەتە جێگەی بایەخی نازم حیکمەت بووە، دواتر ساڵێک یاخود دوو ساڵ بەر لە مردنی، نازم حیکمەت نامەیەک بۆ کامەران بەدرخان دەنێرێت و هەڵویستی ڕوونی خۆی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە لەسەر دۆزی کورد دەخاتەڕوو.ئەو نامەیە دوای دوو ساڵ لە مردنی کامەران بەدرخان لە ئەرشیفەکەیدا لە پاریس دۆزراوەتەوە و نووسخە ڕەسەنەکەی ئەو نامەیە لە ئەرشیفی ئەنستیوتی کورد لە پاریس پارێزراوە.

دەقی ئەو نامەیە کە بەزمانی تورکی نووسراوە، بۆ یەکەمجار لە ژمارەی ڕۆژی ٣١ی تەمموزی ١٩٨٨ لە گۆڤاری (ئیکیینەدۆغرو) لە تورکیا بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا (بەکر شوانی)، دەقی ئەو نامەیەی لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە.

نامەکە نامەیەکی گرنگی مێژووییە، نازم حیکمەت لەدیدی مارکسیزمەوە بە بایەخەوە باسی کێشەی کورد لە تورکیا دەکات.

لەسەرەتای نامەکەدا دەڵێت (نەتەوەی کورد کە ڕەگ و ڕیشەی سەدان ساڵ بە مێژوودا ڕۆچووە، زۆرینەیەکی بەرچاوی بە مێژوو و کولتووری خۆیەوە لە پارچەیەکی ئەنادۆڵ دەژی، نەتەوەی تورک کە لەپارچەکانی تری ئەنادۆڵ دەژی، بە برای نەتەوەی کورد دادەنرێت).

لەبەشێکی تری نامەکەدا باسی تێکۆشانی هاوبەشی هەردوو گەلی کورد و تورک دەکات دژی دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی تورکیای هاوکاری ئیمپریالیزم دەکات بۆ دیموکراسی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و ژیانێکی بەختەوەر بۆ هەردوو گەلی تورک و کورد.

ئەم نامەیە بایەخێکی زۆری مێژوویی هەیە، بەڵام هەر وەک هەڵوێستێکی نهێنی و نامەیەکی شەخسی لە قەڵەم دەدرێ ئەو سەرنجەی د.کەمال مەزهەر ناسرێتەوە کە ئاماژە بەوە دەکات بۆچی نازم حیکمەت وەک نووسەر و ئەدیبێکی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیستی، بەئاشکرا و بە نووسین هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە دۆزی کورد لە تورکیا بڵاونەکردۆتەوە؟!

نازم حیکمەت، لەپای خزمەت و بەرهەمەکانی، لەساڵی ١٩٥٠ خەڵاتی ئاشتیی یەکێتیی سۆڤیەتی بەهاوبەشی لەگەڵ پابلۆ نیرۆدای شاعیری ناوداری چیللی پێبەخشراوە.

دوای ٥٨ساڵ، لە لیستەندنەوەی ڕەگەزنامەی تورکی، ساڵی ٢٠٠٩ حکوومەتی تورکیا جارێکی تر ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی بە نازم حیکمەت بەخشییەوە.پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی کولتووریی تورکی و مرۆڤایەتی، کە بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە ٥٠ زمانی جیهان وەرگێڕدراون، ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا لەشاری مۆسکۆ کۆچی دوایی کرد و لە ڕێورەسمێکی شکۆداری فەرمی و میللیدا لەو شارە بەخاک سپێردرا.



## نەجمەدین بیووک کایا

نەجۆ، سیاسەتمەدار و خەباتگێڕ و کولتووورپەروەری ناوداری کوردستان، ناوێکی دیار و سیمبولی پڕشنگداری خەباتی کوردستانییە، ئەو کوردستانی وەک یەک خاک و یەک نیشتمان و یەک نەتەوە دەبینی، هەر بۆیەش لە باکوورەوە دەستی بەخەبات کرد و ڕۆژئاوا و باشووریشی کردە مەیدانی تێکۆشانی کوردستانی و چەند ساڵێکی تەمەنی بۆ تێکۆشان لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەرخانکرد و ڕۆڵی دیار و کاریگەر و جوامێرانەی لە پشتیوانیکردنی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی کوردستاندا هەبوو، لە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی کوردستاندا بە شانازییەوە تۆمار دەکرێت.

نەجمەدین بیووک کایا، نازناوی نەجۆ بوو، لە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە سەڵاح ناسرابوو.

ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی کەرەهانی قەزای سوێرکی سەر بە پارێزگای ئورفەی باکووری کوردستان لە دایک بووە.

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری ئامەد تەواو کردووە.ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلێجی یاسای زانکۆی ئیستەنبووڵ وەرگیراوە و درێژەی بە خوێندن داوە.

نەجۆ هەر لە سەرەتای ژیانی گەنجییەوە بایەخی بەخەباتی پیشەیی و نیشتمانی داوە، ساڵی ١٩٦٩ کە هێشتا خوێندکاری زانکۆ بووە لە شاری ئیستەنبووڵ، لەگەڵ ١٢ هاوڕێیدا، (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕیی ڕۆژهەڵات)یان دامەزراندووە کە بە (دەدەقەدە) ناسرا بوو، دواتر نەجۆ بووە بەسەرۆکی ڕێکخراوەکە.هەر لەو ڕێکخراوەدا خاتوو (جەمیلە)ی ناسیوە و لە نەورۆزی ١٩٧٥ هاوسەرگیریی لەگەڵدا کردووە.

بەر لەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، ڕۆژی ١٢ی ئاداری ١٩٧١ لەدوای کودەتای سەربازی، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ نەجۆ دەرچووە، ئیدی نەجۆ بەناچاری وڵاتی بەجێهێشتووە و ڕووی کردۆتە ئەورووپا و لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە و بووە بە پەنابەر.

ساڵی ١٩٧٤ حکوومەتی بولەند ئەجەوید، لێبووردنی گشتی دەرکرد، بەهۆی ئەو لێبووردنەوە نەجۆ گەڕایەوە تورکیا و لە باڵی چەپی پارتی دیموکراتی کوردستانی

تورکیا بەسەرۆکایەتی دکتۆر شڤان درێژەی بە تێکۆشان دا و دواتر وازی لەو پارتە هێنا.
لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، سەردانی شامی کرد و لەوێ (مام جەلال)ی ناسی و لەناو یەکێتیدا دەستی بە تێکۆشان کرد و بە (سەلاح) ناسرا. سەلاح ڕۆڵی کاریگەر و جوامێرانەی لە دابینکردنی پێداویستییە لۆجیستییەکانی یەکێتی لە ناو خاکی تورکیادا بینی، ئەو ڕێنیشاندەری یەکەم مەفرەزەی یەکێتی بوو بەفەرماندەیی ئیبراهیم عەزۆ و توانی ئەو مەفرەزەیە بەسەلامەتی بگەیەنێتە ناوچەی بادینانی کوردستانی عێراق.
نەوشیروان مستەفا لە کتێبی ( لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ) بە بایەخەوە باسی ڕۆڵی دیار و کاریگەری نەجۆ دەکات و دەڵێت لەگەڵ نەجۆدا لە سوریاوە چووە بۆ تورکیا و لە دیار بەکر لە یەکتری جیابوونەتەوە، ئیدی نەجۆ لە گەڵ حەسەن خۆشناو چوون بۆ ئیستەنبووڵ بۆ پێشوازیکردن لە مام جەلال و هاوسەفەری بووە و بەسەلامەتی مامی گەیاندۆتە سنووری تورکیا- عێراق.
نەوشیروان مستەفا، بەنەجۆ سەرسام بووە و لەو کتێبەدا بەم شێوەیە وەسفی دەکات و دەڵێت:(نەجۆ

کوردێکی ڕاستگۆ، جوامێر، تێگەیشتوو و هەتا بڵێی ئازا و لەخۆبردوو بوو).

ساڵی ١٩٨٢، بەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ مافی چارەی خۆنووسینی کورد و سۆسیالیزم، نەجۆ کە سکرتێری کۆمەڵەی ئازادیی کوردستان بوو لە باکوور دەستگیرکرا و ڕۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٨٤ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە زیندانی ئامەد شەهید کران.بەم بۆنە خەمناکەوە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد کە مام جەلال خۆی بەیاننامەکەی نووسی بوو، تێیدا هاوخەمی بۆ ئەو شەهیدانە ڕاگەیاندبوو.

نەجۆ، بێجگە لە بواری سیاسی، بایەخیشی بە بواری کولتووری و پاراستنی بەڵگەنامە مێژوویی و کولتوورییەکان دابوو، د.کەمال فوئاد لە پێشەکی کتێبی (کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم ١٩١٧-١٩١٨)، لە بارەی نەجۆوە نووسیوویەتی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٥ بۆ بەشداربوون لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سەردانی شامم کرد، لەوێ مام جەلال لە ماڵی خۆیان نەجۆی پێناساندم، کە لەناو یەکێتیدا بە سەلاح ناسرابوو، مام جەلال وتی: (کاک سەلاح یەکێکە لە

ڕۆشـنبیرە شۆڕشـگێڕەکانی کوردسـتانی بـاکوور، زۆر دۆستی ئێمەیە، حەز ئەکەم بیناسی).

د.کەمـال فوئـاد دەڵێت: (لە ڕێـی مـام جەلالەوە نەجـۆم ناسی، تا لە شام بووم، چەند جارێک بینیم و قسەمان کـرد.لە ئەیلـوولی ١٩٧٦ جـارێکی تـر سـەردانی شـامم کردەوە، لەوێ چـاوم بە نەجـۆ کەوتەوە و پێـی وتـم لە کوردسـتانی بـاکوورەوە، کۆمەڵێـک کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامەم لە لەگەڵ خۆمـدا هێنـاوە، کە ئەگەڕێتەوە بـۆ سەردەمی عوسمانی، حەز ئەکەم سـەیریان بکەیت و لە ناوەڕۆکەکانیـان ئاگـادارم بکەیـت، بـۆ ڕۆژی دواتـر بـاوڵێکی مـام ناوەنـدی لەگەڵ خـۆی هێنـا، لە نـاو باوڵەکەدا چـاوم بە کۆمەڵێک گۆڤـار و ڕۆژنـامە کەوت، لەوانە ١١ ژمـارەی پێشـتر نەبینـراوی ڕۆژنـامەی کوردستانی سالانی ١٩١٧-١٩١٨ بوو، تکام لێکرد کۆپیـان بکەم، ئیدی نەجـۆ بە خۆشـحاڵییەوە هەر ١١ ژمـارەکەی خستە بەردەستم و کۆپیم کردن).

سـاڵی ١٩٨٠، د.کەمـال فوئـاد لە ژمـارە ٣ی تشـرینی دووەمی ١٩٨٠ی گۆڤاری چریکەی کوردستان، کە مامۆستا ئیبـراهیم ئەحـمەد لە لەنـدەن دەریـدەکرد، وتـارێکی نووسی و مژدەی دۆزینەوەی ئەو ١١ ژمارەیەی ڕۆژنامەی ( کوردسـتان)ی بڵاوکـردەوە و سـاڵی ١٩٩٨، لەیـادی

سەدەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا، ئەو ١١ ژمارەیەی لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناونیشانی (کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، دەورەی سێیەم ١٩١٧–١٩١٨) لە شاری سلێمانی بڵاوکردەوە و وەک وەفا و ڕێزێک بۆ شەهید نەجۆ، ئەو کتێبەی پێشکەش بە شەهید نەجۆ کردووە و نووسویەتی: پێشکەشە بە گیانی شەهید نەجمەدین بیووک کایا (نەجۆ)، کە ئەم ڕۆژنامەیەی لە فەوتان ڕزگار کرد و ڕێگای خۆشکرد بۆ بڵاوکردنەوەی.

نەجۆ خولیایەکی دیکەشی هەبووە، ئەویش وێنەگرتن بووە، ئەو کاتەی لە ناوزەنگ و تووژەڵە بووە، بەکامێراکەی خۆی دەیان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی سەرکردە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی نوێ و دیمەنی ئەو ناوچانەی گرتووە و وەک یادگاری ئەو و ئەرشیفی شۆڕشی نوێ ماونەتەوە.

وەک ڕێزلێنان لەم کەسایەتییە مەزنە، باخچەیەک لە شاری سلێمانی کراوە بە ناوی شەهید نەجۆوە.

دروودی ڕێز و وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی شەهید نەجۆ، ئەو شۆڕشگێڕەی سەرانسەری کوردستانی کردە مەیدانی تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوەیی و کولتووری و گیانیشی لەو پێناوەدا بەخشی.



# د.نەسر حامد ئەبو زەید

ڕۆژی ٥ی تەمموزی ٢٠١٠ بیرمەند و لێکۆڵیاری ناسراوی بواری بیری ئیسلامی و زانستی قورئان، (د.نەسر حامد ئەبو زەید) لەتەمەنی ٦٧ ساڵیدا لەقاهیرەی پایتەختی میسر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.بەوەش کۆمەڵگەی عەرەبی و مرۆڤایەتی یەکێک لەبیرمەندو توێژەرە گەورەکانی لەدەستدا.

د.نەسر حامد ئەبو زەید کێیە؟

لەتەمووزی ١٩٤٣ لەخێزانێکی سادە و هەژاری گوندنشینی یەکێک لەگوندەکانی ناوچەی (گنگا)ی پارێزگەی خۆرئاوای میسر لە دایک بووە.

ساڵی ١٩٦٠ ئامادەیی بێ سیمی تەواو کردوو و لەبەر هەژاری و کەم دەرامەتی نەیتوانی بچێتە زانکۆ، لەبەر ئەوە دامەزراوە و لەساڵانی (١٩٦١-١٩٧٢) وەک فەرمانبەری حکوومەت خزمەتی کردووە و ئەرکی بەخێوکردنی خێزانە گەورەکەی لەئەستۆ گرت، بەهۆی ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٥٧) ەوە باوکی کۆچی دوایی

کردبوو.دواتر لەساڵی ١٩٧٢دا هەلی بۆ ڕەخسا زانکۆی تەواو کردوو و بڕوانامەی لیسانسی لەبەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لەکۆلێجی ئادابی زانکۆی قاهیرە بەپلەی نایاب بەدەست هێنا.لە ساڵی ١٩٧٦ بڕوانامەی ماستەری لە بواری بیری ئیسلامیدا بەپلەی نایاب وەرگرت و ناوەڕۆکی ماستەرنامەکەی لەسەر(چەمکی مەجاز لەلای موعتەزیلە) بوو.ساڵی ١٩٧٩ دۆکتۆرای لەبواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامیدا بەپلەی شەرەف بەدەستهێناوەو و بابەتی دکتۆراکەی لەسەر (تەئویلی قورئان لەلای موحیدین بن عەرەبی) بوو.لەو نامەی دۆکتۆرایەدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێبازی تەئویلی لە بواری بیری سۆفیدا داوەو و لە پەیوەندی نێوان بیرو دەقی ئایینی کۆڵیوەتەوە.

هەردوو نامەی ماستەرو دۆکتۆراکەی بەردی بناغەی پڕۆژە زانستییەکەی بوون و دواتر فرەوانی کردن و داوای چاوخشاندنەوەی بە هەموو بوارو لایەنەکانی کەلەپوری ئایینیدا کردوو و داوای کرد خوێندنەوەی تازەیان بۆ بکرێت و سیاقی مێژووییان لە بەرچاو بگیرێت.

دواتر بوو بە مامۆستای زانکۆو هەموو پلەکانی مامۆستایی بڕی و لە زانکۆکانی میسرو دەرەوە وانەی لەبواری بیری ئیسلامیدا گوتەوە.لەساڵانی ( ١٩٨٥-

١٩٨٩) مامۆستای میوان بوو لەزانکۆی ئوساکا بۆ زمانە بیانیەکان لە ژاپۆن.
د.نەسر لەنووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخی بەبیری ئیسلامی و ئایینی داوە و زۆر دژی دەسەڵاتی ڕەهای دەق بووەو و ڕووبەڕوی توندوتیژی و گوتاری توندڕەوی ئایینی بۆتەوە.
لەناوەڕاستی نەوەدەکاندا بەهۆی لێکۆڵینەوە زانستیەکانی لەبواری بیری ئیسلامیدا ڕەوتی ئایینی خۆپارێزی لە ناوەندی زانکۆی قاهیرەدا هەژاند، لەم بارەیەوە چەند تویژینەوەیەکی زانستیی پێشکەش بە لیژنەی پلە بەرزکردنەوەی زانکۆ کرد بۆ بوونی بە پرۆفیسۆر.بەڵام لیژنەکە ئامادە نەبوو لەو کاتەدا ئەو پلەیەی بداتێ، بەهۆی نارەزایی ئەندامێکی لیژنەکەوە بە ناوی (عەبدولسەبور شاهین) کە کەسێکی ئیسلامی بوو راپۆرتێکی توندی لە دژی نووسی بوو، لەڕاپۆرتەکەدا ئیدانەی دیدو تێڕوانینەکانی ناو تویژینەوە زانستییەکانی د.نەسری کردبوو، تۆمەتباری کردبوو بەوەی کە لە ئایین هەڵگەڕاوەتەوە.ئیدی ئەو کێشەیە سنووری زانکۆی بەزاند و هەرایەکی گەورەی ڕاگەیاندنی لێکەوتەوەو ڕای گشتی وروژاندو بۆ ماوەی دوو ساڵ بابەتی گەرمی ناو دادگە و میدیاکان بوو.

لە کۆتاییدا دادگەی باری کەسێتیی میسر لەسەر فەتوای مەلا توندڕەوەکان بەتاوانی هەڵگەڕانەوەی لەئیسلام و بەپێی یاسای حەسبە بڕیاری جیابوونەوەی د.نەسری لە هاوسەرەکەی دەرکرد.ئەوەش بەبیانووی ئەوەی کە ژنێکی موسڵمان نابێت هاوسەری پیاوێکی ناموسڵمان بێت.لەدوای ئەوە خۆی و خێزانەکەی میسریان بەجێهێشت و لەهۆڵەندا گیرسانەوە.

لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەی کە لەلایەن دادگاوە ڕووبەڕوی خۆی و هەوڵە زانستییەکانی کرایەوە ، د.نەسر کتێبێکی دەرکرد بەناوی ( بیر کردنەوە لە زەمانی تەکفیردا)، لەو کتێبەدا هەڵوێستی ئایینی بەپێودانگی موعتەزیلە هاوچەرخەکانەوە سەبارەت بە کێشەی خوێندنەوەی هاوچەرخانە بۆ دەقە پیرۆزەکان خستەڕوو.بەتایبەت دەرخستنی جیاوازی نێوان تێگەیشتنی زانستی دەقە ئایینییەکان و خوێندنەوەی لە دیدی مەنهەجی و لە نێوان بەکارهێنانی دەقەکان بۆ مەرامی تایبەت.هەروەها تیشکی خستبووە سەر چەمکی (مێژوویی) و باسی ئەوەی کردبوو کە تاچەند توێژەر بۆی هەیە بیروبۆچوونی کۆنەکان و ململانێی نێوان ئەهلی عەقڵ و ئەهلی نەقڵی نوێخواز تاوتوێ بکات و سوود لە ڕێوشوێنی تازەو مۆدێرن بۆ ڕاڤە کردنەوەو خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکان

وەربگرێ و تەنانەت ئەو مافەشی دابوو بە لێکۆڵیار کە ڕەخنە لەو دەقانە بگرێ یاخود بەشێوەیەکی ناکلاسیکی خوێندنەوەیان بۆ بکات.
بەهۆی بلیمەتی و ئەو توانا زانستی و فکرییەی هەیبوو لەزانکۆی دێرینی (لایەن) لەهۆڵەندا مامۆستای بیری ئیسلامی بووە.دواتر چووە زانکۆی (ئوتریخت)و لەو زانکۆیە کورسی ئیبن ڕوشدی بۆ چەند ساڵێک وەرگرت.ئەوەش ڕێزلێنانێکی گەورە بوو لەو بیرمەندە، چونکە ئیبن ڕوشد فەیلەسووفێکی گەورە بوو، بیر و بۆچوونەکانی کردبووە پردی پەیوەندی نێوان کەلتورە جیاوازەکان.بەخشینی ئەو کورسییە بە د.نەسر بەمانای ئەوەبوو کە لێی ڕوادەبینرا کە شان لە شانی ئەو فەیلەسوفە گەورەیە بدا.
بەهۆی خەباتی بەردەوامی لەپێناو داهێنانی ڕێوشوێنێکی هاوچەرخ بۆ خوێندنەوەی ماناکانی قورئان، ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوەی ئیبن ڕووشد بۆ بیری ئازاد د.نەسری خەڵات کرد.
وەک ڕێزگرتن لە بیرو بۆچوونە ئازاکانی لەلایەن چەند دامەزراوەیەکی ترەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.
بەهۆی تێڕوانینە نوێیەکانیەوە باجێکی زۆری داو لەزانکۆی وڵاتەکەی دژایەتی کراو ڕێگەی پلە

بەرزبـوونەوەی لێگـراو و وەک هەڵـگەڕاوەیەک خـوێنی حەڵاڵ کرا.

د.نەسـر لەنوسـینەکانیدا ڕەخـنەی لەخوێنـدنەوەی کلاسیکی دەقـی ئـایینی گرتـووە و داوای شـیکردنەوەی دەقــی لەچوارچێـوەی مێژوویـی و بـابەتی خۆیـدا کردووە.هەروەها ڕەخنەی لەدواکەوتوویی و توندڕەوی و قۆسـتنەوەی ئـایین بـۆ مەبەسـتی سیاسـی و دنیـایی گرتـووە.د.نەسر کەسێکی خۆڕاگربـوو تـا دواهەناسـەی بەرگری لەبیروباوەڕەکانی کرد هەرگیـز لێیـان پەشیمان نەبـۆوەو سازشـی لەسـەر نەکـردن.بڕواشـی وابـوو کە ڕیفۆرمی ئایینی لەناوەوە دەکرێت نەک لەدەرەوە، لاشی وابوو کە بزووتنەوە ڕیفۆرمی فکری ئیسلامی گەیشتۆتە ڕێگەیەکـی داخـراو، ئەوەش بەهـۆی ئەوەی کە قورئـان لەدەرەوەی گفتوگۆو مشتومڕو و لێکۆڵینەوەدا بووە.

ڕای وابـوو ئەگەر هەنـدێ ئـایەتی قورئـان دەقـاودەق وەربگیرێت لەگەڵ بەهـا نوێیەکـانی دیموکراسـی و مـافی مرۆڤـدا نـاگونجێن.لەوانە وەک بەکرێگرتنـی کـۆیلە، سـەپاندنی جـزیە بەسـەر ناموسـڵمانەکاندا، سـزای جەستەیی، شێوەی دابەشکردنی میـرات لە نێوان ژن و پیاودا کەزیاتر لە قازانجی پیاودایە و دانانی دوو ژن بە یەک شاهید لە دادگەدا.

د.نەسر بڕوای بەجیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت هەبووەو پێی وابووە کە دەوڵەت کۆمەڵێک دامەزراوەی گشتییە کە ژیانی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان ڕێک دەخات و کار بۆ هەمووان دەکات.لەو بڕوایەشدا بوو کە دەوڵەتی ئایینی نەگونجاوەو و کێشەو گرفت دەنێتەوەو و بەکەڵکی سەردەمی نوێ نایەت.

د.نەسر لەزۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا کاری لەسەر ئەوە کردووە کە قۆناغی غەیبی ئەفسانەیی بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی هۆشیاری و زانستیی بیر و باوەڕ.

د.نەسر دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی لەبواری بیری ئیسلامیدا هەیە و زۆربەیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون لەوانە: (ئاراستەی عەقڵی لەشیکردنەوەدا، فەلسەفەی تەئویل، چەمکی دەق، ڕەخنە لەگوتاری ئایینی، ژن لەگوتاری قەیراندا، بیرکردنەوە لەزەمانی تەکفیردا، بازنەکانی ترس، گوتار و تەئویل)و چەندانی تر.



# یەشار کەمال

یەشار کەمال نووسەر و ئەدیبێکی ناسراوی جیهانییە، ئەگەرچی بەرهەمەکانی بەزمانی تورکی نووسیوە و بەهۆی هەلومەرجی سەختی وڵات لە خوێندن و نووسین بەزمانی دایک بێبەش بووە، بەڵام هەرگیز ئەو ڕاستییەی نەشاردۆتەوە کە ئەو کوردە و خەڵکی ناوچەی وانی باکوری کوردستانە.

ساڵی ٢٠١٠ کە بەسەفەر لەسوید بوو، پەیامنێری بەشی کوردی ڕادیۆی سوید، پرسیاری ئەوەی لێکرد، کوردە یان تورک؟

ئەویش لە وەڵامدا وتی: (ئەوانەی بەمن دەڵێن کورد نیم، لەبەرئەوەی بەکوردی نەمنووسیوە، ئەوانە کوڕی کەرن، من کرمانجی زۆر چاک دەزانم، چوون من کرمانجم، کرمانجێکی ڕەش، دەزانی کرمانجی ڕەش یانی چی؟).

کرمانجی ڕەش واتە کوردی دەرەوەی سیستمی باڵادەستی تورکیا.

ڕۆمانەکانی یەشار کەمال ئەگەرچی بە زمانی تورکی نووسراون، بەڵام ناوەرۆکەکانیان ئێش و ئازارو خەم و چەوسانەوەی خەڵکی کورد و گەلە بەشمەینەتەکانی دیکەیە.

خانەوادەکەی بەئەسڵ خەڵکی کەناری دەریاچەی وانن، بەڵام کۆچیان کردووە بۆ گوندی هەمیتەی قەزای عوسمانییەی پارێزگای ئەدەنە.یەشار کەمال لەساڵی ١٩٢٣ لەو گوندە لەدایک بووە.تەمەنی پێنج ساڵ بووە بە بەرچاوییەوە لەمزگەوتێکدا باوکی دەکوژن، ئەو کارەساتە شوێنەوارێکی سەخت لەدەروونیدا بەجێدەهێڵێت، لەبیری ناکات و دەیکاتە هەوێنی ڕۆمانێک.

یەشار کەمال لە گوندی بورهانلیی ناوچەی قادیرلی شاری ئەدەنە بەتورکی خوێندوویەتی، بەهۆی سەختی ژیانەوە نەیتوانیوە دوا پۆلی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات.

ئیدی ڕووی کردۆتە بازاڕی ژیان، وەک فەرمانبەر و شۆفێر و چاودێر و پاسەوان کاری کردووە.

لە گەنجیـــدا خولیـــای نووســـین بـــووە، ســـەرەتا بەکۆکردنەوەی لاوانـدنەوە و شیعری فۆلکلـۆری تـورکی دەسـتی پێکـردووە، سـاڵی ١٩٤٣ لەدووتـوێی کتێبێکـدا بەناوی (لاواندنەوەکان) چاپی کردووە.

یەشار کەمال، هەر زوو تێکەڵاوی سیاسەت بوو، بەهۆی ژیـانی پـڕ لەنەهـامەتی خـۆیەوە، بەبیـر و بـاوەڕی مارکســی سەرســام بــوو، لەســەرەتای پەنجاکانــدا بانگەشەی بۆ ئەو باوەڕە کرد، بەهۆی ئەوەوە لە شاری ئەدەنە زینـدانی کـرا و بـۆ مـاوەی سـاڵێک لە کـونجی زیندان مایەوە و دواتر بێتاوان دەرچوو، ئازاد کرا.

ئیدی دوای ئەوە سەفەری کرد بۆ ئیستەنبووڵ و لەوێ وەک ڕۆژنـامەنووس لە ڕۆژنـامەی (جمهـوریەت) کـاری کـرد، بـۆ ئەو ڕۆژنـامەیە ڕیپۆرتـاژی ئامـادە دەکـرد، کارەکەی جێی سەرنج و ڕامـانی خـوێنەران بـوو، بـۆیە هەر زوو وەک ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا ناسرا.

یەشــار کەمــال ســاڵی ١٩٦٢ پەیوەنــدی کــرد بەحزبــی کارگەری تورکیاوە و گەیشتە ئاستی سەرکردایەتیی ئەو حزبە.بەهۆی نووسین و هەڵسوڕانی سیاسییەوە چەنـد جارێــک زینــدانی کــرا و ئــازار و ئەشــکەنجەی زۆری چەشت.خەون و خولیای سەرەکی ئەو ئەدەب بوو، هەر

بـــۆیەش سیاســـەتی بەجێهشـــت و خـــۆی بـــۆ ئەدەب تەرخانکرد.

سـەرەتا بە کـۆکردنەوەی گـۆرانی فۆلکلـۆری و چیرۆکـی کورت و کاری ڕۆژنامەنووسی دەستی پێکرد، هاوشـانی ئەوانەش ڕۆمانی ئەنووسی، ساڵی ١٩٥٥ بەرگی یەکەمـی ڕۆمـانی حەمەدۆکـی نووسـی، ئەو ڕۆمـانە زۆر جـوان و سەرنجڕاکێش بوو، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبـوو، بـۆ زۆر زمـــانی زینـــدووی جیهـــان تەرجەمە کـــرا، بەوەش یەشار کەمال لەسەر ئاستی جیهان ناسرا و بۆ خەڵاتـی نۆبڵ پاڵێورا، بەڵام وەرینەگرت.دواتر سێ بەرگـی تـری ئەو ڕۆمانەی نووسی و هەر چـوار بەرگەکەی بـۆ زمـانی کوردی وەرگێڕدراون.نۆ ڕۆمانی تـری بـۆ زمـانی کـوردی وەرگێڕدراون.

چەندین ڕۆمانی تری نووسی، ڕۆمانەکانی بـۆ زیـاتر لـە ٥٠ زمانی بیانی وەرگێڕدراون و بە تیراژی زۆر چاپکران. یەشار کەمال خاوەنی ٤٥ کتێبی چـاپکراوە، کە نیوەیـان زیاتر ڕۆمـانن.بەهـۆی بەرهەمە جـوان و بەهادارەکـانی، زیاتر لە ٤٠جار خەڵاتی بەنرخی لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات و جیهان پێبەخشراوە.تەنانەت دکتۆرای فەخریشی لە ئەوروپا دراوەتێ.

سەرباری ئەوەی بەهۆی نووسین و هەڵویستەکانی چەندین جار زیندانی کرا و ئازار و ئەشکەنجە درا، بەڵام کۆڵی نەدا، ئەو کۆڵی بەدەسەڵاتدارانی تورکیادا، عەبدوڵڵا گویل سەرۆکی تورکیا لەکۆشکی کۆماری پێشوازی لێکرد و لەڕێورەسمێکدا گەورەترین خەڵاتی دەوڵەتی پێبەخشی.
لەبەر ئەوەشی ئازار و مەینەتی ئەرمەنییەکان لە ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لای ئەرمەنەکان خۆشەویست بوو، سەرۆکی ئەرمینیا خەڵاتێکی بەنرخی وڵاتەکەی پێبەخشی.
دوای خزمەتێکی زۆر بە ئەدەب و فەرهەنگ، ڕۆژی ٢٨ی شوباتی٢٠١٥ لەشاری ئیستەنبووڵ کۆچی دوایی کرد، ڕۆژی دووی ئادار، هەر لەو شارە لە ڕێوڕەسمێکی میللی و ڕەسمیدا بەخاک سپێردرا.
یەشار کەمال، ئەو نووسەر و ڕۆمان نووسە گەورەیەی کورد، زمان ڕێگر نەبوو لەوەی خەم و ئازار و مەینەتی گەلەکەی و گەلانی دیکەی چەوساوە بەجیهان بگەیەنێ.

# ئینسکلۆپیدیای ئەدیبانی ڕووس




ئینسکلۆپیدیای ئەدیبانی ڕووس، بەرهەمێکی ئەدەبییە، لە سێ بەرگ پێکهاتووە و لە دوو تـوێی ٩١٢ لاپەڕەدا لەساڵی ٢٠٢٠ بە تیراژی ١٠٠٠ دانە چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە لەلایەن نووسەر و ڕەخنەگری ڕووس خاتوو (ئەلکسەندرا گۆزیفا) بە زمانی ڕووسی نووسراوە و (د.قاسم محەمەد حەسەن ئەلئەسەدی) ی نووسە ر و وەرگێڕی عێراقی، بۆ سەر زمانی عەرەبی وەریگێڕاوە و بە زانیاری بە نرخ دەوڵەمەندی کردووە، هەر بۆیەش لەسەر بەرگەکانی ئینسکلۆپیدیاکە نووسیوویەتی ئامادەکردن و وەرگێڕان.

ئەم ئینسکلۆپیدیایە، ژیاننامە و بەرهەمەکانی ١١٢ نووسەر و ئەدیبی ناوداری ڕووسی لە ماوەی زیاتر لە پێنج سەدەی ڕابردوودا لە خۆگرتووە.

بێگومان گەلی ڕووسیا خاوەنی سەدان نووسەر و ئەدیبە، کە بە بەرهەمەکانیان ئەدەبی وڵاتەکەیان دەوڵەمەند و سەنگین کردووە و سنووری وڵاتیان بەزاندووە و ڕژاونەتە دەریای کولتووری مرۆڤایەتییەوە.

نووسەران و ئەدیبانی وەک (دۆستۆڤسکی، پۆشکین، تۆڵستۆی، چیخۆف، ماکسیم گۆرکی و چەندانی دی)، بەرهەمەکانیان سنووری وڵاتی جوگرافی وڵاتی خۆیان بڕیوە و بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان تەرجەمە کراون و لەسەرانسەری گۆی زەویدا تا ئێستاش خوێنەریان هەیە.

نیکۆلای گۆگۆڵ کە بە باوکی چیرۆکی ڕووسی دادەنرێت، چیرۆکە بەناوبانگەکەی (پاڵتۆ) هێندە جوان و کاریگەر بوو، کە ئەدیبێکی ناودار و مەزنی وەک فیۆدۆر دۆستۆڤسکی پێی سەرسام بێت و بڵێ: (هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە دەرچووین)!

ئەم ئینسکلۆپیدیایە، ژیاننامە و بەرهەمی تەنها ١١٢ ئەدیبی ڕووسی لە خۆگرتووە، کە بە دڵنیاییەوە گەلی

ڕووس لەو ژمارەیە زۆرتر ئەدیب و نووسەری ناوداری هەیە و شایستەی ئەوەن بخرێنە دوو تویێی ئەم ئینسکلۆپیدیایەوە و خوێنەران بە ژیان و بەرهەمیان ئاشنا بکرێن.

ئەو ١١٢ ئەدیبەی کە لەم ئینسکلۆپیدیایەدا ناویان هاتووە، لە بوارەکانی (ڕۆمان، شیعر، شانۆ، کورتە چیرۆک) خزمەتیان کردووە و شوێن پەنجەیان بە ئەدەبی ڕووسییەوە دیارە.

ئەوەی بەلای منەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کەئەم ئینسکلۆپیدیایە ١١٢ ئەدیبی ڕووسی لەخۆگرتووە، بە ئەدیبە نوێیەکان دەستی پێکردووە و بە ئەدیبە کۆنەکان کۆتایی هاتووە، بەرگی یەکەم بە زنجیرەی ١١٢ کە (بۆریس ئەکۆتین)ی لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٦)ە دەستی پێکردووە و لە بەرگی سێهەمدا بە زنجیرەی (١) کە پۆشکێنی شاعیری ناوداری لە دایکبووی ساڵی (١٧٩٩) کۆتایی هاتووە، نازانم نهێنی ئەم ڕیزبەندییە چییە کە بە ئەدیبە نوێیەکان دەستی پێکردووە و بە ئەدیبە کۆنەکان کۆتایی هاتووە و لە زنجیرەی ١١٢ بۆ زنجیرەی ١ دابەزیوە؟!

ئایا باشتر نەبوو بە ئەدیبە کۆنەکان بۆ ئەدیبە نوێیەکان لە زنجیرەی (١ بۆ ١١٢) ڕێکبخرایە؟

ئەم ئینسکلۆپیدیایە، تیشک دەخاتە سەر چەند قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبی ڕووسی، لەوانە قۆناغی ڕووسیای قەیسەری (١٥٤٧–١٧٢١)، قۆناغی ئیمپراتۆریەتی ڕووسی ( ١٧٢١–١٩١٧)، قۆناغی کۆماری ڕووسیای دوای شۆڕشی شوباتی ١٩١٧ و ماوەی دواتری دامەزراندنی کۆماری ڕووسیای سۆڤێتی ( ١٩١٧–١٩١٨)، قۆناغی دامەزراندنی دەوڵەتی ڕووسی (١٩١٨–١٩٢٠)، قۆناغی دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤیەت (١٩٢٢–١٩٩١)، دوا قۆناغی ڕووسیای فیدراڵ (١٩٩١–٢٠٢٠).

ئەم ئینسکلۆپیدیایە تیشکی خستۆتە سەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو ئەدیبانەی لە ناو وڵاتی ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەتدا ژیاون.بەڵام ئەو نووسەرو ئەدیبانەشی فەرامۆش نەکردووە، کە لە دەرەوەی ئەو وڵاتە و لە تاراوگە ژیاون.بۆ نموونە تیشک خراوەتە سەر ژیان و بەرهەمی نووسەرانی وەک (جۆزیف برودسکی، فلادیمێر ناباکۆف، ئیڤان بۆتین و چەندانی دی).

خاتوو ( ئەلکسەندرا گۆزیفا)ی نووسەری ئەم ئینسکلۆپیدیایە، کە خۆی ڕەخنەگر و نووسەرێکی ناسراوی ژنە، نووسەران و ئەدیبانی ژنیشی لە بیر نەکردووە و لەم ئینسکلۆپیدیایەدا ئاماژەی بە ژیان و

بەرهەمی چەند نووسەر و ئەدیبی ناوداری ژنی ڕووسی کردووە، لەوانە (لۆدمیلا ئولتسکایا، ویلینا شفارتس، ئۆلگا سیداکوفا، ئانا ئەخماتۆفا و چەندانی تر).
ئەوەشی بە کەموکوڕی بۆ ئەم ئینسکلۆپیدیایە دادەنرێت ئەوەیە کە هەندێ نووسەر و ئەدیبی ناوداری ڕووسیی فەرامۆش کردووە و ناوی نەهێناون و باسی ژیان و بەرهەمەکانی نەکردوون.لەوانە ( ئیڤان شمیلیف، ئەلکسی ریمیزۆف، ئەرکادی ئەڤیرشینکۆ و چەندانی تر).
چاپکردنی ئەم ئینسکلۆپیدیایە لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژە کولتوورییەدا دێت کە کۆمەڵەی وەرگێڕکارانی عیراق بە نیازن زنجیرەیەک کتێب لە زمانە زیندووەکانەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەربگێڕن کە خۆی لە وەرگێڕانی ١٠٠ کتێبی گرنگدا دەدات.
بێگومان ئەوەش پڕۆژەیەکی کولتووریی گرنگ و ناوازەیە و پەنجەرەیەک بەڕووی ئەدەب و ڕۆشنبیریی گەلاندا دەکاتەوە.



# ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی

ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوێکی ناحکومی نێودەوڵەتی قازانج نەویستە، سەربەخۆیە لەهەر دەسەڵاتێکی سیاسی.
ئەم ڕێکخراوە بایەخ بە پاراستنی ئەرشیفو بەڵگەنامەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەدات.
لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دامەزراوەو ساڵی ١٩٥٠ یەکەم کۆبوونەوەی لە ناو بارەگای ڕێکخراوی یونسکۆ ئەنجام داوە.
بارەگای سەرەکی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسایەو لە زۆربەی کیشوەرو هەرێمو وڵاتانی جیهان لقی هەیە.

یەکەم: ئامانجەکانی

ئەم ڕێکخـراوە لەڕێـی گۆڕێنەوەی بیـروڕاو تـوێژینەوەو ئەزموونو ڕێکخستنی دامەزراوە ئەرشیفییەکان، هەوڵـی پاراســتنی بەڵگەنامەکــانو کەلەپــووری ئەرشــیفی جیهانیو مرۆڤایەتی دەدات.

ئەنجـومەنی ئەرشیفی نێـودەوڵەتی هەوڵـی بەدیهێنـانی ئەم ئامانجانە دەدات:

١-هانــدانو پشــتیوانیکردنی گەشــەپێدانو پاراســتنی ئەرشــیفو بەڵگەنامەکــان لەســەر ئاســتی جیهــان بەهاوکاریی دەزگا حکومییەکانو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان.

٢-هەماهەنگیکردن بۆ گەشەپێدانو ڕێکخستنو پاراستنی ئەرشیفو بەڵگەنامەکان لەجیهاندا.

٣-بەستنی پەیوەنـدیی پـتەو لە نێـوان ئەرشیفسـازانو دامەزراوەکــانی تــایبەت بە پاراســتنی ئەرشــیفو بەڵگەنامەکانو گۆڕینەوەی زانیاری لەو بوارانەدا.

٤-ئاســانکاری بــۆ بەکارهێنــانو ســوود وەرگــرتن لە ئەرشیفو بەڵگەنامەکانو ئاشنابوون بەناوەڕۆکەکانیـان لەسەر ئاستێکی فراوان.

دووەم: ئەندامێتی

ئەنجـــومەنی ئەرشـــیفی نێـــودەوڵەتی، ڕێکخراوێکـــی ناحکوومییە، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە دەوڵەتان نین، بەڵکـوو کـۆمەڵەو دامەزراوە ئەرشـیفییەکانو کەسـانی پسپۆڕی بواری ئەرشیف، ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن.

ئەم ڕێکخـراوە تـۆڕێکی جیهـانیی هەیە کە زیـاتر لە١٤٠٠ دامەزراوەی ئەرشـــیفی لە ١٩٠دەوڵەتـــی جیهـــانو٢٠٠ شارەزای بواری ئەرشیف بەسیفەتی شەخسی، ئەنـدامی ئەم ڕێکخراوەن.

سێیەم:پەیکەری ڕێکخراوەیی

پەیـــکەری ڕێکخراوەیـــی ئەنجـــومەنی ئەرشـــیفی نێودەوڵەتی، لەم بەشانە پێکدێت:

١-کـۆنگرەی نێـودەوڵەتیی ئەرشـیف: هەر چـوار سـاڵ جارێک لە کاتو شـوێنی دیـاریکراو کە دانیشـتنی گشـتی دیاری دەکات، کۆدەبێتەوە.

٢-دانیشـــتنی گشـــتی: ســـاڵانە بەشـــێوەیەکی ئاســـایی کـۆدەبێتەوە، بـۆ حـاڵەتی نائاسـایی، لەسـەر داوای سـەرۆکو لیـژنەی جێبەجێکـردن، یـاخود لەسـەر داوای دوو لەســـەر ســـێی ئەنـــدامانی دامەزراوەو کۆمەڵەکـــان کـۆدەبێتەوە، کە نـوێنەرایەتیی دامەزراوەو کۆمەڵەکـانو بەرپرسانی هەڵبژاردنو ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردنو

مەکتەبی سیپۆزیۆمی نێودەوڵەتیو سکرتێری گشتیو یاریدەرەکەی دەگرێتەوە.
دانیشتنی گشتی تێڕوانینی ستراتیجیی ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی پەسەند دەکاتو لە کاروبارەکانی تایبەت بە کارگێڕیو چالاکییەکانی دەکۆڵێتەوە.
هەروەها ڕاپۆرتی سەرۆک سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەنجومەن پەسەند دەکاتو متمانە بەسکرتێری گشتیو لیژنەی جێبەجێکردن دەداتو گوێ لەڕاپۆرتی دارایی دەگرێ کە جێگری سەرۆک پێشکەشی دەکاتو بودجەی ساڵانەو ئابوونەی ئەندامێتیو گۆڕانکارییەکانی قانونی ئەساسی پەسەند دەکات.
٣-لیژنەی جێبەجێکردن: لە مەکتەبو سەرۆکی لقەکانو بەرپرسی بەشەکان پێکدێت.
ئەم لیژنەیە بەرپرسە لە چاودێری سیاسەتو پرۆگرامی پەسەندکراوی دانیشتنی گشتی.هەر ئەم لیژنەیە سکرتێری گشتیو یاریدەدەرەکانیو بەرپرسی هەڵبژاردنەکانو ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیو رەسیدی نێودەوڵەتیی پەرەپێدانی ئەرشیف دیاری دەکات.
٤- مەکتەبی لیژنەی جێبەجێکردن: لە سەرۆکو جێگری سەرۆکی سیپۆزیۆمی نێودەوڵەتیو جێگری سەرۆکی

کۆنگرەو جێگری سەرۆکی دارایی‌و جێگری سەرۆکی پڕۆگرام‌وجێگری سەرۆکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکان‌و جێگری سەرۆکی نوێنەرایەتیی لقەکان پێکدێت.

ئەم مەکتەبە بەرپرسە لە هەموو ئەو بابەتانەی کە لیژنەی جێبەجێکردن پێیسپاردووەو ئەرکی ئامادەکاریی کۆبوونەوەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی لە ئەستۆیە.

چوارەم: مەکتەبی سیپۆزیۆمی ئەرشیفی نێودەوڵەتی

ئەم مەکتەبە ساڵانە کۆدەبێتەوە بەمەبەستی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسە ستراتیجی‌و پیشەییە گەورەکان، ئەم مەکتەبە لە جێگری سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی دارایی پێکدێت.

یاریدەدەری سکرتێری گشتی سەرپەرشتی سکرتاریەتی ئەم مەکتەبە دەکات، کە لە شەش ئەندامی هەڵبژێردراو پێکدێت‌و چواریان نوێنەری لقەکانی هەرێمایەتین.

ئەرکی ئەم مەکتەبە ڕێکخستن‌و سازدانی سیپۆزیۆمی ساڵانەیە، هەروەها بڕیارو ڕاسپاردەکانی دانیشتنی گشتی بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی پڕۆگرام جێبەجێ دەکات.

پێنجەم: لقەکان

ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی ناحکومی قازانج نەویستی نامەڵبەندییە، لقی لە زۆربەی هەرێمەکان‌و وڵاتانی جیهان هەیە.

١-بەشی بۆ بوارە جیاجیاکانی ئەرشیف هەیە، وەک ئەرشیفی تایبەت بە ( شارەکان، پەرلەمانەکان، کۆمپانیاکان، زانکۆکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دادگاکانو یانە وەرزشییەکان).

٢-لقی هەرێمایەتی ( عەرەبی، ئەفریقیای ناوەڕاست، ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتو باشوور، ئەفریقیای خۆرئاوا، ئەمریکای لاتین، ئەمریکای باکوور، ئاسیای ڕۆژهەڵات، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای باشوورو رۆژئاوا، ئۆراسیا، ئەوروپاو ئۆقیانووسی ئارام).

شەشەم: ڕۆژی جیهانی ئەرشیف

ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتی، داوای لە ڕێکخراوی یونسکۆ کرد، کە ڕۆژێکی جیهانی بۆ پاراستنی ئەرشیفو بەڵگەنامەکان دیاری بکرێ، دوای سێ ساڵ، لە ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی یونسکۆ بڕیاریدا رۆژی ٩ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک بکرێت، بەڕۆژی جیهانی ئەرشیف، ئەم ڕۆژەش هەمان ڕۆژی دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەرشیفی نێودەوڵەتییە، کە لە ڕۆژی ٩ی حوزەیرانی ١٩٤٨ دامەزراوە.

مەبەست لە دیاریکردنی رۆژێکی جیهانی بۆ پاراستنی ئەرشیفو بەڵگەنامەکان ئەوە بوو، کە لەو ڕۆژەدا هانی وڵاتانو ڕێکخراوەکانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدەن

باسی بایەخی پاراستنی بەڵگەنامەکانو ئەرشیف وەک میمۆریو ناسنامەی گەلانو سامانی کەلەپووری جیهانی بکەنو هاووڵاتیان هۆشیار بکەنەوە کە ئەو سامانە بەنرخە میللیو جیهانییە بپارێزن.



# بورجی ئیڤڵ

فەڕەنسا وڵاتیکی گرنگە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە، ڕووبەری خاکەکەی ٦٤٢٨٠١ کیلۆ مەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ٦٥ ملیۆن کەسە، لە ڕیزبەندی بیستەمین وڵاتانی جیهاندایە لە ڕووی چڕی ژمارەی دانیشتوانەوە.

فەڕەنسا ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێک لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.

زمانی فەڕەنسی لە سەر ئاستی دنیا وەک زمانێکی جیهانی ناسراوە ڕۆژی ٢٠ی ئاداری هەموو ساڵێک، ڕۆژی جیهانیی زمانی فەڕەنسییە، ئەوەش لەوەوە

سەرچاوەی گرتووە کە ڕۆژی ٢٠ی ئادار ڕۆژی جیهانیی فرانکفۆنییە، واتە ڕۆژی ئەو گەلانەی بەزمانی فەڕەنسی قسە دەکەن، کە زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەو زمانە قسە دەکەن.

زمانی فەڕەنسی یەکێکە لە شەش زمانە فەرمییەکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پاڵ زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی، چینی، ڕووسی، ئیسپانی، عەرەبی)دا لە کاروباری فەرمییەکانی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا بەکار دێت.

وڵاتی فەڕەنسا خاوەنی سەتان شوێنی مێژوویی و کەلەپوورییە، بەشێک لەو شوێنانە لەلایەن یونسکۆوە خراونەتە لیستی کەلەپووریی جیهانییەوە.یەکێک لەو شوێنانە بورجی ئیڤڵە، کە لە لایەن یونسکۆوە خراوەتە لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.من لەم گوتارەدا دەمەوێ تیشک بخەمە سەر مێژووی دروستکردنی ئەو بورجە و زانیاری تەواو لە بارەیەوە بخەمە ڕوو و بەخوێنەرانی خۆشەویستی ئاشنا بکەم.

بورجی ئیڤڵ، بەناوبانگترین ڕووخساری مێژوویی و گەشتیاریی شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە.

ئەو بورجە دەکەوێتە ناوچەی باکووری خۆرئاوای باخچەی (چامپ دی مارس)ی نزیک ڕووباری سین، کە یەکێکە لە باخچە سەوز و جوان و دڵگیرەکانی پاریس.
ئەو بورجە بە یەکێک لە بورجە جوان و سەرسوڕهێنەرە جیهانییەکانی مێژووی هاوچەرخ دادەنرێت.
مەبەست لە درووستکردنی بورجی ئیڤڵ، بۆ ئاهەنگی یادی ١٠٠ ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسا و کردنەوەی پێشانگەی پیشەسازیی جیهانیی ساڵی ١٨٨٩ لە پاریس بوو.
ڕۆژی ٢٨ی کانوونی دووەمی ١٨٨٧ دەست بەدرووستکردنی بورجەکە کرا و پاش دوو ساڵ و پێنج مانگ کارکردن لەو پڕۆژە مەزنەدا، لە ڕۆژی ٣١ی ئاداری ١٨٨٩ تەواو کرا و لە ڕێوڕەسمێکی فەرمیدا کرایەوە.
دوای خەملێنی بیرۆکەی دروستکردنی بورجێکی لەو شێوەیە، داوا لە ژمارەیەک ئەندازیارو دیزاینەری ناوداری فەڕەنسا کرا، کە دیزانی بورجێکی مەزن بکەن، لەناو هەموویاندا دیزانی ئەندازیاری تەلارسازی ناودار (گۆستاف ئیڤڵ) پەسەند کرا و بورجەکەش بە ناوی ئەوەوە ناونرا.بەوەش ئەو ئەندازیار و دیزاینەرە

گەورەیە، لە دەرگەیەکی زێڕینەوە چووە ناو مێژووی دیزاین و تەلارسازیی وڵاتی فەرەنسا و جیهانەوە.
هەیکەلی بورجەکە لە ئاسن دروستکراوە و ١٨هەزار و سی پارچە ئاسنە، بە دوو ملیۆن و نیو برغوو پێکەوە بەستراون.
کێشی بورجەکە دە تەنە.
بەرزی بورجەکە لەڕووی زەوییەوە بۆ سەرەوە ٣٠٠ مەتر و ٦٠ سانتیمەترە.بەرزی هەواییشی ٣٢٤ مەترە.
بورجی ئیڤڵ، لەسی قات پێک دێت، دوو چێشتخانەی تێدایە بۆ پێشکەشکردنی خواردن و ئاو و جۆرەکانی دیکەی شەربەت و شلەمەنی بە گەشتیاران.ئەو بورجە حەوت مەسعەدی کارەبایی تێدایە بۆ سەرخستنی گەشتیاران.
مەسعەدەکان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە ٨ خولەک دەگەن.
بێجگە لە مەسعەدەکان، ١٦٦٥ قادرمە هەیە بۆ سەرکەوتن بۆ قاتەکانی سەرەوە، بەڵام تەنها تا قاتی دووەم، گەشتیاران دەتوانن لە ڕێی ئەو قادرمانەوە سەربکەون.
ئەو بورجە لە کۆندا لە لایەن زانایان و شارەزایانەوە بۆ تاقیکردنەوەی زانستیی و زانینی کەش وهەوا و

خستنە خوارەوەی تەنەکان و زانیاری گەردووناسی بەکار هاتووە.
لە درووستکردنی بورجی ئیڤلدا ٧٢ ئەندازیار و ٣٠٠٠ کرێکار بەشداربوون.گوستاف ئیڤڵ ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە ناوی ٧٢ ئەندازیاری لەسەر هەیکەلی بورجەکە هەڵکۆڵیوە.
بورجی ئیڤڵ بۆ کاری چاودێری و پەخشی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەکار دەهێنرێت و چەندین رادیۆ و تەلەفزیۆن بۆ پەخشی بەرنامەکانیان سوودیان لە بەرزی ئەو بورجە وەرگرتووە.
لە شەواندا گڵۆپەکانی بورجەکە دادەگیرسێنرێن و دیمەنێکی جوان و ئەفسووناوی بە بورجەکە و ناوچەکە دەبەخشن.
بورجی ئیڤڵ بە کێکە لە شوێنە گەشتیارە بەناوبانگەکانی فەڕەنسا و جیهان دادەنرێت، ساڵانە زیاتر لە ٧ ملیۆن گەشتیار لە ناوخۆی وڵات و وڵاتانی دیکەی جیهانەوە سەردانی بورجی ئیڤڵ دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، بەوەش داهاتێکی زۆر بۆ خەزێنەی حکوومەتی فەڕەنسا دابین دەکرێت.



## بورجی پیزا

ئیتاڵیا وڵاتێکی دێرین و خاوەن دیرۆک و شارستانی و سەدان شوێنەواری مێژوویە، هەندێ لە مێژوونووسان بە مۆزەخانەیەکی کراوە وەسفی دەکەن، ساڵانە سەدان ملیۆن گەشتیار سەردانی شوێنەوارە دێرین و ناوچە گەشتیارییەکانی ئەو وڵاتە دەکەن و سەدان ملیۆن یۆرۆ وەک داهات بۆ خەزێنەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە.
یونسکۆ دەیان شوێنەواری مێژوویی ئەو وڵاتەی خستۆتە لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.
مێژوو و شارستانێتی مەزنی ئیتاڵیا وایکردووە حکوومەتی ئەو وڵاتە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بایەخ بە بواری کەلتووری بدات، لەو چوارچێوەیەدا تیمە شوێنەوارییەکانی ئیتاڵیا لە ساڵی ٢٠١١ەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و لەو کاتەوە تائێستا ١١

تیمی شوێنەواری ئەو وڵاتە لەهەرێمی کوردستان کاری کنە و پشکنین دەکەن و گەیشتوونەتە ئەنجامی زانستیی بەهادار لەم خاکە دێرینەی هەرێمی کوردستان کە بە بەشیک لە لانکەی شارستانییەت دادەنرێت.

بورجی پیزا یەکێکە لەسیما مێژوویی و گەشتیارییەکانی شاری پیزای ئیتاڵیا.ئەم بورجە خاوەنی مێژووییەکی کۆنە و دروستکردنی نزیکەی دووسەدەی خایاندووە.بورجەکە دەکەوێتە شاری پیزای هەرێمی توسکانای ئیتاڵیا.

ڕۆژی ٩ی ئابی ١١٧٣ی زاینی ئەندازیار و هونەرمەندی پەیکەرسازی ئیتاڵی (بۆناتۆ پیزانۆ) بەردی بناغەی ئەو بورجەی داناوە و تا ساڵی ١١٧٨ سێ نهۆمی بورجەکە دانرا، بەڵام لایەکی داچوو و ئیدی بورجەکە پێنج پلە و نیو لاربۆوە و کارکردن لە تەواوکردنی بورجەکە بۆ ماوەی ١٠٠ ساڵ وەستا، ئیدی چەند ئەندازیار و شارەزای دیکەی بیناسازی ئەرکی تەواوکردنی بورجەکەیان گرتە ئەستۆ، ساڵی١٢٧٢ی زایینی چوار نهۆمەکەی تری دروستکرا، ساڵی ١٣٠١ جارێکی تر کارکردن لەو بورجەدا وەستاوە.ساڵی ١٣١٩دوا نهۆمی بورجەکە و ژووری زەنگەکان دروستکراوە.کە ئەو

زەنگانە بۆ کڵێسای پیزا بوو، ساڵی ١٣٧٢ بورجەکە تەواو کرا.

ئەم بورجە لە هەشت نهۆم پێکهاتووە و ٥٦ مەتر بەرزە بە ٣٠٠ قادرمە بۆی سەردەکەویت، مەسعەدی کارەبایشی هەیە بۆ سەرکەوتن.

سال ّی ١٩٩٠ ژمارەیەک ئەندازیار و پسپۆڕی ناوخۆیی و دەرەکی، بەرنامەیان دانا کە لاریی بورجەکە ڕاست بکەنەوە کە پێنج پلە و نیو بوو.بۆ ماوەی ١١ ساڵ کاریان تێدا کرد و توانیان لاری بورجەکە بۆ ٣.٦٦ پلە کەم بکەنەوە و ئیدی رۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ بورجەکە بەڕووی گەشتیاراندا کرایەوە.

ئەم بورجە شانازی ئەوەشی بەردەکەوێت کە گالیلۆی زانای بەناوبانگی ئیتاڵیا کە مامۆستای بیرکاری بووە لە زانکۆی پیزا، دیراسەی تەنە کەوتووەکانی کردووە و گەیشتۆتە چەند ئەنجامێکی زانستیی نوێ، تێزەکانی گالیلۆ پێچەوانەی تێزەکانی ئەرستۆ بوو، کە زانیاریی باو و باوەڕپێکراوی ئەو سەردەمە بوو، بۆ ئەوەی تێزە نوێیەکەی بسەلمێنێ، گالیلۆ تاقیکردنەوەیەکی کرد و چەند تەنێکی کێش جیاوازی لەسەر لوتکەی بورجی لاری شاری پیزاوە خستە خوارەوە، هەموو تەنەکان پێکەوە کەوتنە سەر زەوی، ئەوەش پێچەوانەی

تێزەکانی ئەرستۆ بوو.تێزەکەی گالیلۆ بووە بابەتی زانستیی دانپێدانراو.
ئەم بورجە جێی بایەخی سەرکردەی سەربازیی ئیتاڵیا مۆسولینی بووە کە لە ساڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٤٣ حاکمی ئەو وڵاتە بووە، ساڵی ١٩٣٤ داوای لە شارەزایان و ئەندازیاران کردووە، کە هەوڵی ڕاستکردنەوەی بورجەکە بدەن، بەڵام سەرباری فشار و جەبەرووتی مۆسۆلینی، نەتوانراوە بورجەکە راست بکرێتەوە.
لەجەنگی دووەمی جیهاندا کە سوپای ئەمریکا گەیشتە خاکی ئیتاڵیا، لەترسی قەناس بەدەستەکانی وڵاتی ئیتاڵیا، زۆربەی بورج و قەڵا و شوێنە بەرزەکانیان تەقاندەوە، بەڵام بورجی پیزا بەر ئەو شاڵاوە نەکەوت و بەسەلامەتی دەرچووو!
زیاتر لە ٦٥٠ ساڵە، بورجی پیزا بەلاری ماوەتەوە و نەکەوتووە، بۆتە شاهیدی چەندین قۆناغی مێژوویی، ساڵانە سەدان هەزار گەشتیار لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە سەردانی دەکەن و وێنەی یادگاری لە تەکدا دەگرن.



# بیگ بێن

بەریتانیا دەوڵەتێکی مەزنە، ڕووبەرەکەی ٢٤٢٤٩٥ کیلۆمەتر چوار گۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانیشی زیاتر لە ٦٧ ملیۆن کەسە.بەریتانیا ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هەیە.

زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە لە پاڵ زمانە فەرمییەکانی (ڕووسی، چینی، فەڕەنسی، ئیسپانی،عەرەبی) دا یەکێکە لە زمانە فەرمییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کاروباری فەرمی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەدا بەکاردێت.ڕۆژی کۆچی دوایی نووسەر و ئەدیبی ناودار (ولیەم شکسپیر)، کە

دەکـــاتە رۆژی ٢٣ی نیســـانی ١٦١٦، کـــراوەتە ڕۆژی جیهـــانیی زمـــانی ئینگلیـــزی وەک ڕێزلێنانێـــک لەو کەسایەتییە کولتوورییە مەزنە.

ئەو وڵاتە لە قۆنـاغە جیـا جیاکـانی مێـژوودا، ڕۆڵـی دیاری هەبووە و بەشێکی زۆری وڵاتانی سەر گۆی زەوی لەژێـر دەسـەڵاتی بەریتانیـادا بـوون، هەر بـۆیەش بە بەریتانیـای مەزن، یـاخود ئەو ئیمپراتـۆریەتەی خـۆری لێ ئاوا نابێ، ناسراو بوو.

بەریتانیا خاوەن مێژوویەکی دێـرینە، خـاوەنی چەنـدین شـوێنی کولتـووری و کەلەپـوورییە، کە هەنـدێکیان لە لیسـتی کەلەپـووریی جیهـانی یونسـکۆدا دانـراون، کـاتژمێری بیـگ بـێن یەکـێکە لەهێمـا و ڕووخسـارە مێژوویـی و کەلەپوورییەکـانی ئەو وڵاتە، مـن دەمەوێـت لەم گوتـارەدا تیشـک بـخەمە سـەر تـاوەری کـاتژمێر (کە دواتر بە تاوەری ئەلیزابێس ناسرا) کاتژمێری بیگ بـێن و زانیـاری تەواو لە بـارەی ئەو سـیمبۆلە مێژوویـی و کەلەپـوورییەی لەنـدەن و بەریتانیـاوە بـخەمەڕوو ، بەخوێنەرانی ئاشنا بکەم.

کاتژمێری بیگ بێن، بەهێما و ڕووخساری کەلەپووری و گەشتیاریی شاری لەندەن ناسراوە و مێژوویەکی دێرینی هەیە و بۆ ١٦٤ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

تاوەری ئەو کاتژمێرە دەکەوێتە بەشی باکووری کۆشکی وستمنسەریی تەلاری پەرلەمان لە سەر ڕووباری تایمزی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا.
دروستکردنی تاوەر و کاتژمێرەکە نزیکەی ١٣ ساڵی خایاندووە و لەڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٨٥٩دا تەواو کراوە و بە فەرمی کراوەتەوە، لەو کاتەوە بە تاوەری کاتژمێر یاخود بیگ بێن ناسراوە.
ساڵی ٢٠١٢ لە یادی یۆبیلی ئەڵماسیی دەستبەکاربوونی شا ئەلیزابێسی دووەمدا، بە فەرمی ناوەکە بۆ تاوەری ئەلیزابێس گۆڕا، بەڵام هەر بە ناوە کۆنەکە ناوی دێت.
بیگن بێن، دەنگی زەنگی گەورەی ئەو کاتژمێرەیە کە هەر چارەکە سەعاتێک جارێک لێدەدات.لە ساڵی ١٩٢٤ەوە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژ ڕادیۆی ( بی بی سی) لەسەری سەعاتەکان و لە کاتی پێشکێشکردنی هەواڵەکانیدا زەنگی ئەو کاتژمێرەی بە شێوەیەکی زیندوو و ڕاستەوخۆ دەگواستەوە و هاووڵاتیان لە هەموو کوچە و قوژبنێکی جیهانەوە، بەو دەنگە ئاشنا دەبوون و کاتژمێرەکانیان لەگەڵ زەنگی بیگ بێندا میقات دەکرد.
بنجامین هۆڵ وەزیری نیشتەجێکردنی ئەو سەردەمەی بەریتانیا، سەرپەرشتی پڕۆژەی دیزاین و دانانی

کـاتژمێرەکە و تـاوەرەکەی کـردووە، بنجـامین هـۆڵ، جەســـتەیەکی گەورە و بـــاڵایەکی بەرزی هەبـــووە و ناسناوەکەی بیگ بێن بووە، هەر بۆیەش کاتژمێرەکە بەو ناوەوە ناونراوە و ناسراوە.

کـاتژمێری بیـگ بـێن بەگەورەتـرین و وردتـرین ئـامێری پێوەری کات لە جیهاندا دادەنرێت.کێشی کاتژمێری بیگ بـێن ١٢ تەن و نیــوە، ڕووی کـــاتژمێرەکە ٢٣ پـــان و چێـوەکەی ٧ مەتــر و درێــژی میلەکـانی (٩،١٢) پێـیە، هەموو کاتژمێرەکە لە ٣١٢ پارچە شووشـە پێکهـاتووە و ٢٨ گڵۆپی گەورەی بەهێزی تێدایە کە شەوان دادەگیرسێن و کـاتژمێر و تـاوەرەکە ڕوونـاک دەکەنەوە و دیمەنێکـی جوان و سەرنجڕاکێشیان پێدەبەخشن.

لە قۆنـاغە مێژووییەکـان چەنـد جارێـک ئەو کـاتژمێرە بەهـۆی بـارینی بەفـر و سـەرما و سۆڵە و نیشـتنەوەی باڵندە لەسەر میلەکانی کاتژمێرەکە و نۆژەنکردنەوەوە، وەستاوە و لە کارکەوتووە.

بــۆ یەکەمجــار ســاڵی ١٩٤٩ بــۆ مــاوەی ٤١ خــولەک کـاتژمێرەکە وەسـتا، ئەوەش بەهـۆی ئەوەی باڵـندەکان لەسەر میلەکانی کاتژمێرەکە هەڵنیشتبوون.

سەری ساڵی ١٩٦٢ بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر و سـەرما و سۆڵەوە، کاتژمێرەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەک وەستا.

ساڵی ١٩٧٦ هەندێ ئامێری کاتژمێرەکە تێکچوو، بەوەش کاتژمێرەکە وەستا و دواتر چاک کرایەوە.ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی یەک هەفتە وەستا و دواتر چاک کرایەوە.
ڕۆژی٢٧ی ئایاری ٢٠٠٧ بۆ ماوەی ساڵێک و مانگێک وەستاو دواتر لە ڕێی ئەندازیارانی پسپۆڕەوە چاک کرایەوە.
ڕۆژی ١٤ی ئابی ٢٠١٧، ئەنجوومەنی گشتیی بەریتانیا لە کۆبوونەوەی فەرمیی خۆیدا، بڕیاری نۆژەنکردنەوە و وەستاندنی کاتژمێرەکەی دا و لە ٢١ی ئابی هەمان ساڵ، کاتژمێرەکە لە کار کەوت و وەستا و دەست بە نۆژەنکردنەوەی کاتژمێرەکە کرا و ماوەی پێنج ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا کاتژمێرەکە بێدەنگ بوو، تەنها چەند جارێک بۆ چەند بۆنەیەکی تایبەت بە ئامێری کارەبایی ئیشی پێکرا و دەنگی بیسترا، ئەویش بۆ بەڕێکردنی تەرمی ئەلیزابێسی دووەم و ڕێوڕەسمی ئاهەنگەکانی سەری ساڵی زایینی بوو.
ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، دوای پێنج ساڵ لە بێدەنگ بوونی کاتژمێرەکە، بە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار نۆژەنکرایەوە و بەدەنگ و سەدا گەورەکەی جارێکی تر شاری لەندەنی ڕاچڵەکاند.

ئەوە ماوەی ١٦٤ ساڵە کاتژمێری بیگ بێن و تاوەرەکەی دانراوە و بوونەتە سیمبۆلی مێژوویی و کەلەپووری و گەشتیاریی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، ساڵانە بە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆی بەریتانیا کوچە و قوژبنی وڵاتانی دیکەی جیهانەوە سەردانی ئەو کاتژمێر و تاوەرە دەکەن و بە دیمەنە جوانەکانی سەرسام دەبن و کاتێکی خۆش بە سەر دەبەن.

# دبلۆماسێتیی کولتووری



دبلۆماسێتیی کولتووری، بەشێکە لە دبلۆماسێتیی گشتی، دەوڵەتان لە ڕێی ئەم چڵەی دبلۆماسێتیی گشتییەوە، ئاڵوگۆڕی کولتووری دەکەن، کە خۆی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەریدا بەگشتی دەبینێتەوە.
دبلۆماسێتیی کولتووری، بەشێوەیەکی سادە و ساکار لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، ئەویش لەڕێی گەشتی بازرگانان و گەشتیاران و نووسەران و ئەدیبان و ڕۆژهەڵاتناسان، کە هەرکەیان بەشێوەیەکی سادە بایەخی بە بواری کولتووری داوە.
لە دوای جەنگەکان و داگیرکردنی وڵاتان بە هێزی سەربازی، کە ناڕەزایی و شۆڕشی گەلانی داگیرکراوی

لێدەکەوتەوە، بایەخی دبلۆماسیێتیی کولتووری یاخود هێزی نەرم زیاتر دەرکەوت و شارەزایانی بواری سیاسەت و کولتوور گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە لە ڕێی هێزی نەرمی ڕۆشنبیری وهونەرییەوە دەتوانرێ دڵ و دەروون و مێشکی خەڵک داگیر بکرێ ، نەک هێزی ڕەقی سەربازی.!

ساڵ بە ساڵ زیاتر بایەخ بە هێزی نەرم یاخود دبلۆماسیێتیی کولتووری درا.سەرەتای سالآنی نەوەدەکان، زاراوەی دبلۆماسیێتیی کولتووری وەک زاراوەیەکی نوێ دەرکەوت، (جۆزیف نای) زانای ئەمریکی بواری سیاسەت، زیاتر بایەخی بەو بوارە دا و دبلۆماسیێتیی کولتووری بەهێزی نەرم پێناسە کرد و کتێبێکی بە ناونیشانی (هێزی نەرم) دەرکرد و دیدو تێڕوانینی خۆی لەو بارەیەوە خستەڕوو، ئاماژەی بە ڕۆڵی کاریگەریی دبلۆماسیێتیی کولتووری لە پەیوەندی نێوان دەوڵەتان و گەلاندا کرد و گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە هێزی نەرمی کولتووری کاریگەری لە هێزی ڕەقی سەربازی زیاترە.

هەر بۆیەش دەوڵەتان لە ڕێی باڵوێزخانە و کونسڵخانە و دەزگای کولتورییەوە، تۆڕێکی فراوانیان دروستکردووە بۆ بەستنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کولتووری.

بێجگە لە ڕایەڵەی دبلۆماسی، دەوڵەتان لە ڕێی چەند ئامراز و ڕێگەی دیکەوە، بایەخ بە بواری پەیوەندی کولتووری دەدەن، یەکێک لەو ڕێگە و ئامرازانە بواری میدیایە، دەوڵەتان لە ڕێی میدیای نووسراو و بیستراو و بینراوەوە، تیشک دەخەنە سەر بەرهەمە کولتوورییەکانی خۆیان بە وڵاتانی دیکە دەگەیەنن و دەناسێنن.

بەرهەمە هونەرییەکانی وەک میوزیک و نیگارکێشان، کە زمانێکی جیهانیان هەیە و دەتوانرێ ئاسانتر بۆ هەوادارانی ئەو دوو ڕشتە هونەرییە لە سەرانسەری گۆی زەویدا بگوازرێنەوە.

بەڵام بەرهەکانی دیکەی ئەدەبی و هونەری وەک کتێب و شانۆگەری و فیلم و دراما دەبێ لە ڕێی وەرگێڕان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان بگوازرێنەوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت، وڵاتانی ئەورووپا و خۆرئاوا، بایەخی زۆر بە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری دەدەن و بودجەی زەبەلاحی بۆ دابین دەکەن.

فەڕەنسا لەو بوارەدا بەپێشەنگ دادەنرێ و ساڵانە بودجەیەکی زۆر بۆ ڕشتە جیا جیاکانی کولتوور دابین دەکات، بەمەبەستی هاوکاری کولتووری لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.

ئێستا فەڕەنسا زیاتر بایەخ بە هاوکاری کولتووری دەرەوە دەدات و پتر لە ١٥٠ سەنتەر و پەیمانگای کولتووری لە سەرانسەری جیهاندا هەیە و لە ڕێی ئەو سەنتەر و پەیمانگا کولتوورییانەوە پشتیوانی بواری کولتووری ئەو گەلانە دەکات و چالاکی هەمەجۆر ئەنجام دەدەن.
ساڵی ٢٠١١، لە سەرو بەندی قەیرانی ئابووری جیهانیدا، (کرافی کووس) بەڕێوەبەری گشتیی پەیمانگا کولتوورییە فەڕەنسییەکان ڕایگەیاند لەبودجەی پیشەسازی قەرەبووی کەمی بودجەی کولتووری دەکەینەوە، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی پێگەی کولتووریی فەڕەنسا لە جیهاندا، واتە لای ئەوان بواری کولتوور بایەخی زیاترە لە بواری پیشەسازی.!
ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٥ەوە پەیمانگای گۆتەی دامەزراندووە، کە پەیمانگەیەکی کولتوورییە و لە زیاتر لە ٨٠ دەوڵەتی جیهان لقی هەیە.
ئەم پەیمانگایە بودجەیەکی باشی بۆ تەرخانکراوە و لە دەرەوەی وڵات بایەخ بە پشتیوانیی کولتووری وچالاکی هەمە جۆری ئەو بوارە گرنگە دەدات.
بەریتانیا، ئەو ئیمپراتۆریەتەی بەهێزی سەربازی بەشێکی زۆری وڵاتانی سەر گۆی زەوی داگیر کرد،

ڕووبەری قەڵەمڕەوییەکەی هێندە فراوان بوو، وا پێناسە دەکرا کە ئەو ئیمپراتۆریەتە خۆری لێئاوا نابێ.
سەرباری ئەو باڵادەستییە سەربازییە، بەرپرسانی بەریتانیا پێیان وابوو باڵادەستی کولتووریش بایەخی خۆی هەیە، هەر بۆیەش لە لووتکەی باڵادەستی سەربازیدا، لەساڵی ١٩٣٤دا ئەنجومەنی کولتووری بەریتانیان دامەزراندووە، ئەو ئەنجوومەنە لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتی جیهاندا لقی هەیە و بایەخ بە چالاکی کولتووری لەو وڵاتانەدا دەدات.
وتە بەناوبانگەکەی چەرچڵ شاهیدی بایەخدانی زۆری ئەو وڵاتەیە بە بواری کولتوور، لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا کە چەرچڵ سەرۆک وەزیران بوو، داوای لێکرا بودجەی وەزارەتی کولتوور کەم بکاتەوە و بودجەی وەزارەتی بەرگری زیاد بکات، ئەویش بەو داوایە ڕازی نەبوو بوو، وتبووی گەر کولتوورمان لاواز بێت، ئیدی بەرگری لە چی بکەین؟!
ئەمریکاش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بایەخی زۆر بە بواری کولتوور دەدات و چەندین دەزگای کولتووری هەمەجۆری هەیە.
ساڵی ١٩٦١، شاعیری ناوداری ئەمریکی

(کارل ساندبێرگ)، ئەم پرسیارەی کرد، ئایا هۆلیوود گرنگە یاخود هارڤارد؟ مەبەستی زانکۆی هارڤارد بوو، کە زانکۆیەکی دێرین و بەناوبانگی ئەمریکا بوو لە ١٦٣٦ دامەزراوە.

ساندبێرگ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وتبووی: هارڤارد لە هۆلیوود خاوێنترە، بەڵام هۆلیوود کاریگەری زیاترە و بە ئاسانی دەگاتە هەموو شوێنێکی دوور.

ئەوەش بە مانای ئەوەیە هارڤارد ناوەندێکی گرنگی زانستییە و زیاتر بۆ توێژی دەستەبژێرە، بەڵام هۆلیوود کە ناوەندێکی جیهانی پیشەسازیی سینەمایە لە شاری لۆس ئەنجلسی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا، لەڕووی کولتوورییەوە کاریگەری زیاترە و دەگاتە هەموو پنتێکی گۆی زەوی.

هەر لە چوارچێوەی بایەخدانی ئەمریکا بە هێزی نەرمی کولتوور، لەسەردەمی جەنگی سارددا لەگەڵ بلۆکی سۆسیالیستی کە یەکێتیی سۆڤیەت سەرکردایەتی دەکرد، سەرباری گەمارۆی سەربازی و ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی ئەو بلۆکە، کاری لە سەر تیۆری (بەستنی پردی پەیوەندی) کرد، ئەم تیۆرە کاری لەسەر هێزی نەرمی کولتووری لە ڕێی میدیاییەوە بۆ گەلانی ناو بلۆکی سۆسیالیستی دەکرد، بەرنامەیەکی میدیایی

ئاڕاستەی ئەو گەلانە دەکرا و تێیدا لەڕێی هێزی نەرمەوە ڕەخنە لەسیستمی سیاسیی تۆتالیتاری و تاکە حیزبی و تاکە کەسی ئەو وڵاتە کۆمۆنیستیانە دەگیرا و باسی نەبوونی ئازادی وخراپی دۆخی ئابووریی ئەو وڵاتانە دەکرا، ئەوەش کاریگەی لەسەر هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە بەجێهێشت و لەڕێی سازدانی خۆپیشاندانی گشتییەوە گۆڕانکاریی گەورە کرا و کۆتایی بە دەسەڵاتی تۆتالیتاری وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵاتی سۆسیالیستی هێنرا.

ڕێکخراوی یونسکۆ، کە ئاژانسێکی تایبەتیی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، بایەخ بەڕشتەکانی ڕۆشنبیری و زانست و پەروەردە دەدات، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ڕێکخراوە ئۆفیسی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە و بایەخی تایبەتی بە بواری کولتووری لەو وڵاتانەدا دەدات.

یەکێتیی ئەوروپا، سیاسەتی تایبەتی کولتووری هەیەء لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی جیهاندا، بەرنامەی هەمەجۆری پشتیوانی و ئاڵوگۆڕی کولتووری هەیە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت زۆربەی وڵاتانی جیهان بایەخی زۆر بە بواری کولتووری دەدەن و هەوڵی ناساندنی

کولتووری خۆیان بەگەلانی دیکەی جیهان دەدەن و پشتیوانی بەرنامە و چالاکی وڵاتانی دیکەش دەدەن.

ئەگەر کولتوور جارێک بایەخی بۆ وڵاتانی ئەوروپا و خۆرئاوا و وڵاتانی دیکە هەبێت، ئەوە دووجار بایەخی بۆ گەلی کوردستان هەیە، کە زیاتر لە سەدەیەکە خەبات بۆ بەدیهێنانی مافەکانی دەکات و کەچی تا ئێستا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ نییە و وەک گەلێکی جەنگاوەر ناسراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کوردستان خاوەنی سامانێکی کولتووری دەوڵەمەندە و دەتوانێت لەڕێی دبلۆماسێتیی کولتووریی، فەرهەنگ و کولتووری دەوڵەمەندی خۆی بەگەلانی جیهان بناسێت و ئەوە نیشان بدات کە بەتەنها گەلێکی جەنگاوەر نییە، بەڵکو گەلێکی دێرینی خاوەن شارستانی و کولتووری خۆیەتی.

## ستراسبۆرگ، پایتەختی جیهانیی کتێب



کتێب سەرچاوە و گەنجینەی زانست و ڕۆشنبیری و پەروەردە و خوێندن و ڕشتەکانی دیکەیە.هەروەها ئامرازی دەربڕینی بەهاکان و گواستنەوەی فیکر و زانیاریی هەمەڕەنگ و خولْقاندنی گۆڕانکاری و زمانی دیالۆگی نێوان گەلان و چاوگی هۆشیاریی تاک و بەرجەستەکردنی داهێنانەکانی بیری مرۆڤایەتی و پەنجەرەیەکی کراوەیە بە ڕووی جیهاندا.

لە سۆنگەی ئەو ڕۆڵ و بایەخە زۆرەی کتێبەوە، لەساڵی ١٩٩٥ەوە ڕێکخراوی یونسکۆ ڕۆژی ٢٣ی نیسانی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژی جیهانی کتێب و مافەکانی دانەر

دیـــــاریکردووە، لەو کــــاتەوە ســــاڵانە لەو ڕۆژەدا لەسەرانسەری جیهاندا بەشێوازی جیا جیا یادی ئەو ڕۆژە جیهــانییە دەکــرێتەوە، بەکــردنەوەی پێشــانگەی کتێب، ڕێزگرتن لە نووسەرانی داهێنەر و خەڵاتکردنیان، سازدانی کۆڕ و سیمینار بۆ باسکردنی بـایەخ و ڕۆڵـی کتێــب لە پێشــکەوتنی کــۆمەڵ، هانــدانی گەنجــان بــۆ خوێندنەوە و خۆپەروەردەکردن.

لە ســـاڵی ٢٠٠١ەوە، ڕێکخـــراوی یونســـکۆ لە ڕۆژی جیهــانیی کتێبــدا، شــارێکی کولتــووری بەپــایتەختی جیهانیی کتێب دەستنیشان دەکات، بۆ ئەمساڵ ئۆدری ئـــۆزلای بەڕێـــوەبەری گشـــتیی یونســـکۆ، شـــاری ستراســـبۆرگی کولتـــووری فەڕەنســـای بە پـــایتەختی جیهانیی کتێبی بۆ ساڵی ٢٠٢٤ هەڵبژارد.

شـــاری ستراســـبۆرگ شـــارێکی دێرینـــی کولتـــووری و کەلەپــووریی فەڕەنســایە و بە شــاری کتێــب و چــاپ و بڵاوکردنەوە و شاری هونەر و ڕۆشنبیری ناسراوە.

هێندە ئەو شارە لە ڕووی چـاپ و پیشەسازیی کتێـبەوە سەرنجڕاکێش و بەناوبانگ بــووە، یۆهــان گۆتـەنبەرگی داهێنەری پیـت و ئـامێری چـاپی نـوێ، ڕووی لەو شــارە کولتــورییە کــردووە و لەوێ کــاری هەڵکـۆڵینی لەســەر بەردە بەنرخەکان کردووە.

شـــاری ستراســبۆرگ دەکەوێــتە بــاکووری ڕۆژهەڵاتـــی فەڕەنســا و لەســەر ســنووری ئەڵمانیــایە، پــایتەختی هەرێمی ئەلزاسە، بە سێهەم شـاری یەکێتیی ئەورووپا دادەنرێت، ٥٠٠ کلیۆمەتر لە شاری پاریسی پـایتەختەوە دوورە.

سـاڵی ١٩٤٩ وڵاتــانی ئەورووپـا لە شـاری ستراسـبۆرگ سیســتمی ئەساسـیی ئەنجـوومەنی ئەورووپایــان وەک بەرکوڵی بیرۆکەی یەکێتیـی ئەورووپـا ئیمزا کـرد.ئیدی ستراسـبۆرگ وەک بـارەگەی ئەنجـوومەنی ئەورووپــا و دادگـــای مافەکـــانی مرۆڤـــی ئەورووپـــا و پەرلەمـــانی ئەورووپا دەستنیشان کرا.

لەبەر بـایەخی کولتـووری شـاری ستراسبۆرگ، سـاڵی ١٩٨٨ ڕێکخـراوی یونسکۆ سـەنتەر و دڵـی زینـدووی ئەو شارەی خستە لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.

ڤیکتـۆر هۆگـۆ ئەدیبـی نـاوداری فەرەنسـی بەو شـارە سەرسـام بـووە و بەشـارێکی مەزنـی ئەفسـوناویی سەرسوڕهێنەر وەسفی کردووە.

گۆتەی کەسایەتیی مەزنی کولتـووریی ئەڵمـانی، شـاری ستراسبۆرگی بە درەختێکـی سـەرکەش و دڵگیـر پێناسـە کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠١ەوە تا ئێستا ٢٤ شار لە سەرانسەری جیهاندا لە لایەن یونسکۆوە نازناوی پایتەختی جیهانیی کتێبیان پێبەخشراوە.

پێشتر شارەکانی وەک ( مەدرید، ئەسکەندەرییە، بەیروت، شارقە، نیودەلهی، تۆرینتۆ، ئەنتۆریت، ئەمستردام، بۆینس ئایرس، یەریڤان، بانکۆک، ئەسینا، کۆلالامپور، ئەکرا، تەبلیسی، بانکوک، هتد ...) بە پایتەختی جیهانیی کتێب دەستنیشان کراون.

بۆ یەکەمجارە شارێکی فەڕەنسا لە ناو چەند شارێکی دیکەی پاڵێوراودا بە پایتەختی جیهانیی کتێب هەڵدەبژێردرێت.

شاری ستراسبۆرگ بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٤ تا ٢٣ی نیسانی ٢٠٢٥، پایتەختی جیهانیی کتێب دەبێت، لە ماوەی ئەو ساڵە چەندین چالاکی کولتووریی وەک چاپکردنی کتێب و سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت بە بایەخی کتێب و خوێندنەوە و کردنەوەی پێشانگای کتێب ساز دەکرێت.

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری شارەوانی ستراسبۆرگ، بڕی چوار ملیۆن و نیو یۆرۆ بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە تەرخانکراوە، بەوەش ئەو شارە لە ڕووی کولتوورییەوە پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.

# کان، دڵی سینەمای جیهانی



فەڕەنسا وڵاتیکی گرنگە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە، ڕووبەری خاکەکەی ٦٤٢٨٠١ کیلۆ مەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ٦٥ ملیۆن کەسە، لە ڕیزبەندی بیستەمین وڵاتانی جیهاندایە لە ڕووی چڕی ژمارەی دانیشتوانەوە.

فەڕەنسا ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێک لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە و لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.

زمـانی فەڕەنسـی لە سـەر ئاسـتی دنیـا وەک زمـانێکی جیهانی ناسراوە و ڕۆژی ٢٠ی ئـاداری هەمـوو سـاڵێک، ڕۆژی جیهــانیی زمــانی فەڕەنســییە، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتـووە کە ڕۆژی ٢٠ی ئـادار ڕۆژی جیهـانی فرانکفۆنییە، واتە ڕۆژی ئەو گەلانەی بەزمانی فەڕەنسی قســـــە دەکەن، کە زیـــــاتر لە ٣٠٠ ملیـــــۆن کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەو زمانە قسە دەکەن.

زمانی فەڕەنسی یەکێکە لە شـەش زمـانە فەرمیـیەکەی ڕێکخــراوی نەتەوەیەکگرتووەکــان و لە پــاڵ زمــانە فەرمییەکـانی (ئینگلیـزی، چینـی، ڕووسـی، ئیسـپانی و عەرەبــی)دا لە کاروبــارە فەرمییەکــانی ئەو ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەدا بەکار دێت.

وڵاتــی فەڕەنســا خــاوەنی ســەدان شــوێنی مێژوویــی و کەلەپــووریی و کولتــوورییە، بەشــێک لەو شــوێنانە لەلایەن یونســکۆوە خــراونەتە لیســتی کەلەپــووریی جیهانییەوە.

بــێجگە لەوانە ســاڵانە ســەدان چــالاکی کولتــووری لەو وڵاتەدا دەکرێت.من لەم وتـارەدا دەمەوێ تیشـک بـخەمە ســـەر فێســـتیڤاڵی فیلمـــی کـــانی نێـــودەوڵەتی و بە خــوێنەرانی ئــازیزی ڕۆژنــامەی کوردســتانی نــوێ-ی بناسێنم،

کـان شـارێکی بچـووک و جـوان و دڵگیـری کولتـووری و گەشتیاریی فەڕەنسایە، ئەم شـارە دەکەوێـتە باشـووری وڵات و بەســـەر دەریـــای ســـپیی ناوەڕاســـتدا دەڕوانێـــت.ژمـــارەی دانیشـــتوانی ٧٨ هەزار کەســـە و ڕووبەرەکەی نزیکەی ٢٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.

فێسـتیڤاڵی فیلمـی کـان کە مـاوەی ٧٧ سـاڵە لەو شـارە دەکرێـــت، ڕۆڵـــی دیـــاری هەبـــووە لە دەرکەوتـــن و درەوشانەوەی ئەو شارە لەسەر ئاستی جیهـان و بـۆتە شارێکی کولتووریی گەردوونی.

فێستیڤاڵی فیلمی کـان هاوشـانی فێسـتیڤاڵەکانی فیلمـی ڤینیسیای ئیتاڵیا و تۆرنتۆی کەنەدا و بەرلینی ئەڵمانیا و سەندانسـی ویلایەتـی ئۆتـاوای ئەمریکـا، خزمەتێکـی گەورە بە هـــونەری ســـینەمای جیهـــانی دەکـــات و ئەســـتێرەکانی ســـینەما و بەرهەمەکانیـــان لە ئـــامێز دەگرێت.

بیرۆکەی سازدانی فێسـتیڤاڵی فیلمـی کـانی نێـودەوڵەتی بۆ سـاڵی ١٩٣٩ دەگەڕێـتەوە، لەو سـاڵەدا یەکەم خـولی ئەو فێسـتیڤاڵە لەشـاری کـان دەسـتی پێکـرد و لە ڕۆژی ســـێیەمدا فێســـتیڤاڵەکە ڕاگیـــرا، ئەوەش بەهـــۆی هەڵگیرســـانی شـــەڕ لە نێـوان فەڕەنســـا و بەریتانیـــا

لەلایەک و فەڕەنسا و ئەڵمانیا لە لایەکی ترەوە، وەک دەسپێکی دووەمین جەنگی جیهانی.
ئیدی بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، ئەو دواخستنە نزیکەی ٧ ساڵی خایاند و ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٦ خولێکی نوێی فێستیڤاڵ لە شاری کان ئەنجام درا، ساڵانی (١٩٤٨، ١٩٥٠، ١٩٦٨) بە هۆکاری جیاواز فێستیڤاڵەکە نەکرا، لە ساڵی ١٩٦٩ەوە تا ئێستا فێستیڤاڵی کان بەڕێک و پێکی دەکرێت و تا ئێستا ٧٧ جار ئەو فێستیڤاڵە کراوە.
ئەمساڵ لە ڕۆژی ١٤ی ئایار، خولی ٧٧هەمینی فێستیڤاڵەکە دەستی بە کارەکانی کرد و تا ٢٥ی ئایار بەردەوام بوو.
لەم فێستیڤاڵەدا دەیان ئەستێرەی سینەمای جیهانی و شارەزایان و هونەرمەندان و هەوادارانی هونەری حەوتەم بەشداری دەکەن.
لە ڕۆژانی فێستیڤاڵدا ١٥٠ فیلمی جۆرا و جۆری پەسەندکرا و نمایش کران، لیژنەی داوەری دوای هەڵسەنگاندن لەو ژمارەیە ٢٢ فیلمی هەڵبژارد و خەڵاتی جیا جیان پێبەخشرا.
خەڵاتەکان چەند جۆرێکن، بەنرخترین خەڵاتیان خەڵاتی چڵە دارخورمای ئاڵتوونییە، کە بە باشترین فیلم دەبەخشرێت.هەروەها باشترین ( دەرهێنەر، سیناریۆ،

ئەکتەری کوڕ، ئەکتەری کچ، کورتە فیلم) خەڵات دەکرێن.
خەڵات بە لیژنەی داوەریش درا، کە ئەمساڵ هونەرمەند و دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی و جیهانی ( گریتا گرۆیک) سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەی کرد، ئەوەی جێگەی سەرنجە داهاتی فیلمەکانی ئەو هونەرمەندە گەیشتۆتە یەک ملیار دۆلار.
خەڵاتی شانازی بە دەرهێنەری ناوداری هۆلیود و جیهانی جۆرج لۆکاس بەخشرا، ئەم هونەرمەندە بە دەوڵەمەنترین هونەرمەندی بەرهەمهێنی فیلمی سینەمایی دادەنرێت و سامانەکەی بە پێنج ملیار و نیو دۆلار دەخەملێنریت.
لەم فێستڤاڵەدا بەڵگە فیلمێکی کوردی بەناوی ( من و دایکم)ی دەرهێنەری کوردی ئێزیدی خاتوو (دڵپاک مەجید) بەشداری کرد، ئەم فیلمە بەهاوکاری دەزگای میدیایی ڕووداو و بەرهەم هاتووە.فیلمەکە باسی ژیانی ڕۆژانەی کچ و دایکێکی گوندنشینی کوردستان دەکات، کە بەکاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن و خاوەنی ٤٠ سەر مەڕ و بزنن، دایکەکە دەمرێت و کچەکە بە تەنیا دەمێنێتەوە، ڕووبەڕووی ژیانێکی سەخت و دژوار

دەبێتەوە.پێشبینی دەکرێت ئەم فیلمە خەڵاتێکی فێستیڤاڵی کان بەدەست بهێنێت.
جێگەی ئاماژە پێکردنە، خولەکانی پێشووی فێستیڤاڵ، سینەماکارانی کورد خەڵاتی بەنرخیان بەدەستێهاوە، ساڵی ١٩٨٢ هونەرمەندی سینەماکاری مەزنی کورد ( یەڵماز گۆنەی)، بە فیلمی (ڕێگا) بەشداری فێستیڤاڵی کانی کرد و خەڵاتی چڵەخورمای ئاڵتوونی بەدەستهێنا، کە یەکەم خەڵات و بەنرخترین خەڵاتی فێستیڤاڵەکە بوو.
ساڵی ٢٠٠١ شەهرام عەلیدی هونەرمەند و دەرهێنەری ناوداری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە فیلمی ( سرتە لەگەڵ با) کە فیلمێکی تایبەت بە ئەنفال بوو، بەشداری کرد و توانی سێ خەڵاتی هەفتەی ڕەخنەگران بەدەست بهێنێت.
ساڵی ٢٠٢٢ لە ٧٥هەمین خولی فێستیڤاڵی کاندا، کورتە فیلمی ( پەپوولەی رەش)ی خانمە دەرهێنەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (شیرین جیهانی) بە یەکێک لە باشترین پێنج کورتە فیلمی فێستیڤاڵ دەستنیشانکرا و ڕێزلێنانی تایبەتی پێشکەش کرا.

# کتێبخانەی کۆنگرێس



کتێبخـانەی کـۆنگرێس کـۆنترین دامەزراوەی کولتـووری فیدراڵیی ئەمریکایە.تەمەنی ئەم کتێبخـانەیە ٢٢٣ ساڵە و لە ٢٤ی نیسـانی ١٨٠٠ بەمەرسـومێکی فەرمـی لەلایەن (جۆن ئادەم) دووەم سەرۆکی ئەمریکا کراوەتەوە.
سـەرەتا ئەم کتێبخـانەیە تـایبەت بـووە بە بـواری توێژینەوە بۆ ئەندامانی کۆنگرێس، بۆ ئەوەی لە بوارە یاساییەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا سوودی لێوەربگرن.
ئەم کتێبخـانەیە لە واشـنتن دی سی پایتەخـت و لەنـاو بارەگای کۆنگرێسدایە، تەلارێکی گەورە و تایبەتی هەیە

بەنـــــاوی تەلاری کـــــاپیتۆڵ، ڕووبەری ئەم تەلارە ٣٩ هێکتارە.
لەسێ بەش پێکهاتووە:
یەکەم: بەشـــی تۆمـــاس جیفرســۆن (ســێیەم ســەرۆکی ئەمریکـــا)، ئەم بەشــە ســاڵی ١٨٧٩ کــراوەتەوە و بە کتێبخانەی سەرەکی کۆنگرێس دادەنرێت.لەسەر شێوازی تەلارسازیی سەردەمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی دروستکراوە.
دووەم: بەشی جۆن ئادەمس (دووەم سەرۆکی ئەمریکا)، ئەم بەشە دەکەوێتە باکوری تەلارە سەرەکییەکە.
ڕۆژی ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ ئەم بەشە کراوەتەوە.
سێیەم: بەشــی جەیمــس مادســیۆن (چــوارەم ســەرۆکی ئەمریکا)، ئەم بەشە لە دوو بەشـەکەی تـر نـوێترە و لـە ساڵی ١٩٨١ کراوەتەوە.
کتێبحانەی کۆنگرێس، دووجار سووتاوە، جـاری یەکەم لە ڕۆژی ٢٤ی ئــابی ١٨١٤ لەلایەن ســوپای داگیــرکەری بەریتانیــاوە ســووتا.ســاڵی ١٨١٥ تۆمــاس جیڤرســۆنی سێیەم سەرۆکی ئەمریکـا، کتێبخــانە تــایبەتەکەی خــۆی پێشکەش بە کتێبخانەی کۆنگرێس کـرد، کە ٦٤٨٧ کتێـب بوو.

جاری دووەم لەساڵی ۱۸۵۱ بەهۆی کێشە لە لوولە کێشەکانییەوە سووتا، لە کۆی ٥٥ هەزار کتێب ۳٥هەزار کتێبی سووتا و ۲۰ هەزار کتێبی مایەوە.
دواتر بڕیاری دروستکردنی کتێبخانەی نیشتمانی درا، ساڵی ۱۸۷۰ یاسای مافەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە لایەن کۆنگرێسەوە دەرچوو، بەپێی ئەو یاسایە، دەبوو ژمارەی سپاردن بۆ چاپکردنی هەر کتێبێک وەربگیرێت و لە دوای چاپکردنی کتێبەکە دوو کۆپی بدرێ بە کتێبخانە.
ڕۆژی ۱ی تشرینی یەکەمی ۱۸۹۷ یەکەم کتێبخانەی گشتی بەڕووی خوێنەراندا کرایەوە.
کتێبخانەی کۆنگرێس دەوڵەمەنترین کتێبخانەی جیهانە، درێژی ڕەفەکانی ۸٥٦ کیلۆمەترە، ۱۷۰ ملیۆن بابەتی هەمەجۆری تێدایە، لەوانە ۳۸ ملیۆن کتێب و بابەتی چاپکراو بە ٤۷۰ زمانی جیاواز، ۷٥ ملیۆن بەڵگەنامە، زیاتر لە ۱۲ ملیۆن وێنە، زیاتر لە ٥ ملیۆن نەخشە، نزیکەی ٥ ملیۆن و نیو کاسێت، ٦٥۰ فیلمی کۆن و کلاسیک، ٤۰۰ هەزار کتێبی عەرەبی و چەندین بەڵگەنامە و دەستنووس و تابلۆی عەرەبی و ئیسلامی.
لەساڵی ۲۰۰۹ەوە کتێبخانەی کۆنگرێس بۆتە کتێبخانەیەکی دیجیتاڵی و ئەلیکترۆنی، لە هەموو

پنتێکــی گــۆی زەویــیەوە، تــوێژەران و ڕوونــاکبیران دەتــوانن لەڕێــی ئینتەرنێــتەوە ســوود لەو کتێبخــانەیە وەربگرن و لە سـەرچاوە بەنرخەکـانی بەهرەمەنـد بـن و سوودی لێوەربگرن.

ساڵانە بڕی ٨٠٠ ملیۆن دۆلار وەک بودجە بۆ کتێبخــانەی کۆنگریس خەرج دەکرێت, ٣٠٠٠ کارمەنـد لە بەشـە جیـا جیاکانی کتێبخانە خزمەت دەکەن.

ئەم کتێبخـــانەیە بـــۆتە ڕووخســـارێکی کولتـــووریی گەشتیاری و ساڵانە سـەدان هەزار کەس سـەردانی دەکەن و لە دیمەنە کولتووری و شارستانی و کەلەپوورییەکەی ڕادەمێنن و وێنەی یادگاری لە تەکدا دەگرن.

# کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا




ڕووسیای فیدراڵ، وڵاتێکی دێرین و بەرینە لە ٨٥ قەوارە و هەرێم پێکهاتووە، لەڕووی دانیشتوان و ڕووبەرەوە، وڵاتێکی گەورەیە، لە ڕووی ڕووبەرەوە بە یەکەم وڵاتی جیهان دادەنرێت، کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ١٧ ملیۆن کیلۆمەترچوارگۆشەیە، لە ڕووی دانیشتوانیشەوە نۆیەم وڵاتی جیهانە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٥٠ ملیۆن کەسە.

زمانی ڕووسی یەکێکە لە شەش زمانە فەرمییەکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە پاڵ زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی، چینی، فەڕەنسی، ئیسپانی و

عەرەبی ) لە کاروباری فەرمی ئەو ڕێکخراوە جیهانییەدا بەکار دێت.
زمانی ڕووسی زمانێکی جیهانییە، ڕۆژی شەشی حوزەیرانی هەموو ساڵێک، ڕۆژی جیهانی زمانی ڕووسییە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی لە دایکبوونی شاعیری ناوداری ڕووس (پۆشکین)ە، وەک ڕێزێک بۆ ئەو شاعیرە مەزنە ئەو ڕۆژە کراوە بە ڕۆژی جیهانی زمانی ڕووسی.
ڕووسیای فیدراڵ ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانە و یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.
ڕووسیای فیدراڵ، خاوەنی مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و شارستانییەکی دێرینە، ٢٦ شوێنی ئەو وڵاتە خراونەتە لیستی کەلەپووری جیهانیی یونسکۆوە.
یەکێک سیمبۆلە گەورە کولتوورییەکانی ئەو وڵاتە، کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیایە، کە لەدوای کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکا، بە دووەم گەورەترین کتێبخانەی نیشتمانی لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت.
(فاسیلی باجینۆف) هونەرمەند و ئەندازیاری تەلارسازیی ڕووسی، نەخشەی ئەو کتێبخانەیەی

کێشـاوە و بە یەکێـک لە سـیما کولتـووری و مێـژووییە دێرینەکانی ڕووسیا دادەنرێت.
١٦٢ سـاڵ لەمەوبەر و بە دیـاریکراوی لە ڕۆژی ١ی تەممـووزی ١٨٦٢، ئەم کتێبخـانەیە درووسـتکراوە و بەڕووی خوێنەرانـدا کـراوەتەوە.بە یەکەم کتێبخـانەی گشـتیی ئـازاد دادەنرێـت، کە لەلایەن کەرتـی تـایبەتەوە بەڕێوە براوە.لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری ١٩١٧ەوە، ئیدی ئەرکی بەڕێوەبردنی کتێبخـانەکە خـرایە ئەستۆی دەوڵەت و ناوەکەشی بۆ کتێبخانەی نیشتمانیی لینین گۆڕا.
لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت، جارێکی تر ناوی کتێبخانەکە گۆڕا، لە ڕۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمـی ١٩٩٢ بەڕەسمی ناوەکەی گۆڕا و کـرایەوە بە کتێبخـانەی نیشتمانیی ڕووسیا و بەو ناوەوە بەردەوامە لە خزمەتـی کولتووری.
ئەم کتێبخـانەیە کەوتـۆتە سـەنتەری شـاری مۆسـکۆ، تەلارێکـی گەورەی جـوان و دڵگیـرە، لە ڕووی کتێـب و سـەرچاوەوە زۆر دەوڵەمەنـدە، ٤٧ ملیـۆن ناونیشـانی جـۆرا و جـۆری لە ئـامێز گرتـووە، لەوانە ( ١٧ ملیـۆن کتێب، ١٣ ملیۆن گۆڤار و ڕۆژنـامە، ٣٥٠٠٠٠٠ نووسراوی نهێنـی و بەڵگەنـامە و دەستنووسـی نەبینـراو، ٣٥٠٠٠٠

تۆماری میوزیک، ١٥٠٠٠٠ نەخشە و ئەتڵەس) و چەندین ناونیشانی دیکەی لاوەکی.
ڕۆژانە لە سەعات ٩ی بەیانی تا ٨ی شەو ئەو کتێبخانەیە بە ڕووی خوێنەراندا دەکرێتەوە، هۆڵەکانی کتێبخانە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس دەگرن، ڕۆژانە ٥٠٠٠ کەس سەردانی ئەو کتێبخانەیە دەکەن و لە کتێب و سەرچاوە بەنرخەکانی بەهرەمەند دەبن و سوودیان لێوەردەگرن.
ئەو کتێبخانەیە لە لایەن ١٤٠ کارمەندی شارەزای بواری کتێبخانە و زانیاریی نوێوە بەڕێوە دەبرێت، ڕۆژانە نزیکەی ٣٥٠٠٠ کتێب و سەرچاوە دەدەن بەخوێنەران، خوێنەران بۆیان هەیە تەنها لە هۆڵەکانی خوێندنەوەی کتێبخانەکەدا بیانخوێننەوە و بۆیان نییە بیبەنە دەرەوەی کتێبخانە.
ئەو کتێبخانەیە بەدیجیتاڵ کراوە، ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆی هەیە، خوێنەران و توێژەران دەتوانن لەڕێی ئۆنلاینەوە لە کتێب و سەرچاوەکانی تر بەهرەمەندبن و سوودیان لێوەربگرن.
کتێبخانەی نیشتمانیی ڕووسیا، لە چەند بەشێک پێک دێت، لەوانە ( کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە، نەخشە و ئەتڵەس، تۆماری میوزیک، دەستنووس و بەڵگەنامە، نووسراوی نهێنی و بەڵگەنامەی بڵاونەکراوە، چاپکراوی

سەربازی و جەنگی، ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەڵات کە ١٦٠ زمانی جیهانی لە خۆگرتووە و زمانی کوردیشی تێدایە) و چەندین بەش و ناونیشانی دیکەی لاوەکی.
ئەو کتێبخانەیە هەر شوێنی خوێندنەوە نییە، بەڵکو ساڵانە چەندین چالاکی گەورەی کولتووری تێدا دەکرێت، توێژەران و نووسەران و ئەدیبان و بیرمەندان و هونەرمەندانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشداریی ئەو چالاکییە کولتوورییانە دەکەن.




# کولتوور جیهان ڕزگار دەکات؟

کتێبی (کولتوور جیهان ڕزگار دەکات)، کتێبێکی گرنگی کولتوورییە، لەلایەن دوو کەسایەتیی ئەکادیمیی ناوداری جیهانییەوە بە زمانی ڕووسی نووسراوە، ئەوانیش (د.سهێل فەرەج) ئەندامی ئەکادیمیای خوێندنی ڕووسیا و ( فوئاد مامیدۆف) ئەندامی ئەکادیمیای زانستیی نیشتمانیی ئازەربایجان.

(د.محەمەد قاچۆ) ئەو کتێبەی لە زمانی ڕووسییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە و لەلایەن دەستەی گشتیی کتێبی وەزارەتی ڕۆشنبیریی سوریاوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە ٦٤٧ لاپەڕەیە و بەسەر سێ دەروازەدا دابەشکراوە و٨٩ باس و ناونیشانی لەخۆگرتووە.

هەردوو نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن ناونیشانی کتێبەکە بە ڕێکەوت دانەنراوە، بەڵکو لە گرنگی و بایەخی کولتوورەوە سەرچاوەی گرتووە و ڕایان وایە کولتوور دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی بنچینەییە کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە و لە دێر زەمانەوە نەخشەڕێگای سیستمی کۆمەڵایەتیی ڕەنگڕێژ کردووە و بەشداری کارای لە پاراستن و باشترکردنی ژیانی مرۆڤدا هەبووە و ڕۆڵی دیاری هەبووە لە چەسپاندنی سیستمی سیاسی و گەشەپێدانی ئابووری وڵاتاندا.

لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا، تیشک خراوەتە سەر قەیرانی شارستانیی هەسارەی زەوی کە بۆتە هۆی نەزانی و خۆپەرستیی مرۆڤ، ئەوەش پێویستی بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی مۆدرێن و پێشکەوتنخواز هەیە، بۆ پاراستنی کولتوور لە داڕمان و زەمینە خۆشکردن بۆ بنیاتنانی شارستانییەتێکی نوێی مرۆیی.

لە باسێکی تری کتێبەکەدا هەردوو نووسەر باسی داڕمانی ڕووحیی کولتووری دەکەن کە بۆتە مایەی نەزانی و خۆپەرستی خەڵک، ڕایان وایە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ و جیهان لەو پەتایانە، دەبێت بایەخی زۆر بە کولتووری باڵای ڕووحی بدرێت، بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی لەسەر بزاوتی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشە

نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان هەبێت و گیانی تێگەشتنی کــۆمەڵایەتی و بەرژەوەنــدی هــاوبەش و ناســنامەی کولتووری بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵ بەرجەستە بکات.
لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەدا هەردوو نووسەر جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاوەدانی و سەرکەوتن بەسەر شەڕو ئاڵنگارییەکان و چەسپاندنی ئاشتیدا، بە گەشەپێدانی بوارەکانی ڕۆشنبیریی ڕووحی و پەروەردە و زانست و زانیاریی هاوچەرخ دەبێت و هەموو ئەوانە خزمەتی زۆری مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن.
هەردوو نووسەر پێیان وایە کە جیهانی ئەمڕۆ بە عەق و ئاکــار و حیکمەتــی مرۆڤــایەتی بەڕێــوە دەچێــت و ڕۆشنیریی فیکری پشتیوانێکی بەهێزی ئەو بوارانە دەبێت، چونکە ڕۆشنبیران سەرچاوەی بەپیت و سەرەکی ڕۆشــنبیریی ڕووحیــی کــۆمەڵ و مرۆڤــایەتین و بەرهەمەکانیــان ڕۆڵــی دیــار و درەوشــاوەی دەبێــت لە پاراستنی کولتوور و شارستانیی گەلان و مرۆڤایەتیدا.
هەردوو نووسەر هێندە کولتوورییان بەلاوە گرنگە، بە گیان و ئۆکسجینی ژیانی مرۆڤایەتی پێناسەی دەکەن و بە فاکتەری گۆڕانکاریی کــۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی سیستمی سیاسی و کارگێڕی وڵاتی دەزانن و مایەی بڵاوبوونەوەی زانیاری و گەشەپێدان و پێشکەوتنی

کــــۆمەڵە و درێ بە شـــــەوەزەنگی نەزانـــــی دەدات کە سـەرچاوەی سـەرەکی شـەڕ و هەژاری و دارمـانی کۆمەڵگەیە.
لە باسـێکی دیـکەی کتێـبەکەدا، هەردوو نووسـەر وا پێناسەی ڕۆشنبیریی ڕووحی دەکەن کە دوو بـاڵی هەیە، باڵێکیان ڕۆشنبیریی ئاکارە، باڵەکەی دیکە ڕۆشنبیریی فیکرییە، هەردوو بـاڵەکە وەک دوو بـاڵی مەلێک وان و پەیوەندیی تونـد و تۆڵیـان پێکەوە هەیە و بێ یەکتـری نـابن و هۆکـاری سـەرەکیی گەشـەپێدانی کـۆمەڵ و مرۆڤایەتین.
لە کۆتـایی کتێـبەکەدا ئەنجامـدانی هەنـدێ پـڕۆژەی کولتووری بە پێویست دەزانرێت، لەوانە دامەزرانـدنی زانکـۆیەکی نێـودەوڵەتیی تـایبەت بە تـوێژینەوەی کولتووری و دانانی نەخشە ڕێگای کـاری نزیـک مەودا و دوور مەودای نیشـتمانی بـۆ گەشـەپێدانی بوارەکـانی کولتـوور، ئەوەش بە ئامـانجی سـازدانی دیـالۆگی کولتـووری و شارسـتانی نێـوان گەلان و ئاشـنابوون بە کولتـووری یەکتـری و ئەنجامـدانی کـار و چـالاکیی هاوبەش.
بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە کولتـوورییە هاوبەشـەکان لەسـەر ئاسـتی جیهـان، هەردوو نووسـەر هـاتنە سـەر خەتـی

ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکـان و ڕێکخـراوی یونسکۆ وەک دوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی پەیوەندیدار بەپێوست دەزانن بـۆ کـردنەوەی پەنجەرەیەکی گەردوونـی بەڕووی وڵاتانــدا بــۆ گەشــەپێدانی کولتــوور و شارســتانی و دابینکردنـی ئایندەیەکی ڕۆشـن و پڕشـنگدار بـۆ هەمـوو گەلانی سەر گۆی زەوی.

# گۆڕەپانی سوور



ڕووسیای فیدراڵ، وڵاتێکی دێرین و بەرینە لە ٨٥ قەوارە و هەرێم پێکهاتووە، لەڕووی دانیشتوان و ڕووبەرەوە، وڵاتێکی گەورەیە، لە ڕووی ڕووبەرەوە بە یەکەم وڵاتی جیهان دادەنرێت، کە ڕووبەرەکەی زیاتر لە ١٧ ملیۆن کیلۆمەترچوارگۆشەیە، لە ڕووی دانیشتوانیشەوە نۆیەم وڵاتی جیهانە و ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی ١٥٠ ملیۆن کەسە.

زمانی ڕووسی یەکێکە لە شەش زمانە فەرمییەکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و لە پاڵ زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی، چینی، فەڕەنسی، ئیسپانی

وعەرەبی) لە کاروباری فەرمی ئەو ڕێکخراوەدا بەکار دێت.

زمانی ڕووسی زمانێکی جیهانییە، ڕۆژی شەشی حوزەیران ڕۆژی جیهانی زمانی ڕووسییە، ئەو ڕۆژە ڕۆژی لە دایکبوونی شاعیری ناوداری ڕووس (پۆشکین)ە، وەک ڕێزێک بۆ ئەو شاعیرە ئەو ڕۆژە کراوە بە ڕۆژی جیهانی زمانی ڕووسی.

ڕووسیای فیدراڵ ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانە و یەکێکە لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، کە لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.

ڕووسیای فیدراڵ، خاوەنی مێژوو و کولتوور و کەلەپوور و شارستانییەکی دێرینە،٢٦ شوێنی ئەو وڵاتە خراونەتە لیستی کەلەپووری جیهانیی یونسکۆوە، یەکێک لەو شوێنانە گۆڕەپانی سوورە، کە من لەم وتارەدا تیشکی دەخەمە سەر و زانیاریی تەواو لە بارەیەوە دەخەمە ڕوو.

گۆڕەپانی سوور، شوێنێکی مێژوویی و کەلەپووریی شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیایە، چەندین تەلاری شوێنەواری و گەشتیاری کە نموونەی هونەری بەرزی

تەلارسازیی و شارستانێتی دێرینی ڕووسیان و لە لیستی جیهانیی کەلەپووریی ڕۆشنبیریی یۆنسکۆدا تۆمار کراون، ئەو شوێنە کوولتوری و کەلەپوورییانە بەسەر مەیدانی سووردا دەڕوانن.هەروەها ئارامگەی (ڤلادیمێر ئیلیچ لینین) ڕابەری شۆڕشی ئۆکتۆبەر و یەکەم سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت و کڵێسای قەشە باسیل و مۆزەخانەی مێژوویی و تەلاری کرملین و تەلارە بازرگانییەکان و تەلارەکانی شانۆی گشتی و زانکۆی مۆسکۆ و کتێبخانەی گشتی و خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە و چەندین کڵێسە و شوێنی دیکەی کەلەپووری و کولتووری و گەشتیاری لە سنووری گۆڕەپانی سووردان.

گۆڕەپانەکە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە و ڕووبەرەکەی ٤٦٤٥٠ مەتر دووجا و درێژییەکەی ٣٣٠ مەتر و پانییەکەی ٧٠ مەترە.

هەموو شەقامە سەرەکییەکانی شاری مۆسکۆی پایتەخت بە گۆڕەپانی سوورەوە بەستراونەتەوە.

هەندێ پێیان وایە ئەو گۆڕەپانە لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ بە سەرۆکایەتیی (ڤلادیمیر ئیلیچ لینین)ی ڕابەری ئەو شۆڕشەوە، بە ناوی (گۆڕەپانی سوور)ەوە ناونراوە، وەک ئاماژەیەک

بۆ ڕەنگی سووری ئـاڵا و لۆگـۆی کۆمۆنیسـتەکان، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندی بەو شـۆڕش و ئـاڵا و لۆگـۆی سوورەوە نییە، بەڵکو گۆڕەپانی سوور مێژوویەکـی زۆر دێـرین و کـۆنتری هەیە و مێـژووەکەی بـۆ نـزیکەی سـەدەیەک لە پـێش هەڵگیرسـانی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری ساڵی ١٩١٧ دەگەڕێتەوە.

کۆتـایی سـەدەی ١٦ ئەو گۆڕەپـانە بەنـاوی (سێگۆشـە)وە ناونراوە، ساڵی ١٥٩٣ ناوی گۆڕەپانەکە بـوو بە بوجـار واتە ئاگر.

دواتــر کەنیســەی قەشــە باســیل بەنــاوی کەنیســەی ســوورەوە نــاونراوە و ناوەڕاســتی ســەدەی ١٧ و بە دیــاریکراوی لە ســاڵی ١٦٥٠دا نــاوی تەواوی مەیـدانەکە بەنـاوی (گۆڕەپـانی سـوور)ەوە نـاونرا و تـا ئێسـتا بەو ناوەوە ناسراوە و ناوەکەی نەگۆڕاوە.

هەنــدێ لە مێژوونووســان ڕایــان وایە، کە نــاوی (گۆڕەپـانی سـوور)، لەوەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە پاشا ئیڤانی چوارەمی پاشای ڕووسیا، بەهۆی کـوژرانی ژنەکەیەوە لەو مەیـدانەدا، خەڵکێکـی زۆری کوشـتووە و مەیـدانەکە بەخـوێنی خەڵــک سـوور بــووە، لەوەوە مەیدانەکە بەناوی ( گۆڕەپانی سوور)ەوە ناونراوە.

گۆڕەپـانی سـوور، نـزیکەی حەوت سـەدەیە، شـاهید و چـــاودێرە بەســـەر ڕووداوە مێژوویـــی و سیاســـی و کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکـانی مۆسـکۆ و ڕووسـیای قەیسەری و یەکێتیی سۆڤێت و ڕووسیای فیدڕاڵ وهەموو ئەو قۆناغـانەی بەڕێکـردووە و تـا ئێسـتا وەک شـاهید ماوەتەوە.

لەسـەردەمی قەیسـەرەکاندا گۆڕەپـانی سـوور، شـوێنی کۆبـوونەوەی خەڵـک بـووە بـۆ ئەوەی گـوێ لە وتـاری قەیسـەرەکان و پەیامەکـانی حکـوومەت بگـرن.هەروەهـا شـــوێنی ســـازدانی بـــۆنە ئـــایینی و هـــونەری و نیشتمانییەکان بـووە و خەڵکی لەو مەیـدانەدا ئـاهەنگی خۆشـییان گێـڕاوە و چەنـدین هونەرمەنـدی نـاوداری نـــاوخۆیی و جیهـــانی بەشـــداری ئەو ئاهەنـــگ و خۆشیانەیان کردووە.

دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری سـاڵی ١٩١٧ بە ســـەرۆکایەتیی (ڤلادیمێـــر ئیلـــیچ لینـــین) و پـــاش دامەزرانـدنی یەکێتیـی سـۆڤیەت، بـایەخی زیـاتر بە گۆڕەپـانی سـوور دراوە، ئەو مەیـدانە بـووە شـوێنی دامەزراوەکانی حکوومەت و بارەگای حزبی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەت، ساڵی ١٩١٧ لەو مەیدانەدا ماڵئـاوایی

لە تەرمی سەربازان و پلەدارانی سوپا دەکرا کە لە جەنگەکاندا دەکوژران.
گۆڕەپانی سوور لە ساڵی ١٩١٨ەوە بووە شوێنی سەرەکی نمایشیی سەربازی و خۆپیشاندانی جەماوەری و سازدانی بۆنە و ئاهەنگی هونەری.
ساڵی ١٩٤١ لە گۆڕەپانی سووردا نمایشی سەربازی بۆ ئەو سەربازانەی لەشکری سوور ساز دەکرا کە لە جەنگی دووەمی جیهاندا بەرەو بەرەکانی شەڕی رووبەڕووی سوپای ئەڵمانیا بە رێدەکەوتن.
رۆژی ٩ی ئایاری ساڵی ١٩٤٥ ئاهەنگی سەرکەوتنی سوپای سوور بە سەر سوپای ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە گۆڕەپانی سوور سازکرا و بە یەکێک لەئاهەنگ و نمایشە سەربازییە گەورەکان لە مێژووی یەکێتیی سۆڤیەتدا دادەنرێت.
ساڵی ١٩٩٠ یونسکۆ ناوی کرملین و گۆڕەپانی سووری خستە لیستی جیهانیی رۆشنبیریی کەلەپوورییەوە، بەوەش ژمارەی شوێنە کەلەپوورییەکانی ڕووسیا لە لیستی یونسکۆدا بوون بە ٢٦ شوێن.
ئەوە نزیکەی حەوت سەدەیە، ئەو مەیدانە هەیە و گەرچی لە هەر سەردەمێکدا ناوێکی هەبووە، بەڵام لەزۆربەی قۆناغە مێژووییەکاندا بە ناوی (گۆڕەپانی

سـوور)ەوە ناسـراوە، ئەویـش لـە وشـەی (کراسـنی)ی ڕووسـییەوە سـەرچاوەی گرتـووە، کە بە مانـای سـوور یاخود جوان دێت.

زۆربەی دەســـــــەڵاتەکان بە جیــــــاوازی بیــــــر و بۆچوونەکانیـــانەوە ڕێزیـــان لەو نـــاوە گرتـــووە و دەستکارییان نەکردووە و نەیانگۆڕیوە.

گۆڕەپانی سوور سەدان ئیمپراتۆر و قەیسەر و سـەرۆک و فەرماندەی سەربازی بەڕێکردووە و باش وخراپیـان لە لاپەڕەکـانی مێـژوودا تۆمـارکراون، زۆریـان لەبیـر چـــوونەتەوە و ناویـــان نـــایەتە ســـەر زاران، بەڵام گۆڕەپانی سوور هەر بە جوانی و سەرکەشی ماوەتەوە و وەک دڵــی زینـدووی مۆسـکۆی پایتەخـت و ڕووسـیای فیدراڵ خوێنی گەرمی قوڵپ دەدات.

ساڵانە هەزاران گەشتیار لە ناوخۆی وڵاتی ڕووسیا و لە هەمـوو وڵاتــانی دیـکەی گـۆی زەمیـنەوە، سـەردانی گۆڕەپـانی سـوور و شـوێنە کولتـووری و کەلەپـووری و ڕووخسارە تەلارسـازی و شارسـتانییەکانی ئەو مەیـدانە دەکەن و کـاتێکی خـۆش لەو شـوێنانە بەسـەر دەبەن و وێنەی یادگاری لێدەگرن.

# مۆزەخانەی لۆڤەر



فەڕەنسا وڵاتیکی گرنگە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەوە، ڕووبەری خاکەکەی ٦٤٢٨٠١ کیلۆ مەتر چوارگۆشەیە، ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ٦٥ ملیۆن کەسە، لە ڕیزبەندی بیستەمین وڵاتانی جیهاندایە لە ڕووی چڕی ژمارەی دانیشتوانەوە.

فەڕەنسا ئەندامی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێک لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە وو لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە.

زمـانی فەڕەنسـی لە سـەر ئاسـتی دنیـا وەک زمـانێکی جیهانی ناسراوە و ڕۆژی ٢٠ی ئـاداری هەمـوو سـاڵێک، ڕۆژی جیهــانیی زمــانی فەڕەنسـییە، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرتـووە کە ڕۆژی ٢٠ی ئـادار ڕۆژی جیهـانی فرانکفۆنییە، واتە ڕۆژی ئەو گەلانەی بەزمانی فەڕەنسی قســـــە دەکەن، کە زیـــــاتر لە ٣٠٠ ملیـــــۆن کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەو زمانە قسە دەکەن.

زمانی فەڕەنسی یەکێکە لە شـەش زمـانە فەرمیـیەکەی ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکـــان و لە پـــاڵ زمــــانە فەرمییەکـانی (ئینگلیـزی، چینـی، ڕووسـی، ئیسـپانی وعەرەبـی )دا لە کاروبـارە فەرمییەکـانی ئەو ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییەدا بەکار دێت.

وڵاتـی فەڕەنسـا خـاوەنی سـەدان شـوێنی مێژوویـی و کەلەپوورییە، بەشێک لەو شـوێنانە لەلایەن یونسکۆوە خراونەتە لیستی کەلەپووریی جیهـانییەوە.یەکێـک لەو شـوێنانە مۆزەخـانەی لـۆڤەرە، کە لە لایەن یونسـکۆوە خراوەتە لیستی کەلەپووری جیهانییەوە.من لەم وتارەدا دەمەوێ تیشـک بـخەمە سـەر مێـژووی دروسـتکردنی ئەو مۆزەخانەیە و زانیاری تەواو لە بارەیەوە بـخەمە ڕوو و بەخوێنەرانی خۆشەویستی ئاشنا بکەم.

مۆزەخانەی لۆڤەر، گرنگترین و مەزنترین مۆزەخانەی کولتوورییە لە فەڕەنسا و جیهاندا.لە لیستی کەلەپووریی جیهانی یونسکۆدا دانراوە.ئەو مۆزەخانەیە دەکەوێتە کەناری باکووری ڕووباری (سین) لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا.لە سەر ڕووبەرێکی بەرینی ٦٠٦٠٠ مەتر دووجا بنیاتنراوە.

لۆڤەر سەرەتا قەڵایەک بوو کە (فلیپ ئۆگۆست)ی پاشای فەرەنسا لە ساڵی ١١٩٠ دروستیکرد بۆ پاراستنی شاری پاریس لە هێرشی دوژمنان.

دواتر لۆڤەر بوو بە کۆشکی پاشایەتی و پاشاکان لەو کۆشکەوە کاروباری وڵاتیان بەڕێوە دەبرد.لویسی چواردەهەم دوا پاشای نیشتەجێی ئەو کۆشکە بوو، ساڵی ١٦٧٢ ئەو کۆشکەی بەجێهێشت و چووە کۆشکی ڤێرسای،

ئەو کۆشکە لە گوندی ڤێرسای دروستکرابوو کە ٢٥ کیلۆمەتر لە خۆرئاوای سەنتەری پاریسەوە دوور بوو، ئیدی ئەو کۆشکە بووە شوێنی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ کۆتایی بە دەسەڵاتی پاشایەتی هێنا.

ئیدی لۆڤەر وەک شوێنێکی کولتووری مایەوە و بوو بە شوێنی دانانی هەندێ بابەتی کەلەپووری و کەلوپەلی پاشاکان.
ساڵی ١٦٩٢ لۆڤەر درا بە ئەکادیمیاکانی نواندن و هونەر و ساڵی ١٦٩٩ یەکەم سالۆنی هونەری تێدا کرایەوە.ئیدی تا نزیکەی ١٠٠ ساڵ بەو شێوەیە بۆ کاروباری هونەریی ئەکادیمیاکان بەکار هات و مایەوە.
لەکاتی شۆڕشی فەڕەنسادا، کۆمەڵەی نیشتمانیی فەڕەنسا بڕیاریدا لۆڤەر بکرێتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی و بابەتە کولتووری و کەلەپوورییە نەتەوەییە ڕەسەنەکانی وڵاتی فەڕەنسا و جیهانی تێدا دابنرێت.
ڕۆژی ١٠ی ئابی ١٧٩٣ مۆزەخانەی لۆڤەر بە فەرمی کرایەوە، ئەو کاتە تەنها ٥٣٧ تابلۆی تێدا دانرابوو.
ساڵی ١٧٩٦ بەهۆی هەندێ کێشە و کەموکوڕی لە تەلارەکەدا، مۆزەخانەکە داخرا، ساڵی ١٨٠١ ناپلیۆن بۆناپارت کێشەو کەموکوڕییەکانی مۆزەخانەکەی چارەسەر کرد و نۆژەنیکردەو و مۆزەخانەکەی بە ناوی خۆیەوە نێونا کردییەوە، تا ساڵی ١٨١٤ بە ناوی ناپلیۆنەوە بوو، دواتر بۆ ناوە کۆنەکەی خۆی گەڕانەوە و کرایەوە بە مۆزەخانەی لۆڤەر.

ئەو مۆزەخانەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە، بە مەزنترین و بەناوبانگترین مۆزەخانەی هونەری لە فەڕەنسا و سەرانسەری جیهاندا دادەنرێت.ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە ناوخۆی وڵات و وڵاتانی دیکەی جیهان سەردانی ئەو مۆزەخانەیە دەکەن و بەشەکانی بەسەر دەکەنەوە.

ساڵانەی ٧-٩ ملیۆن گەشتیار سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەر دەکەن و هەر گەشتیارێک دەبێت بڕی ١٥ یۆرۆ بۆ چوونە ژوورەوە بدات، بەوەش داهاتێکی زۆر بۆ بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکە پەیدا دەکات و حکوومەتی فەڕەنساش لە بودجەی خۆی هاوکاری دەکات.

لۆڤەر هەمیشە دەرگای واڵا بووە بەڕووی گەشتیاراندا، بەڵام لە قۆناغێکی مێژووییدا بۆ ماوەی شەش مانگ لە ساڵی ٢٠٢٠دا دەرگاکانی کڵۆم دران و هیچ کەس سەردانی نەکرد، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆڕۆناوە بوو، کە ژیانی وەستاند و هەموو شوێنە گشتییەکان داخران.

مۆزەخانەی لۆڤەر دەوڵەمەنترین مۆزەخانەی کولتوورییە، زیاتر لە یەک ملیۆن پارچەی هونەری لە تابلۆ و پەیکەر و بابەتی دیکەی کولتووری تێدایە.

ئەم مۆزەخانەیە شوێنەوار و شارستانێتی فەڕەنسا و گریک و ڕۆمان و میسر و میزۆپۆتامیای لە خۆگرتووە و هەریەکەیان لەشوێنی تایبەتی خۆیان بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێک و پێک پۆلێن کراون و دانراون.

تابلۆی چەندین هونەرمەندی ناوداری جیهانی لەو مۆزەخانەیە دانراوە، تابلۆی (مۆنالیزا)ی نیگارکێشی مەزنی ئیتاڵی لیۆناردۆ داڤینچی کە ساڵی ١٥٠٣ کێشاوییەتی، بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین تابلۆی ناو ئەو مۆزەخانەیە دادەنرێت، زۆرترین گەشتیار لە دەوری ئەو تابلۆیە کۆدەبنەوە و بەسەرسامییەوە لێی دەڕوانن و وێنەی یادگاری لەلایەوە دەگرن.

لە دوای تابلۆی مۆنالیزا، تابلۆی فرانسیسی یەکەمی پاشای فەرەنسا کە هونەرمەندی گەورەی ئیتاڵی (تیتان) کێشاوێتی، زۆرترین گەشتیار سەردانی دەکەن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ماوەی ٢٢٨ ساڵی تەمەنی مۆزەخانەی لۆڤەردا لە فەڕەنسای چاوگی دیموکراسی و یەکسانی، هەر پیاوان بەڕێوەبەری ئەو مۆزەخانەیە بوون، تا ساڵی ٢٠٢١ لەسەر فەرمانی (ئیمانۆئیل ماکرۆن) سەرۆک کۆماری فەڕەنسا، ژنێک بە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی لۆڤەر دانرا، ئەویش خاتوو (لۆرانس لی کاری) تەمەن ٥٢ ساڵ بوو، کە مانگی

ئەیلوولی ٢٠٢١ وەک بەڕێوەبەری ئەو مۆزەخانەیە دەستبەکار بوو و تا ئێستا بەردەوامە لە کار و خزمەت.لۆرانس کەسێکی ڕۆشنبیر و شارەزای هونەر و کاری مۆزەخانەیە و پێشتر بەڕێوەبەری مۆزەخانەی ئۆراسیای هونەری هاوچەرخ بووە.لۆرانس سەرپەرشتی ٢٠٠٠ فەرمانبەری مۆزەخانەکە دەکات و بە فەرمانی ئەو کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن، هەرچەند مۆزەخانەی لۆڤەر سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی هەیە، بەڵام دەبێ ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانیان بۆ وەزارەتی کولتووری فەڕەنسا بەرز بکەنەوە.

ماوەی ٢٣٠ ساڵە مۆزەخانەی لۆڤەر بەردەوامە لە کار و چالاکی و بەخششی کولتووری و وەک هێمای بڵند و ئاوێنەی ڕوونی کولتوور و کەلەپووری فەڕەنسی و جیهانی ماوەتەوە و هەنگاو بۆ ئایندەیەکی باشتر و پێشکەوتووتر دەنێت.

# میوزیک وەک چارەسەر



میوزیــک، خــۆراکی ڕۆحە و ئــارامی بەدڵ و دەروون و مێشــک دەبەخشــێت.ســەرباری ئەوەی کە شــارەزایانی بوارەکانی پزیشکی و هونەری لەڕێی ئەزموونەکـانییەوە گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە میوزیـک دەکرێت وەک چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان بەکار بهێنــرێ، ئیـدی میوزیـک بـووە دەرمـانی مەعنەوی بـۆ چارەسەری نەخۆشەکان.

ســەرەتای بەکارهێنــانی میوزیــک وەک چارەســەر، بــۆ دوای جەنگی دووەمی جیهـانی دەگەڕێتەوە، ئەو جەنـگە گەردوونیــیەی بــووە مــایەی وێرانکــاری لە هەمــوو

بوارەکان و زیانێکی گەورەی ماددی و گیانی بە هەموو وڵاتانی جیهان گەیاند، ئەو جەنگە لە دوای کۆتایی هاتنیشی شوێنەواری خراپی ئابووری و ئینسانی بەجێهێشت، بەتایبەت شوێنەواری دەروونی لەسەر برینداران و ڕزگاربوانی جەنگەکە بەجێهێشت، ئیدی لەو کاتەوە شارەزایانی بوارەکانی پزیشکی و میوزیک، بیریان لەوە کردەوە بێ لە چارەسەری پزیشکی، بیر لە چارەسەری هونەری میوزیک بۆ نەخۆشەکان بکەنەوە.ئیدی میوزیکیان وەک چارەسەر خستە خزمەت نەخۆشەکانەوە، ئەو چارەسەرە هونەری و مەعنەوییە ڕۆڵی ئەرێنی لە چارەسەری ئەو نەخۆشانەدا هەبوو، کە بەدەست نەخۆشییەکانی دەروونی و ئازاری درێژخایەن و دوودڵی و کەمبوونەوەی لێدانی دڵ و زیادبوونی فشاری خوێن دەیانناڵاند.

ئەو شارەزایانەی کە ئەرکی چارەسەکردنی نەخۆشەکان بە میوزیک دەگرنە ئەستۆ، هەموو جۆرەکانی میوزیک شارەزان، دەتوانن لەڕێی ژەنینی میوزیکەوە کار لە هەست و سۆز و دەروون و مێشکی نەخۆشەکان بکەن و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەن.

شارەزایانی میوزیک ڕایان وایە، هەر نەخۆشێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و پێویستی بە جۆرە میوزیکێکی

تایبەت و گونجاو هەیە.ئیدی هەر یەک لە نەخۆشەکانی منداڵان و مێرمنداڵان و گەوران، بەپێی ڕەگەز و تەمەنیان دەبێ میوزیکی تایبەتی نزیک لە حەز و ئارەزوویان بۆ بژەنرێت و ڕۆح و دڵ و دەروون و مێشکیان ئارام بکاتەوە.

بەتەمەنەکان حەزیان لە میوزیکی کلاسیکە و یادگارییان لەگەڵیدا هەیە، منداڵان و گەنجان حەزیان لە میوزیکی نوێ و هاوچەرخە و دڵیان پێی دەکرێتەوە و خەم و ئازار و خەمەکانیان دەڕەوێنێتەوە.

هەندێ لە نەخۆشەکان خۆیان خولیای ژەنین و دانانی میوزیکیان هەیە، هەربۆیە خۆیان ئەو ئاوازانە دەژەنن و گوێی لێدەگرن کە حەزیان لێیەتی و تاسەیان پێی دەشکێ و دەبێتەی دەوای دەردەکانیان و ئارامییان پێدەبەخشێت.

تەکنەلۆژیای نوێ و هاوچەرخ، کارئاسانی زۆری کردووە، بۆ ئەوەی نەخۆشەکان لە ڕێی مۆبایل و ئایپاد و لاپتۆپ و ئامێرەکانی دیکەی بینین و بیستنەوە، لە میوزیک و گۆرانیی دڵخوازی خۆیان بەهرەمەند بن.

زۆربەی نەخۆشەکان بەجیاوازی جۆری نەخۆشییەکانیانەوە، دەتوانن سوود لە میوزیک وەربگرن، بەتایبەتی ئەو نەخۆشانەی کە لە نەخۆشیی

جەڵتەی مێشک چاک بوونەتەوە، یاخود ئەوانەی توانای قسەکردنیان لەدەستداوە، بەهۆی تێکچوونی بەشی چەپی مێشک، ئەو بەشەی بەرپرسە لە قسەکردن و پەیوەندی.

هەروەها ئەو نەخۆشانەی کە بەنیازن نەشتەرگەریی گەورە ئەنجام بدەن، ئەگەر پێش نەشتەرگەرییەکە، گوێ لە میوزیک بگرن، دڵ و دەروونیان دەحەسێتەوە و کاتی نەشتەرگەرییەکە و دواتر بە ئارامی بەڕێ دەکەن.

بێجگە لەو نەخۆشخانە، هەموو نەخۆشەکانی دیکە دەتوانن بەهرەمەند بن لە ئاواز و میوزیک و گۆرانیی دڵخوازی خۆیان و وەک چارەسەری مەعنەوی سوودی لێوەربگرن.

میوزیسیانانی بواری چارەسەری میوزیک، بۆ پشتیوانی بیرۆکەی ئەو جۆرە چارەسەرە، میوزسیانی ناوداری جیهانی بتهۆڤن بە نموونە دەهێننەوە، کە ئەو هونەرمەندە مەزنە لە تەمەنی ٢٧ساڵیدا هەستی بیستن لەدەست دەدات، کەچی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵی تر سەرگەرمی ژەنین و دانانی میوزیک دەبێت و چەندین شاکاری هونەری میوزیکی بەرهەم هێناوە، ئەوەش ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کە میوزیک بۆتە دەرمانی

مەعنەوی و بەسەر نابیستی گۆیچکەکانیدا زاڵ بووە و هێزێکی بەرگریی گەورەی پێبەخشیوە.
ئێستا چارەسەری میوزیکی بۆتە لقێکی زانستی پزیشکی و لە زانکۆکانی ئەوڕووپا و خۆرئاوا و وڵاتانی دیکەی جیهان دەخوێنرێت، لە زۆربەی نەخۆشخانە پێشکەوتووەکانی جیهاندا وەک چارەسەری مەعنەوی بەکاردێت و کاریگەری ئەرێنی زۆری لەسەر نەخۆشەکان هەیە و سوودی زۆری لێوەردەگرن.
گوێگرتن لە میوزیک نەک تەنها بۆ کەسانی نەخۆش، بەڵکو بۆ کەسانی ساغ و تەندروستیش زۆر پێویستە، دەبێتە هۆی ئەوەی دڵ و دەروون و مێشکیان ئارام بکاتەوە و بەرگریی لەشیان بەهێز بکات و لە نەخۆشی بیانپارێزێت.
هەر لەبەر ئەوەیە کە لەسەرانسەری جیهاندا لە پاڵ وەرزش و خۆپارێزی، گوێگرتن لە میوزیک بۆتە کەلتوورێکی جیهانی و هەوادارانی ئەو لقە جوانەی هونەر لێی بەهرەمەند و سوودمەند دەبن.




## هۆڵیوود

هۆڵیـــوود، کە بەزمـــــانی ئینگلیزی لە نۆ پیت پێکهـاتووە و لەســــەر تابلۆیەکی گەورە بە خەتێکی جوان نووسراوە و لەسـەر گردەکانی شاری لۆس ئەنجلسی ئەمریکـاء دانـراوە و لە هەمـوو لایەکەوە دیـارەء شـەوان بەهـۆی گڵـۆپە ڕەنگـاو ڕەنگەکانییەوە دەدرەوشێتەوە.

هۆڵیـوود، نـاوچەیەکە دەکەوێـتە بـاکووری خۆرئـاوای شاری لۆس ئەنجلسی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا.

ڕووبەری ئەو نـــاوچەیە ٦٤ کلیـــۆمەتر چوارگۆشـــەیە و ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە ١٢٢ هەزار کەسە.

زیاتر لەسەدەیەکە، ناوچەی هۆڵیـوود بـۆتە مەڵبەنـدی پیشەسازی و بەرهەمهێنان فـیلم و دەرکەوتنـی ئەسـتێرە ناودارەکانی سینەما لە سەرانسەری جیهـاندا.

ساڵی ١٩١٠ ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی هۆڵیـوود دەنگیان دا کە ناوچەی هۆڵیوود بخـرێتە سـەر سنووری

شـارەوانی لـۆس ئەنجلـس و ئەوە زیـاتر لە سـەدەیەکە سـەر بەو شـارەیە.ئەگەرچـی مـانگی دووەمـی ٢٠٠٢ ڕاپرسـییەک ئەنجـام درا بـۆ ئەوەی نـاوچەی هۆڵیـوود لەشـاری لـۆس ئەنجلـس جیـا بکـرێتەوە و بکـرێتە نـاوچەیەکی سـەربەخۆ، بەڵام زۆریـنەی دەنگـدەرانی ناوچەی هۆڵیـوود دژی ئەو جیـاکردنەوە بـوون و لەگەڵ مانەوەی ناوچەکەیان لەسنووری جوگرافیی شاری لۆس ئەنجلسدا بـوون و پێیـان وابـو و مانەوەیـان لەگەڵ ئەو شارە هێزیان پێدەبەخشێ پێگەیان بەهێز دەکات.

ساڵی ١٩١٠ بە سەرەتای خەمڵینی پیشەسازیی سینەمای ئەمریکـی دادەنرێـت، سـتۆدیۆی نسـتۆر بە یەکەم ستۆدیۆی سینەمایی دادەنرێت و سـاڵی ١٩١١ بە فەرمـی کـرایەوە و دەسـتی بە بەرهەمهێنـانی فیلمـی سـینەمایی کرد.

لەکاتی جەنگی یەکەمـی جیهـانی، سـینەمای ئەورووپـی بەهۆی ئەو جەنگەوە پاشەکشەی کـرد، ئەو پاشەکشـەیە هەلێکـی زێڕینـی بـۆ سـینەمای ئەمریکـی ڕەخسـاند کە زیاتر گەشە بەو لقەی هـونەرە جوانەکـان بـدات.بـۆ ئەو مەبەستە چەندین کۆمپانیا و ستۆدیۆ و تـاقیگەی نـوێی تـایبەت بە هـونەری سـینەما لە هۆڵیـوود دروسـتکران، ئەوەش بـووە هـۆی گەشـەپێدانی هـونەری سـینەمای

ئەمریکــی وهەژمــوونی خــۆی بەســەر بــازاڕی سینەمای جیهاندا سەپاند.
لەسالآنی بیستەکانی سەدەی بیستدا، هۆڵیـوود ئـامێزی بـۆ ئەسـتێرە ناودارەکـانی سینەما لەسەرانسـەری گـۆی زەویـدا کـردەوە، هونەرمەنـدانی نـاوداری وەک (چـارڵی چاپڵن، ماری بیکفۆرد، دۆگلاس ڤایبانکس، گریتا گاربۆ و ۆردۆلف ڤانتنۆ) لەڕێـی هۆڵیـوودەوە وەک ئەسـتێرەی جیهانیی سینەما زیاتر دەرکەوتن و پتر ناسران.
لە سـالآنی نیـوەی دووەمـی سـالآنی سییەکانی سـەدەی ڕابردوودا، سینەمای ئەمریکی گەشـەکردنێکی چۆنـایەتی و چەنـدایەتی زۆری بـۆ خـۆیەوە بینـی، کۆمپانیاکـانی پیشەسـازی و بەرهەمهێنـانی سـینەمایی لە هۆڵیـوود توانیـان ٥٠٠ فیلمـی هەمەجـۆر بەرهەم بهێـنن، ئەوەش کارێکی نـاوازە بـوو لەو سـەردەمەدا.بەڵام دژایەتیکردنـی سینەماکارە چەپەکـان لەلایەن حکـوومەتی ئەمریکـاوە، زیانی لە پـێگەی بەهێـزی سینەمای ئەمریکـی داو بـووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی سینەمای ئەمریکی.
لە سـالآنی پەنجاکـانی سـەدەی ڕابـردوودا، چەنـدین کۆمپانیـای سینەمایی بچـووک و سـەربەخۆ لە هەمـوو کوچە و کەنارێکی جیهانەوە دامەزران، هەروەها ئامێری تەلەفزیۆن دروستکرا و گەیشتە مالآن، ئەو دوو هۆکـارە

بوونە هۆی ئەوەی شوێن بە سینەمای ئەمریکی لێژ بکەن و بەرهەمی سینەماکەی کەم بکەنەوە و تا ڕادەیەک پاشەکشەی پێبکەن.ئەو پاشەکشەیە لە ساڵی ١٩٥٨ بە تەواوی دەرکەوت، کە کۆمپانیاکانی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی فیلمی ئەمریکی تەنها ١٦٦ فیلمیان بەرهەم هێنابوو.

لە کۆتایی سالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کۆمپانیا سینەماییەکانی هۆلیوود سیاسەتی هونەری خۆیان گۆڕی و بەپێی هەلومەرجی نوێی ئەو سەردەمە، بەرنامەی تازەیان دارِشت، بەپێی ئەو بەرنامە نوێیە، کە تەلەفزیۆن لە برەو دابوو و چووبووە نێو ماڵەکان، کۆمپانیا هونەرییەکانی هۆلیوود ڕوویانکردە بەرهەمهێنانی زنجیرەی تەلەفزیۆنی، ئەوەش پێشوازییەکی گەرمی لەسەرانسەری جیهاندا لێکرا، کۆمپانیا هونەرییەکانی هۆلیوود قازانجێکی زۆریان کرد و پێگەی هونەری خۆیان لە جیهاندا بەهێز کرد.

بەهۆی دامەزراندنی چەندین کۆمپانیای سەربەخۆی سینەمایی لەسەرانسەری گۆی زەوی و دەرکەوتنی چەندین دەرهێنەری گەنج و نوێی وەک (ستانلی کوبریک، جۆرج لۆکاس، ستیڤن سبیلبیرگ، ڕۆبەرت ئەلتمان و فرانسیس کۆبۆلا) کە دید و تێڕوانینی نوێیان

بۆ هونەری سینەما هەبوو، توانیان پێشبڕکێی کۆمپانیا هونەرییەکانی هۆڵیوود بکەن و ڕێگری لێبکەن وەک پێشوو نەتوانێت هەژموونی خۆی بەسەر سینەمای جیهانی بسەپێنێ و بەتەواوی بازاڕی سینەما کۆنترۆڵ بکات.

بەڵام سەرباری ئەو هەوڵانەش، هۆڵیوود هەر بەپێشەنگ و پایتەختی سینەمای جیهانی ماوەتەوە.

ڕۆژی ١٦ی شوباتی ٢٠٠٥ نوێنەرانی ناوچەی هۆڵیوود پرۆژە یاسایەکیان پێشکەش بە حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیا کرد و لە پرۆژە یاساکەدا داوای ئەوەیان کردبوو کە سنووری جوگرافی ناوچەی هۆڵیوود دیاری بکرێ و تۆمارەکانی هۆڵیوودیش دۆکیۆمێنت بکرێ و بپارێزرێ.

ڕۆژی ٢٨ی ئابی ٢٠٠٦ ژووری بازرگانی و حاکمی کالیفۆرنیا پرۆژە یاساکەیان پەسەند کرد و دواتر وەک یاسا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئێستا هۆڵیوود گەشەسەندنێکی گەورەی لەڕووی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی فیلمی هەمەجۆرەوە بەخۆوە بینیوە و بۆتە قیبلەی هونەری سینەمای سینەماکاران و ئەستێرەکانی سینەما و لەسەرانسەری گۆی زەوییەوە

سەردانی دەکەن و سوود لە توانا و ئەزموونی ئەو دامەزراوە مەزنە جیهانییە وەردەگرن.
ئێستا هۆلیوود خاوەنی دەیان ستۆدیۆی سینەمای گەورە و دەیان کۆمپانیای بەرهەمهێنانی سینەمان لە نموونەی کۆمپانیا گەورەکانی وەک (والت دیزنی و پارامۆنت) و ستۆدیۆ مەزنەکانی وەک (یونیڤرسال) و چەندانی ترە.کە پێشەنگی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی سینەمای جیهانین.(ڕێڕەوی ناوداران)، ناوچەیەکی دیکەی گرنگ و سەرنجڕاکێشی هۆلیوودە، ئەم ڕێڕەوە لە نزیک گۆڕەپانی ڕێڕۆشتنی شانۆی (دۆلبی)یە، لەو گۆڕەپانەدا سالانە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان بۆ ئەستێرە ناوداره راستەقینەکانی سینەما یاخود وێنە جوڵاوەکانی (میکی ماوس و دونالد دۆک) ساز دەکرێت.کە زیاتر لە دوو هەزار ئەستێرە خەڵات دەکرێن.
ئەم گۆڕەپانە بۆتە ڕووخسارێکی گرنگی کولتووری و گەشتیاری، سالانە زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس سەردانی دەکەن و بەوەش داهاتێکی زۆر بۆ هۆلیوود دابین دەکرێت.
لە هەردوو بەری شەقامی بۆلیڤار هۆلیوود، چەندین هۆلی شانۆ و سینەمای گەورەء جوان هەیە، کە بۆ چالاکییە هونەرییەکان بەکاردێن.لە ناوەڕاستی ئەو

شوێنەدا هۆڵی شانۆی (کۆداک) هەیە، کە هۆڵێکی مەزنە و بە دیزانێکی هونەری نەخشەکێشراوە، لەم هۆڵەدا ساڵانە ئاهەنگی بەخشینی خەڵاتەکانی ئۆسکار ئەنجام دەدرێت. هۆڵیوود، زیاتر لە سەدەیەکە لە خزمەتی هونەری سینەمای جیهانیدایە و وەک دامەزراوەیەکی هونەری سینەمای جیهانی هەژموونی هێزی نەرمی کولتووری خۆی بەسەر سینەمای جیهاندا سەپاندووە.

لە ڕووی بایەخی هۆڵیوودەوە ،ساڵی ١٩٦١شاعیری ناوداری ئەمریکی (کارل ساندبێرگ)، ئەم پرسیارەی کرد، ئایا هۆڵییود گرنگە یاخود هارڤارد؟ مەبەستی زانکۆی هارڤارد بوو، کە زانکۆیەکی دێرین و بەناوبانگی ئەمریکایە و لە ١٦٣٦ دامەزراوە.

ساندبێرگ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا وتبووی: هارڤارد لە هۆڵییود خاوێنترە، بەڵام هۆڵییود کاریگەری زیاترە و بە ئاسانی دەگاتە هەموو شوێنێکی دوور.ئەوەش بە مانای ئەوەیە هارڤارد ناوەندێکی گرنگی زانستییە و زیاتر بۆ توێژی دەستەبژێرە، بەڵام هۆڵییود کە ناوەندێکی جیهانی پیشەسازیی سینەمایە لە شاری لۆس ئەنجلسی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا، لە ڕووی کولتوورییەوە کاریگەری زیاترە و دەگاتە هەموو پنتێکی گۆی زەوی.

# یونسکۆ




یونسکۆ، کورتکراوەی ناوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەروەردە و زانست و کەلتوورە، ئەم ڕێکخراوە ئاژانسێکی تایبەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە.

ڕێکخراوی یونسکۆ لە دوای کۆتایی هاتنی دووەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، لە ڕۆژی ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦ یەکەمین کۆنگرەی فەرمیی خۆی بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ٣٠ دەوڵەت بەست و لە دوای کۆنگرەوە دەستی بەکار و چالاکیە پەروەردەیی و زانستی و کەلتوورییەکان کرد.

یونسکۆ لە بەڕۆشنایی دەستووری نەتەوەیەکگرتووەکان کار دەکات، ئەرکی سەرەکی پاراستنی ئاشتی و هاریکاریی نێودەوڵەتییە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان.
بارەگای سەرەکی یونسکۆ لە شاری پاریسی پایتەختی فەڕەنسایە و ٦٠ نووسینگەی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە.
١٩٥ دەوڵەت و هەرێمی دانپێدانرا و ئەندامی ڕێکخراوی یونسکۆن.

میساقی یونسکۆ

یونسکۆ خاوەنی میساقێکی تایبەت بەخۆیەتی، کە وەک دەستووری ئەو ڕێکخراوە وایە، لە سەرەتای کارکردنییەوە ئەو میساقەی داناوە و لە کۆنگرەکاندا چەندین جار هەموار کراوەتەوە، لە دوا کۆنگرەیدا لە ساڵی ٢٠٢٢ گۆڕانکاری تێدا کراوە و لە لایەن ئەندامانی کۆنگرەوە دەنگی لەسەر دراوە و پەسەند کراوە، ئێستا کار بەو میساقە نوێیە دەکرێت.
ئەو میساقە نوێیە لە ١٥ ماددە پێکهاتووە، ئەو ماددانەدا چەند ناونیشانێکی سەرەکی لە خۆدەگرن، کە ئەمانەن: (ئامانج و ئەرک، ئەندامان، دەستەکان،

کـــۆنگرەی گشـــتی، ئەنجـــوومەنی جێەجێکـــردن، سکرتاریەتی گشتی، دەستەکانی هاریکاریی نیشتمانی، ڕاپۆرتی دەوڵەتانی ئەندام، بوودجە، پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخـــراوی نەتەوەیەکگرتووەکـــان، پەیوەنـــدی لەگەڵ ئـاژانس و ڕێکخـراوە نێـودەوڵەتییە تایبەتمەنـدەکان، دۆخـــی یاســـایی، هەموارکردنەوەکـــان، شـــیکردنەوەی میساق، جێبەجێکردنی میساق).

میژووی دامەزراندن

رێکخـــراوی یونسـکۆ سـاڵی ١٩٤٥ لەڕێـــی لیژنەیەکـی نێـــودەوڵەتیی فیکـــری ســـەر بە نەتەوەیەکگرتووەکـــان دامەزرا.

سەرەتا پەیمانگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ هاریکاریی فیکری لە شاری پاریس دامەزراند.

ئەرکـی ئەو پەیمـانگەیە ئەوە بـوو کە لە سەرانســەری جیهاندا چالاکیی جۆرا و جۆر ئەنجام بـدات و بـایەخ بە سێکتەرەکانی (زانکۆ، کتێبخانە، خاوەنداریێتیی فیکری و هونەری، زانست، زانیاری، تەکنەلۆژیای پەیوەندی و میدیا) بدات.

پێکهاتەی یونسکۆ
ڕێکخراوی یونسکۆ سێ ئۆرگانی سەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:
١-کۆنگرەی گشتی: بەرزترین دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوەیە،
دوو ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەسترێت، لە کۆنگرەدا بەرنامە و هێڵە گشتییەکان و بوودجە و بڕی ئابوونەی ئەندامانی ڕێکخراوی یونسکۆ گفتوگۆیان لە بارەوە دەکرێت و بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند دەکرێن.
هەر دەوڵەت و هەرێمێکی ئەندام دەتوانێت بە یەک نوێنەری بەشداری کۆنگرە بکات.
بەبڕیاری یونسکۆ، یاخود لەسەر داوای ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، یاخود لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی یونسکۆ، دەتوانرێت بڕیاری کۆنگرەی نائاسایی بدرێت.
٢ -ئەنجوومەنی جێبەجێکردن
ئەم ئەنجوومەنە لە ٥٨ ئەندام پێک دێت، کە لەلایەن کۆنگرەی گشتییەوە هەڵدەبژێردرێن.

لە هەڵبژاردنـــی ئەو ٥٨ ئەنـــدامەدا دەبێـــت ڕەچـــاوی دابەشـــبوونی جـــوگرافی لەســـەر ئاســـتی جیهـــان و هەمەچەشنی کەلتووری بکرێت.
ئەنجوومەنی جێبەجێکردن ساڵی دووجار کۆدەبێتەوە، بۆ بەدواداچوونی کار و پڕۆژەکانی.
٣ –سکرتاریەتی گشتی
سـکرتاریەتی گشـتی لە بەڕێـوەبەری گشـتی و چەنـد فەرمانبەرێک پێک دێت.
لەســـەر پێشـــنیازی ئەنجـــوومەنی جێبەجێکـــردن، بەڕێوەبەری گشتی بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت، دەتوانرێت بۆ خولێکی دیکەش بۆی نـــوێ بکـــرێتەوە، بەو مەرجەی متمـــانەی زۆریـــنەی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست بهێنێت.
بەڕێوەبەری گشتی باڵاترین دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی ڕێکخراوی یونسکۆیە.
ئەرکـی سـەرەکی سـکرتاریەتی گشـتی سەرپەرشـتیکردنی هەمـوو نووسـینگەکانی ڕێکخـراوی یونسـکۆیە، کە ٦٠ نووسینگەی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە.
سـکرتاریەتی گشـتی، سیاسـەتی فەرمیـی ڕێکخـراوی یونسـکۆ جێبەجـێ دەکـات، هەوڵـی گەشـەپێدان و فرەوانکردنی بـازنەی پەیوەنـدییە دەرەکییەکـان دەدات و

هــانی وڵاتــانی ئەنــدام دەدات بەشــداری کــاریگەری چالاکییەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ بکەن.
لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوی یونسکۆوە تا ئێستا ١١ بەڕێـوەبەری گشـتی ئەرکەکانیـان جێبەجـێ کـردووە، ساڵی ١٩٤٦ جولیان هکسلی کە نوێنەری وڵاتی بەریتانیا بــوو، وەک یەکەم بەڕێــوەبەری گشــتی هەڵبژێــردرا و دەستبەکار بوو.
ئێسـتا ئـۆدری ئـۆزلای نـوێنەری وڵاتـی فەڕەنسـا و بە بــنەچە مەغــریبیە و جــووە، بەڕێــوەبەری گشــتیی ڕێکخــراوەکەیە و لە ســاڵی ٢٠١٧ لە لایەن کــۆنگرەوە متمانەی پێدراوە و ئەو ئەرکەی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە ئەسـتۆ گـرت.سـاڵی ٢٠٢١ لەلایەن کـۆنگرەوە بـۆ گەڕی دووەم وەک بەڕێــوەبەری گشــتیی یونســکۆ متمــانەی پێدرایەوە و تا ساڵی ٢٠٢٥ لەو پۆستە بەردەوام دەبێت.

بوارەکانی کارکردن:
ڕێکخراوی یونسکۆ لە بوارەکـانی پەروەردە و زانسـت و کەلتووری کاردەکات و بایەخ بەم بابەتانە دەدات:
-زانســتی سروشــتی و بەڕێــوەبردنی ســەرچاوەکانی زەوی، لەو ڕوانــــگەیەوە بــــایەخ بەپاراســــتن و خــاوێنڕاگرتنی ژیــنگە و ســەرچاوەکانی ئــاو بەگشــتی و

ئـاوی ئۆقیانووسـەکان بەتـایبەتی دەدات.یونسکۆ هەوڵ دەدات لە ڕێی زانست و تەکنەلۆژیای هـاوچەرخەوە کـار بـۆ گەشـەپێدانی بەردەوامـی وڵاتـانی پێشـکەوتوو و گەشەسەندوو بکات.
هەروەهـا ڕێکخـراوی یونسکۆ بـایەخ بە چەنـد بـوارێکی دیـکەی تـایبەت دەدات، لەوانە ( گۆڕانکـاریی کەش و هەوا، یەکسـانیی نێـوان هەردوو ڕەگەز، پاراسـتنی زمانەکـان، هاوکـاری زیـانلێکەوتووانی کارەسـاتەکانی جەنگ و کارەساتە سروشتییەکان، هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاری و نەهێشتنی نەخوێندەواری، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ).
ڕێکخـراوی یونسـکۆ لەبـواری ڕۆشـنبیریدا، بـایەخ بە کەلتووریی ئاشتی و هەمەچەشنی کەلتووری و دیالۆگی کەلتوورەکـان و پاراسـتنی کەلەپـوور و شـوێنەوار و مۆزەخانەکـان دەدات.کـاریش بـۆ بە دیجیتـاڵیکردنی مۆزەخانە و کتێبخانەکان دەکات.
لەبوارەکانی پەروەردەدا بەرنامەی تایبەتی خـۆی هەیە، کار بۆ زامنکردنی هەلی خوێندن بۆ هەمـوان دەکـات و هەوڵی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری دەدات.
لەبـواری زانستیشـدا کـار بـۆ گەشـەپێدانی دامەزراوە زانستییەکان بەگشتی و زانکۆکان بەتایبەتی دەکات.

دەستکەوتە گرنگەکانی یونسکۆ
-تۆمـارکردنی ١٠٧٣ شـوێنی کەلەپـووریی جیهـانی لە سنووری ١٦٧ دەوڵەتـدا، کە ڕووبەرەکانیـان نـزیکەی ١٠ ملیـۆن کیلـۆمەتر چوارگۆشـە دەبـێ و بەقەد ڕووبەری وڵاتی چین دەبێت.
-دانـانی تـاقیگەی تـوێژینەوەی زانسـتی لە زۆربەی وڵاتـانی جیهاندا.
-هەوڵی جیهانی بۆ دەستەبەرکردنی خوێـندنی بـاش و گونجاو بۆ هەمووان.
-بەرگــری شــێلگیرانە لە ئــازادیی ڕادەبــڕین و ڕۆژنامەگەریی ئازاد.

# تعريف بهذا الكتاب

نجوم الكون، كتاب يعنى بالثقافة العالمية، يضم ٥٤ عنواناً في قسمين، أولهما، الشخصيات الثقافية ويسلط الضوء على حياة ونتاجات ٣٨ نجماً ثقافياً وفنياً عالمياً. القسم الثاني، المظاهر الثقافية، ويسلط الضوء على ١٦ موقعاً ومظهراً ثقافياً وحضارياً في أنحاء الكرة الأرضية.

المعلومات التي يضمها الكتاب مستقاة من العديد من المصادر المتنوعة، أعدت صياغتها بعد تمحيصها وتنقيحها.

قمت بتنظيم الكتاب على غرار المتبع في الموسوعات، وحسب تسلسل الألفباء الكوردية، ليتمكن القارئ من العثور على العناوين في الفهرست وينهل من المعلومات بيسر.

الهدف من تأليف الكتاب هو تعريف القارئ الكوردي بحياة ونتاجات الشخصيات الثقافية والفنية العالمية، التي قدم كل منها في مجاله خدمة لمسيرة الثقافة العالمية.

كذلك تعريف القارئ الكوردي وهواة هذا المجال بالمواقع والمظاهر الثقافية والحضارية العالمية.

أرجو أن ينتفع القراء بالمعلومات الواردة بين دفتي هذا الكتاب، وأرجو أن يكون قد سد فراغاً وإن صغيراً في المكتبة الكوردية.

**المؤلف**

# Introduction to this book

Stars of the Universe is a book about the world culture. It contains 54 titles and consists of two parts. The first is Cultural Figures, which focuses on the lives and works of 38 world cultural and artistic stars. The second is Cultural Scene. This section highlights 16 cultural and heritage sites around the world.

I have gathered the information included in this book from several different sources and revised it.

I have organized the content in the form of an encyclopedia according to the Kurdish alphabet, so that the reader can easily find the titles in the list and access the contents easily.

The aim of writing this book is to introduce the Kurdish reader to the lives and works of cultural and artistic personalities of the world, each of whom has served the world cultural career in his field.

Also introducing the places and cultural heritage of the world to Kurdish readers and fans of these fields.

I hope readers will benefit from the information in this book and add something new to the Kurdish library.

**Author**